# گەندەڵی هەڕەشە لە ئاواتی مەلا مستەفا دەکات



**رووداو-سوێد**

ئۆلۆف تاندبێری، نووسەری سوێدی و جێگری سەرۆکی کۆمیتەی دۆستایەتی کوردی- سوێدی، کە لەساڵی 1966 دامەزراو یەکەمین هاوکارییان لە جیهانەوە گەیاندە باشووری کوردستان، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باس لەسەردانی خۆی دەکات لەساڵی 1976 بۆ لای مستەفا بارزانی لە ئەمریکا و دەڵێ" لەگەڵ ئەوەی بارزانی تووشی نەخۆشییەکی سەخت ببوو، بەڵام بە هێز بوو"،ئەو کە ئازادی و حکومەتی ئێستای کوردستان بە بەرهەمی خەباتی بارزانی دادەنێ دەڵێ " گەورەترین دوژمنی ئەو حکوومەتە کە دەبێت هەر ئەمڕۆ لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دژایەتی بکرێت، گەندەڵییە کە وەکو میکرۆبێک هەڕەشە لەو گەشەکردنە دەکات کە هیوا و ئاواتی مەلامستەفا بارزانی بوو".

لاپەڕە 9

# لە کوردستان وەزارەتی ئەوقاف لە وەزارەتی نەوت دەوڵەمەندترە

**رووداو-هەولێر**

وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی رایگەیاند داهاتی ساڵانەی وەزارەتەکەیان ساڵ لەدوای ساڵ لە زیادبووندایە و ئەمساڵ دەگاتە 3 ملیار دینار، ئەگەر بەمشێوەیەش بڕوات وەزارەتی ئەوقاف لەداهاتوودا پێویستی بەبودجەی حکومەت نامێنێ.




زیادبوونی بودجەی وەزارەتی ئەوقاف پەیوەستە بە زیادبوونی کرێی موڵکەکانی و گەڕانەوەی موڵکداریێتی ئەو موڵکانەی بە موساتەحە کراونەتە پرۆژەی بازرگانی، کە یەکێکیان بازاڕی راین مۆڵە لە هەولێر. بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، جگە لەمووچەی فەرمانبەران، ساڵی رابردوو وەزارەتی ئەوقاف یەک ملیار و 900 هەزار دیناری لە پرۆژەکاندا خەرجکردووە.

لاپەڕە 8

# زولفا لەداخی مێرد و براکەی خۆی کوشت



**تایبەت بەرووداو**

سەرچاوەیەک بە (رووداو)ی راگەیاند، زولفا خدر، 28 ساڵ، بەهۆی ئەوەی مێردەکەی داوای ئەو پارەیەی لێدەکات کە ژنەکەی لەلای براکەی داناوەو براکەشی بە مەرجی تەڵاقدان پارەکەی دەداتەوە، خۆی سووتاندو گیانی لەدەستدا. مریەم کە هەوێی زوڵفایەو ئاگاداری کێشەکە و شایەتحالی رووداوەکەیە بە (رووداو)ی راگەیاند یەکێک لە کوڕەکانی ئەو بەنیاز بووە ژن بێنێت،زولفاش هەندێک پارەی لەلای براکەی بووەو داوای لێکردووەتەوە، بەڵام براکەی مەرجی بۆ داناوە "براکەی پێی گوتبوو ئەگەر پارەکەت بدەمەوە دەبێت بێیتەوە ماڵ دابنیشی، لەلای مێردەکەت نەمینیتەوە"، مریەم گوتیشی زولفا دوو رۆژ پێش خۆسووتاندنەکەی "دەیگوت دڵم توونده، دەڵێی خۆم بسووتێنم".

لاپەڕە 12

Rûdaw
رووداو
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت
ژمارە (40)
دووشەممە 2009/1/19
29ی بەفرانباری 2708
(750) دینار
www.rudaw.net

## دەڵێن فڕۆکەوانە بەشدارەکەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بە ئەنقەست ئازادکراوە

# پارێزەرەکان زانیاری نوێ لەسەر فڕۆکەوانەکە ئاشکرا دەکەن

**تایبەت بەرووداو**

سەرۆکی تیمی داکۆکیکار لە قوربانیانی هەڵەبجە، رایگەیاند کە "لەچەند سەرچاوەیەکەوە زانیاریمان دەستکەوتووە تاریق رەمەزان بەئەنقەست ئازادکراوە"و لەو ماوەیەدا زانیاری تازە ئاشکرا دەکەن .گوتیشی "داوا لە دادگای باڵای تاوانەکان دەکەین بۆئەوەی لەڕێی پۆلیسی نێودەوڵەتییەوە دەستگیری بکاتەوە".

پارێزەر گۆران ئەدهەم بابان، سەرۆکی تیمی داکۆکیکار لە قوربانیانی هەڵەبجە لەدادگای باڵا لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند کە بەپێی زانیارییەکانی ئەوان تاریق رەمەزان عەزاوی ئێستا لەبەریتانیایەو گوتی "پەیوەندیمان بەرێکخراوێکی بەریتانییەوە کردووە بۆئەوەی لەدۆزینەوەی ئەو تاوانبارەدا هاوکاریمان بکەن".

عەززاوی ساڵی رابردوو لەلایەن ئاسایشی گشتی یەکێتی لە کەرکووک دەستگیرکرابوو، بەپێی نووسراوی ئاسایشی گشتیی لە سلێمانی بۆ دادگای باڵا لە رێگەی بردنی بۆ نەخۆشخانە رایکردووە، لەکاتێکدا تاکە شایەتحاڵی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بوو. بەڵام گۆران ئەدهەم گوتی "باوەڕمان بەو سیناریۆیەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی نییە"، گوتیشی "سەرۆکی دادگای باڵای تاوانەکانیش قەناعەتی بەنووسراوەکەی ئاسایش نییە". بەڵام محەممەد عورێبی لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەوە لێکدانەوەی گۆران ئەدهەم خۆیەتی و گوتیشی "من لەسلێمانی نەبووم و ئاگاداری وردەکاریی دیارنەمانی ئەو کەسە نیم، بۆیە ناتوانم رای خۆم لەسەر ئەوە بدەم".

هەرچەندە هەندێ سەرچاوەی ئاگادارو جێی باوەڕ جەخت لەوە دەکەنەوە کە ناوبراو لەمانگی ئابی 2006دا لەزیندانی ئاسایش بووە، بەڵام بەپێی لێدوانی چەند سەرچاوەیەک بۆ رۆژنامەی (الزمان) ئەو فڕۆکەوانە لای دەزگای دژەتیرۆر زیندانی بووە نەک ئاسایش، هۆکاری بێدەنگیی بەرپرسانی یەکێتیش لەرووداوەکە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە سەرۆکی دەزگای ناوبراو پاڤێڵی کوڕی مام جەلالە.

بەڵام مەکتەبی سیاسی لەدوایین کۆبوونەوەیدا بەسەرۆکایەتی کۆسرەت رەسول، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی رایگەیاند کە بەرپرسانی هەڵاتنی فڕۆکەوانەکە سزا دەدات.

گۆران ئەدهەم ئەوەشی راگەیاند کە جگە لە تاریق رەمەزان دەیان تۆمەتباری دیکە ناویان لەکەیسی هەڵەبجەدا هاتووە چ وەک فڕۆکەوان یان خاوەن پلەوپایەی سەربازیی دیکە، گوتیشی "زانیاری لەسەر ئەو تۆمەتبارانە کۆکراوەتەوەو لەدانیشتنەکانی داهاتووی دادگادا داواکارییەک پێشکێش بەسەرۆکایەتی دادگا دەکەین کە چەندین کەس لەکیمیابارانی هەڵەبجەدا دەستیان هەبووەو ئێستاش لەنێو سوپای نوێی عێراق و لەنێو حکومەتدا لێپرسراوی گەورەن، دادگا دەبێت بانگیان بکات، هەشیانە لەدەرەوەی عێراقەو داوا لەدادگا دەکەین لە رێی پۆلیسی نێودەوڵەتییەوە هەوڵی دۆزینەوەیان بدات".

هەروەها گوتیشی ئەوان لەئایندەیەکی نزیکدا کۆمەڵێک زانیاری لەبارەی تاریق رەمەزان بڵاودەکەنەوە.

بڕوانە لاپەڕە 3

## شەڕی ساردی زانکۆی سەلاحەدین و وەزارەتی خوێندنی باڵا دەستیپێکرد.. ل 7



بەشێک لە دیزاینی پرۆژەی کەمپی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر کە جێبەجێکردنەکەی کێشەی تێکەوتووە

# مالیکی بەبڕینی پێی کورد ریکلام بۆ لیستەکەی دەکات

**رووداو- هەولێر**

لەو هەڵمەتی پروپاگەندەیەدا کە لیستی (ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا) بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەیکات، ئاماژە بەوە کراوە کە ئەوکاتەی مالیکی دەسەڵاتی گرتە دەست، وڵاتێکی رووخسار دیار بەناوی عێراق نەبوو "نفوزێکی رەقی کورد هەبوو، لەبەرامبەریشدا عەرەبەکان خاوبوون و سەرقاڵی شەڕی تایفەگەری بوون"،بەڵام وەک لە پروپاگەندەی سەرەکی لیستی مالیکیدا هاتووە، مالیکی ئەوانەی نەهێشت، بۆیە داوادەکات دەنگ بدەنە لیستەکەی.

هەروەها لە ماڵپەڕی لیستی مالیکی وتارێک بڵاوکراوەتەوە بەناونیشانی "وریای پێشێلکارییەکانی کورد بن لە هەڵبژاردنی داهاتوودا" کە هێرشێکی توند کراوەتە سەر کوردو بە گۆڕینی دیموگرافیای کەرکووک و هێنانی 650 هەزار کورد بۆ کەرکووک و دامەزراندنی " کوردستانی مەزن" تاوانبار دەکات.

لەو پروپاگەندەنامەیەدا کە رووپەڕی سەرەکی ماڵپەڕی لیستی 302 ی مالیکییە (qanon302.com)، نووسراوە کە مالیکی نفوزی کوردی نەهێشت، ئەوەش دەکاتە یەکێک لە هۆیەکانی پێویستی دەنگدان بۆ لیستی (ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا).

د.محەممەد ئیحسان، وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، لە هەڤپەیڤینێکدا، لەگەڵ (رووداو) رەخنە لەو سیاسەتکارانە دەگرێ کە پەنا بۆ دروستکردنی فیتنەی نەتەوەیی دەبەن لە پێناو دەسەڵات و دەنگ بەدەستهێنان و دەڵێ "مالیکی ناتوانێت لەسەر ئەو ململانێیە بژیت، نابێت لۆژیکێکی نەتەوەیی کە فیتنەیەکی گەورەی لێ دروست بێت تەرخان بکەی بۆ حیزبەکەت. نەک مالیکی هەر سەرۆک وەزیرێکی دیکە وابکات و بەم عەقلیەتە هەڵسوکەوت بکات، دواجار ئاگرەکەی دەگاتە ماڵەکەی خۆی".

مالیکی کە سەرۆکایەتی حیزبی دەعوە دەکا،بەهۆی کێشەو ململانێکانی لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق هاوپەیمان و هاوبەشی لەئیئتیلافی یەکگرتوو، نەیانتوانی لیستی هاوبەش بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان پێکبێنن، پێشبینیش دەکرێت حیزبی دەعوە لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی داهاتوودا کە بڕیارە کۆتایی ئەمساڵ ئەنجام بدرێ، چیدی لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی نەچێتە لیستی هاوبەشەوە، چاودێرانیش ئەمە بە سەرەتای هەڵوەشانەوەی ئەو ئیئتیلافە شیعییە دادەنێن کە پێش هەڵبژاردنەکانی 2005 پێکهات و 128 کورسی لەکۆی 275 کورسی پەرلەمانی بردەوە.

بڵاوکردنەوەی ئەم پروپاگەندانەی هەڵبژاردن لەکاتێکدایە کە بڕیارە نوری مالیکی بەسەردانێک کە هێشتا وادەکەی دیارنییە، بگاتە هەولێر.

بڕوانە لاپەڕە 4

# عێراق 29 ملیۆن دۆلاری کوردستان دەخوات

**تایبەت بە رووداو**

ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق رایگەیاند ساڵی رابردوو بودجەی مەنافیعی کۆمەڵایەتی هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق 170 ملیۆن دۆلار بووە، بەشی کوردستانیش لەو بودجەیە 29 ملیۆن دۆلار بووە "بەڵام هیچیان لەکوردستان خەرجنەکردووە".

سامی ئەتروشی، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) رایگەیاند بەهۆی رازینەبوونی سەرۆکایەتی کۆمار لەسەر کەمکردنەوەی بودجەی مەنافیعی کۆمەڵایەتی، جارێکیتر پرۆژەی بودجە لەپەرلەمانەوە رەوانەی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق کراوەتەوە.

بەپێی لێدوانی سامی ئەتروشی، کە ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتووە لە پەرلەمانی عێراق، ساڵی رابردوو حکومەتی عێراق لە بودجەی سیادی 170 ملیۆن دۆلاری بۆ مەنافعی کۆمەڵایەتی تەرخانکردووە کە بەو شێوەیە بووە: سەرۆکایەتی کۆمار 55 ملیۆن و 900 هەزار دۆلار، سەرۆکایەتی پەرلەمان 55 ملیۆن و 900 هەزار دۆلار، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران 59 ملیۆن و 300 هەزار دۆلار، کە 17%ی بەر کوردستان دەکەوێت و دەکاتە 29 ملیۆن و 70 هەزار دۆلار، بەڵام هیچ بۆ کوردستان خەرجنەکراوە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەیەکی ئاگاداری پەرلەمانی عێراقەوە دەست (رووداو)کەوتوون، لەبەر ئەوەی وەزارەتی دارایی عێراق دڵنیا بووە، بودجەی مەنافعی کۆمەڵایەتی باش خەرجنەکراوە و رۆتین و گەندەڵی تێدا بووە، وەزارەتی دارایی بڕیاریداوە بەشێوەیەکی بەرچاو ئەو بودجەیە کەمبکرێتەوە، بەڵام سەرۆکایەتی کۆمار رازی نییە.

بەپێی قسەی سامی ئەتروشی، بودجەکە بۆ ساڵی 2009 بەشێوەیەکی بەرچاو کەمکراوەتەوە، بەشێوەیەک ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران 10ملیار و 800 ملیۆن دینار، سەرۆکایەتی کۆمار 13 ملیار و 300 ملیۆن دینار وهی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش کراوەتە یەک ملیار و 400 ملیۆن دینار.

وردەکاری زیاتر لە لاپەڕە (3)دا بخوێنەوە

# "کراسی چوار حیزبەکەش بێ پەڵە نییە"

**رووداو-هەولێر**

سەعدی پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی رایگەیاند ئەوەی چوار حیزبەکە لەراپۆرتەکەیاندا باسیانکردووە هیچ شتێکی تازەی تێدانییە "حکومەت و پارتی و یەکێتیش پێشتر باسی ئەو شتانەیان کردووە، قسەکانیان دووبارەن".

رۆژی 2009/1/10،حیزبی زەحمەتکێشان، یەکگرتوو، کۆمەڵ و سۆسیالست، راپۆرتێکیان پێشکێش کرد سەبارەت بەو گرفتانەی کە لەکوردستاندا هەن. چاودێرانی سیاسی رەخنەی ئەوە لەراپۆرتەکە دەگرن، لەو پێشنیازانەدا کە کراوە، هیچ میکانیزمێک نەخراوەتە روو بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و نەهێشتنی کەمو کورتییەکان.

سەلاحەددین بابەکر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، بۆ (رووداو) دەڵێت" ناومان ناوە راپۆرت، راپۆرت ئاماژە بەکێشەکان دەکات و پێنشیاز دەخاتەروو بۆ چارەسەرکردن، میکانیزم لەخۆ ناگرێت".

یەکێتی و پارتی بەگومانەوە دەڕواننە لێدوان و گوتەکانی ئەو حیزبانە. هەرچەندە چوار حیزبەکە لەپەرلەمان و حکومەتدا پێگەی خۆیانیان هەیە، بەڵام راپۆرتەکەیان بەشێوەیەک داڕێژراوەتەوە کە هیچ بەرپرسیاریەتێکیان لە حکومەتدا نییە. سەعدی پیرە، دەڵێت " ئەوان لەباشی و خراپییەکانی حکومەتدا بەشدارن، ناتوانن بڵێن کراسی ئێمە زۆر پاکە و هیچ پەڵەی پێوە نییە، کراسی ئەوانیش پەڵەی پێوەیە، بەڵام رەنگە بچووکتر بێت".

چوارحیزبەکە لەراپۆرتەکەی خۆیاندا پێداگیری لەئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان دەکەن لەکاتی خۆیداو چاودێرانیش پێیانوایە ئەم حیزبانە دەیانەوێت بە لیستێکی تایبەت دابەزن و ئەو ناڕەزاییەی کە هاووڵاتی لە حکومەت و هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار هەیەتی بیقۆزنەوە.

فەتاح زاخۆیی، بەرپرسی راگەیاندنی حیزبی زەحمەتکێشان لەو بارەیەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "بابەتی بەشداریکردن لەهەڵبژاردن لەقۆناخی گفتوگۆدایە، لەنێوان ئەم چوار حیزبە و کۆمەڵێک لایەنی سیاسی و گرووپی کۆمەڵگای مەدەنی و هەندێک کەسایەتی، بۆ ئەوەی بگەینە ڕێککەوتنێک بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان".هەروەها محەممەدی حاجی مەحمود سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دەڵێ " باسمان کردووە لەگەڵ ئیسلامییەکان بەلیستێک بەشداری هەڵبژاردن بکەین".

## مەلا بەشیر:

# نانی دەستی ژنی خەتەنە نەکراو حەرام نییە



**تایبەت بە رووداو**

"ئەو کچەی خەتەنە نەکرابێت نانی دەستی حەرامە"، ئەوە پاساوی زۆربەی ئەو کەسانەیە کە کچەکانیان خەتەنە دەکەن، بەڵام د.بەشیر خەلیل حەداد دەڵێت ئەو پاساوە هیچ بنەمایەکی ئاینی نییەو "ئەگەر ژنێک خەتە نەکرابێت، نانی دەستی حەڵاڵەو نوێژەکانیشی قبوڵە".

د.بەشیر خەلیل حەداد، پێشنوێژو وتار خوێنی مزگەوتی جەلیل خەیات لە هەولێر، رەتیدەکاتەوە خەتەنە کردن پەیوەندی بەئاینی ئیسلامەوە هەبێت. هەروەها دەڵێت فەرموودەیەکی پێغەمبەری ئیسلام لەبارەی خەتەنەوە هەیە کە بە فەرموودەی دایکی عەتیە ناسراوە، ئەو ژنە کە کچی خەتەنەدەکردن، پێغەمبەر پێی گوتووە"زۆر کەم بریندای بکە، نەکەی بەتەواوی بیبڕی، چونکە مانەوەی ئەوە رووخسار جوان دەکات، بۆ مێردیش بەو شێوەیە خۆشەویستترە".

مەلا بەشیر دەڵێ ئەو کۆنگرەیەی لەساڵی 2006 لەلایەن زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرە سازکرا، فتوایدا "هەر کارێک ببێتە هۆی تێکدان و شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ئافرەت، پێچەوانەی بەها بەرزەکانی ئیسلامە، بۆیە بە تاوان دەژمێردرێت و سزای لەسەرەو حەرامە".

دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتێکی وێنەداری مەیدانی لەبارەی خەتەنەکردنی کچانی کورد لە رۆژنامەی (واشنتن پۆست)دا، شاندێکی ئەمریکی لەسەرەتای ئەم مانگەدا گەیشتە کوردستان، کە بەشێک لەکارەکەی بەدواداچوونی زانیارییەکانی ئەو راپۆرتە بوو.

دکتۆر عەتییە حەمە سەعید راوێژکاری تەندروستی سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەڵێت لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو لە کوردستان خەتەنەی کچان بەو شێوەیە نەبووەو ئێستا زیادی کردووە. ئەو بەپێی ئەو راپرسییەی لە نۆرینگەکەی خۆی لە هەولێر لەناو ژنانی تەمەن 17-45 ساڵدا ئەنجامیداوە، بۆی دەرکەوتووە "87%یان خەتەنە کراون، زۆربەشیان خەڵکی هەولێر، سلێمانی و کەرکووک بوون، بەڵام لەدهۆک حاڵەتەکە کەمترە".

**لەژمارەی داهاتوو راپۆرتێک لەوبارەوە بخوێنەوە**

ئۆلۆف گێ تاندبێری، ئەو کەسەی یەکەمین هاوکاری لە جیهانەوە بۆ کوردستان نارد:

# سروشتی دەوڵەمەندی کوردستان لە ژێر کارەساتەکانیدا لەبەر چاوی جیهان ونبووە


تاندبێری دەڵێ بە وتارێکی جەمال عەلەمدار کوردم ناسی (فۆتۆ: Georg Kristiansen)

**ئۆلۆف گێ تاندبێری Olof G Tandberg کە لە مارسی 1966 بووەتە یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمیتەی کوردی — سویدی، ئێستاش خۆی بە دۆستێکی نزیکی کورد دادەنێ و، حکومەتی ئێستای کوردستان بە بەری خەباتی بێ وچانی مستەفا بارزانی دادەنێ کە ئەو دەڵێ گەندەڵی ئەمڕۆ گەورەترین دوژمنیەتی . لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی دوێنێ و ئەمڕۆی کوردستان دەکات:**

**هەڤپەیڤین : کاوە ئەمین**

**ڕووداو: کەی و چۆن کوردت ناسی؟**

**تاندبێری:** یەکەمین جار پێوەندی من لەگەڵ کورد لە ڕێگەی خوێندنەوەی وتارێکەوە بوو کە لە ساڵی 1966 لەلایەن خوێندکارێکی گەنجی کوردەوە، بە نێوی (جەمال عەلەمدار)، نووسرابوو. جەمال خۆی پەنابەرێکی خەڵکی هەولێر بوو و لە تورکیاش ئەشکەنجە درابوو. هەروەها یەکەمین نوێنەری مستەفا بارزانی بوو لە ئەوروپا.

**ڕووداو: لە مانگی مارسی 1966 دا، کۆمیتەی کوردی — سویدی دامەزرا، بەڵام کێشەی کورد تا ساڵانی هەشتاکان، کێشەیەکی نادیار بوو لە نێو کۆمەڵگەی سویدیدا، بۆچی؟**

**تاندبێری:** وتارەکەی عەلەمدار زۆر بە وردی باسی ڕەوشی نالەباری کورد و کۆمەڵکوژی کوردی لە باکووری عێراق کردبوو. لەو سەردەمدا ئەوەی کە لە کوردستاندا ڕوویدەدا، بۆ زۆر لە سویدییەکان کە تاکوتەرا تەلەڤزیۆنیان هەبوو، نەناسراو بوو. ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراوی سویدی ڕەزامەندییان نیشاندا کە لەمانیفستۆیەکدا بەشدار بن بۆ پشتیوانی لە کوردانی عێراق. لە مانگی مارسی 1966، کۆمیتەی سویدی —کوردی لە ستۆکهۆڵم دامەزرا. مێترا هانسۆن بووە سەرۆکی کۆمیتەکە و منیش وەکو جێگر و جەمال عەلەمداریش بووە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی کۆمیتەکە. من خۆم ئەوکاتە سەرۆکی بەشی ڕێکخراوی Unesco یونێسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بووم. بڕیارماندا کۆمیتەکەمان، کۆمیتەیەکی ناسیاسی بێت و کارەکانی تایبەت بێت بە ڕەوشی نالەباری کورد. دەستمان کرد بە بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر کورد، بۆ نموونە، کتێبی "شەڕە لەبیرکراوەکە، راپۆرتێک لە کوردستانەوە" مان بڵاوکردەوە، کە لە ئامادەکردنی J. A. Nordlaner، Rastgaldi، Olof G Tnadberg بوو. (کاوە ئەمین ئەم کتێبەی وەرگێڕاوە بۆ کوردی و لە ساڵی 2004 لەلایەن دەستگای ئاراسەوە چاپکراوە).

دوای ئەوە دەستمان کرد بە کۆکردنەوەی یارمەتی لە هەموو وڵاتانی سکاندیناڤیا، هاوکارییەکەش دەرمان، بەتانی و شتی دیکە بوو، بایی یەک ملیۆن کرۆنی سویدی بوو. لە ڕێگەی خاچی سوور و مانگی سووری نێودەوڵەتییەوە، ڕەوانەی کوردستانمان کرد. کۆمیتەکەمان ڕاستەوخۆ لە کوردستان لەلایەن دوکتۆر سەلاحەدین ڕاستگەلدییەوە نوێنەرایەتی دەکرا، لەو کاتەدا ئەو خۆی سەردانی کوردستانی کرد تا چاودێریی کۆمەکەکە بکات بۆ ئەوەی بگاتە دەستی ئەو خەڵکانەی کە موستەحەق بوون، بەبێ ئەوەی بهێڵین لە وڵاتانی دیکە گل بدرێتەوە. ئەوەش یەکەمین کۆمەکی نێونەتەوەیی بوو بگاتە کوردانی عێراق.

**ڕووداو: تۆ کە لە نزیکەوە مستەفا بارزانیت لە ئەمریکا بینی، چۆن کەسایەتیی بارزانی هەڵدەسەنگێنی؟**

**تاندبێری:** من ئەو شەرەفەم پێ بڕا کە لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا، چاوم بە ژەنەراڵ مستەفا بارزانی بکەوێت. مستەفا بارزانی بە هۆی ئەوەی تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە ببوو، بۆ چارەسەر چووبوو بۆ ئەمەریکا. لە نۆڤەمبەری ساڵی 1976 لە واشنتۆن دی سی بە هاوکاریی عومەر شێخمووس کە ئەندامی کۆمیتەکەمان بوو، توانیم چاوم بە بارزانی بکەوێت. لەگەڵ ئەوەی بارزانی تووشی نەخۆشییەکی سەخت ببوو، بەڵام خاوەن هێز و بیر و هزرێکی بەرجەستە بوو.

ئێمە لە گفتوگۆکەماندا باسی ئەو هێرشەمان کرد کە لە سویسرا کرایە سەر سەرکردەی کورد دۆکتۆر عیسمەت شەریف وانلی،کە یەکێکبوو لە دوو نوێنەرەکەی مستەفا بارزانی لە ئەوروپا. .ئەو هێرشەی سەر وانلی لەلایەن کاربەدەستێکی وەزارەتی دەرەوەی عێراقەوە پیلانڕێژیی بۆ کرابوو، بۆ ئەو مەبەستەش عەرەبێکیان دیاریکردبوو کە دوو گوللەی نابوو بە دوکتۆر وانلییەوە لەماڵەکەی خۆیدا، تا بتوانن وانلیی ئازا، بێدەنگ بکەن و ڕێگە لە کارەکانی بگرن، تا چیی دیکە نەتوانێت زانیاری لەسەر گەلی کوردی چەوساوە بڵاو بکاتەوە، بەڵام وانلی بە برینداری ڕزگاری بوو. وانلیش وەکو جەمال عەلەمدار، بارزانی کردبوویە نوێنەری خۆی تاوەکو بۆ ئازادی و مافە مرۆڤایەتییەکانی کورد تێبکۆشێت. نرخ و بەها لە سیمای ژەنەراڵ بارزانیدا دەبینرا. سەری هێشتا سپی نەببوو و قژی ڕەش بوو، چاوەکانی لەژێر برۆ چڕوپڕەکەیدا، تژی بوون لە ژیان و، وریا و گورجوگۆڵ بوو. من باسی هاوکارییەکانی وڵاتانی سکاندەناڤیام بۆ کرد و باسی ئەوەیشم بۆ کرد کە لە پایتەختی وڵاتی ئیسلاند Reykjavik لە فێبروەری ساڵی 1976 دا لەگەڵ دوکتۆر Erlandur Haralsson کە لە کاتی سەردانەکەی بۆ کوردستان، پارێزرابوو و ڕێزێکی زۆری لێ نرابوو، ویستمان کێشەی کورد لە ڕێگەی یاداشتێکەوە بگەیێنینە نەتەوە یەکگرتووەکان. بۆیەش ئیسلاندمان هەڵبژارد چونکە هیچ بەرژەوەندییەکی نەوتی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبدا نەبوو، بۆیە پێمان وا بوو کە ئەو یاداشتە سەرەڕای نارەزایەتیی عەرەب بتوانێت کێشەی کورد بەرز بکاتەوە تا لە لەلایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە. بارزانی کە تا ئەوکاتە بە بێدەنگی دانیشتبوو و تا ڕادەیەکیش خەفەتبارانە ماوەیەک لە منی ڕوانی. پاشان دەمووچاوی گەشایەوە و بە زەردەخەنەیەکی دۆستانەوە پێیگوتم "خەباتی کورد کۆتایی پێ نەهاتووە، وڵاتەکە و خەڵکەکەی لە شوێنی خۆیان ماون. ناتوانرێ نکۆڵی لە هەبوونی کورد بگرێت. ئێستا خەڵکێکی زۆر ئاگاداری ڕەوشی کوردانن، ئەوەی کە کورد داوای دەکەن ئەوەیە کە لە وڵاتی خۆیاندا بە ئاشتی بژین". بارزانی دڵتەنگی خۆی لەوە نیشاندا کە زلهێزەکان دەیانەوێ نەتەوە بچووکەکان بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و، دواییش بەڵێنەکانی خۆیان بەرامبەریان دەشکێنن. پاشان ئەوەیشی وت "من سیستەمی سۆڤیەت دەناسم و چەندین ساڵ لەوێ ژیاوم، من ئەمەریکام پێ باشترە، هیچ نەبێت لێرە هەموو کەس ئازادە".

## مستەفا بارزانی پێیگوتم من سیستەمی سۆڤیەت دەناسم بۆیە ئەمریکام پێ باشترە

ئەوە خەباتی نەپساوەی مستەفا بارزانی بۆ کوردستان بوو، ئەو دەرفەتەی بۆ گەلی کورد ڕەخساندووە، سەرەڕای دڕاندایەتیی سەددام حوسێنیش، نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری 688ی دەرکرد تا زۆنێک بۆ کورد لە باکووری عێراق دروستبکات. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی خوێناوی و دوورودرێژی کورددا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دامەزرا، کە توانیویەتی لە لایەنی ئابووری و کولتوورییەوە، بە شێوەیەکی بەربڵاو گەشە بکات. دوای ئەوەی هەڵبژاردن کرا، نێچیرڤان بارزانی لە ناوچەیەک بە سەرۆکی حکوومەت هەڵبژێردرا کە مەلا مستەفا بارزانی بێ وچان، ساڵ لە دوای ساڵ خەباتی بۆ کرد تا سەربەخۆ و ئۆتۆنۆم بێت. گەورەترین دوژمنی ئەو حکوومەتە کە دەبێت هەر ئەمڕۆ لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دژایەتی بکرێت، گەندەڵییە کە وەکو میکرۆبێک هەڕەشە لەو گەشەکردنە دەکات کە هیوا و ئاواتی مەلامستەفا بارزانی بوو.

**ڕووداو: دوا کتێبی تۆ لەسەر کورد بەناوی ABC om Kurdistan لە ساڵی 1988 دا چاپکرا، لە کتێبەکەدا لەسەر ریزبەندیی ئەلفوبێی سویدی، باسی جوگرافیا، مێژوو، سەرکردەکانی کورد، دین و ئەدەبیاتی کوردی دەکەی. مرۆڤ لە کاتی خوێندنەوەی کتێبەکەتدا بە ئاشکرا لایەنگری و پشتیوانی لە کورد دەبینێت، دەتەوێت لە ڕێگەی ئەو کتێبەوە چ بە خوێنەری سویدی بڵێی؟**

**تاندبێری:** لە ڕێگەی ئەو کتێبەوە دەمەوێت بە شێوەیەک زانیاری بدەم بە خوێنەرانی سویدی تا ئەو هەست و دڵسۆزییەی خۆمیان لەگەڵدا دابەشبکەم کە هەمە بۆ گەلی کورد و سروشتی وڵاتە دڵڕفێنەکەیان. بە هۆی ئەو ستەم و هەوڵانەی دراون بۆ ریشەکێشکردنی گەلی کورد و ڕووداوی وەکو هەڵەبجەوە، ئەرکیۆلۆگیی وڵاتەکە فەرامۆشکراوە. هەر بۆیە بۆ نموونە زۆر کەس هیچ دەربارەی ئەشکەوتی شانەدەر نازانن کە دەکەوێتە نزیک هەولێر. ئەو ئەشکەوتە کەوتووەتە سەر زنجیرە چیا سەرکەشەکانی زاگرۆس و شوێنەواری دەوڵەمەندی تێدایە کە دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمی نیاندرتاڵەکان کە نزیکەی هەشتا هەزار ساڵ پێش ئێستا ژیاون. شانەدەر، شایستەی هەموو ئاوڕلێدانەوەیەکە، چونکە ئەو ئەشکەوتە ماڵی مرۆڤایەتییە.

بە هیوای ئەوەی کە کتێبەکەم دەرگای ئارەزوو و حەزی سویدییەکان بۆ کوردستان بکاتەوە و خۆیان سەردانی کوردستان بکەن و لەسەر خەڵک و وڵاتەکە تێگەیشتنی خۆیان بنیات بنێن.

**ڕووداو: تورکیا کە دەیەوێ ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، ئامادەنییە شەڕ بەرامبەر کورد رابگرێ و کێشەی کورد بە ئاشتیانە چارەسەر بکات، ئەوروپا و سوید بەتایبەتی بێدەنگ و تەماشاچین و نایەنەوێت گوشار بخەنە سەر تورکیا کە مافی خۆ بەڕێوەبردن بداتە کورد وەکو ئەوەی لە باکووری ئیرلەندا و وڵاتی باسک هەیە؟**

**تاندبێری:** من سویدییەکم کە ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆرم بۆ کوردستان هەیە. ئەتاتورک، وشەی کوردستانی لەسەر هەموو نەخشەکانی سەردەمی عوسمانی، سڕییەوە و کوردی ناونا "تورکی چیایی"، ئەمە لە کاتێکدا کە کورد زۆر پێش ئەوەی تورک بێنە ئەو وڵاتە، نیشتەجێی ئەوێ بوون. من خۆم لەو پێشانگایەی بە ناوی "گوڵە قەدەغەکراوەکان" لە ستۆکهۆڵم لە ساڵی 1998، بەشداریم کرد، کە تێیدا نموونەی ئەو ڕووەکانەی کە لە کوردستانەوە هێنرابوون لەلایەن پرۆفیسۆری خەڵکی ئۆپسالا، یوهان فرۆدین لە ساڵی 1952 کۆکرابوونەوە. بۆ نموونە ناوهێنانی گیای وەکو Hedysarum kurdicum لە تورکیا دەبێتە هۆی سزادان.

سوێد دەیەوێت تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، تا لەو ڕێگەیەوە بە شێوەیەکی یاساییانە یارمەتیی کوردانی تورکیا بدات بۆ ژیانێکی ئازاد، ژیانێک کە شایستەی مرۆڤ بێت. سوێد پێشەنگایەتیی جیهانی هەیە لە چاپکردنی کتێبی کوردی و ناردنی بۆ تورکیا.

## سوێد دەیەوێ تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا تاوەکو بە شێوەیەکی یاساییانە یارمەتی کورد بدات

**ڕووداو: لەو ماوە دوورودرێژەی کە خۆت بۆ کێشەی کورد تەرخانکردووە، دەکرێت بیرەوەرییەکی خۆش یانیش باڵکێشی خۆت بگێڕیتەوە؟**

**تاندبێری:** بینینی مەلا مستەفا بارزانی کە نەخۆشبوو، لە ساڵی 1976 دا، شتێک نییە لە بیرم بچێتەوە. داخوازییەکانی بارزانی کە کەس نەبوو بتوانێت ڕێگەیان لێ بگرێت و کەسایەتییە تێکنەشکاوەکەی، سەرەڕای شکست و ئاوارەبوون، خۆشەویستی بۆ وڵاتەکەی دەکرێت وەکو سیمبولێک بۆ خەڵکەکەی و خەباتی نەپساوەیان بۆ ئازادی و کوردستانێکی سەربەخۆ، تەماشا بکرێت.



**تاندبێری Olof G Tandberg**

- لە ساڵی 1932 لە دایکبووە.
- دانیشتووی ستۆکهۆڵمە.
- سەرۆکی ڕێکخراوی یونێسکۆ بووە لە سوێد.
- جێگری سەرۆکی کۆمیتەی سوێدی – کوردی بووە کە لە ساڵی 1966 لە ستۆکهۆڵم بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، دامەزرا.

**چەندین کتێبی نووسیوە لە وانە:**

Din släktingsaga (چیرۆکی خزمەکانت) کە باسی بیرەوەرییەکانی نەنکی دەکات.
چەوساوەکانی زەوی بە هاوبەشی لەگەڵ ئەندێرش کوونگ نووسیویەتی و بەشێکی تەرخان کراوە بۆ کوردستان، 1970.
ABC om Kurdistan لە ساڵی 2008 دا لە لایەن ئاپێکەوە چاپ کراوە.
سەرەڕای دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، چەند وتارێکی بۆ یادی هەڵەبجە نووسیوە.

تەواوی ئەم هەڤپەیڤینە لە (ڕووداونێت)دا بخوێنەوە
www.rudaw.net

# کوا چارەنووسیان؟



**ڕووداو–هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو کەسوکاری بێسەروشوێنانی شەڕی برا کوژی بە هاوکاری ناوەندی چاک بۆ ماوەی 3 ڕۆژ لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان مانەوەو داوای دیاریکردنی چارەنووسی ئەو بێسەروشوێنانەیان کرد. بەهۆی ئەوەی وەڵامێکی ئەرێنیان لە پەرلەمانەوە پێنەگەیشت، مانگرتنەکەیان بۆ کاتێکی نادیار کۆتایی پێهێنا.

لەئەنجامی شەڕی ناوخۆی پارتی و یەکێتی چەندین کەس لە لایەنگرانی ئەو دوو پارتە بێسەرو شوێنکران، بەپێی ئاماری ناوەندی چاک 148 کەس لە شەڕی برا کوژی بێسەرو شوێنکراون، بەڵام محەممەد فەرەج، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت دۆسیەی 250 کەسی شوێنبزری شەڕی ناوخۆیان لەبەر دەستدایە.

زۆربەی ئەوانەی لە بەردەم پەرلەمان ئامادە ببوون ژن و منداڵ بوون، زۆربەیان بەتایبەتی منداڵەکان وێنەی بێسەروشوێنانیان بەدەستەوە گرتبوو، تەنانەت هەندێک لە منداڵەکان بەو سەرماو سۆڵەی زستان بەشەو لەبەردەم پەرلەمان مانەوە.

سەبیحە ئیبراهیم، بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی براکەی هاتبووە بەردەم پەرلەمانی کوردستان کە 13 ساڵە هیچ هەواڵێکی دەربارەی نازانێت، سەبیحە ڕایگەیاند براکەی دوو منداڵی هەیە و گوتی "دایکم و باوکم بەحەسرەتی بینینی کوڕەکەیان گیانیان لەدەستدا، ژیان بۆ ئێمە مانای نەماوە، هەموو ڕۆژێک ئازاری شوێنبزرانمان دەکێشین". سەبیحە ئامادەیە شەو و ڕۆژ لەبەردەم پەرلەمان بکاتەوە تاوەکو چارەنووسی براکەی بۆ ئاشکرا دەکەن.

ناوەندی چاک ساڵێک لەمەوبەر بەمەبەستی ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەو کەسانەی لەشەڕی براکوژی بیسەروشوێن کران، دەستی بەکار کردبوو، هەفتەی ڕابردوو ئەو کارانەی ئەنجامیداوە وەکو دۆسیەیەک ڕادەستی پەرلەمانی کوردستان کرد.

بەپێی بەیاننامەی ناوەندی چاک زۆرترین ئەو بێسەرو شوێنانەی شەڕی ناوخۆ لەلایەن پارتییەوە گیراون، هەروەها لە ساڵی 2007دا 3 کەس لەلایەن یەکێتییەوە بیسەرو شوێن کراون، لە نێوان ساڵی 1999 تا 2004 دوو کەس لەلایەن پارتی دەستگیر کراون و کەس نازانێت لەکوێن.

بەیاننامەکەی ناوەندی چاک داوای ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەو بێسەرو شوێنکراوانە لە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان دەکات، لەبەشێکی بەیاننامەکەدا هاتووە "با چارەنووسی کەسانی شوێن بزر بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکەن. با هیچ نەبێت خێزانەکانیان جێگای ئێسقانەکانیان بزانن".

زاهیر ئیبراهیم، کە یەکێک بوو لەبەشدارانی ئەو چالاکییە مەدەنییە ڕایگەیاند کە ئەوان لەگەڵ محەممەد فەرەج سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان قسەیان کردووە "پێمان ڕاگەیاندن داواکانمان بگەیێننە سەرۆکی پەرلەمان و دۆسیەیەکمان ڕادەست کردن. ئێمە خوازیارین لە ڕێگەی پەرلەمانەوە ئەو کێشەیە بگەیێنینە بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێز تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق"، هەروەها گوتی " تا کەی کەسانی شوێنبزر بشاردرێنەوە. بۆ 16 ساڵ دەچێت ئێمەیان بێ وەڵام هێشتووەتەوە".

ئەو هیچ باکی نییە چەندین شەوی دیکەش بەو سەرمایە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان بمێنێتەوە، زاهیر گوتی "لەبەر ئەوەی پارتی و یەکێتی لەو مەسەلەیە تاوانبارن، بۆیە وەڵاممان نادەنەوە، ناخوازن چارەنووسی ئەو بێسەروشوێنکراوانە ئاشکرا بکەن، بۆ من شوێنبزرکردنی خەڵک لەسەر دەستی کورد و ئەنفالی بەعس هەمان شتە".

محەممەد بەکر، نوێنەری ناوەندی چاک لە هەرێمی کوردستان، کە بەشداری چالاکییەکەی کردبوو ڕایگەیاند لە پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە کرابوو "ئێمە خوازیاربووین لەو کۆبوونەوەیە بڕیاری ئەرێنی درابا، ئەو کێشەیە لەبەرچاو گیرابا، بەڵام بەداخەوە کۆبوونەوەکە هەڵوەشێندرایەوە، داوادەکەین هۆکاری ئەوەمان بۆ ئاشکرا بکەن".

محەممەد دووپاتیکردەوە ئەوان لەو جۆرە چالاکییانە بەردەوام دەبن تاوەکو چارەنووسی ئەو بێسەروشوێنانەیان بۆ ڕووندەکەنەوە. هەروەها ڕایگەیاند پەرلەمانتار سۆزان شەهاب، بەڵێنی پێداون ئەو مەسەلەیە بخاتە کارنامەی پەرلەمانەوە.


منداڵ و ژنانی کەسوکار بێسەروشوێن سێ شەو و ڕۆژ لە پێش پەرلەمان بوون (فۆتۆ:DIHA)

ڕیپۆرتاژ



## ئەندام لقێکی پارتی خۆی دەکوژێت

رووداو-دهۆک

◆ سەربەست لەزگین بەرپرسی لقی 1ی پارتی دیموکراتی کوردستان لەدهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند، کە بەیار زەکی، تەمەن 37 ساڵ وباوکی دوومنداڵ، کە بەرپرسی ناوچەی ئازادی سەر بە لقی یەک و ئەندامی لق بوو، شەوی 15 16-/2009/1/ لە ژوورەکەی خۆیدا، لە ئەنجامی دەرچوونی گوللەیەک لەدەمانچەکەیەوە گیانی لەدەستداوەو، لەوکاتدا کەسی لەلا نەبووە. بەڵام بەگوێرەی راپۆرتی پزیشکی ناوبراو بەو دەمانچەیەی لەدەستیدا بووە لە ژوورەکەیدا خۆی کوشتووە.

# فڕۆکەوانە هەڵاتووەکە لەبەریتانیا بووەتە پەنابەری سیاسی

## "فڕۆکەوانەکە لەلای دەزگای دژە تیرۆر بووە نەک ئاسایش"



**رووداو- سلێمانی**

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (رووداو) کەوتوون، فڕۆکەوانە هەڵاتووەکەی کەیسی هەڵەبجە لە رێی عەممانی پایتەختی ئوردنەوە گەیشتووەتە بەریتانیا، بۆ ئەوەی داوای مافی پەنابەرێتی بکات، سەرۆکی تیمی داکۆکیکاری قوربانیانی هەڵەبجەش باس لەوە دەکات کە لە رێی دادگاوە داوا لەپۆلیسی نێودەوڵەتی (ئینتەرپۆل) دەکەن فەرمانی دەستگیرکردنەوەی دەربکات.

گۆران ئەدهەم بابان، سەرۆکی تیمی داکۆکیکار لە قوربانیانی هەڵەبجە، بە (رووداو)ی راگەیاند کە بەپێی زانیارییەکانی ئەوان، عەمیدی فڕۆکەوان تاریق رەمەزان عەزاوی ئێستا لە بەریتانیایە، گوتیشی "پەیوەندیمان بە رێکخراوێکی بەریتانییەوە کردووە بۆ ئەوەی لە دۆزینەوەی ئەو تاوانبارەدا هاوکاریمان بکات".

عەمیدی فڕۆکەوان تاریق رەمەزان عەزاوی، کە تاکە شاهێدی بۆردومانکردنی هەڵەبجە بوو بەچەکی کیمیاوی دەستگیرکرابێ، لە سلێمانی دیار نەما.

تاریق رەمەزان لە ساڵی 2005 لەکەرکووک دەستگیرکراو رەوانەی ئاسایشی گشتیی لە سلێمانی کرا، بۆ یەکەمین جار لەرۆژی 2008/12/14 لەگەڵ دەستپێکردنی دانیشتنەکانی دادگای باڵای تاوانەکان لەسەر دۆسیەی هەڵەبجە، لەلایەن محەممەد عورێبی سەرۆکی دادگاوە راگەیێنرا کە ئاسایشی گشتیی سلێمانی، بەنووسراوێکی فەرمی لە 2008/10/25 لەهەڵاتنی ئەو فڕۆکەوانە ئاگاداریان کردووەتەوە.

سەرۆکی تیمی داکۆکیکار لەقوربانیانی هەڵەبجە، لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) رایگەیاند " باوەڕمان بەو سیناریۆیەی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی نییە"و گوتیشی "سەرۆکی دادگای باڵای تاوانەکانیش قەناعەتی بەنووسراوەکەی ئاسایشی سلێمانی نییە، بەڵام ئەو تەنیا دەتوانێ ئەوەندە بکات کە جارێکی دیکە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەربکاتەوە".

بەگوێرەی نووسراوەکەی ئاسایشی سلێمانی، ئەو فڕۆکەوانە لەرێی بردنیدا بۆ نەخۆشخانە هەڵاتووە، بەڵام هەندێ زانیاری دیکە باس لەوەدەکەن کە ئەو فڕۆکەوانە لای دەزگای دژەتیرۆر زیندانی بووبێت نەک لای ئاسایش، هۆکاری بێدەنگیی بەرپرسانی یەکێتیش لەرووداوەکە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە سەرۆکی دەزگای ناوبراو پاڤێڵی کوڕی مام جەلالە.

رۆژنامەی (الزمان) لەزاری هەندێ سەرچاوەی کوردییەوە کە ناوی نەهێناون، بڵاوی کردەوە کە فڕۆکەوانی ناوبراو پێش دیارنەمانی لەلای دەزگای دژەتیرۆر زیندانی بووە. ئەو سەرچاوانە رایانگەیاندووە کە باوەڕیان بەچیرۆکی هەڵاتنی فڕۆکەوانەکە نییە، بەڵکو کەسانێک دەستیان لەئازادکردنیدا هەبووە بەبێ ئەوەی ناوی کەس بێنن. هەروەها باسیان لەوەشکردووە کە کەسوکاری فڕۆکەوانەکە پێش دیارنەمانی، لای بەرپرسێکی باڵای یەکێتی لەسلێمانی بینراون.

لەبارەی ئەوەی کە ئەو فڕۆکەوانە پێش هەڵاتنی لای ئاسایش زیندانی بووە یان لای دەزگای دژەتیرۆر، هیچ زانیارییەکی تەواو دروست لەبەردەستدا نییە، بەڵام هەندێ سەرچاوەی ئاگادارو جێی باوەڕ جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ناوبراو لەمانگی ئابی 2006دا لەزیندانی ئاسایش بووە.

سەرۆکی تیمی داکۆکیکار لە قوربانیانی هەڵەبجە ئەوەشی راگەیاند کە جگە لە تاریق رەمەزان دەیان تۆمەتباری دیکە ناویان لەکەیسی هەڵەبجەدا هاتووە چ وەک فڕۆکەوان یان خاوەن پلەوپایەی سەربازیی دیکە، گوتیشی



تاریق رەمەزان عەززاوی

"زانیاری لەسەر ئەو تۆمەتبارانە کۆکراوەتەوەو لەدانیشتنەکانی داهاتووی دادگادا داواکارییەک پێشکێش بەسەرۆکایەتی دادگا دەکەین کە چەندین کەس لەکیمیابارانی هەڵەبجەدا دەستیان هەبووەو ئێستاش لەنێو سوپای نوێی عێراق و لەنێو حکومەتدا لێپرسراوی گەورەن، دادگا دەبێت بانگیان بکات، هەشیانە لەدەرەوەی عێراقەو داوا لەدادگا دەکەین لە رێی پۆلیسی نێودەوڵەتییەوە هەوڵی دۆزینەوەیان بدات".

گۆران ئەدهەم بابان ئەوەشی راگەیاند کە ئەوان وەک تیمی داکۆکیکار لەقوربانیانی هەڵەبجە لەئایندەیەکی نزیکدا کۆمەڵێک زانیاری لەبارەی تاریق رەمەزان بڵاودەکەنەوە.

هەرچەندە وابڵاوکرایەوە کە تاریق رەمەزان بەفەرمانێکی هەڵەی تاڵەبانی ئازادکرابێت، بەڵام بەرپرسانی یەکێتی ئەو زانیارییەیان رەتکردەوە. بەپێی هەندێ سەرچاوەی رۆژنامەوانیش، کاتێک ئاسایشی سلێمانی دەقی دانپێدانانی تاریق رەمەزانیان پێشانی مام جەلال داوە، مام جەلال لەسەر فایلی تۆمەتبارەکەی نووسیوە "ئەم کەسە بپارێزن، زۆر گرنگە بۆ دادگاییکردنی سەرانی رژێم لەسەر کیمیابارانی هەڵەبجە".

هەفتەی رابردوو خەڵکی هەڵەبجە، لە خۆنیشاندانێکدا بۆ بەردەم نووسینگەی پەرلەمان لە هەڵەبجە، داوای ئاشکراکردنی مەسەلەی دیارنەمانی فڕۆکەوانەکەیان کردو، فەرید ئەسەسەردی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیش بە (رووداو)ی راگەیاند کە بەبیری دا ناچێت کەسێکی ناشارەزا و کوردی نەزان بتوانێ لەشاری سلێمانی رابکات.

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە کۆبوونەوەی رۆژی 2009/1/16 بەسەرپەرشتی کۆسرەت رەسول جەختیکردەوە لەسەر لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی "هەڵاتن"ی فڕواکەوانەکە و سزادانی ئەوانەی بەرپرسیارێتیان لەوبارەوە دەکەوێتە سەر شان.

گۆران ئەدهەم بابان، سەرۆکی تیمی داکۆکیکار لە قوربانیانی هەڵەبجە، بە (رووداو)ی راگەیاند "لەچەند سەرچاوەیەکەوە زانیاریمان دەستکەوتووە کە تاریق رەمەزان بەئەنقەست ئازادکراوە".

# بایدن کێشەی کەرکووک نەرم دەکات

**تایبەت بە رووداو**

ئەو سێ جار بایدنی بینیوە، پێش ئەوەی بۆ جێگری سەرۆکی ئەمریکا بێتە هەڵبژاردن، داوەتنامەی رێورەسمی سوێندخواردنی سەرۆکی تازەی ئەمریکا ئۆبامای بەدەستەوەبوو، پێیوابوو هاتنی بایدن بۆ کەرکووک لە رۆژی سێ شەممە ئەو پەیامەی بەروونی گەیاندە هەموو پێکهاتەکانی کەرکووک کە چارەسەری کێشەی کەرکووک تەنیا لە کەرکووکە.

د.محەممەد ئیحسان، کە لە زاخۆ لەدایکبووەو لە ئەمریکا خوێندوویەتی، بەهۆی بوونی بە وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، ناوی چووەتە پاڵ مادەی 140وە، بەشێوەیەک بە گاڵتەوە دەڵێ "دامناوە ئەگەر منداڵێکم بوو ناوی بنێم 140"، ئەو مادەیەی کە گەورەترین وکۆنترین کێشەی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردستانی لەگەڵ عێراق لە خۆگرتووە،د. د.محەممەد ئیحسان دەڵێ " ئەو کێشەیە بە نیاز و عەقلیەتی یەکلایی کردنەوەی کێشەکان چارەسەر دەبێت، کە هێشتا ئەو عەقلیەتە نییە لە عێراق و سیستەمەکەشی سیستەمی ئاڵۆزکردنە".

جۆ و بایدن، کە چەندان ساڵە ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکایە و وەک د.مەحمود عوسمان بە (رووداو)ی راگەیاند لەگەڵ ئۆباما چەند جارێک لە کۆنگرێس بەرگریان لە کورد کردووە، رۆژی 2009/1/13 دووەمین و دوایین وێستگەی سەردانەکەی کەرکووک بوو . د.محەممەد ئیحسان دەڵێ ئەو پێشتر دەیزانی بایدن دێت بۆ کەرکووک " من خۆم لە مێژبوو ئاگاداربووم کەدێت".

ئەو وەزیرەی کوردستان دەڵێ هەر دەسەڵاتێک کە کار دەگرێتە دەست، پێویستی بە رووداوێکی راگەیاندنی گرنگە لێیەوە دەربکەوێت، کێشەی عێراق لەبەرئەوەی هۆکاری سەرەکی شکستی کۆمارییەکان و سەرکەوتنی دیموکراتەکان بوو لە دوایین هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا دا عێراقی هەڵبژارد " لە نێو کێشەی عێراقیش، کێشەی کەرکووک کە دۆسیەیەکی گەرمە، ئەنجامەکانیشی ماڵوێرانکەرە و، بەراستیش کلیلی سەقامگیرییە .هەڵبژارد، ئەگەر کێشەی کەرکووکت چارەسەر کرد، واتە کێشەی نەوتت لەو وڵاتە چارەسەرکرد، کێشەی هەرێمە کێشە لەسەرکانت چارەسەرکرد، واتە رێزی دەستوورت گرت و جێبەجێتکرد . دەتوانی بڵێی سەردەمێکی نوێ لە عێراق دەستپێیکرد".

هەروەها گوتی " هاتنی بایدن بۆ کەرکووک و قسەکانیشی لەگەڵ خەڵک پەیامێکی روونی تێدابوو، گوتی قەت خەیاڵتان بۆ ئەوە نەچێ کە ئەم کێشەیە لە مەرکەز چارەسەر دەبێ، ئێوە ئەگەر لە نێوان خۆتان چارەی نەکەن رۆژێک تەرەفی قائم کۆنترۆل بەسەر لایەنی لاوازدا دەکات و ئێمەش ناتوانین بتانپارێزین. ئەو پەیامە روونە، بەڕاستیش ئەگەر ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، متمانەبەخش و پێوەرێکی سەرکەوتنە بۆ سیاسەتی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. سەقامگیرییە بۆ عێراق و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هەروەها سەقامگیرییێکیشە بۆ سەرچاوەکانی نەوت".



بایدن لە کاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ پێکهاتەکانی کەرکووکدا (فۆتۆ:AFP)

د.محەممەد ئیحسان لەگەڵ ئەوەدا نییە کورد زۆر گەشبین بێ بەرامبەر هاتنی ئەو ئیدارە تازەیەی ئەمریکا " زیاتر لە کێشەکانی دەرەوەی خەریکی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی خۆی دەبێت"، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا کورد زۆر خۆی پێ گەورە بێتە پێش چاو "ئەگەر ئێمە بڵێین کورد یاریزانێکی سەرەکییە لە هاوکێشەی سیاسی نێودەوڵەتیدا بێ لایەنەکانی دیکە، ئەوا زیادەڕوویی لەرۆلی خۆمان دەکەین (کرم الله شخصا، عرف قدر نفسه). ئێمە تاکو ئێستا بەشێکین لەهاوکێشەی ئاسایش و سەقامگیری بارودۆخی ناوخۆ لەعێراق و لە ناوچەکە"،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێیوایە کێشەی کورد بەرەو بایەخ پەیداکردنی گرنگ دەچێ وەک هاوکێشەی ژمارە 2 لەدوای کێشەی عەرەب ئیسرائیل لە سەقامگیری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا .

لەکاتی هەڵمەتی پروپاگەندەی هەڵبژاردن دا، باراک ئۆباما و جۆو بایدن بانگەوازێکیان بۆ تورکیا و هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە، کە دەست بەگفتوگۆ بکەن لەگەڵ یەکتر. هەرێمی کوردستان پێیوایە تورکیا کە گەورەترین رێگربووە لە بەردەم جێبەجێکردنی مادەی 140، چونکە گوێ لێگیراوترین هاوپەیمانی ئیدارەی پێشووی ئەمریکابوو لە ناوچەکەدا، ئێستا بە دروستبوونەوەی پەیوەندی لەگەڵ تورکیا دەتوانێ دەرگای جێبەجێکردنی بکاتەوە، رۆژنامەکانی تورکیاش بڵاویانکردەوە، هەرێمی کوردستان بۆ گرەنتیکردنی ئایندەی خۆی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و کەمکردنەوەی فشار لەسەر خۆی دوای زیاتربوونی کێشەکانی لەگەڵ بەغدا، هەروەها رێگە کردنەوە بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووک پەنای هێناوەتە بەر تورکیا.

د.محەممەد ئیحسان، پێویستی سەیرکردنی تورکیا بە چاوێکی کراوە زۆر بە پێویست دەزانێ بۆ هەرێمی کوردستان و لەو بوارەشدا هەندێک هەنگاوی تورکیا زۆر بە هاندەر دەبینێ و دەڵێ " گۆڕانی باشیش روویداوە، من قەت رۆژێک بیرم لەوە نەدەکردەوە تەلەفزیۆنێکی حکومەتی تورکیا (TRT6) بەکوردی بکرێتەوە. ئێمە نابێت ئەمریکا بخەینە مەوقعێکی وا کە یان ئێمە یان تورکیا"، هەروەها دەڵێ " لەسەر ئاستی ئیقلیمی پێویستە زیاتر دەرگا لەگەڵ تورکیادا بکەینەوە"، بۆ خێراترکردنی دروستبوونی ئەو پەیوەندییە لەنێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، د.محەممەد ئیحسان رۆلی ئەمریکا زۆر بە گرنگ دەبینێ و دەڵێ " ئەمریکا دەتوانێت مەودای نێوانمان کورت بکاتەوەو خێراتر ئەو گفتووگۆیانە بەئەنجام بگەیێنێت و کێشەکان چارەسەر بکات"، هەروەها پێیوایە ئەو پەیوەندییە لە بەرژەوەندی تورکیاش دەبێ " نەوت لە زاخۆوە بچێتە پاڵاوگەی باتمان و لەوێ بپالێورێت و جارێکی دیکە بیفرۆشێتەوە عێراق یان بیفرۆشێتەوە هەرێمی کوردستان"، ئەوە لە بەرژەوەندی تورکیایە.

پەیامی بایدن گەیشتە عەرەبەکانی کەرکووک

د.محەممەد ئیحسان پێیوایە پەیامی جێگری سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی ئەمریکا لە کەرکووک زۆر روون بوو، بۆیە پێشبینی دەکات کە ئەو عەرەب و تورکمانانەی دژی . بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون دوای هاتنی بایدن، نەرمبوونێک لە هەڵوێستی عەرەبەکانی دانیشتووی کەرکووک دروستبووە .

محەممەد ئیحسان دەڵێ "عەرەب و تورکمانەکانی کەرکووک لەلایەن هەندێ سیاسەتکاری بەغداوە بۆ بەرژەوەندی حیزبی، بەبێ ئەوەی بەخۆیان ئاگاداربن کڕین و فرۆشتنیان پێکراوە". ئەوەی ئەو وەزیرەی کوردستان باسیدەکات، پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە واشنتنیش لە دوایین راپۆرتیدا دەربارەی کەرکووک ئاماژەی پێداوە، کە مالیکی نارەزایی عەرەب و تورکمانەکان لە دەستباڵایی کورد لە کەرکووک بۆ فراوانکردنی بنکەی حیزبەکەی لە کەرکووک بەکاردێنێت.



## عەرەبەکانی کەرکووک بۆیان ئاشکرابووە کە هەندێ سیاسەتکاری بەغدا مامەڵەیان پێوە دەکەن

د. محەممەد ئیحسان

د.محەممەد ئیحسان دەڵێ "مالیکی ناتوانێت لەسەر ئەو ململانێیە بژیت"،هەروەها هوشداری ئەوەدەدات کە " نابێت لۆژیکێکی نەتەوەیی کە فیتنەیەکی گەورەی لێ دروست بێت تەرخان بکەی بۆ حیزبەکەت. نەک مالیکی هەر سەرۆک وەزیرێکی دیکە وابکات و بەم عەقلیەتە هەڵسوکەوت بکات، دواجار ئاگرەکەی دەگاتەماڵەکەی خۆی ".

د.محەممەد ئیحسان دەڵێ، دوای هاتنی بایدن ئەو عەرەب و تورکمانانە زیاتر دەستی ئەو سیاسەتکارە ساختەکارانەیان بۆ ئاشکرابوو، هەروەها بۆیان ئاشکرابوو چارەسەری کێشەی کەرکووک لە کەرکووکە " ئاشکرابووە کە چارەسەر لە مەرکەز نییە، چارەسەر لە ئەنقەرە نییە،چارەسەر لە تەهران نییە، راستە رۆلێکیان هەیە، بەڵام چارەسەرەکە لەنێو خۆیانە، ئەگەر خۆیان لەگەڵ یەکتر تەوافوقێکی راستەقینە بکەن، کەس ناتوانێ موزایەدەیان پێوەبکات".

د.محەممەد ئیحسان بەبێ ناوهێنان ئاماژەی بە چەند پەرلەمانتار و سیاسەتکارێک کرد، کەبەبێ ئەوەی لایەنێکی کێشەی کەرکووک، یان تەنانەت جارێکیش کەرکووکیان بینیبێ خۆیان کردووەتە لایەنێکی کێشەکە بۆ ئاڵۆزکردن و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی "بەبێ ناوهێنان دەڵێم، کابرایەک لە پەرلەمان کە لە ژیانی خۆیدا کەرکووکی نەبینیوە، خۆی دەکاتە گەورەترین بەرگریکاری کەرکووک و درۆ دەکات،کەسێک کە زەوی خەڵکی لەسەردەمی سەدام لە مەخموور داگیرکردبوو، کیڵگەی پەتاتەی هەبوو خۆی کردووەتە گەورەترین بەرگریکاری کەرکووک بۆ بەرژەوەندی خۆی، تۆ نازانی تەفاهوم لەگەڵ ئەمە بکەی یان ئەویدیکە ".

محەممەد ئیحسان لەو راستیانەوە دەڵێ " شێواندن لە عێراق ئینجنی سیاسەتە، لەبەر ئەوە بەڕاستی زۆربەی سیاسەتی عێراق لەسەر بنەمایەکی درۆیە، نەوەکو لەسەر بنەمای ژمارە و راستییە مێژووییەکان، نەک لەسەر بنچینەی پەیوەستبوونە بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەوە".

بەڵام ئەو هەست بە باشبوونێک دەکات چونکە، عەرەبەکانی کەرکووک بۆیان ئاشکرابووەو کە مامەڵەی بەرژەوەندی حیزبی و شەخسییان پێوە دەکرێ لەلایەن هەندێ سیاسەتکارەوە " ئێستا شتی باش ئەوەیە دەتوانی تەفاهوم لەگەڵ عەرەبەکانی کەرکووک بکەی، ئەمە خاڵێکی باشە".

### هەوڵی دەرکردنی کورد دەدات

# جەوهەر هەرکی دەگەڕێتەوە موسڵ

**عەلی حەمەساڵح**
**رووداو-موسڵ**

بە مەبەستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ، هەفتەی رابردوو جەوهەر هەرکی لەسووریاوە گەیشتەوە موسڵ و لەنێو هەرکییەکانی موسڵدا بانگەشە بۆ لیستی حەدبا دەکا، کە یەکێک لەدروشمەکانی لیستەکە دەرکردنی کوردە لە شاری موسڵ.

جەوهەر محێدین جانگیر هەرکی، ساڵی 1962 لەئاکرێ لەدایکبووە و، هەڵگری بڕوانامەی ئەندازیاری مەدەنییە، خێزاندارەو دوو کوڕ و دووکچی هەیە و، لەساڵی 2005 وە عێراقی بەجێهێشتووەو لەدیمەشقی پایتەختی سوریا دادەنیشێت.

جەوهەر هەرکی لەسەردەمی بەعس موستەشاری فەوجی 512 بووە، لەدوای راپەڕینی 1991ی خەڵکی کوردستان لەگەڵ ژمارەیەک خێزان کوردستانیان جێهێشت و لە موسڵ نیشتەجێبوون. لە دوای رووخانی بەعسیش تاوەکو 2005 لە موسڵ مایەوە، پاشان روویکردە سوریاو ماوەیەکیش لەتورکیا بوو، لەساڵی 2007 بەهاوکاری چەند کۆنەمستەشارو بەعسییەک و بەپاڵپشتی وڵاتانی دەوروبەر بەتایبەتی سوریا و تورکیا (حیزبی عەدالەتی کوردستان)ی دامەزراند، کە لەکۆنگرەی یەکەم خۆی بووە ئەمینداری گشتی ئەو حیزبە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەسەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەست (رووداو) کەوتوون، جەوهەر هەرکی لە هەفتەی رابردوودا بەمەبەستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵدا گەڕاوەتەوە موسڵ. لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەکانی هەواڵ بڵاویانکردەوە کە جەوهەر هەرکی بە فڕۆکەیەکی تایبەتی نووری مالیکی لە بەغداوە هێنراوەتەوە موسڵ.

هەرێم کەمال ئاغا، بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لەموسڵ بە (رووداو)ی رایگەیاند "پاش نەمانی رژێمی سەدام، جەوهەر هەرکی، گەڕایەوەو ماوەیەک لەموسڵ ژیا، تاوەکو 2005، دواتریش چووە سوریاو تورکیاو بەبێ هیچ پەردەپۆشییەک بەرگری لە سەدام حسێن دەکرد و گەڕانەوەی حیزبی بەعسیش خەون بوو لای، ئێستاش گەڕاوەتەوەو بانگەشە بۆ لیستی حەدبا دەکات".

لیستی حەدبا کە لەلایەن ئوسامە نجێفی ئەندام پەرلەمانی نێودار بەدژایەتیکردنی کورد سەرپەرشتی دەکرێ و،هەروەها برایەکی ئوسامە نجێفی لەنێو لیستەکەدایە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە چەند سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەست (رووداو) کەوتوون، بەشی زۆری ئەوانەی کە لەلیستی حەدبادا دان، کۆنە بەعسییەکانن و چەند کەسایەتییەکی کوردیش لەگەڵ ئەم لیستەدان کە دیارترینیان برازایەکی ئەرشەد زێبارییە و ناوی دڵدارە.

بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لەموسڵ، دەڵێت "لیستی حەدبا ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێت لێناگەڕێن کورد لەموسڵ هەناسەش بدات، بانگەشەی لیسەکەشیان بۆ هەڵبژاردنەکان دەرکردنی کوردە لەموسڵ و جەوهەر هەرکیش ریکلام بۆ لیستی حەدبا دەکات کە کۆنە بەعسییەکانن و بوونی کوردیان قبوڵ نییە".

بەپێی گوتەی بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی جەوهەر هەرکی ئەوکاتەش کە لە سوریا بووە هاوکاری لیستی حەدبای کردووە "ئەو لیستە لەدەرەوە زۆر هاوکاری کراون، جەهەرهەرکیش بێ بەش نەبووە لەو هاوکاریکردنە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی (رووداو) لەسەرچاوە ئاگادارەکانەوە وەریگرتوون، جەوهەر هەرکی لەنێو هەرکییەکانی موسڵدا بانگەشە بۆ لیستی حەدبا دەکات، کە ئێستا هەموویان لەناوچەی قەلعەی رۆژهەڵاتی موسڵ کۆبوونەتەوە.



عومەراغای سورچی، لەهەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ (رووداو)دا رایگەیاند کە جەوهەر هەرکی پێش راگەیاندنی حیزبەکەی لە عەممان چووەتە لای، ئەویش پێیگوتووە جەوهەر لەدژی حکومەتی کوردستان مەوەستەوە، چونکە ئەمجارە ئەگەر ببینەوە جاش دەبینە پیرە جاش.

هەرێم کەمال ئاغا، دەڵێت" هاتنەوەی جەوهەر هەرکی، بۆ ناو برا هەرکییەکان بەبەرنامەو ئەجیندایەکە، بەرنامەکەشی ئەوەیە کەوا بتوانێت هاوکاری و پشتگیری لیستی حەدبا بکات".

بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی رەخنەی ئەوەی لە جەوهەر هەرکی گرت،کە بانگەشە بۆ ئەو لیستە دەکات "خەونی ئەو لیستە گەڕانەوەی بەعسییەکانە، بانگەشەی لیستی حەدبا دەرکردنی کوردە لە موسڵ، دیارە جەوهەر هەرکی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی سڕیوەتەوە، ئەگینا چۆن لەگەڵ لیستی حەدبادا دەبێت".



## راپۆرت

### کوردستان پابەندی بڕیاری وەزارەتی بەرگری عێراق نابێت

رووداو - سلێمانی

◆ وەزارەتی بەرگریی عێراق فەرمانی بە یەکە سەربازییەکانی داوە بواری هیچ رێکخراوێک نەدەن مین و تەقەمەنی هەڵبگرنەوە، گوتیشی ئەوە لە پێناو ئەوەدایە کارەکە بدرێتە لایەنی پسپۆڕ، بەڵام حاجی مەسیفی، بەڕێوەبەرەی گشتی کاروباری مین، لەسلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ(رووداو) پێداگیری لەوە کرد کە پەیوەست نابن بەبڕیارەکانی حکومەتی عێراقەوە "ئێمە پەیوەستین بەبڕیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، تا ئێستاش لەحکومەتی کوردستانەوە هیچ بڕیارێکی لەو شێوەمان بۆ نەهاتووە".



# مالیکی هەڕەشەی بڕینەوەی پێی کورد دەکات

## سەرۆک وەزیرانی عێراق دەڵێ کە من هاتم، نفوزی کوردی رەق، خاووخلیچکی عەرەبی و شەڕی تایفەگەری لە بەرامبەری بوو، من ئەوانەم نەهێشت



سەلام سەعدی
salam2004s@yahoo.com

رووداو- هەولێر

وەک پێشبینی دەکرا، نوری مالیکی سەرۆک وەزیران لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دا لیستی خۆی لە هاوپەیمانە ستراتیژییەکەی، ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق جیاکردەوەو لیستی سەربەخۆی خۆی بەناوی "ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا" پێکهێنا. رەنگە بەشێک لەهۆکارە ئاشکراکانی ئەم جیابوونەوەیە، کە پێدەچێت خۆ تاقیکردنەوەیەک بێت بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ئەمساڵ، ئەو ناکۆکیانە بێت کە عەممار حەکیم، کوڕی سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق ئاماژەی پێکردوون (مەسەلەی دامەزراندنی هەرێمی باشوور، دەسەڵاتەکانی ناوەندو دامەزراندنی ئەنجوومەنەکانی ئیسناد، کە مالیکی پێداگریی لەسەر دەکات)، بەڵام بێگومان بەشێکی دیکەی ئەو هەنگاوەی حیزبی دەعوە پەیوەندی بە خەونەکانی مالیکییەوە هەیە کە نایەوێت لەململانێی نفوزو دەسەڵاتدا ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی تا هەتایە هەر هاوشان و رکابەرێکی مەترسیداری بێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، مالیکی لەم ململانێیەدا لەگەڵ هاوپەیمانە تەقلیدییەکەی، هەر بەتەنیا پشت بەو بنکە شیعییە نابەستێ کە هەردوولا هێزو توانایی خۆیان لێوەرگرتووە، بەڵکو بەلێدان لە وەتەری عروبەو عێراقچێتی و ورووژاندنی هەستی نەتەوەخوازی عەرەبی، لەهەوڵی پەلهاوێشتندایە بۆ نێو گۆڕەپانی سوننە کە لە یەکەم تاقیکردنەوەدا دەرکەوت خاوەنی بەرەیەکی سیاسی بەهێز نین، چونکە لەسەر پۆستی سەرۆکی پەرلەمان تووشی لێکترازان هاتن. مالیکی کە حیزبەکەی لەناوچەکانی سوننە بەتایفەگەر ناودەبرا، لێدوانەکانی ئەم دواییەی دژی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان هێندە توندو ئاگرین بوون، خەڵکی شارە سوننیەکان بۆ پشتیوانی لە هەڵوێستەکانی خۆپێشاندانیان کرد!.

### ناکۆکیی هاوپەیمانە تەقلیدییەکان

لەنێوان حیزبی دەعوەو ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیدا ناکۆکی و ململانێیەکی شاراوە هەیە کە لەهەندێ بۆنەدا خۆی ئاشکرا دەکات. عەممار حەکیم، هەفتەی رابردوو پەردەی لەسەر زۆر لەو ناکۆکیانە لابرد کە ئەگەر چارەسەر نەکرێن رەنگە بەزیانی مالیکی تەواوبن. عەمار حەکیم ئاشکرای کرد کە ئەو ناکۆکیانە بوونە هۆی ئەوەی هەردوولا نەتوانن پێکەوە بە لیستی هاوبەش بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بکەن. حەکیم لەباسی ئەو کێشانەدا ئاماژەی بە مەسەلەی پێکهێنانی هەرێمی باشوور کرد کە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بەگەرمی پشتیوانی لێدەکات، بەڵام مالیکی پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە دەبێت دەستووری هەمیشەیی بەشێوەیەک هەموار بکرێت دەسەڵاتی مەرکەزی بەهێز بکات. مالیکی لەچەندین بۆنەدا رایگەیاندووە کە دەبێت دەسەڵاتی هەرێمەکان بەپێچەوانەی دەسەڵاتی مەرکەزی، سنووردار بن، لەمەشدا تەواو لەگەڵ عەرەبی سوننە یەکدەگرێتەوە کە بە توندی دامەزراندنی هەرێمی باشوور رەتدەکەنەوە.




هەڵمەتی بڵاوکردنەوەی پۆستەری پاڵێوراوان و لیستەکان لە بەغدا لەوپەڕی گەرمیدایە (فۆتۆ:AFP)

ناکرێ ئەم هەڵوێستەی مالیکی تەنیا وەک تاکتیکێک بۆ راکێشانی سۆزی عەرەبی سوننە تەماشا بکرێ. مالیکی کە لەساڵی 1968ەوە چووەتە ریزەکانی حیزبی دەعوە، نەوەی زانای ئاینی و شاعیری ناسراو (شێخ محەممەد حەسەن ئەبولمەحاسن)ە کە یەکێکبووە لەسەرکردەکانی شۆڕشی بیست و دواتر لەسەردەمی حوکمی پاشایەتیدا بووەتە وەزیری مەعاریف. کاتێک لەساڵی 1979دا هەڵمەتی دژی حیزبی دەعوە لەلایەن رژێمی بەعسەوە دەگاتە ئەوپەڕی و بەوهۆیەوە ناچار دەبێت عێراق بەجێبهێڵێ، بەپێچەوانەی زۆربەی ئەندامانی دیکەی حیزبی دەعوە، لەجیاتی ئێران لە سوریا نیشتەجێ دەبێت. مالیکی لەدیمەشقەوە خەریکی دەرکردنی رۆژنامەی (الموقف) دەبێت کە رکابەری رۆژنامەی (الجهاد)ی زمانحاڵی حیزب بووەو لەزۆر مەسەلەدا لەگەڵ بۆچوونەکانی حیزب کەوتووەتە ناکۆکییەوە، هەر لەبەرئەوەش

هەمیشە وا تەماشای مالیکی کراوە کە سەرکردایەتی باڵی عروبی ناو حیزبی کردووەو زۆر بەحەماسەت نەبووە بۆ هاریکاری لەگەڵ ئێران. ئەمڕۆش لەلایەن ناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە وا لە پرۆژەی هەرێمی باشوور دەڕوانرێت کە هەوڵێکی ئێرانییە بۆ دابەشکردنی عێراق.

مالیکی بەم باکگراوندە عێراقی و عەرەبییەوە کاتێک بووە ئەندامی لیژنەی داڕشتنی دەستوور، وەک یەکێک لەنەیارانی فیدراڵیزم و جەختکردنەوە لەسەر عروبەی عێراق بەدیارکەوت.

خاڵێکی دیکەی ناکۆکی نێوان مالیکی و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق وەک عەممار حەکیم دەڵێت، لەسەر پێکهێنانی ئەنجوومەنەکانی ئیسنادە کە مالیکی پێداگریی لەسەر دەکات و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیش دژایەتی دەکات.

ئەگەرچی لەم ماوەیەی رابردوودا چەندین شەڕوپێکدادان لەنێوان هێزەکانی پۆلیس کە زۆربەیان سەر بە رێکخراوی بەدرن و هێزەکانی فریاکەوتنی خێرای سەر بەوەزارەتی بەرگری روویداوە، کە زۆربەیان سەر بەحیزبی دەعوەن، بەدوور نازانرێت لەگەڵ گەرمبوونی پروپاگەندەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، پێکدادانی راستەوخۆ لەنێوان هەردوولا بەرپا ببێت.

### ئایا مالیکی وەک جەعفەری و مەشهەدانی بەسەردێت؟

بەشێکی زۆری ئەو کاراکتەرو هێزو لایەنانەی لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا بوونە گەمەکاری سەر گۆڕەپانی سیاسیی عێراق، دەرهاویشتەی ئەو بوومەلەرزە سیاسییە بوون کە نیسانی 2003 لەعێراقی دا، هەندێک لەوانە لەبەرئەوەی زەمینەی لەسەرپێ وەستانیان نەبوو، خۆبەخۆو لەماوەیەکی کەمدا رۆشناییان لەسەر نەماو لەبەرچاوان ون بوون، هەندێکی دیکە باجی هەڵەکانی خۆیان داو ئەستێرەیان لەدرەوشانەوە کەوت، دیاریش نییە جارێکی دیکە هەلی هاتنەوە مەیدانیان دەبێت یان نا. ئیبراهیم جەعفەری و مەحموود مەشهەدانی دوو نموونەی بەرچاون.

عێراق هەڵبژاردنێکی گشتی لەپێشە کە بڕیارە ئەمساڵ ئەنجامبدرێ و وا چاوەڕوان دەکرێت کە گۆڕانکارییەکی تەواو بەسەر ئەم نەخشە سیاسییەی ئێستادا بهێنێ. ئەو هاوپەیمانێتی و بەرە سیاسییانەی لەپاش هەڵبژاردنەکانی 2005ەوە پەیدابوون، یان بەوشێوەیەی جاران نەماون، یان خەریکە نامێنن. بەرەی تەوافوق بەو قەبارەیەی جاران نەماوەو ئیئتیلافی یەکگرتووش بەکردەوە هەڵوەشاوەتەوە.

عەممار حەکیم کە بەهۆی نەخۆشی باوکیەوە چاوەڕوان دەکرێت ببێتە کەسی یەکەمی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی، لەبارەی جیابوونەوەیان لەحیزبی دەعوە لەم هەڵبژاردنەدا، دەڵێت "هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵ هەلێکە بۆئەوەی هەمووان قەبارەی خۆمان و ئاستی متمانەی جەماوەر بزانین، ئەوکات هاوپەیمانێتی راستەقینە لەنێوان ئەو هێزانە دێتەئارا کە متمانەی خەڵکیان بەدەستهێناوە".

مالیکی کە چاوی بڕیوەتە ئەوەی بۆ خۆناساندنی وەک سەرکردەو پاڵەوانێکی نیشتمانی لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، تا دوائەندازە سوود لە پۆستەکەی وەربگرێت، هەموو توانای خۆی دەخاتەکار بۆئەوەی دەنگی نەیارانی هەرێمی فیدراڵیی باشوورو نەیارانی داخوازییەکانی کورد مسۆگەر بکات، ئەگەر لەوەدا سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا دوور نییە هەمان چارەنووسی جەعفەری چاوەڕێی بکات، بەتایبەتیش کە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بۆ ئەوە ئامادەیەو بەمافی خۆی دەزانێ پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت بدرێتە عادل عەبدولمەهدی، جێگری ئێستای سەرۆک کۆمار، کە سەرکردەیەکی خۆیانە.

مالیکی ناچارە بەکۆمەڵێک دەستکەوتەوە بچێتە هەڵبژاردنەوە، ئەو دەستکەوتانەش بەتایبەتی بۆ ئەو بنکە جەماوەرییەی کە ئەو گرەوی لەسەر دەکات، جێبەجێنەکردنی هەموو ئەو داخوازیانەی کوردە کە بەدرێژایی سەردەمی حوکمڕانیی مالیکی هەر بەهەڵواسراوی ماونەتەوە. مالیکی بۆ ئەمە تەنانەت هاریکاری وڵاتانی دراوسێی وەک تورکیاش رەتناکاتەوە.

هەفتەی رابردوو رۆژنامەی (الزمان)، لەزاری هەندێ سەرچاوەی ئاگادارەوە لە تورکیا، بڵاویکردەوە کە حکومەتی ئەنقەرە لەناکۆکییەکانی نێوان بەغداو هەولێردا پشتگیریی بەغدا دەکات. تەنانەت ئەوەشیان ئاشکرا کردووە کە لەوبارەوە لەنێوان بەغداو ئەنقەرە هەماهەنگی هەیەو سەردانی موراد ئۆزچەلیک نێردراوی حکومەتی تورکیاش بۆ هەولێر لەهەفتەی رابردوو، بەپێی رێککەوتنی هەردوولا بووە تا گوشار بخاتە سەر سەرکردایەتی کورد بۆئەوەی کێشە هەڵواسراوەکان بەقازانجی بەغدا چارەسەر بکات، مالیکیش ئەمە بە دەستتێوەردان لەکاروباری ناوخۆ نازانێ. بەپێی ئەو سەرچاوانە بێت، رێکەوت نییە سەردانی ئۆزچەلیک پێش سەردانە چاوەڕوانکراوەکەی مالیکی کەوت کە نزیکەی مانگێکە بەرپرسانی کورد پێشبینی هاتنی دەکەن بۆ هەولێر و هێشتا نەهاتووە.

دیارنییە زانیاری ئەوسەرچاوانەی رۆژنامەکە تاچەند دروستە، بەڵام وردبوونەوەیەک لەژیاننامەی سیاسی مالیکی و بەتایبەتیش لەم ساڵانەی پاش رووخاندنی رژێمی بەعس، وا پێشاندەدات کە پاشقول لێدان لەهاوڕێ و هاوپەیمانە نزیکەکان بۆ گەیشتنە ئامانج بەلای مالیکییەوە کارێکی رێگەپێدرون. ئەو کە بەکودەتاکردن لەسەر ئیبراهیم جەعفەری بووە ئەمینداری گشتیی حیزب. لەگەڵ ئەوەی بەپشتیوانی رەوتی سەدر توانی بەسەر سێ پاڵێوراوی دیکەی ئیئتیلافدا سەربکەوێ و دەستی بگاتە سەرۆکایەتی حکومەت، کەچی دوودڵ نەبوو لەوەی لەبەسرە بەدەستێکی پۆڵایین لەسوپای مەهدی بدات و ئەوەش وەک بەڵگەی نەرمی نەنواندن لەگەڵ لەیاسا دەرچووەکان پێشانی هەمووان بدات.

لەکاتێکدا یەکێک لەدیارترین هۆکارەکانی گۆڕینی ئیبراهیم جەعفەری بە مالیکی، بەجێنەهێنانی بەڵێنەکانی بوو بەرامبەر بەکورد، مالیکی بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی هاوپەیمانی کوردستان، لەبڕگەی 22ی کارنامەی حکومەتەکەیدا کە رۆژی 2006/5/20 پەسەندکرا، بەڵێنی جێبەجێکردنی مادەی 140ی لەکاتی خۆیدا دا و لەو کارنامەیەی لەبەردەم پەرلەمان دا خوێندیەوە دەڵێت "پابەندبوونی حکومەت بەجێبەجێکردنی ماددەی 140و دیاریکردنی هەرسێ قۆناغی جێبەجێکردنی ماددەکە (ئاساییکردنەوە، سەرژمێری و ریفراندۆم) کە دەبێت پێش ساڵی 2007 ئەنجام بدرێن". کەچی پاش تێپەڕبوونی پتر لەساڵێک بەسەر دوایین وادەی جێبەجێکردنی ماددەکەدا تائێستا بڕی پارەی پێویستی بۆ ئەو لیژنەیە دابین نەکردووە کە دەبووایە قەرەبووی راگوێزراوان و عەرەبی هاوردەی پێبکەنەوە.

وەکو راگەیێندراوە مالیکی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە دێتە هەولێر کە تائێستا بەهەڵواسراوی ماونەتەوە، بەڵام هەموو ئاماژەکان وا پێشاندەدەن کە سەرۆک وەزیرانی عێراق چیدی کاتی بۆ یەکلاکردنەوەی هیچ کام لەو کێشانە نەماوە. میسال ئالووسی سەرۆکی حیزبی ئوممەی عێراقی لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) کە ژمارەی پێشتر بڵاوکرایەوە، راشکاوانە گوتی کە مالیکی بۆ پاراستنی کورسییەکەی خۆی دێتە کوردستان، گوتیشی "ئەگەر مالیکی لەبەغدا پێگەی بەهێزبووایە سەردانی هەولێری نەدەکرد". ئایا سەردانەکەی سەرۆک وەزیران بۆ بەدەستهێنانی کاتە، یان وەک ئەوەی لە پروپاگەندەنامەی لیستەکەیدا هاتووە بۆ زیاتر کەمکردنەوەی نفوزی رەقەکاری کوردو پێشاندانی گورجوگۆڵی و لەسەرپێیی عەرەبە بەکورد؟

پروپاگەندەی لیستی مالیکی دەڵێت " کاتێک مامۆستا نوری کامل مالیکی سەرۆکایەتی حکومەتی لەبەغدا وەرگرت، وڵاتێکی رەنگ و رووخسار دیار بەناوی عێراق بوونی نەبوو. بارودۆخەکە لەوێرانەیەک دەچوو کە هیچ شتێک لەجێی خۆی نەمابێ. قەوارەکان بەشەڕ هاتبوون و ئەوەی هەبوو هێزێکی لاوازی حکومی بوو کە لەلایەن ئەو قەوارەو حیزبانەوە بەزێنرابوو. نفوزێکی کوردی رەق، خاووخلیچکی عەرەبی و شەڕی تایفەگەری لەبەرامبەری بوو، بارودۆخی ئەمنی تەواو شپرزە بوو..."، ئەو پروپاگەندەنامەیە بەوشێوەیە بەردەوام دەبێت و ئەنجامگیریەکەی ئەوەیە کە نوری مالیکی هەموو ئەو کێشانەی چارەسەر کرد، بۆیە داوا دەکات دەنگ بدەنە لیستەکەی کەناوی لێناوە (ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا).

# 29 ملیۆن دۆلاری مەنافع بۆ خەڵکی کوردستان خەرجناکرێت



عەلی حەمەساڵح
ali@rudaw.net

رووداو- هەولێر

ئەو بودجەیەی بەناوی (منافع عامە) بۆ هەرسێ سەرۆکایەتی کۆمار، ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمانی عێراق لەساڵی رابردوو خەرجکراوە 170 ملیۆن دۆلار بووە، کە 29 ملیۆن دۆلاری بەشی کوردستان بووە، بەڵام بەپێی بەدواداچوونەکانی (رووداو) دەرکەوتووە ئەم پارە بۆ کوردستان نەنێردراوە .

ساڵی 2008، سەرۆکایەتی کۆماری عێراق لەبودجەی سیادی 66 ملیار دینار و سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق 66 ملیار دینار و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیش 70 ملیار دیناری بۆ مەنافعی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە.

سامی ئەتروشی، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، ئەوەی بە (رووداو) راگەیاند" ئەم بڕە پارەیە لەبودجەی سیادیی دەدرێت، واتە پارەکە پشکی کوردستانیشی تێدایە، چونکە ئەم پارەیە لە بودجەی گشتی عێراق دەردەهێندرێت پێش دیاریکردنی بەشی کوردستان، واتە 17 %ی بۆ کوردستانە".

کۆی ئەو بڕە پارەیەی بۆ مەنافعی کۆمەڵایەتی تەرخانکراوە، 202 ملیار دیناربووە، کەدەکاتە 117 ملیۆن دۆلار، هەرچەندە دەبێت 17 %ی ئەو بڕە پارەیە لەلایەن ئەوسێ سەرۆکایەتییەوە لەکوردستاندا خەرجبکرێت، کە 28 ملیۆن و 900 هەزار دۆلارە، بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگاداری حکومەتی بەغدا، بە (رووداو)ی رایگەیاند "هیچ پرۆژەیەک لەمەنافعی ئیجتیماعی بۆ کوردستان نەکراوە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەیەکی ئاگاداری پەرلەمانی عێراقەوە، دەست (رووداو)کەوتووە، لەبەر ئەوەی وەزارەتی دارایی عێراق، دڵنیا بووە، بودجەی مەنافعی کۆمەڵایەتی باش خەرجنەکراوە و رۆتین و گەندەڵی تێدا بووە، وەزارەتی دارایی بڕیاریداوە بەشێوەیەکی بەرچاو ئەو بودجەیە کەمبکرێتەوە، بەڵام سەرۆکایەتی کۆمار رازی نییە.

پاش رازینەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار بە کەمکردنەوەی ئەو بودجەیەی کە بۆ مەنافعی کۆمەڵایەتی تەرخانکراوە، پرۆژەی بودجە جارێکی دیکە گەڕێندرایەوە ئەنجوومەنی وەزیران.

سامی ئەترۆشی، بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەوە بۆ جاری دووەمە حکومەت بودجە لە پەرلەمانەوە دەکێشێتەوە لای خۆی، جاری یەکەم بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە، دووبارە پێداچوونەوەی بۆ داهات و خەرجییەکان کرد، ئێستاش بۆ زیادکردنی مەنافعی کۆمەڵایەتی".

وەزارەتی دارایی عێراق، مەنافعی کۆمەڵایەتی بۆ ساڵی 2009 بەشێوەیەکی بەرچاو کەمکردووەتەوە، بەشێوەیەک هی پەرلەمان کرایە یەک ملیار و 400 ملیۆن دینار، سەرۆکایەتی کۆمار 13 ملیار و 300 ملیۆن دینار، ئەنجوومەنی وەزیرانیش 10ملیار و 800 ملیۆن دیناری بۆ دانراوە.

سامی ئەتروشی، ئەوەی بە (رووداو) راگەیاند "پاش ئەوەی پرۆژەی بودجە بۆ جاری دووەم لە حکومەتەوە هێنرایە پەرلەمان، خەرجییەکان کەمکرابوونەوە، جگە لەوەی 80 %ی بەشی هەموو وەزارەتەکان و سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجوومەنی وەزیران کە تایبەتە بە کڕینی ئۆتۆمبیل و کڕینی ئەساس (الموجودات المالیە)، مەنافعی کۆمەڵایەتی کە لە دەست هەرسێ سەرۆکایەتیدایە، بەشێوەیەکی بەرچاو کەمکرایەوە، بەڵام سەرۆکایەتی کۆمار رەتیکردەوەو گوتی قبوڵ ناکەین دەبێت پێداچوونەوەی بۆ بکرێت".

میسال ئالوسی، ئەندامی پەرلەمان و سەرۆکی حیزبی ئوممەی عێراقی بە (رووداو)ی راگەیاند کە "سەرۆکی کۆمار و دووجێگرەکەی، سەرۆکی حکومەت و دوو جێگرەکەی، هەریەکەیان مانگانە بە نەسرییە و دەرماڵە و مووچە زیاتر لە ملیۆنێک دۆلار وەردەگرن، کە ئەمە لە یاسای بودجەدا لە ژێر بابی (المنافع العامە)دا دادەنرێ و، دەبێ بۆ کاری مەدەنی و خزمەتکردنی خەڵک بەکاربیێنن، بەڵام هەندێکیان هەمووی بۆخۆیان بەکاردێنن، ئەوەش زۆر عەیبە".

سامی ئەتروشی، ئاماژەی بەوەشدا کە ئەستەمە مەنافعی کۆمەڵایەتی ئەو سێ سەرۆکایەتییە وەک پار زۆربێت "لەوانەیە بیکەنەوە نیوەی پار، پەرلەمان بۆی نییە هیچ زیادەیەک لەنێو بودجەدا بکات، گوتمان بیگەڕێننەوە بۆ لای خۆتان و ئەو زیادەی ئێوە پێویستتانە بیکەن و جارێکی دیکە بیگەڕێننەوە بۆ پەرلەمان".

هەرسێ سەرۆکایەتییەکە دەسەڵاتی تەواویان هەیە لە خەرجکردنی ئەو پارەیەی بەناوی مەنافعی کۆمەڵایەتی وەریدەگرن، پارەکەش بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هاوکاریکردنی نەخۆش ویارمەتیدانی دامەزاوەی حکومی خەرجبکرێ ئەگەر پێویست بکات.

بۆ ساڵی 2009، بودجەی گشتی عێراق 70 ترلیۆن دینارە، کە دەکاتە 59 ملیار دۆلار، دیاریکردنی ئەم بڕە پارەیەش لەسەر بنەمای دانانی نرخی یەک بەرمیل نەوتە بە 50 دۆلار، بەڵام لەبەر ئەوەی نرخی نەوت ئێستا لەبازاڕەکاندا 35دۆلارە، کورتهێنان لە بودجەدا دروست دەبێت و زیادکردنی مەنافعی کۆمەڵایەتیش ئەو کورتهێنانە زیاتر دەکات.

گەڕاندنەوەی بودجە لەپەرلەمانەوە بۆ حکومەت، دەبێتە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە پەسەندکردنی بودجە دوابکەوێت. ئەترۆشی، ئەوە دەخاتەڕوو کە "پەسەندکردنی بودجە لەپەرلەمانی عێراقدا بۆ نێوەڕاستی مانگی شوبات دوا دەکەوێت، ئەمەش گرفتێکی گەورەیە، چونکە بەشێکی زۆری پەرلەمانتاران سەرقاڵن بەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و نایێنە پەرلەمان".



## کورد بەشداری کۆنگرەی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان دەکات



رووداو-ئاڤێستا

◆ رۆژانی 29-2009/1/30 نوێنەرانی 30 نەتەوەی بێ دەوڵەت لەشاری بێلێم دۆپاریی بەرازیل بەشداری کۆنگرەیەکی نێونەتەوەیی دەکەن. ئەو کۆنگرەیە کە بە بەشداری 550 کەس بەڕێوەدەچێت، زۆر سەمینار و باسی تێدا پێشکێش دەکرێن. پەروین بولدان ئەندامی فراکسیۆنی DTP وەک نوێنەرێکی کورد بەشداری ئەو کۆنگرەیە دەکات.



مستەفا جومعە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی ئازادی

### لە سووریا

# لقی فەلەستین بەربووەتە گرتنی کوردان

**سیروان حەجی بەرکۆ**
**رووداو- ئەڵمانیا**

لەنێو شینی حکومەتی سوریا بۆ غەززە،دەزگا ئەمنییەکانی دەستیان بە گرتنی سیاسەتڤان و چالاکڤانانی کورد کردووە.

لە کاتێکدا رژێمی سووریا خۆی وەک پارێزەری مافی فەلەستینیەکان لە غەززە پیشاندەدات، بە خۆی بەردەوام مافی هاووڵاتیانی پێشێل دەکات. بە تایبەتی مافی هاووڵاتیانی کورد لە رۆژئاوای کوردستان. رژێمی سووریا درێژە بە سیاسەتی گرتن و چەوساندنەوەی کورد دەدات.

یەکێک لە هاووڵاتیانی کورد کە بەر لە چەند رۆژێک گیرا، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی ئازادیی کورد لە سووریا مستەفا جومعە یە. هێزەکانی ئەمنی سووریا لەم مانگانەی دواییدا، زۆر جار بۆ لێکۆڵینەوە دەیانناردە دوای ئەو سیاسەتڤانە تەمەن شەست ساڵییە. جومعە دوایین جار لە 2009/1/10دا لەلایەن لقی فەلەستینی دەزگای ئەمنیی سوریا داوا کرابوو. لەو کاتەوە ئەو سیاسەتڤانە کوردە گیراوە، بەبێ ئەوەی هۆکارەکانی دەستگیرکردنەکەی بزانرێن. لەبەر ئەوەی سکرتێری پارتی ئازادی خەیرەدین موراد لەم ماوەیەدا بۆ چارەسەری چووەتە نەرویج، ئەو کاروبارەکانی حیزبی رادەپەڕاند. گرتنی ئەو سیاسەتڤانە لە شاری کۆبانی بووە مایەی نارەزایی حیزب و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی کورد لە سووریا.

لقی فەلەسیتن، کە ناوەندی دەزگای هەواڵگری سەربازییە لە سوریا و سەر بە وەزارەتی بەرگرییە و بنکەکەی لە دیمەشقە،



چەند زیندانییەک لە سوریا لەسەر کاشی راکشاون

بەهۆی زۆرداریەکەی لەنێو کورددا زۆر نێوداره، تائێستا سەدان کورد لە زیندانەکانیدا گیانیان لەدەستداوەو ئەشکەنجەدراون. لقی فەلەستین کە بەرپرسەکانی عەلەوین، نزیکی بنەماڵەی بەشار ئەسەدی سەرۆک کۆماری سوریان.

لە دوای گرتنی مشعەل تەمۆی وتەبێژی رەوتی پاشەڕۆژی کورد لە سووریا، لە 2008/8/15، کە تا ئێستا لەبەر هۆی نادیار هەر لە زینداندایە، ئێستاش بە گرتنی مستەفا جومعە،دەوڵەتی سووریا دوو بەرپرسی پایەبڵندی حیزبە کوردییەکانی لە سووریا گرتووە. جگە لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە پارتەکانی کورد لە سووریا لەسەر دەستگیرکردنی ئەو دوو سیاسەتڤانە کوردە، هیچ چالاکییەکی بەرچاویان ئەنجامنەداوە.

دوای رۆژێک لە دەستگیرکردنی مستەفا جومعە، چالاکڤانی کورد نەسیر دەقوری لە شاری ئامودە دەستگیرکرا.

نەسیر دەقوری، تەمەن 47 ساڵ و باوکی سێ زارۆکان لە رۆژی 2009/1/11 لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی سووریاوە دەستگیرکرا و لە هەمان رۆژدا رەوانەی شاری حەسەکە کرا. تا ئێستا ئاشکرا نەبووە لە سەر چ گیراوە، هیچ کەسێکیش جگە لە خۆی نازانێ لە چ رەوشێکدایە.

ئەو کەسانەی لەسووریا لە بواری پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا چالاک بن، رووبەڕووی چاوسوورکردنەوەی رژێمی سووریا و دەزگا ئەمنییەکانی دەبنەوە.

عەبدولباقی یوسف، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی یەکێتی کورد لە سوریا لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی " حکومەتی سوریا هەمیشە بۆ بەبێدەنگی دەربازبوونی چەوساندنەوەو هێرشەکانی بۆ سەر کورد، لەکاتی بوونی تەنگژە و کێشەی دیکەدا پێشێلکارییەکانی بەرامبەر کورد زیاتر دەکات".

چەند مامۆستایەکی کورد، لەبەر چالاک بوونیان لە بواری وشیارکردنەوە لە بواری مافی مرۆڤ دا بوونە ئامانجی ئەو چاوسوورکرنەوەیە. بە فەرمانێکی پارێزگاری حەسەکە محەممەد نمور، پێنج مامۆستای کورد لەکاری مامۆستایی لادران و گوێزرانەوە چەند ناوچەیەکی دوور لە شوێنی نیشتەجێبوونیان. ئەو مامۆستایانە کە بریتین لە عەبدوڵڵا مەلا ئیسماعیل محەممەد، محەمەد سالم محەممەد، خدر عەلی سالح، بەنگین عەبدولقادر مەلا عەبدوڵڵا و نەمیر یوسف حوسێن.

لەم ساڵانەی دواییدا، حکومەتی سووریا بەردەوام فەرمانبەرانی کورد، ئەوانەی چالاکی رۆشنبیری و سیاسی دەنوێنن بە دوور خستنەوەیان بۆ شوێنەکانی دیکە سزادەدات، بۆ ئەوەی دەرفەتی چالاکی رۆشنبیری و سیاسییان بۆ نەمێنێتەوە. نووسەر خالید محەممەد، شاعیر و رۆژنامەنووس ئیبراهیم یوسف، هونەرمەند دژوار ناسۆ، لەو کەسانەن کە بوونە ئامانجی بڕیاری لەم شێوەیە. هەرسێکیان لە سەر کاری خۆیان لە شارەکەی خۆیان دوور خرانەوە و گواسترانەوە بۆ سەر کاری دوورتر. شاعیر ئەنوەر ناسۆ روونیکردەوە، کە رژێمی سووریا بەم بڕیارانەی دەیەوێ"دەمی خەڵکی بگرێ، تاوەکو هیچ کەس قسە نەکات".

# تورکیا بۆ چەکدانانی PKK پێویستی بە پارتی و یەکێتییە

**هێمن خۆشناو**
**رووداو-هەولێر**

هەرچەندە ماوەیەکە باس لە چەکدانان و هاتنەخوارەوەی گەریلاکانی PKK لەچیاکان دەکرێت، بەڵام ئەو گفتوگۆیانە لەو ماوەیەدا بەشێوەیەکی لەسەرەخۆتر و بێدەنگتر بەڕێوەدەچن، رەنگە نزیکتربوونەوەی هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکان هۆی ئەوەبێت.

چاودێران پێیانوایە پلانێک هەیە کە چەند لایەنێک تێیدا بەشدارن، بۆ هێنانە خوارەوەی چەک لە شانی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بەڵام گەریلاکان رایدەگەیێنن،بەبێ هەنگاونان بۆ چارەسەری کێشەی کورد، داوای دەستبەرداربوونی چەک بێ سوودە.

پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لەساڵی 1984 لەسەر بنەمای شێوازی گەریلایی لەدژی دەوڵەتی تورکیا جاڕی شەڕی داوە، لەئەنجامیشدا تاوەکو ئێستا نزیکەی 40 هەزار کەس لەهەردوولا و کەسانی سیڤیل گیانیان لەدەستداوە.

PKK لەسەردەمی تورگوت ئۆزال، سەرۆک کۆماری تورکیا، لەساڵی 1993 بۆ یەکەمجار بەناوبژیوانی جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاگربەستێکی یەکلایەنەی راگەیاند، بەڵام هەوڵەکە بێ ئاکام بوو و دواتر تورگوت ئۆزالیش لە هەلومەرجێکی تەمومژاویدا کۆچی دوایی کرد، کە بنەماڵەکەی پێیانوایە دەرمانخوارد کرابێ .

هاشم سۆیلەماز، رێپۆرتەر لەگۆڤاری ئاکسیۆن و پسپۆر لەمەسەلەی کورد لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) ئاشکرای کرد کە بۆ هێنانە خوارەوەی PKK لەچیاکان چەند پرۆژەیەک هەیە، کە گرنگترینیان پرۆژەی ئەمرە تانەری سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی تورکیا MİTە، حکوومەتی AKPەش پشتگیری لەو پرۆژەیە دەکات، سۆیلەمەز دەڵێ "بەڵام لەژێر فشاری نەتەوەپەرستەکانی تورکیا و هێزەکانی سەر بەدەوڵەتی قوڵ، ناتوانرێ هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە بنرێت".

رۆژنامەی AKSAMی تورکی لە رۆژی 25 ی مانگی رابردوو لێدوانێکی لەسەر زاری سەرۆک کۆماری عێراقی بڵاوکردەوەو لەلێدوانەکەدا هاتووە "لە رۆژانی داهاتوو پارتە سەرەکییەکانی کوردستان بەیاننامەیەک بڵاو دەکەنەوەو داوا لە PKK دەکەن کە چەک دابنێت".

ئەحمەد دەنیز، بەرپرسی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆما جڤاکێن کوردستان KCK لە لێدوانێکی بۆ (رووداو) ئەو هەوڵ و گفتوگۆیانەی بە "شتێکی باش" وەسفکردن، چونکە پێیوایە تاوەکو ئێستا گفتوگۆی لەو شێوەی ئێستا لەئارادا نەبووە "تەنیا تیرۆانینی فەرمی دەوڵەت وەکو PKK تیرۆریستە دووبارە دەکرایەوە". هەروەها گوتی "ئێمە لەنزیکەوە چاودێری ئەو گفتوگۆیانە دەکەین، بۆ چارەسەرکردنی پرسی کوردیش ئەوەی بکەوێتە سەرشانمان بەجێیدەگەیێنین".

بەڵام دەنیز لەهەمانکاتدا نیگەرانی خۆی لەنێوەڕۆکی گفتوگۆکان نەشاردەوەو پێیوایە " لێک جیاکردنەوەی کێشەی کورد و کێشەی PKK، هەروەها لێک جیاکردنەوەی چارەسەری کێشەی کورد و دەستبەرداربوونی PKK لە چەک و هاتنەخوارەوەی PKK لە چیاکان هەڵەیە"، چونکە بە گوێرەی ئەو "یەکێکیان هۆکارەو ئەوی دیکەیان ئەنجامە".

بەنگی یلدز ئەندامی پەرلەمانی تورکیا لەسەر لیستی DTP، بەگشتی بەچاوێکی ئەرێنی تەماشای ئەو هەوڵانە دەکات، بەڵام پێیوایە چەک دانان یەکەمجار پێویستی بە زەمینە خۆشکردنە. یلدز لە لێدوانێکدا لەوبارەوە بۆ (رووداو) گوتی "دەبێ پێشتر زەمینە بۆ ئەو کارە خۆشبکرێ، یەکەم شت بزانرێ پرۆژەی تورکیا بۆ چارەسەری کێشەی کورد هەیە یان نا و، ئەگەر هەیە چییە؟ یان پرۆژەی براکانمان لەباشوور بۆ باکووری کوردستان چییە؟". نێوبراو پێیوایە PKK ناتوانێت بەبێ هەنگاونانی لایەنی بەرامبەر بۆ چارەسەری کێشەی کورد چەک دابنێت "چونکە رووبەڕووی نارەزایی کەسوکاری قوربانی و شەهیدان دەبێتەوە".

میدیاکان بەگشتی و میدیای تورک بەتایبەتی، سەبارەت بەو مەسەلەیە دوورتر دەڕوانێت، ئەوان پێیانوایە رێککەوتنێک لە نێوان هەردوو پارتە سەرەکییەکەی باشوور پارتی و یەکێتی و DTP، AKP و هەروەها ئۆجەلانیش لە ئارادایە، ئەوان ئەو بۆچوونەی خۆیان بەسەردانی شاندی DTP بۆ باشووری کوردستان پشت راستدەکەنەوە. پێیانوایە ئۆجەلان بەو رێککەوتنە رازیبووە، چونکە بۆ ئەو کۆنترۆڵکردنی DTP لەکۆنترۆڵکردنی PKK ئاسانترە.

عوسمان ئۆجەلان، برای عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە لەساڵی 2004 لە PKK جیابووەتەوە، دەڵێ ئێستا عەبدوڵڵای برای بەچاوێکی دوور لە تورەیی تەماشای دەکات، دوو هەفتە پێش ئێستا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئاگاداری ئەو پرۆژەیە و، دەزگایەکی سەر بە ناتۆ هاتوونەتە لای ئەو و سەردانی قەندیلیشیان کردووە، مانگی شوبات پرۆژەی خۆیان رادەگەیێنن و گوتیشی " عەبدوڵڵا ئۆجەلان و سەرکردایەتی PKK بە چەک دانان رازیدەبن"، ئەو دەڵێ حکومەتی تورکیا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ کەوتووەتە گفتوگۆ و سوپا نارازییە تاوەکو ئێستا، بەڵام ئەو دەزگایەی ناتۆ هەوڵدەدات سوپاش رازیبکات.

موراد قەرەیلان، سەرۆکی کۆنسەی سەرۆکایەتی PKKگوتی، ئەوان چەتە نین بە دەرکردنی داوای لێبووردن بۆیان چەکدابنێن، بەڵکو ئەوان بۆ ئازادی چەکیان داستداوەتێ بۆ ئازادی ئامادەن بچنە سەر مێزی گفتوگۆ و چارەسەری سیاسیانە.

محەممەد نورەدین، پسپۆر لەبواری کێشەی کورد و تورکیا، کە رۆژنامەنووسێکی عەرەبە لە لێدوانێکدا بۆ رادیۆی ( صوت العراق الحر) پێیوایە ئەو هەوڵە سەرناکەوێت، شانسی ئەو هەوڵە کاتی گرتنی ئۆجەلان بوو لە 1999/2/15 "چونکە ئۆجەلان وەکو رابردوو کۆنترۆڵی بەسەر PKKدا نەماوە".

رۆژنامەنووسەکەی گۆڤاری ئاکسیۆن قسەکانی نورەدین رەتدەکاتەوە، پێیوایە ئۆجەلان دەیەوێت PKK بەرامبەر ئازادکردنی ئەو لەزیندان لەچیاکان بێتە خوارەوە. هاشم سۆیلەماز هەروەها جەخت دەکاتەوە کە" ئەگەر ئۆجەلان وەکو رابردووش نەتوانێت کۆنترۆڵی PKK بکات، ئەوا DTP پێویستی بە PKK یە و ئۆجەلانیش پێویستی بەهەردووکیانە".

سەبارەت بەهەبوونی رێککەوتنێکی بەمشێوەیە کە هەردوو پارتە سەرەکییەکەی باشووری کوردستانیش تێیدا بەشدارین، سۆیلەماز لە درێژەی قسەکانی بۆ (رووداو) گوتی حکوومەتیAKP بۆ چەک دانانی PKK پێویستی بەیەکێتی و پارتییە، بەتایبەتیش دەیەوێ پێش ئەوەی چەکدارەکان بگەڕێنەوە ماڵەکانیان ماوەیەک لەچەند کامپێک لە باشووری کوردستان نیشتەجێبکرێن "حکوومەت بەر لەگەڕانەوەی چەکدارەکانی PKK بۆ تورکیا، داوا دەکات بۆ ماوەیەک لە باکووری عێراق بمێننەوە دواتر بگەڕێنەوە تورکیا، تاوەکو بتوانێت زەمینەی ئەو کارە لەناو کۆمەڵگەی تورکیدا خۆش بکات، چونکە رای گشتی تورکیا زۆر بەتووندی دژی PKK هاندراوەو ئامادە کراوە ".



**حکوومەتی تورکیا بەر لەگەڕانەوەی چەکدارەکانی PKK بۆ تورکیا، داوا دەکات بۆ ماوەیەک لە کەمپێکی باکووری عێراق بمێننەوە دواتر بگەڕێنەوە تورکیا**

هاشم سۆیلەماز

ئەحمەد دەنیز، لەلایەنی PKKوەوە دەڵێ ئەوان ئاگاداری نەخشەیەکی وا نین، جەختیکردەوە ئەوان بەفەرمی هیچ شتێکیان نەزانیوە، هیچ دیدارێکیشیان بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام نەداوە، بەڵام دەڵێ "هەر لایەن و پارتێک بۆ بەرەو پێشچوونی چارەسەری کێشەی کورد لەباکوور هەر دەستپێشخەریەک بکات ئەوان دەستخۆشی لێدەکەن، ئەو هەوڵانە جێگای ستایش کردنن".

موراد بۆزلاق، سەرۆکی پارتی قەدەخەکراوی HADAP بێئاگایی خۆی لەبوونی نەخشەیەکی وا دەربڕی و لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی هەر هەوڵێک بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو پارتە یان پارتێکی دیکە، نابێتە هۆی هێنانە ئارای چارەسەری، بەڵکو دەبێتە کۆنترۆڵکردنی کێشەکە بۆ ماوەیەک . ئەو پێیوایە "ئەو دەستەواژەیەی دەڵێت DTP بەئاسانی کۆنترۆڵ دەکرێت، مانای وایە ئەو پارتە رێچکەیەکی تەسلیمکارانە دەگرێت بەر، بەڵام مکوڕبوون لەسەر داواکانی گەل راسترین رێگەیە".

سەبارەت بە دەرەنجامە باش و خراپەکانی چەکدانانی PKK، بایرام ئایاز ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان—باکوور، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "بۆ پرۆسەی دیموکراتیزەبوونی تورکیا پابەندبوون بەمافەکانی مرۆڤ وا باشە PKK دەستبەرداری چەک بێ، چونکە راوەستانی توندوتیژی لەتورکیا و باکووری کوردستان، لێدانێکی کوشندە دەبێ لە هێزە نەژادپەرستەکانی تورکیا و دەوڵەتی قوڵ ".

# ئەیوب دەیەوێ کچەکەی بە کوردی بخوێنێ

**رووداو-ئەنقەرە**

لەدوای کردنەوەی کەناڵی TRT6 بەزمانی کوردی و،داواکردنی کردنەوەی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی و بەشی کوردۆلۆژی لە زانکۆکاکانی تورکیا لە دەزگاکانی خوێندنی باڵای تورکیا، وەزارەتی پەروەردەی تورکیا. نووسەر ئەیوب دەمیریش، زیاتر پێداگیری لەسەر داواکەیان دەکات لە وەزارەتی پەروەردەی تورکیا کرد کە مافی خوێندن بە زمانی کوردی بۆ کچە چوار ساڵییەکەی دابین بکات، کە لە سەرەتای ساڵی خوێندنی تازەدا داواکارییەکی بۆ ئەو مەبەستە پێشکێشی ئەو وەزارەتە کرد.

خێزانی دەمیر بۆ ئەو داواکاریەیان، پشتی بە جارنامە و یاسا نێودەوڵەتییەکان بەستووە، کۆمیتەی نێودەوڵەتی مافی منداڵان " مافی خوێندنی بەزمانی کەمینەکان" بۆ منداڵانی تبیت بە نموونە هێنایەوە. دەمیر دەڵێ، ئەگەر وەزارەت داواکەمان قبوڵ نەکات، ئەوا رێگەی یاسا نێوخۆییەکان و هەروەها لە رێگەی دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا دەگرێتەبەر.

ئەیوب دەمیر، نووسەری پەرتووکی (کوردانی یاسایی)، لەگەڵ ئەبرۆ دەمیری هاوسەری و ئاریای کچی بەر لە دەستپێکردنی ساڵی تازەی خوێندن و لەکاتی دەستپێکردنیشی بۆ دابینکردنی مافی خوێندن بە زمانی کوردی سەریان لە وەزارەتی پەروەردەی نیشتیمانی تورکیا دا .

خێزانی دەمیر لەو داوایەیاندا، پشت بەو پەیماننامە نێودەوڵەتیانە دەبەستن کە تورکیا مۆری کردوون، وەک جارنامەی مافی مرۆڤ و پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافەکانی منداڵ دەبەستن، کە خوێندن بە زمانی زکماکی وەک مافی هەموو منداڵێک دادەنێن، هەروەها پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە کلتووری و کۆمەڵایەتییەکان، پەیماننامەی مافی مرۆڤی یەکێتی ئەوروپا.

ئەو پێداگیریەی ئەیوب لەسەر داواکەی، هاوکات لەگەڵ نوێبوونەوەی خۆنیشاندانە جەماوەرییەکانی کورد لە شارەکانی تورکیا و باکووری کوردستان بۆ خوێندن بەزمانی کوردی، بەڵام تورکیا تاوەکو ئێستا تەنیا رێگە بەوە دەدات کورد کۆرسی زمانی کوردی بەخۆیان و لەسەر خەرجی خۆیان لە دەرەوەی قوتابخانە و زانکۆکانی بکەنەوە، ئەوەش جێی نارزایی یەکێتی ئەوروپایە کە لە دوا راپۆرتی دا داوای لە تورکیا کرد رێ بە خوێندن بە زمانی کوردی بدات لە دەزگا پەروەردەییە فەرمییەکانیدا.

ئەیوب کە کوردێکی زازاکییە و ساڵی 1973 لە بینگۆل لەدایکبووە، ماوەیەکی زۆر وەک راوێژکار لە هەردوو پارتی داخراو، HADEP و DEHAP کاریکردووەو، لەساڵی 1996 خوێندنی لە زانکۆی غازی لە ئەنقەرە تەواوکردووە، زۆر دڵگەرمە لەسەر ئەو داوایەی بۆ کچەکەی، وەک مافێکی یاسایی و مرۆیی و نەتەوەیی و، داوا لە تورکیا دەکات رێزی ئەو ئیمزایەی بگرێت کە لەسەر ئەو پەیماننامانە کردوویەتی کە ئەو مافە دەدەنە ئاریای کچی .

ئەیوب دەڵێ، پێویستە ماددەی 90ی دەستووری تورکیا بگۆڕدرێ، چونکە بەشێوەیەک دارێژراوە رێ بەو پێشلکاریانە دەدات کە بەرامبەر مافی خوێندن بە زمانی کوردی دەگرێ و دژی ئەو پەیماننامانەیە کە تورکیا مۆری کردوون.

خێزانی دەمیر لەو داواکاریەیاندا، دەڵێن ماددەی 13 پەیماننامەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری نەتەوەیەکگرتووەکان، پێداگیری لەسەر ئەوەدەکات کە نابێ جیاوازی و هەڵاواردن لەنێوان نەتەوەکان دا بکرێ بەهۆی جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی، هەروەها ماددەی 28ەمینی جارنامەی جیهانی پەیماننامەی مافەکانی منداڵان مافی خوێندن بە زمانی زکماکی بۆ هەموو منداڵان گرەنتی دەکات و، مافی پەروەردەکردنی بە دوو زمان دیاریکردووە.

هەروەها خێزانی دەمیر، لە داواکارییەکەیاندا بۆ وەزارەتی پەروەردەی تورکیا، ئەوە بەبیر ئەو وەزارەتە دێنێتەوە کە کۆمیتەی جیهانی مافی منداڵان بەو بڕیارەی دەرهەق بە چین دای سەبارەت بە هەرێمی تبیت و ئەو هەرێمانەی کەکەمینەی تێیدا دەژین جەخت لەسەر مافی منداڵان بۆ خوێندن بەزمانی دایک کراوەتەوە. دەمیر بەم شێوەیە درێژەی بەقسەکانیدا" ئەگەر وەزارەتی پەروەردە داواکەمان قبوڵ



**ئەگەر وەزارەتی پەروەردەی تورکیا داواکەمان قبوڵ نەکات دەچینە دادگای ئەوروپا**

ئەیوب دەمیر

نەکات، ئەوا پەنا دەبەینە بەر دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا لە برۆکسل".

هەروەک ئەیوب روونیکردەوە،مادەی دوومی پێوەرەکانی دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا جەخت لەوە دەکاتەوە کە نابێت هیچ کەس و گرووپێک لە مافی پەروەردە بێبەش بکرێت، بۆ ئەمەش پێویستە دەوڵەت زەمینەی پەروەردە و مامۆستا دابین بکات، هەروەها ئەو ماددەیە بەراشکاوانە جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە پەروەردە و فێرکردن بەگوێرەی ئایین و فەلسەفە و باوەڕی دایک و باوکی منداڵان بێت و دەوڵەت دەبێ پێداویستییەکانی خوێندنی منداڵان بکات، هەر لەبەر ئەوەش دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا بوونی وانە ئایینیەکان وەک پێشێلکردنێکی ئەو پەیمانە دادەنێت.

ئەیوب دەمیر، دەڵێ "چەندین خێزانی دیکەش ئەو داوایەیان لە وەزارەتی پەروەردە کردبوو، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە داواکارییەکەی ئێمەش بێ ئەنجام بێت، بەڵام ئێمە کۆڵنادەین دەست لەو مافە یاساییەمان هەڵناگرین".



## کاروباری سیاسی

### بەرەی دیالۆگ داوای دروستکردنی دیوارێک لەنێوان عێراق و ئێران دەکات



**ڕووداو- نیوزماتیک**

◆ **عەوەز عەبدان نوێنەری بەرەی دیالۆگی نیشتمانی لەشاری بەسرە داوای لەحکومەتی عێراق کە بۆ ڕێگەگرتن لەدەستتێوەردانی ئێران و بەرگرتن بە قاچاخچێتی چەک و ماددە هۆشبەرەکان دیوارێک بەدرێژایی سنوور لەگەڵ ئێران دروست بکات. بەرپرسەکەی بەرەی ناوبراو کە ساڵح موتڵەگ سەرۆکایەتی دەکات، داواشی کرد کە ئامێری پێشکەوتووی چاودێریکردن لەسەر دیوارەکە دابنرێ و هێزێکی نێودەوڵەتی سەرپەرشتی بکات**

محەممەدی حاجی مەحمود :

# باسمان کردووە لەگەڵ ئیسلامییەکان بەشداری هەڵبژاردن بکەین

بڵاوکردنەوەی پرۆژەیەک، لەلایەن هەر چوار حیزب (یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)، کە خۆیان ناویان ناوە " ڕاپۆرت"، زۆر گفتوگۆ و پرسیاری بەدوای خۆیدا هێنا، محەممەدی حاجی مەحمود سکرتێری حیزبی سۆسیالیست، وەڵامی بەشێک لەو پرسیارانە دەداتەوە:

**هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحمود**



### من بۆخۆم لەگەڵ ئەوە نەبووم دوو پۆستم هەبێت

**ڕووداو : ئێوە وەک حیزبێکی چەپ چۆن لەگەڵ دوو حیزبی ئیسلامیدا دەتوانن هاو بەرنامەبن ؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود :** ئێمە چەپ نین، ئێمە حیزبێکی نەتەوەیی نیشتمانین و، فکرەکەشمان سۆشیال دیموکراتە و پێشموایە حیزبی چەپ و حیزبی ئیسلامی دەتوانن پێکەوە کاربکەن. هیچ حیزبێک بەقەدەر حیزبوڵڵای لوبنان ئیسلامی نییەو لەگەڵ مەسیحییەکانیش پێکەوە ڕێککەوتنیان هەیە.

**ڕووداو : لە دیدارێکی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستاندا، لەبارەی یەکگرتنی سۆسیالیست –زەحمەتکێشان، قادر عەزیز گوتی، پارتی و یەکێتیش پێیانخۆشە یەکبگرین بۆ ڕێگرتن لە مەترسی ئیسلامی سیاسی، چوونتان بۆ نێو ئەو پرۆژەیە هەڵگەڕانەوە نییە لە یەکێتی هاوپەیمانتان؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود :** کاک قادر ئەوەی وتووە، من نەم گوتووە. ئێمە هیچ بەدیلی ئیسلامییەکان نین، بەڵکو هاوپەیمانین. هەموومان لەگەڵ یەکێتی و پارتی لە حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی پارتە سیاسییەکان هاوبەشین.

**ڕووداو : هەندێ کەس پێیوایە پرۆژەکەتان تەنیا هەندێ مێڵی گشتییە و هیچ میکانیزم و وردەکارییەکی تێدانییە؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود :** ئەوە ڕاپۆرتێکە بۆ ڕای گشتی و پرۆژە نییە. پێمانوایە هەم وردەکارییەکان و هەم کەموکورپییەکان و هەم چارەسەرەکەشی تێدایە، بۆ ئەوەی خەڵک بیخوێنێتەوەو ئاگای لێبێت.

**ڕووداو : دەڵێن پرۆژەکە ئیسلامییەکان نووسیویانە و ئێوە واژۆتان کردووە، ڕاستە؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود :** ئێمە هەر چوارمان، چوار ڕاپۆرتمان نووسیبوو، لەو چوار ڕاپۆرتە، ئەو ڕاپۆرتەی لێ بەرهەمهاتووە. ئەگەر پێویستی کرد ئەو پرۆژەیەی ئێمە وەک سۆسیالیست ئامادەمان کردبوو، دەخەینەڕوو. ئەوەش نییە کە حیزبێک زۆرترین ڕای خۆی لەو ڕاپۆرتە جێکردبێتەوە.

**ڕووداو : ئەی ئەوە تاچەند ڕاستە کە ئێوە بە فشاری ئێران چوونەتە پاڵ ئەو دووحیزبەوە لەو پرۆژەیەدا؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:** باوەڕناکەم شتی وا هەبێت. ڕەنگە ئێران ئەوەندەی پەیوەندی لەگەڵ پارتی و یەکێتی خۆشە، لەگەڵ ئێمە وانەبێت. ئێران ئێستا لای هەردوو حیزبەکە قونسوڵخانەی هەیەو حەرەسەکانیشی هەر لە وانن و ئێمە ڕەنگە بە سودفە بیانبینین.

**ڕووداو : سەعدی پیرە دەڵێ پرۆژەکە زۆر ساکارە و ئێمە خۆمان زیاترمان گوتووە؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود :** پرۆژەکە ئەگەر ساکاریش بێت، موهیم ئەوەیە جێبەجێ بکرێت. خۆ ئێمە نەمان وتوە پرۆژەکەی ئێمە لە27ی لەیلەتولقەدری ڕەمەزاندا لە ئاسمانەوە دابەزیوە. خۆ ئەگەر ئەوان زیاتریان کردووە و وتووە، بۆچی ئەو ڕاپۆرتە دەنووسرێت. دیسان، خۆ ئەوان لەدەرەوەی دەسەڵات نین تا هەموو شتێک بڵێن، ڕەنگە ئەوان وەک ئێمە شتەکان بەباشی نەبینن، چونکە خۆیان لەناو وەزعەکەدان، بەڵام ئەوەی کە ئێمە وتومانە پێموایە خۆشیان دەیڵێن و پرۆژەکەی مام جەلالیش پشتیوانی لەپرۆژەکەی ئێمە دەکات.

**ڕووداو : ئێوە داواتانکردووە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەست لەکاری حیزبی بکێشێتەوە، بەڵام ئەو مەرجە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دا نییە، ئەوە داوایەکی نایاسایی نییە؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود :** ئێمە وتومانە مەسەلەی کورد گەورەترە لەپرسی حیزبی و سەرۆکی هەرێم واتە سەرۆکی کۆماری ئەو وڵاتەیەو پێشمانوایە سەرۆکی هەرێم، ئەگەر کاری حیزبەکەش بکات، ئەوا فریای کارەکانی وڵات ناکەوێت و دەرفەتەکانی لەبەردەم کەم دەبنەوە بۆ کاروباری وڵات. مەبەستەکەمان ئەوەیە، ئەو ڕۆژێک لەگەڵ مەکتەبی سیاسی و ڕۆژێک لەگەڵ خوێندکارانی پارتی و ڕۆژێک لەگەڵ ئافرەتان و مامۆستایان و میوانەکانی پارتی کۆببێتەوە، مانای وایە لەحەوت ڕۆژی هەفتەدا ڕۆژێکی بۆ کورد دەمێنێتەوە. ئەو ئێستا سەرۆکی کوردە، سەرۆکی کورد دەبێت لەگەڵ ئافرەتان و خوێندکارانی هەموو کورد و حیزبەکان و نوێنەرایەتی و میوانی هەموو کورد و حیزبەکان کۆببێتەوە، با لەهەفتەیەکدا، دوو ڕۆژی بۆ پارتی بێت و پێنجیشی بۆ میللەتەکە بێت قەیچیدەکا، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە.

**ڕووداو : ئێوە داوای چاکسازی دەکەن، کەچی تۆ کە یەکێکیت لە واژۆکارانی پرۆژەکە، هەم وەزیری و هەم پەرلەمانتار، ئەم تێکەڵکردنەش لە نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لە دنیادا نییە، بۆچی چاکسازییەکە لە خۆتانەوە دەست پێناکەن؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود :** ئەو تێکەڵبوونە لەهەموو دونیا هەیە، ئێستا تورکیا لەتەنیشتمانە وایە، واتە ئەندامی پەرلەمانیشە و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیشە. لەسوریاش وایە و لە زۆر وڵاتی دونیاش وایە. من بۆخۆشم لەگەڵ ئەوە نەبووم و لەگەڵیشی نیم کە دوو پۆستم هەبێت، داواشم لەحکومەت کردووە کە وا نەبێت. سکرتێری پەرلەمانی کوردستان، لەو بارەیەوە لەگەڵ کاک نێچیروان قسەی کردووەو وتویەتی ئەوە لەکوردستان دەبێت.

تەواوی هەڤپەیڤینەکە
لە (ڕووداونێت)دا بخوێنەوە
WWW.RUDAW.NET

**ڕووداو: خەڵک دەڵێ ئەو پرۆژەیەی حیزبەکان بۆ هەریسەکەیە، بۆ زیادکردنی بەشی خۆتانە لە حکومەت نەک بۆ چاکسازی، ئێوە چ دەڵێن ؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود :** ئەو ڕاپۆرتە بۆ چاکسازییە لەکوردستان، بۆ ئەوەیە هەموو شتەکان دابەش نەبێت بەسەر دوولادا، بەتەئکید پێش لەسەر ئەوە دادەگرین، کەبەشی خۆشمانی تێدا بێت. خۆ ئێمەش بەشێکین لەو میللەتە، بۆ کادرێکی ئێمە مانگی 25هەزار دیناری چاپی عێراقی هەبێت و کادری ئەو ملیۆن و نیوێکی هەبێت ؟ ئەو جیاوازییە بۆ ؟ بۆنەوت دەفرۆشرێت و ئاگامان لێی نەبێت ؟ ساڵی 2008 هەشت ملیار و شتێک بودجەی کوردستان هەبووەو ڕەنگە لەکوردستانیش دوو ملیاری گومرک و داهاتی کوردستان هەبووبێ، ئەوە 10 ملیار دۆلار، کەبە قەدەر بودجەی سوریا و ئوردونیش دەبێت، باشە بۆ خزمەتی خەڵکی پێنەکرێت ؟ بۆکارەبا نەبێت و ئاو نەبێت و نەخۆشخانە نەبێت ؟ ئێمە داوای چارەسەر کردنی ئەوانەمان کردووە و داوای مافی خۆشمان کردووە.

**ڕووداو: ئێوە لە پرۆژەی چاکسازیدا پێکەوەن، کەچی یەکگرتووکۆمەڵ لە یارمەتی کۆکردنەوە بۆ ئاوارەکانی بۆمبابارانکردنی تورکیا و ئێران لە هەڵمەتەکەی ئێوە پێنج حیزبەکەدا بەشدارنین بۆچی؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:** ئەوانیش بۆ غەزە کۆمەڵێک شتیان کرد و ئێمەی تێدا نەبووین. خۆ ناکرێت بۆ هەموو شتێک هاوبەش بیت. لەدونیا دوو حیزب لەهەموو خاڵەکاندا هاوبەش نین. خۆ ئێمە نەبووینەتە یەک حیزب، بەڵکو لەسەر هەندێک خاڵ هاوبەشین. هەندێک شت هەیە، لەگەڵ پارتی رامان نزیکەو لە هەندێک شتیتر هەیە لەگەڵ یەکێتی رامان نزیکە.

**ڕووداو : ئەگەر بە ڕاشکاوی وەڵاممان بدەنەوە، پێتانوانییە شکستی یەکێتی و پارتی، واتە هاتنە سەرکاری ئیسلامییەکان، ئێوە پێتانوایە ئیسلامی بەدیلێکی باشترن بۆ پارتی و یەکێتی؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود :** یەکێتی و پارتی بەو شێوەیە شکست ناهێنن کە خەڵک باسی دەکات یان چاوەڕێی دەکات، خۆ ئەوان ئەوەندە بێ دەسەڵات نین لەو وڵاتە. ئێمە دەڵێین ئەو چوار حیزبە ئێستا هەژدە ئەندامی پەرلەمانیان هەیە، هەوڵدەدەین ئەگەر ئێمە ببینە خاوەنی 30تا40 کورسی پەرلەمان، ئەوکات هەم یارمەتی ئەوانیش دەدەین لە پەرلەمان و هەم تەئسیرمان دەبێت لەپەرلەمان. ئێمە دەڵێین، با شەریک بین باشترە لەوەی بەشدار بین. ئێمە دەڵێین، هەر شکستێک بێت، یەکێتی و پارتی خۆیان لێی بەرپرسن. ئێستا بۆ نمونە کە پرۆژەیەک دەکرێتەوە، بیست مقەست دەڕوا دەیقرتێنێت، خۆ ناهێڵن هیچ حیزبێکی دیکە بڕوات بیقرتێنێت، دەڵێن خۆمان کردوومانە. خۆ دەبێت شکستێکیش هەبێت ئەوان لێی بەرپرس بن. ئەی کێ لێی بەرپرسە. یەکگرتوو بەرپرسە لە نەبوونی کارەبا، یان کۆمەڵ و سۆسیالست بەرپرسن ؟ بۆ ئەحمەد ئیسماعیل کە دەوڵەمەندێکە بەتەنها کارەبا دروست دەکات، بۆ ئەو دوو حیزبە پێیان ناکرێت.

**ڕووداو : دەتانەوێ لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ئەو چوار حیزبە پێکەوە بە یەک لیست بەشداری هەڵبژاردن بکەن؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود :** ئێمە باسمان کردووە کە لەگەڵ ئیسلامییەکان بەلیستێک بەشداری هەڵبژاردن بکەین، بەڵام هێشتا بڕیارمان نەداوە، هەموو شتێکیش دەبێت. گفتوگۆمان لەسەر کردووە، بەڵام بۆ نەبێت ؟ هەموو شتێک قابیلی ئەوەیە ببێت.

**ڕووداو : یەکگرتنی زەحمەتکێشان و سوسیالیست جارێکی دیکە کۆژایەوە بۆچی؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:** قسە دەکەین و بەردەوامین لە گفتوگۆکردن. خۆ ئەوە نییە کە بوترێت قسەکانمان لەو بارەوە کۆتایی هاتووە.

**ڕووداو : سەرۆکی پەرلەمان داوای کردووە هەڵبژاردنی پەرلەمان لە2009/5/19ئەنجامبدرێت، پێتوایە پارتی و یەکێتی لەهەڵبژاردن بترسن ؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود :** پێموایە ئەگەر لێشی نەترسن، پێشیان خۆش نییە بکرێت. ئەگەر پێیان خۆش بوایە، هەڵبژاردنی شارەوانی و ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەکرا. ئەی ئێمە ناڵێین سەر بە عێراقین. لە ڕاپۆرتەکەدا داوامان کردووە هەڵبژاردنەکان لەکات و وادەی خۆیدا ئەنجامبدرێن.

پەیمانگای واشنتن ڕاپۆرتێک لە بارەی کێشەی کەرکووک بڵاودەکاتەوە

# کەرکووک.. تاقیکردنەوەیەک بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

**مایکڵ نایت و ئەحمەد عەلی***

لە 31ی ئەم مانگە زۆرینەی عێراقییەکان ڕوو دەکەنە سندوقەکانی دەنگدان، بۆ ئاشکراکردنی مەیلە سیاسییەکانیان لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان، بەڵام چوار پارێزگەی عێراق کە سیانیان لەنێو سنووری حکوومەتی هەرێمی کوردستانن، لەگەڵ پارێزگەی کەرکووک بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا ناکەن. بەشدارینەکردنی کەرکووک هێمای ئاڵۆزی چارەنووسەکەیەتی.

هەڵبژاردنەکانی ئەو شارە دواخراوە تاوەکو ئەنجوومەنی نوێنەران لە بەغدا یاسایەکی هەڵبژاردنی تایبەت پەسەند دەکات .

تاوەکو ئێستا هیچ هاندانێک نییە بۆ ئەوەی خەڵکی پارێزگای کەرکووک بەشداری ئەو هەڵبژاردنە بکەن و پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پاڵپشتی ئەو پرۆسەیە بکات تاوەکو نەتەوە جیاوازەکانی ئەو شارەش پەیڕەوی بکەن.

### باکگراوەند

کوردانی عێراق و تورکمانەکان، شاری کەرکووک بە پایەختی مێژوویی خۆیان دادەنێن، بەڵام ژمارەی دانیشتوانی ئەو شارە بەهۆی سیاسەتەکانی حکوومەتی پێشووی عێراقەوە بەشێوەیەکی بەرچاو دەستتێوەردانی تێدا کرابوو، ئەمەش بەهۆی دەرکردنی کوردان و هێنانی عەرەبی باشوور بۆ جێگەیان و ناچارکردنی پێکەوەژیانی تورکمان و عەرەب.

لە مانگی نیسانی 2003وە، بە هەزاران کورد گەڕاونەتەوە بۆ ئەو شارە و لە هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی 2005یش لیستی کوردی ئەو شارە سەرکەوتنی بەدەستهێنا و، زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی ئەو پارێزگایەی بردەوە.

ئەندامە عەرەبەکانی ئەوئەنجوومەنە، ماوەی 13 مانگ بەشداریکردنیان لە کۆبوونەوەکانی ئەو ئەنجوومەنەدا بایکۆت کرد، تاوەکو لە 2007/12/2 هەردوولا ڕێککەوتنێکیان مۆر کرد. ئەو ڕێککەوتنە کێشەی دەسەڵات بەشکردنی چارەسەر کرد و پۆستە ئیدارییەکانی ئەو شارەی لەسەر بنەمای 32 % بۆ هەر یەک لە کورد و عەرەب و تورکمان و 4 %یش بۆ مەسیحییەکان بەشکرد. بۆ هەر بڕیارێکی ئەنجوومەنی پارێزگاش بەدەست هەڵبرینی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا پەسەند دەکرێت، هەروەها ئازادکردنی ئەو عەرەبە بێ تۆمەتانەی لە باکووری عێراق زیندانیکراون، بەجێهێشتنی شاری کەرکووک لەلایەن هێزی ئاسایشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

بەڵام بەهۆی ڕکابەرایەتی ئەژێندای دەسەڵاتدارانی نێوخۆی ئەو شارەو، مەرجەکانی دەسەڵاتدارانی هەرێمەکان و وڵاتەکە، ڕێککەوتنامەکە جێبەجێنەکرا.

### ئاستەنگەکانی بەردەم چارەسەری ناکۆکی کەرکووک

نایەکسانی لەنێو فەرمانبەرە حکومییەکانی پارێزگای کەرکووک دا هەیە. زۆرینەی بەڕێوەبەرەکانی پارێزگای کەرکووک، کوردن، بەپێی ئاماری ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، 56 % ی فەرمانبەرانی حکوومی عەرەبن، 19 %ی کوردن، لەوکاتەی 54 %ی بەڕێوەبەرەکان کوردن و 26 %ی تورکمانن و 19 %ی عەرەبن.

هەروەها زۆرینەی کارمەندانی هێزە ئەمنییەکانی ئەو شارە کوردن. کێشەیەکی ناوخۆی دیکەی ئەو پارێزگایە ئاوارە گەڕاوەکانی ئەو شارەن کە وەختی خۆی بەهۆی سیاسەتی سەدامەوە، ئاوارە بوون، ئەمەش ئەوەندەی دیکە مەسەلەکەی ئاڵۆزتر کردووەو، کێشەیەکی دیکەش ئەوەیە کە کێ مافی دەنگدانی لەو شارەدا هەیە.

سیاسەتمەدارانی عێراقی و ئیقلیمی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ناسەقامگیری کەرکووکیان وەک ئامێرێک بەکارهێناوە بۆ بەرژەوەندی ئامانجەکانی نەتەوەیی خۆیان و دەنگ کۆکردنەوە.

سەرکردەکان و هاووڵاتیانی کورد بە زەحمەتی دەزانن کە پاشەکشێ لە ئامانجەکەیان بکەن کە ئەویش گەڕانەوەی کەرکووکە بۆ نێو هەرێمی کوردستانی عێراق. بێگومان چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکانیش مەسەلەیەکە کە یەکگرتوویی کوردی درێژە پێداوە و ئاراستەی وزەی سیاسی حکوومەتی هەرێمی لە پرۆسەی ڕیفۆرمی سیاسی نێو سنووری حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ ئەم مەسەلەیە گۆڕیوە.

لەسەر ئاستی پراکتیکیش، کۆنترۆڵکردنی کەرکووک لە ڕووی ئیداری و دیمۆگرافییەوە لەوانەیە تاکە کارت بێت بەدەست حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەبەرامبەر ئەو ڕەنجانەی کە دەیدات بۆ گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، هەروەها بەدەستهێنانی ڕاستەوخۆی بەرهەمی نەوتی ناوچەکە.

بەهەمان شێوە، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقی و سەرکردەکانی دیکەی عەرەب و تورکمان، مەسەلەی کەرکووک وەکو ئامێرێک بەکاردێنن بۆ بەرژەوەندی ئامانجەکانی نەتەوەیی خۆیان. هەروەها فراوانکردنی دەسەڵاتی "ئەنجوومەنەکانی ئیسناد" لە لایەن مالیکییەوە بۆ نێو شاری کەرکووک، قۆستنەوەی نیگەرانی عەرەب و تورکمانەکان لەبەرامبەر کۆنترۆڵی کورد لەو شارەدا، بەمەبەستی پتەوکردنی بناخەی پارتەکەیەتی لە کەرکووک.

### میکانیزمەکانی چارەسەرکردن

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی دەورووبەری، پێویستە هەردوو مەسەلەکە بە جیاواز، بەڵام لە هەمانکاتدا پەیوەست بەیەکەوە، چارەسەر بکرێن. ئێستا بەغدا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کێشەیەکی گەورەتریان لەنێواندایە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئیدارەی پارێزگای کەرکووک پڕبێت لە کێشە و گرفت . لەگەڵ ئەوەی لە ماددەی 140ی دەستووری نوێی عێراقدا هاتووە کە پێویستە تاوەکو 31ی مانگی کانوونی یەکەمی 2007، سەرژمێری و ریفراندۆم لە شاری کەرکوک ئەنجامبدرێت، کە پاشتر دواخرا بۆ مانگی حوزەیرانی 2008، بەڵام هەتا ئێستا هیچ نەکراوە.

یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی مانگی ئەیلولی2008، هەوڵێکبووبۆزیندووکردنەوەی ئەو پرۆسەیە، بەوەی داوا لە لیژنەی حەوت ئەندامییەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کرد کە بریتی بوون لە دوو کورد، دوو عەرەب، دوو تورکمان و مەسیحییەک، لەگەڵ چەند ڕاوێژکارێکی جیاواز کار بکەن کە ڕاوێژکاری نەتەوەیەکگرتووەکانیشی تێدابێت، ئەمەش بە مەبەستی دۆزینەوەی میکانیزمێک بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی پارێزگای کەرکووک. هەروەها لیژنەکە هەوڵدەدات "تەجاوزاتی زەوی و زارەکانی کەرکووک ئەوانەی پێش 9ی نیسانی 2003 کراون، بدۆزێتەوە"، ئەمەش بۆ چاککردنەوەی هەر تەجاوزێکی زەوی و زار کە وەختی خۆی لەژێر یاسای حکوومەتی پێشوو ئەنجامدراوە. لەدرێژەی چالاکییەکانیاندا "لیژنەکە چاو بە هەموو ئەو داتا و ئامارانەدا دەخشێنێ کە پێوەندییان بە بارودۆخی دیموگرافییەوە هەیە، بەتایبەتی ناوی دەنگدەران و پاشانیش چەند پێشنیازێک پێشکێشی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان دەکات".

چاوەڕوان دەکرێت ئەو لیژنەیە، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان تێکەڵ بە ڕەشنووسی یاسای هەڵبژاردنی کەرکووک بکەن، کە پاشان ڕەوانەی پەرلەمانی بەغدا دەکرێت بۆ پەسەند کردنی کە دەبێ تاوەکو 31ی ئازاری 2009 تەواوبکرێ. ئەگەر ئەو لیژنە تایبەتییە تا ئەو کاتە پێشنیازەکانیان دیاری نەکەن، پێویستە حکومەتی عێراق ڕەشنووسێکی یاسای هەڵبژاردنی کەرکووک پێشکێشی پەرلەمانی عێراق بکات.

لیژنەکە دیاریکراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا دەستیان بەکارکردن نەکردووە. ئەندامانی لیژنەکە، پاساوی جیاوازیان بۆ دواخستنی کارەکانیان هێناوەتەوە، کە یەکێک لەو هۆکارانە، نالەباری بارودۆخی ئاسایش بووە.

لەسەر بنەمای ئەوەی هەوڵەکانی جێبەجێکردنی ماددەی 140 سەرکەوتوو نەبوون، بۆ بەردەوام بوونی چالاکییەکانی ئەوە لیژنەیەش، پێویستە چەند لایەنێکی بیانی لەدەرەوەی عێراق پشتگیری ئەو لیژنەیە بکەن.

### گرنگی پشتیوانی نێودەوڵەتی

یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە ئەیلولی 2008 پەسەند کرا، ئەمەش بە هۆی ئەو ڕۆڵەی نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق–یونامی UNAMIی بینی. یونامی بڕیارە ئەمساڵ دوو نووسینگەی خۆی لە شاری کەرکووک بکاتەوە، ئەمەش دوای سەردانەکەی مانگی ڕابردووی ستیڤان دیمستۆرای نوێنەری سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق، بۆ شاری کەرکووک.

فراوانکردنی ڕۆڵی یونامی، نیگەرانییەکانی دراوسێکانی عێراق کەم دەکاتەوە لەوەی کە کورد دەیەوێ کەرکووک کۆنترۆڵ بکات، هەروەها یونامی دەتوانێ یارمەتی کارەکانی لیژنە تایبەتییەکەی کەرکووک بدات.

لەسەردانەکەی 13 ی ئەم مانگەی جۆ بایدنی جێگری سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمەریکا بۆ کەرکووک، ناوبراو لەبارەی مەسەلەی کەرکووکەوە، ڕایگەیاند " چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک، مەسەلەیەکی سەرەکییە بۆ حکوومەتی ئەمەریکا".

ئەگەر وابێت، ئەوا پێویستە ئیدارەی ئۆباما پەیامێکی ڕاشکاوانەی خێرا بۆ پشتگیریکردنی یونامی ڕەوانە بکات و بۆ بەغدا و بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستانی ڕوون بکاتەوە کە ئەمەریکا چاوڕێ دەکات لیژنەی تایبەتی کەرکووک، بەشێوەیەکی گونجاو سوود لە پاڵپشتی نەتەوەیەکگرتووەکان وەربگرێ.

پشتگیری تەکنیکی نەتەوەیەکگرتووەکان، دەبێتە هۆی خێراکردنی پرۆسەکە و بنبڕکردنی تەجاوزکاری و ناکۆکییەکانی ناو تۆمار کردن.

ئەو لایەنانە کە دەیانەوێت پشتگیری لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکووک بکەن، باشترە بواری ئابووری ئەو پارێزگایە بکەنە ئامانج. پۆزەتیڤێکی دیکەش ئەوەیە کە زۆربەی کێشە سیاسییە ئاڵۆزەکانی کەرکووک چارەسەری گونجاوی هەیە، بۆ نموونە هەر لایەنێک دەتوانێ لە ڕێگای بازرگانی و سەرمایەگوزارییەوە، یارمەتی ئەو ئاوارە کوردانە بدات کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، سەرەڕای ئەوەی گوندەکانیان وێرانکراوە. ئاوەدانکردنەوەی چەند گوندێک ئەوە بۆ کوردە ئاوارەکان دەسەلمێنێت کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پاڵپشتیان دەکات، بەمەش پێشنیازەکانی یونامی زیاتر بەچێژ دەبن. بۆ هاوسەنگکردنەوەی بارودۆخی ئاوارەکانی کورد، پێویستییەکی زۆر بە یارمەتیدانی نێودەوڵەتی هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاری گشتیی، ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ گەڕانەوەی کوردەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان بەبێ ئەوەی عەرەبەکان بگوازرێنەوە. هەروەها سەرمایەگوزاری لە کەرتی تایبەتی کەرکووکدا هەلی کار بۆ کەرکووکییەکان دەرەخسێنێت، بەمەش ژمارەی فەرمانبەرانی حکومیی کەم دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی ڕێژەی بێ کاری زیاد بکات. پرۆگرامی مەشق و ڕاهێنان بۆ کوردە بەئەزموونەکان پێویستە، بۆ ئەوەی پۆستی ئیدارەی گونجاو وەربگرن و ڕێککەوتنەکەی 32-32-32-4 جێبەجێ بکرێت.

**مایکڵ نایت/ کارمەندە لە پەیمانگای واشنتن و پسپۆڕە لە بوارەکانی سەربازی و ئاسایشی عێراق و ئێران و وڵاتانی کەنداو.**
**ئەحمەد عەلی/ توێژەرەوەیە لە پەیمانگای واشنتن بۆ کاروبارەکانی عێراق و ئێران.**

**لە ماڵپەڕی The Washington Institute for Near East Policy وەرگیراوە**



# شەڕی ساردی نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانكۆی سەڵاحەددین پرۆژەكان پەك دەخات

**ڕووداو- هەولێر**

كەمپی زانكۆی سەڵاحەددین بەهۆی ناكۆكی نێوان زانكۆی سەڵاحەددین و وەزارەتی خوێندنی باڵا لە قۆناغی دیزاین و ماستەرپلان چەقیوە، وەزارەتی خوێندنی باڵا نووسراوەكانی زانكۆ بۆ خەرج كردنی پارەی دیزاینی ئەم پرۆژەیە دوا دەخات، سەرۆكی زانكۆی سەڵاحەددین گلەیی بایەخ نەدان بە زانكۆكەی دەكات و ڕاگری كۆلیژی ئەندازیارییش سكاڵای حاڵی ئەو پرۆژەیە لە دەست وەزارەتی خوێندنی باڵا دەكات، كە هەر بەسەر زانكۆی سەڵاحەددینەوە وەزارەتە و تا ئێستا نەیتوانیوە لیژنەیەك لەسەر زانكۆكانی تر پێك بهێنێت. سەرچاوەیەك لە بەشی پرۆژەكانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بە ڕووداوی ڕاگەیاند كە ئەو پرۆژەیە پەیوەندی بە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە نییە و لیژنەیەك لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیران بەم كارە ڕاسپێردراوە و هیچ زانیارییەكمان لە لا نییە.

كەمپی زانكۆی سەڵاحەددین لە ساڵی 1982ەوە شوێنی بۆ تەرخان كراوە، لە ساڵی 2002ەوە دەست بە چالاككردنی كراوە و لیژنەیەك بۆ سەرپەشتی كردنی پێكهێنراوە، دكتۆر عومەر قەرەنی مامۆستا لە كۆلیژی ئەندازیاری پرۆژەی كەمپی زانكۆ بۆ سەرەتای هەشتاكان دەگەڕێنێتەوە، بەڵام تا ساڵی 2002 كارا نەكراوە.





دیزاینی پرۆژەی كەمپی زانكۆ سەڵاحەدین لە هەولێر

بە یەكێك لە هۆكارەكانی پێشنەكەوتنی زانكۆكەكەی دادەنێت و گلەیی ئەوە دەكات كە زانكۆی سەلاحەددین دایكی زانكۆكانە، كەچی شوێنێكی گونجاوی خۆی نییە و دەڵێ" دۆخی هەموو زانكۆكانی تر لە بواری كەمپ لە زانكۆی سەڵاحەددین باشترە، زانكۆی سلێمانی یەك لەو كۆمپانیانەی كە بۆ دیزاینی ئێمە هاتبوو،



## وەزارەت هەر بۆ زانكۆی سەڵاحەددین وەزارەتە

راگری كۆلیژی ئەندازیاری پێشوو و سەرۆكی لێژنەی كەمپی زانكۆ

د.شەماڵ موختار جێگری سەرۆكی زانكۆی سەڵاحەددین لەبارەی دیزاینی ئەم كەمپە بۆ ڕووداوی روون كردەوە"بەپێی ئەو دیزاینەی بۆ كەمپەكە كراوە، كەمپەكە 3 ملیۆن مەتر دووجا زەوی بۆ تەرخانكراوە كە 400 هەزار مەتر دووجای زەوی دەكرێتە بینایە، كەمپەكە باڵەخانەی 19 كۆلێژ لەخۆدەگرێت و شوێنی 25 هەزار قوتابی تێدا دەبێتەوە، هەروەها هوتێلێكی گەورەو 500 خانوو بۆ مامۆستایانی زانكۆ و نەخۆشخانەیەكی 1000 قەرەوێڵەیی تێدایە، جگە لەچەندین گۆڕەپانی وەرزشی و بەشە ناوخۆییەك كە جێگەی 7 هەزار قوتابی دەبێت و هۆڵێكی گەورەی سمینار و تاوەرێكی گەورە كە نزیكەی 23 ملیۆن سێجا ئاو دەگرێت و لۆگۆی زانكۆی سەلاحەددینیشی لەسەرە،%60ی ڕووبەری كەمپەكەش بۆ سەوزایی تەرخان كراوە".

دكتۆر مەحەمەد خۆشناو كە لە ساڵی 2004ەوە سەرۆكی زانكۆی سەڵاحەددینە نەبوونی كەمپێكی شیاو، كە هەموو كۆلیژەكان لەخۆبگۆرێت و لەیەك شوێن كۆیان بكاتەوە ریزبەندی چوارەمی وەرگرت، كەمپێكیان پێ دروست كرد و ئێستا لە قۆناغی كۆتایی دایە، وەك بیستوومە 280ملیۆن دۆلاری لێ خەرج كراوە، كەچی خەرج كردنی 4ملیۆن دۆلاری تەرخان كراو بۆ ماستەرپلان و دیزاینی زانكۆی سەلاحەددین دوادەخرێت" . لە كاتێكدا پرۆسەی بەڕێوەچوونی ڕاگەیاندنی تەندەر و ماستەرپلان و دیزاین بەشێوەیەكی ئاشكرا و مۆدێرنانە بەڕێوەچووە.

بەپێی گرێبەستێكی نێوان زانكۆی سەڵاحەددین و چەند كۆمپانیایەكی نەرویجی پرۆژەی ماستەر پلان و دیزاینی ئەو كامپە بە بڕی (6) ملیار دینار كە دواتر وەزارەتی دارایی گۆری بۆ 4ملیۆن دۆلار مۆركراوە، پرۆژەكە لە لایەن نوروز كۆنسۆریت و كۆمپانیای NURPLANی نەرویژی كە كۆمپانیای سنۆ هێتا بەهاوكاری NARAD STOCKWIGG،DAR AL IMRAN، تەواو كراوە، كەچی وەزارەتی خوێندنی باڵا وەك پێویست كارەكانی ئەم پرۆژەی ڕایی نەكردووە، لەمبارەیەوە سەرۆكی زانكۆی سەڵاحەددین لە ئاخاوتنێكدا بە ڕووداوی ڕاگەیاند" ئێمە لە مانگی پێنجەوە لەڕێگەی وەزارەتی خوێندنی باڵاوە داوای خەرج كردنی ئەو پارەیەمان لە وەزارەتی دارایی كردووە، پێش جەژن بەڵێنی ڕەوانەكردنی ئەو نووسراوەیان پێداین بۆ وەزارەتی دارایی، كەچی دوێنێ پەیوەندیم بە وەزارەتی دارایی كرد گوتیان هیچمان پێ نەگەیشتووە" . ئایا هیچ دەستێك لەپشت ئەم دواخستنەوەیە؟ سەرۆكی زانكۆی سەڵاحەددین ڕاشكاوانەهیچی نەدركاند، بەڵام سیما و هەناسەساردییەكەی كوڵ و دڵشكاوی پێوە دیاربوو، هەرچی د. كەمال حەمەدەمین خۆشناو سەرۆكی لیژنەی كەمپی زانكۆ كە ساڵی رابردوو ڕاگری كۆلیژی ئەندازیاری بوو ڕاشكاوانە گلەیی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا كرد و گوتی" وەزارەت هەر بۆ ئێمە وەزارەتە، تا ئێستا سەرنجێكیان لە سەر كەمپی زانكۆی دهۆك نەبووە، زانكۆی سلێمانی360ملیۆن دۆلاری بۆ كەمپەكە بۆخەرج كراوە، ئایا وەزارەت هیچ لیژنەیەكی لەسەر دروست كردوون، وەزارەت هەر بەسەر زانكۆی سەڵاحەددینەوە وەزارەتە؟ زانكۆی كۆیە 80ملیۆن دۆلاریان لە وڵاتانی كۆمەكبەخش پێشكەش كراوە، كەچی لیژنە و میژنەیان هەر نییە، ئەدی جەنابی وەزارەت بۆ ناچێت بڵێ چیتان كردووە، زانكۆی دهۆك كەمپێكی نوێی تەواو كرد، كەچی لیژنەی هەر نییە" . سەرۆكی زانكۆی سەلاحەددین سكاڵای بێ نازی زانكۆكەی دەكرد و دەیگوت"ئێمە مەغدورترین زانكۆیین، كە بێ كەمپین، ئەوانی تر هەموو شوێنی خۆیان هەیە،زانكۆ هەیە بە ناوی ئەهلی كراوەتەوە، بەڵام حكومەت پارەی لێ سەرف كردووە، دەبوایە بەئێمە بەخشرابا" .

دكتۆر محەمەد خۆشناو كە ساڵی 1955لە گوندی گردەسۆری دەشتی هەولێر لەدایكبووە و ماوەی 18ساڵ بوو لە دەرەوە بوو، كەمێك ماندووبوون و كۆڵدانی پێوە دیاربوو، ئەو پێش ئەوەی بگەڕێتەوە كوردستان بەڕێوەبەری گشتی دامەزراوێكی زۆر گرینگی مەشق و پەروەردە بووە لە بەریتانیا، ساڵی 1991-1992 سەرۆكی مەڵبەندی رۆشنبیری كوردی بووە لە لەندەن، ئەو كات مەڵبەندەكەیان بڕی 10هەزار دۆلاری پێشكەش بە زانكۆی سەڵاحەددین كردووە، كە خەسرۆ شاڵی سەرۆكی زانكۆ بووە، هەوڵی داوە شوێن پێی خۆی لەسەر زانكۆی سەڵاحەددین لە ڕێگەی دروستكردنی ئەم كەمپەوە جێ بهێڵێت، كەچی ئێستا لە قۆناغی كۆتایی ماستەرپلان و دیزاین دا چەقیوە.

بە بڕوای ئەو گرینگترین هەنگاو بۆ داهێنانی زانكۆ سەربەخۆبوونی دەسەڵاتی كارگێری و دارایی زانكۆیە لەمبارەیەوە دەڵێ" زانكۆ كۆنترۆڵ كراوە هەر ئەوەندە ڕۆڵ دەبینێ، كە ئیدارە بە گشتی هەیەتی، بڕیاردان لە سەنتەرەوە دێت، ئێمەوەك زانكۆ هیچ بودجەیەكمان نییە بۆ هەموو شتێك دەبێ داوا لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بكەین كە ئەوانیش داوا لە وەزارەتی دارایی بكەن. " بۆ ئەم قسەیەشی ئاماژەی بە لێكۆڵینەوەیەكی زانكۆی بوكینكهام كرد، كە تایبەت بووە بە ڕۆڵی زانكۆكان لە ساڵانی سەرۆكایەتی بلێر بۆ حكومەتی بەریتانیا و دەركەوتووە" تا زانكۆ دەسەڵاتی زیاتر بێت دەتوانێ زیاتر داهێنان بكات" . بە پێی قسەی سەرۆكی زانكۆی سەڵاحەددین ئەم گرفتەش هەر لەئەنجامی ئەو دۆخەوە پەیدا بووە. دكتۆر عومەر قەرەنی دان بەوەدادەنێت، كە ئەگەر هاتبا و لەسەرەتای ڕاگەیاندنی پرۆژەكە ئەو چوار ملیۆن دۆلارە هاتبایە ناو بودجەی زانكۆ ئەو گرفتە سەری هەڵنەدەدا و پارەی ئەو كۆمپانیایانە دوانەدەخرا، ناوبراو رەخنەی لەوەزارەتی داراییش گرت و گوتی" بودجەی پرۆژەكەیان كردە دۆلار، لە كاتێكدا گرێبەستەكە بە یۆرۆ بوو، هەڵبەزو دابەزی نرخی دۆلار خەرجی پرۆژەكەی لە 4ملیۆن دۆلار زیاتر كرد" .

دواكەوتنی ئەو پرۆژەیە چەندین دەنگۆی ناڕاستی لەبارەی ئەم پرۆژەیە دروست كردووە، كە بودجەی دیزاینەكەی تەنیا 4ملیۆن دۆلارە، وەزارەت چەند جارێك پێداچووەتەوە، ئەمەش جێی سەرسووڕمانی هەندێ لایەنی پەیوەست بە پرۆژەكەیە، كە حكومەتی هەرێمی كوردستان بە دەیان ملیۆن دۆلاری لە فستیڤاڵ و كۆنفرانس خەرج كردووە بۆچی پرۆژەیەكی وا ستراتیژی دواخستووە؟ كار گەیشتووەتە ئەو رادەیەی بگوترێت كە زانكۆی سەڵاحەددین لەگەڵ كۆمپانیای وەهمی گرێبەستی مۆركردووە، لە دەرچووە. بەهەمان نرخی دیزاینەكەی ئێمە دیزاینی هۆڵێكی شانۆییان كردووە لە ئۆسلۆ، جگە لە دیزاینی زانكۆی ترۆن هایم كە وەك زانكۆی سەڵاحەددینە، هەروەها باڵەفڕخانەی ئۆسلۆ و نەخۆشخانەیەكی فێركاری زۆر گەورەی ئۆسلۆی پایەختی نەرویژیان ئەنجام داوە. ئەوان بە توانا و لێهاوویی خۆیان پرۆژەكەیان بردووە، نەك لەژێر فشاری ئەم و ئەو" . هەروەها ڕەزامەندی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران وەرگیراوە، ئەمەش بە پەسەندكردنی كۆنووسی لیژنەكە.

دكتۆر كەمال حەمەدەمین گلەیی لە وەزارەت كرد كە لە جیاتی سوپاس و خەڵات كردنی ئەندامانی لیژنەی كەمپ، كە بەبێ بەرامبەر كارەكانیان ڕاپەڕاندووە، كەچی وەزارەت وەڵامی زانكۆی سەلاحەدینی دابۆوە كە رازین بە هاتنی نوێنەری كۆمپانیاكە بۆ كوردستان و ئامادەی خەرجكردنی تێچووی سەفەریانە، بەڵام رازی نەبوون ئەو لێژنەیە بچێت بۆ نەرویژ، كە لە گرێبەستەكە زۆر بە ئاشكرا دیارە دەبێ (2) سمینار لە ئۆسلۆ ئەنجام بدرێ، ئەمەش ئەندامانی لیژنەكەی نیگەران كرد.



د.كەمال حەمەدەمین، سەرۆكی لیژنەی د ر و ستكر د نی كەمپەكە، تێچووی پرۆژەكەی بە یەك ملیار دۆلار خەملاند د.كەمال بۆ (ڕووداو) گوتی

## زانكۆ كۆنترۆڵ كراوە

سەرۆكی زانكۆی سەلاحەددین

وەڵامی ئەو دەنگۆیە دكتۆر محەمەد خۆشناو گوتی" هیچ پرۆژەیەكی كوردستان بەم شێوەیە نەخشەی بۆ نەكێشراوە و لێژنەیەكی یاسایی و ئەندازیاری دەستی بە پرۆژەكان كردووە، كە دكتۆر كەمال حاجی نەبی سەرپەرشتی كردووە، ئەو پیاوەش یەكێك لە پاكترین پۆفیسۆرەكانی ناو زانكۆیە بە تكا و پاڕانەوە ئەو ئەركەی وەرگرت، هەموو ئەندامانی ئەو لیژنەیەش كەسایەتی زۆر شایستەن"، دكتۆر كەمال حەمەدەمین ڕاگری كۆلیژی ئەندازیاری لەمبارەیەوە گوتی" هەموو كەسێك دەزانێت رابردووی كەمال حاجی نەبی چییە، پاكترین مرۆڤی كوردە، مرۆڤێكی لێهاتوو و نموونەییە، غەدرێكی زۆریشی لێكراوە و مافی شایستەی خۆی پێ نەدراوە" . لەبارەی وەهمی بوونی ئەو كۆمپانیانەش سەرۆكی زانكۆ سەرسامی خۆی بەو كۆمپانیایە نیشانداو گوتی" كۆمپانیای سنۆ هێتا، كە لەگەڵ چەند كۆمپانیایەكی تر یەكیان گرتووە، ناسراوترین كۆمپانیای بواری دیزاین و ماستەر پلانن، كتێبخانەی ئەسكەندریە ئەوان دیزاینیان كردووە، دیزاینی نۆژەنكردنەوەی دوو تاوەرەكەی نیویۆرك بە پێشبڕكێ بۆ ئەوان

"لەبەرئەوەی تێچووی پرۆژەكە زۆرە بۆیە بڕیار دراوە پرۆژەكە بە3 تا 5 قۆناخ دروست بكرێت" . بەپێی قسەی ناوبراو بەتەواوبوونی پرۆژەكە، زانكۆی سەڵاحەددین تا 50 ساڵی دیكە گرفتی بینایەی خوێندنی نابێت.

لەبارەی زۆری بڕی ئەو پارەیەی لەجێ بەجێكردنی ئەم پرۆژەیە تەرخان دەكرێ دكتۆر محەممەد خۆشناو گوتی" ئەم پارەیە بۆ زانكۆی سەڵاحەددین زۆر نییە، لە ڕابردوودا بە ئەندازەی ئەو برەپارە لەو شوێنانە خەرج كراوە كە ئێستا كۆلیژەكانی لێیە، بەڵام گرفتەكە چارەسەر نەكراوە" .

یاریدەدەری سەرۆكی زانكۆی سەڵاحەددین ئەوەشی خستەروو كە تائێستا وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق ئامادەیی نیشان نەداوە بۆ دابینكردنی پارەی پرۆژەكە "بەمافی خۆمانی دەزانین كەیارمەتی بدرێین، چونكە ئاگادارین لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق، پارەی باشی بۆ دروستكردنی كەمپی زانكۆ لەشارەكانی دیكەی عێراق دابین كردووە" .

# "زانكۆی كوردستان فەوزا بوو"




**ڕووداو-هەولێر**

پرۆفیسۆر مارتن ئەدەمەنتس لە سیمینارێكی كراوەدا لەبارەی ئایندەی زانكۆی كوردستان، رایگەیاند كە پێشتر زانكۆكە فەوزا بوو و، قوتابیانی زانكۆكە لە كۆنترۆڵ دەرچوو بوون.ئەدمەنتس هەر لەو سیمینارەدا پلانێكی دوو ساڵەی بۆ زانكۆكە بەناوی "ڕێگا بەرەو ئایندە" راگەیاند.

زانكۆی كوردستان بەپێی فەرمانی ژمارە 3915ی ئەنجوومەنی وەزیران لە 2006/2/4 دامەزراوە، پێناسی ئەو زانكۆیە بەپێی ئەو فەرمانە بریتییە لە زانكۆیەكی حكومی و خوێندن تێیدا بەزمانی ئینگلیزییە، بەڵام لەرووی یەرێوەبردن وسیستمی خوێندن و وەرگرتنی قوتابییان وپەسەندكردنی پرۆتۆكۆڵ لەگەڵ زانكۆكانی دەرەوەدا سەربەخۆیە.

زانكۆی كوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە ڕووبەرووی چەندین كێشە بووەوە، بەردەوام گازاندەی ئەوە دەكرا كە دەستتێوەردانی دەرەكی لە زانكۆكەدا هەیە و بەشێك لەقوتابییەكان بە مافی خۆیان لەو زانكۆیە وەرنەگیراون.

ساڵی رابردوو كێشەكانی زانكۆكە قوڵتر بوونەوە، سەرەنجام لەسەر كار لادانی د.عەباس وەلی، یەكەم سەرۆكی زانكۆكەی لێكەوتەوە، لەشوێنی ئەو ژەنەڕاڵێكی خانەنشینكراوی سووپای بەریتانیا بەناوی رۆبن بریمس دەستبەكار بوو، ئەمەش بووە جێگەی نیگەرانی قوتابیان كە چۆن دەبێت ژەنەڕاڵێكی سوپا بكرێتە بەرپرسی دامەرزاوەیەكی ئەكادیمی، هەروەها چەند مامۆستایەكی بیانیش زانكۆكەیان بەجێهێشت.

رۆبن بریمس لە چاوپێكەوتنێكی پێشتریدا لەگەڵ (ڕووداو)دا بەكارێكی نا ئاسایی دەزانێت كە كەسێكی نا ئەكادیمی ببێتە سەرۆكی زانكۆ، بەڵام دەڵێت "ئیشوكاری من پتر بەڕێوەبردن و رێكخستنە و ناچمە ناو وردەكاری بواری ئەكادیمی".

ڕۆژی 2009/1/13 ئیدارەی زانكۆی كوردستان سیمینارێكی لەبارەی رابردوو و ئێستاو ئایندەی زانكۆكە پێشكەشكرد، هەر لەسیمینارەكە پرۆفیسۆر مارتن ئەدەمنتس، پلانی دوو ساڵی داهاتووی زانكویەكەی خستە روو.

ئێستا قسە و باسێكی زۆر لە ئارادایە لەسەر مەسەلەی دانانان بەو زانكۆیە و ئەگەری داخستنی زانكۆكە، بڕوانامەی دەرچووانی زانكۆكە، هەر بۆیە بەرپرسانی زانكۆ هەفتەی رابردوو سیمینارێكی كراوەیان بۆ مامۆستایانی زانكۆكانی كوردستان و قوتابیان و كەناڵەكانی ڕاگەیاندن ساز دا.

رۆبن بریمس لە سیمینارەكە باسی لەكێشەو گرفتەكانی رابردووی زانكۆكە كرد، لەرووی بەڕێوەبردن و پەیوەندی قوتابییان لەگەڵ مامۆستایاندا. رۆبن گوتی "قوتابیان هەڵسوكەوتی نەشیاویان ئەنجامدەدا، دەستیان لەكاروباری زانكۆ وەردەدا، هەندێك بەڵێن بەقوتابیان درابوو واقیعی نەبوون". رۆبن باسی لەچەندین گرفتی دیكەی زانكۆكە كرد "سەرەتا هیچ یاسایەك نەبوو زانكۆ كاری پێبكات، كۆرسەكان بەزۆر بەسەر قوتابیاندا سەپێندرابوون".

هەروەها ئاماژەی بەوەدا كە لەگەڵ دەستبەكاربوونیدا پرۆفیسۆر مارتن ئەدمینس وەك چاودێری كاروبارەكانی زانكۆ داناوەو هەر بە پشتیوانی ئەویش توانیویانە پلانێكی دوو ساڵە بەناوی "ڕێگای زانكۆ بەرەو داهاتوو" دابنێن.

پرۆفیسۆر مارتن ئەدمەنتس، كە لەمانگی ئاداری 2008 لە زانكۆكە وەك چاودێر دەستبەكار بووە، یەكەم كاری كۆكردنەوەی زانیاری بووە لەسەر زانكۆكە، مارتن لە 2008/4/26 دەست دەكات بە كۆكردنەوەی زانیاری لەسەر بارودۆخی زانكۆكە. لەئەنجامدا بۆی ڕووندەبێتەوە " زانكۆكە فەوزا بوو، بودجە نەبوو، یاسا نەبوو، نارێكی هەبوو لە بەڕێوەبردن، سەركردایەتییەك لەناو زانكۆ هەبوو، بەڵام ئامانجیان دیار نەبوو، بۆندی مامۆستاكان دیار نەبوو، ستافی ئەكادیمی و ئیداری دیار نەبوون، جیاوازییەكی زۆر لەنێوان مووچەی مامۆستاكاندا هەبوو، هەندێك لەمامۆستایان گوێیان بەكارەكانیان نەدەدا، تەنانەت دەیانویست ئەو شتەی لەزانكۆ بۆیان دابینكراوە لەگەڵ خۆیان بیبەنەوە ماڵەوە".

هەروەها دێتە سەر باسی قوتابیانی زانكۆ و دەڵێت "قوتابییەكان لەكۆنترۆڵ دەرچوو بوون، هەندێكیان هەڵسوكەوتیان لەگەڵ مامۆستایان و قوتابیان باش نەبوو، پەلە كرابوو لەوەرگرتنی قوتابیان، سەرەتا پێویست بوو 50 قوتابی وەربگیرێت، بەڵام 420 قوتابیان وەرگرتبوو، لەوەش خراپتر زانكۆ دەستیكرد بەخوێندنی باڵا، بێ ئەوەی سەرچاوەی زانستیان بۆ دابین بكات، كتێب نەبوو، ئینتەرنێت نەبوو".

### دوای ئەوە مارتن چیكرد

یەكەم كار كە پرۆفیسۆر مارتن دەستپێكرد تێكەڵكردنی بەشەكان و رێكخستنی قوتابیان بوو. بەگوێرەی قسەكانی مارتن بەشێك لەو قوتابیانەی وەرگیرابوون ئینگلیزیان باش نەبوو، بەقوتابیانی خوێندنی باڵاشەوە، بۆیە بڕیاریدا خوێندنی زانكۆ بكرێتە 5 ساڵ و دوو ساڵی یەكەم زمانی ئینگلیزی بخوێندرێت.

هەر بۆیە تاقیكردنەوەیەكی دانا بەناوی تاقیكردنەوەی فاوندەیشن، بەپێی ئەو تاقیكردنەوەیە قوتابیان دوای 2 ساڵی خوێندن ئەگەر لەو تاقیكردنەوەیە دەرنەچوون ئەوا ناتوانن درێژە بەخوێندن بدەن و تەنیا بڕوانامەیەكی تەقدیریان پێدەدرێ.

ئەو تاقیكردنەوەیە وایكرد ئەمساڵ 39 قوتابی لە زانكۆكە دەربكرێن. كاتێك دەبارەی چارەنووسی ئەو قوتابیانە پرسیار لە مارتن كرا، ئەو لەوەڵامدا گوتی " ئەوان نەك لەخولی یەكەم، بەڵكو لە خولی دووەمی تاقیكردنەوەكانیش دەرنەچوون".

### 2009 ساڵی گواستنەوە

دوای ئەوەی مارتن بەشێكی زۆری كارەكانی رێكخستەوە، دەستیكرد بەكاری تازە بۆ ساڵی 2009، ئەو ساڵەشی ناو نا "ساڵی گواستنەوە"، بۆندی یەك ساڵی لەگەڵ مامۆستایانی زانكۆ واژۆ كرد، نەخشەی خوێندنی گشتگیركرد، واتە چەندین وانەی جیاواز لەساڵێكدا بخوێندرێن، بەجۆرێك ئەوانەی لەو زانكۆیە دەردەچن بتوانن لەسەرجەم بوارە مرۆڤایەتییەكان كار بكەن، هەروەها زیاتر وانەكان بەشێوەی پراكیتیكی بخوێندرێن.

سەبارەت بەدیاریكردنی بڕوانامەی قوتابیان كە بووەتە جێگەی نیگەرانی قوتابیان، چونكە هەندێك لەقوتابیان تا ئێستاش نازانن چ بڕوانامەیەك وەردەگرن، مارتن گوتی "لەدوای ساڵی چوارەم بڕیار لەسەر بڕوانامەی قوتابیان دەدرێ، زانكۆكە تایبەتمەندی لە زانستی مرۆڤایەتییە بۆیە لەوانەیە بڕوانامەكە لەبواری ئەدەب بێ، یان ئەوانەی كارگێڕی كار دەخوێنن لەوانەیە بڕوانامەیان لەبواری بازرگانی پێ بدرێ".

### قوتابیانی زانكۆ چی دەڵێن؟

قوتابیانی زانكۆی كوردستان بەگەشبینیەوە دەڕواننە ئەو پلانەی كە مارتن بۆ ئایندەی زانكۆكەی داناوەو پێیانوایە زانكۆكەیان ئێستا زۆر لە رابردوو باشترە.

محەممەد عەلی، قوتابی قۆناخی دووەمی بەشی زانستە رامیارییەكان، گوتی "هەرچەندە پڕۆپاگەندەی زۆر دەربارەی زانكۆكە دەكرێ، بەڵام ئێستا قوتابیان زیاتر لە رابردوو پابەندی دەوامن و باشتر دەخوێنن، ئێستا بەرنامەو پلانی زانكۆ دیارە".

ئێستا دەنگۆی داخستنی زانكۆكە لەنێو قوتابیان بڵاو بووەتەوە، محەممەد پێیوایە ئەو دەنگۆیە هیچ بنەمایەكی نییە و گوتی "ئەوە زیاتر كێشەیەكی سیاسییە، چونكە هەندێك كەس لەناوەوەو دەرەوە خۆشحاڵ نین بەو پرۆژە زانستییە".

هەروەها شكۆ بەكر، قوتابی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان لەبارەی ئێستاو رابردووی زانكۆكە گوتی "پشتر زانكۆكە فەوزا بوو، لەبەر ئەوەی دەستتێوەردانی دەرەكی زۆر بوو، بەڵام ئێستا بەرنامەو پلانی زانكۆكە دیارە".

## ئابووری

### دوای 15 ساڵی دیکە کوردستان بەرهەم دەفرۆشێ



ڕووداو - هەولێر

ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لەوەزارەتی کشتوکاڵ، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی پلانی ستراتیژی کشتوکاڵ وا پێشبینی دەکەین لەماوەی 5 ساڵی داهاتوودا، بتوانین کوردستان بگەیێنینە قۆناخی خۆبژێوی و، پاش 15 تا 20 ساڵی دیکە بگەینە قۆناخی بەرهەم ناردنە دەرەوە". گوتیشی بڕیارە لە ماوەی ئەمساڵدا 40 %ی بودجەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنانی حکومی بۆ کەرتی کشتوکاڵ بێت.

| | | دینار | | 1 تەن |
|---|---|---|---|---|
| $ | 100 | 118500 |  | $ 610 |
| € | 100 | 169500 |  | $ 160 |

# بەقسەی وەزارەتی کارەبا کێشەی کارەبا لە کوردستان نەماوە

## وتەبێژی وەزارەتی کارەبا :ئەگەر هاووڵاتییان سپلیت و هیتەر بەکارنەهێنن ڕۆژانە 16 کاژێر کارەبا دەدەین

**ڕووداو-هەولێر**

بەرپرسانی وەزارەتی کارەبا دەڵێن ئێستا کێشەیەک بەناوی کێشەی کارەبا لەکوردستان نییە وتەنیا کێشەی تۆڕی دابەشکردنی هەیە، مژدەش دەدەنە خەڵک تا کۆتایی 2009 بەرهەمهێنانی کارەبا دوو هێندەی ئێستا زیاتر ببێت، بەڵام لەگەڵ زیادبوونی کارەباش نرخی کارەبا زیاد دەکرێ.

لەسەرەتای ساڵی ڕابردوو بەرپرسانی وەزارەتی کارەبا ڕایانگەیاند بەدانانی دوو وێستگەی گەورەی کارەبا لەهەولێر و چەمچەماڵ، کێشەی بەرهەمهێنانی کارەبا بە یەکجاری چارەسەر دەبێ، بەڵام هاووڵاتییان دەڵێن وەزارەتی کارەبا بەڵێنەکەی خۆی بەجێنەگەیاندووە.

کاروان حسێن، دەرچووی کۆلێژی زمان لە زانکۆی سەڵاحەددین، دەڵێت"ئێستا خەڵک بەڵێنی حکومەتی بەلاوە گرنگ نییە، نەیانگوت کێشەی کارەبا چارەسەر دەکەین کوا؟، ئێستاش کاتێک کارەبا دێتەوە کە خەڵک خەوتووە، کوا چارەسەر".

دڵشاد محەممەد، ڕاوێژکار و تەبێژی وەزارەتی کارەبا، لە هەڤپەیڤینێکدا لە گەڵ (ڕووداو) ڕایگەیاند کە ئەوان بەڵێنەکانی خۆیان بردووەتە سەر " لەساڵی 2008 دا حکومەتی هەرێم بەڵێنەکەی خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا لە کوردستان 100% جێبەجێکردووە، ئێستا کێشەیەک نەماوە بەناوی بەرهەمهێنانی کارەباوە".

بەڵام هاووڵاتیان بەگومانەوە دەڕواننە قسەی ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کارەبا، کاروان، دەڵێت "ئەگەر کێشە نەماوە، ئەی بۆچی کارەبا نییە، زۆرجار 7 کاژێر کارەبا هەیە ئەویش لەکاتی خەوتندایە".

وتەبێژی وەزارەتی کارەبا، ئاماژە بەوە دەدات کە "ئەوەی ئێستا ماوە کەموکورتییە لەگەیاندن و دابەشکردنی کارەبادا، ئەوانەش تەنیا لەئەستۆی حکومەت نییە، بەڵکو بەشێکی دەکەوێتە ئەستۆی هاووڵاتیانیش، چونکە ئێستا هاووڵاتیان لەبری سووتەمەنی، کارەبا بەکار دەهێنن".

ڕاوێژکارەکەی وەزارەتی کارەبا ڕەتیکردەوە ڕۆژانە تەنیا 7 کاژێر کارەبا بدرێتە هاووڵاتییان "ساڵی 2008 لەم کاتانەدا کارەبای نیشتیمانی تەنیا 1 — 2 کاژێر هەبوو، ئێستا کارەبای نیشتمانی ڕۆژانە 12 کاژێر هەیە، ئەگەر هاووڵاتیان کارەبا لە جیاتی سووتەمەنی بەکار نەهێنن دەتوانین ڕۆژانە 16 کاژێر کارەبا بدەین".

ساڵی ڕابردوو لەکاتی دانانی بودجەی کوردستان، پارەیەکی زۆر بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کارەبا تەرخانکرا، دڵشاد محەممەد بڕی ئەو بودجەیە بۆ (ڕووداو) ئاشکرا دەکات و دەڵێت "ساڵی ڕابردوو بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنانی کارەبا 3 بودجە تەرخانکراوە، کە بەهەرسێ بودجەکە 660 ملیۆن دۆلار بوو، بەڵام پرۆژەکان کاتێکی زۆریان دەوێت، جگە لەوەی کە کەلوپەلەکانیش چونکە لەدەرەوە دێن کاتیان دەوێ".

جگە لەکارەبای نیشتمانی کە لەوێستگەکانی حکومەتی عێراق بۆکوردستان دێت، پێشتر سەرچاوەی کارەبای کوردستان هەردوو بەنداوی دووکان و دەربەندیخان بوون، بەڵام ئێستا بەپێی پێویست سوود لەو دوو وێستگەیە وەرناگیرێت و،زیاتر پشت بە وێستگەی 500 مێگاواتی هەولێر دەبەسترێ.

> **ئەگەر کێشەی کارەبا نەماوە ئەی بۆ کارەبا نییە**
>
> هاووڵاتییەک

هەرچەندە وا بڕیار بوو لەسەرەتای ئەمساڵ دوو یەکەی وێستگەی 750 مێگاواتی چەمچەماڵ بکەوێتە کار، بەڵام تا ئێستا نەکەوتووەتە کار. دڵشاد محەممەد هۆکاری دواکەوتنەکەی گەڕاندەوە بۆ درەنگ گەیشتنی کەلوپەلی وێستگەکە "کەلوپەلەکانی وێستگەکان بۆ ماوەی 3 مانگ لەتورکیا دەستیان بەسەردا گیرا، ئێستا کەلوپەلەکان گەیشتوون، بەڵام دوای پشکنین دەرکەوتووە بەشێکیان لەکار کەوتوون، پێویستە جارێکی دیکە لە دەرەوە بهێنرێنەوە".



وێستگەی کارەبای 500 مێگاواتی لە هەولێر

(فۆتۆ:ڕووداو)

### ڕەنگە گاز کێشە بۆ وێستگەکان دروست بکات

لە نیوەڕاستی مانگی ڕابردوو بەهۆی ئەوەی وەزارەتی کارەبا نەیتوانی گازوایل بۆ هەر چوار یەکە بەکار کەوتووەکەی هەولێر دابین بکات، بەناچاری بۆ ماوەیەک یەک یەکەی خستە کار، چونکە ڕۆژانە وێستگەکە پێویستی بە 1 ملیۆن و 700 هەزارلیتر بوو، بەڵام دوای گەیشتنی غازی سروشتی لەکێڵگەی کۆرمۆر کێشەکە چارەسەر بوو، ئێستا 3 یەکەی وێستگەکە بەغازی سروشتی کار دەکەن. دڵشاد محەممەد گوتی "کێڵگەی کۆرمۆر تەنیا دەتوانێ غاز بۆ سێ یەکەی وێستگەی کارەبای هەولێر دابین بکات، وێستگەی چوارەم بە گازوایل ئیش دەکات".

سەبارەت بە وێستگەی چەمچەماڵیش کە لەکۆتایی ئەم مانگە و سەرەتای مانگی داهاتوو دوو یەکەکەی دەکەوێتە کار، دڵشاد محەممەد گوتی "وێستگەکە لە 6 یەکە پێکدێت،بەغازی سروشتی کار دەکات، بەڵام تا ئێستا غازی سروشتی بۆ ئەم ویستگەیە دابین نەکراوە، بۆیە وەزارەتی کارەبا ئەگەر بیەوێت کار بە یەکەکانی ئەو وێستگەیە بکات پێویستە پشت بە گازوایل ببەستێت".

### ئەمساڵ زیاتر لەبەشی سلێمانی و هەولێر کارەبا بەرهەمدێت

بەبێ تەرخانکردنی کارەبا بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان، پارێزگای سلێمانی پێویستی بە 550-600 مێگاوات کارەبا هەیەو، پارێزگای هەولێریش پێویستی بە 500 مێگاوات کارەبایەو دهۆکیش تاوەکو ئێستا لەڕێگەی تورکیاوە کارەبای بۆ دێت.

هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک پێویستیان بە 1100 مێگاوات کارەبایە، بەڵام ئێستا تەنیا 500 مێگاوات کارەبا لەویستگەی کارەبای هەولێرەوە بەرهەمدێت.

وتەبێژیوەزارەتیکارەبا، دەڵێت "لەکۆتایی مانگی یەکی ساڵی 2009 بەدواوە یەکەکانی وێستگەی 750 مێگاواتی چەمچەماڵ یەک لەدوای یەک دەکەونە کار و پێش کۆتایی هاتنی ساڵی 2009ش، 750 مێگاواتەکە دێتە نێو تۆڕی نیشتیمانی".

بڕیارە یەکەکانی وێستگەی 51 مێگاواتی تاسڵوجە لەمانگی 2ی ئەمساڵ تەواو ببن، ئەویش دێتە ناو تۆڕی کارەبای هەرێمی کوردستانەوەو بەمەش 1301 مێگاوات کارەبا بەرهەم دێت، کە 201 مێگاواتی زیاترە لەپێویستی هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی.

وەزارەتی کارەبا بڕیاریداوە تۆڕی کارەبای دهۆکیش بەهەولێرەوە ببەسترێتەوە. بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بۆ دهۆکیش، بڕیارە لە چوارچێوەی دوو پرۆژەدا 550 مێگاوات کارەبا لە دهۆکیش بەرهەم بێت. پرۆژەی یەکەمیان، کە تەواوبوونی ماوەی زیاتر لەشەش مانگە دواکەوتووە، توانای بەرهەمهێنانی 400 مێگاوات کارەبای هەیەو پرۆژەی دووەمیش کە هێشتا کاری تێدا نەکراوە توانای بە رهە مهێنا نی 150 مێگاوات کارەبای هەیە.

وتەبێژیوەزارەتی کارەبا لەبارەی ئەو دوو پرۆژەیەی دهۆک دەڵێت "وێستگە 400 مێگاواتییەکەی دهۆک دواکەوتووەو پێویست بوو ئێستا قۆناخێکی زۆر باشی ببڕیایە، بەڵام وەبەرهێنەرەکە بەڵێنیداوە لەسەرەتای ئەمساڵدا دەست بەکارکردن بکات، گرێبەستی 150 مێگاواتییەکەش هێشتا لەسەرەتادایە".

ئەگەر وەزارەتی کارەبا توانایبەرهەمهێنانیکارەبای زیاتریش بێت لەپێویستی کوردستان، بەڵام بەهۆی بوونی گرفتی گواستنەوەو دابەشکردنی کارەبا، هاووڵاتییان ناتوانن وەک پێویست سوود لە بەرهەمەکە وەربگرن، لەکاتێکدا خاوەنی وێستگە ئەهلییەکانی وەک وێستگەی 500 میگاواتی هەولێر پارەی خۆیان هەر دەوێت لە حکومەت.

دڵشاد محەممەد، جەخت لەوە دەکاتەوە کە چەندین پرۆژەیان لە ساڵی 2009 لەژێر جێبەجێکردندان، بۆ چارەسەرکردنی ئەوکەموکورتیانەی لەسیستەمی گواستنەوەدا هەن " بەسەدان کیلۆمەتر ڕاکێشانی هێڵەکانی گواستنەوەی پەستانی بەرزی 132 کەیڤی، لەژێر جێبەجێکردندایەو لەساڵی 2009دا تەواو دەبێ".

### نرخی کارەبا زیاد دەکرێ

لەگەڵ باشبوونی ڕەوشی کارەبادا، وەزارەتی کارەبا دەیەوێت لەساڵی 2009دا، نرخی کارەبا زیادبکات. وتەبێژی وەزارەتی کارەباش ئەمە پشت ڕاستدەکاتەوە "بەدڵنیا ییەوە نرخی کارەبا گرانتر دەبێت لەئێستا، بەڵام لەکاتی خۆیدا وردەکاری گرانبوونەکە ڕادەگەیێنین".



## لە کوردستان وەزارەتی ئەوقاف لە وەزارەتی نەوت بەداهاتترە

# ئەمساڵ داهاتی وەزارەتی ئەوقاف دەگاتە 3 ملیار دینار



وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بڕیاریداوە خانوو بۆ ئیمامەکانیش دروست بکات

(فۆتۆ:ڕووداو)

**عەلی حەمەساڵح**
**ڕووداو-هەولێر**

وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی ڕایگەیاند داهاتی ساڵانەی وەزارەتەکەیان ساڵ لەدوای ساڵ لە زیادبووندایە و،ئەمساڵ داهاتەکەی دەگاتە 3 ملیار دینار، ئەگەر بەمشێوەیە بڕوات لەئایندەدا وەزارەتی ئەوقاف پێویستی بەبودجەی حکومەت نامێنێ.

زیادبوونی بودجەی وەزارەتی ئەوقاف پەیوەستە بە زیادبوونی کرێی موڵکەکانی ئەوقاف و، گەڕانەوەی موڵکدارێتی ئەو موڵکە بازرگانیانەی بە موساتەحە کراونەتە پرۆژەی بازرگانی . هەر بۆنمونە ئەمساڵ 18 دوکان لە نێو بازاڕی سلێمانی کە بە موساتەحە دروستکرابوون، دەبنە موڵکی وەزارەت و داهاتێکی یەکجار زۆریان بۆ وەزارەت دەبێ .

بەم شێوەیە وەزارەتی ئەوقاف زیاتر لە هەموو وەزارەتەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بە داهاتر دادەنرێ تەنانەت لە وەزارەتی نەوتیش.

بەپێی ئەوزانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، جگە لەمووچەی فەرمانبەران، ساڵی ڕابردوو وەزارەتی ئەوقاف یەک ملیار و 900 هەزار دیناری لە پرۆژەکاندا خەرجکردووە، بەڵام ئەمساڵ داوای 26 ملیار دیناری لە وەزارەتی دارایی کردووە.

بەرپرسانی وەزارەتی ئەوقاف دەڵێن وەزارەت ئێستا دەتوانێ لەسەر داهاتی خۆی بژی، بەڵام بۆ پرۆژەی تازە پێویستی بە بودجەی حکومەتە. ساڵی 2007 داهاتی وەزارەتی ئەوقاف یەک ملیار دینار بووە، ساڵی 2008یش یەک ملیار و 800 هەزار دینار بووە. بەپێی قسەی مەریوان نەقشبەندی، وتەبێژی وەزارەت، چاوەڕوان دەکرێ ئەمساڵ داهاتی وەزارەت بگاتە 3 ملیار دینار.

سەرچاوەی داهاتەکانی وەزارەتی ئەوقاف بریتییە لەکرێی خانوو، بینایە، دووکان، زەوی کشتوکاڵی و گەراجی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل، کە خاوەنەکانیان وەقفی وەزارەتی ئەوقافیان کردوون. جگە لەوەش وەزارەتی ئەوقاف چەندین بینایەو بازاڕی بەشێوەی موساتەحە هەیە، کە دوای چەند ساڵێکی دیکە دەبنە موڵکی وەزارەت لەوانەش بازاڕی هاوچەرخی ڕایان مۆڵ لە هەولێر . هەروەها چەند پرۆژەیەکی بازرگانی لە دهۆکیش هەن.

### وەزارەت کەمی خەرجکردووەو داوای زۆریش دەکات

بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی لە وەزارەتی ئەوقافی کوردستانەوە، بە تایبەت دراوەتە (ڕووداو)، هەرچەندە ساڵی ڕابردوو 8 ملیار و 823 ملیۆن دینار بۆ پرۆژەکانی وەزارەتی ئەوقاف تەرخانکرا (3.579 ملیار دینار، سلێمانی 5.244 ملیار دینار لە هەولێر )، بەڵام وەزارەت تەنیا بڕی یەک ملیار و 908 ملیۆن دیناری خەرجکردووە (هەولێر 1،093 ملیار دینار، سلێمانی 815 ملیۆن دینار)، ئەوەی تێبینی دەکرێ، هیچ بڕە پارەیەکیش لەو بودجەیە لە پارێزگای دهۆک خەرجنەکراوە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە وەزارەتی ئەوقافەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، وەزارەت بۆ پرۆژەکانی ئەمساڵ داوای 26 ملیار و 721 ملیۆن دیناری کردووە. ئەویش بۆ دروستکردنی 26 مزگەوتی نمونەیی، دروستکردنەوەی 18 مزگەوتی دیکە لەگەڵ خانووی ئیمام و هۆڵی بۆنەکان. بەتایبەتیش کە پێشتر خانوو لەگەڵ مزگەوتدا تەنیا بۆ وتاربێژان دروستدەکرا، بەڵام ئێستا دەیانەوێ بۆ ئیمامەکانیش دروستی بکەن. لەو چوارچێوەیەشدا بۆ ئەمساڵ دروستکردنی 26 خانووی نمونەیی بۆ ئیمامەکان خستووەتە کارنامەی خۆیەوە.

هەروەها لەچوارچێوەی پرۆژەکانی ئەمساڵ دا 16 هۆڵی بۆنەکان، 4 بینای بەڕێوەبەرایەتی یان تێبینەرایەتی ئەوقاف، 5 قوتابخانەی ئاینی نمونەیی لەگەڵ بەشە ناوخۆیی بۆ قوتابیان، 4 شورەی گۆڕستان، نۆژەنکردنەوەی 13 مزگەوت، دروستکردنی 2 بینا بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج لەپارێزگای هەولێرو سلێمانی، دروستکردنی بینای بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ کاروباری مەسیحییەکان و پەرتووکخانەیەک لەکڵێسای شەقڵاوە لەهەولێر، دروستکردنی بینای بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئێزدییەکان لەدهۆک و نۆژەنکردنەوەی 4 پەرستگەی ئێزیدییەکان.

هەروەها وەزارەت لە پرۆژە بودجەی 2009دا داوای بڕی یەک ملیار دیناری کردووە، وەک موتەفەریقە بۆ ئاینەکانی دیکە.

### ئۆلۆف گێ تاندبێری، ئەو کەسەی یەکەمین هاوکاری لە جیهانەوە بۆ کوردستان نارد:

# سروشتی دەوڵەمەندی کوردستان لە ژێر کارەساتەکانیدا لەبەر چاوی جیهان ونبووە

**ئۆلۆف گێ تاندبێری Olof G Tandberg کە لە مارسی 1966 بووەتە یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمیتەی کوردی – سوێدی، ئێستاش خۆی بە دۆستێکی نزیکی کورد دادەنێ و، حکومەتی ئێستای کوردستان بە بەری خەباتی بێ وچانی مستەفا بارزانی دادەنێ کە ئەو دەڵێ گەندەڵی ئەمڕۆ گەورەترین دوژمنیەتی . لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی دوێنێ و ئەمڕۆی کوردستان دەکات:**

**هەڤپەیڤین : کاوە ئەمین**

**ڕووداو: کەی و چۆن کوردت ناسی؟**

**تاندبێری:** یەکەمین جار پێوەندی من لەگەڵ کورد لە ڕێگەی خوێندنەوەی وتارێکەوە بوو کە لە ساڵی 1966 لەلایەن خوێندکارێکی گەنجی کوردەوە، بە نێوی (جەمال عەلەمدار)، نووسرابوو. جەمال خۆی پەنابەرێکی خەڵکی هەولێر بوو و لە تورکیاش ئەشکەنجە درابوو. هەروەها یەکەمین نوێنەری مستەفا بارزانی بوو لە ئەورووپا.

**ڕووداو: لە مانگی مارسی 1966 دا، کۆمیتەی کوردی – سوێدی دامەزرا، بەڵام کێشەی کورد تا ساڵانی هەشتاکان، کێشەیەکی نادیار بوو لە نێو کۆمەڵگەی سوێدیدا، بۆچی؟**

**تاندبێری:** وتارەکەی عەلەمدار زۆر بە وردی باسی ڕەوشی نالەباری کورد و کۆمەڵکوژی کوردی لە باکووری عێراق کردبوو. لەو سەردەمدا ئەوەی کە لە کوردستاندا ڕوویدەدا، بۆ زۆر لە سوێدییەکان کە تاکوتەرا تەلەڤزیۆنیان هەبوو، نەناسراو بوو. ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراوی سوێدی ڕەزامەندییان نیشاندا کە لەمانیفستۆیەکدا بەشدار بن بۆ پشتیوانی لە کوردانی عێراق. لە مانگی مارسی 1966، کۆمیتەی سوێدی –کوردی لە ستۆکهۆڵم دامەزرا. مێترا هانسۆن بووە سەرۆکی کۆمیتەکە و منیش وەکو جێگر و جەمال عەلەمداریش بووە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی کۆمیتەکە. من خۆم ئەوکاتە سەرۆکی بەشی ڕێکخراوی Unesco یونێسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بووم. بڕیارماندا کۆمیتەکەمان، کۆمیتەیەکی ناسیاسی بێت و کارەکانی تایبەت بێت بە ڕەوشی نالەباری کورد. دەستمان کرد بە بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر کورد، بۆ نموونە، کتێبی "شەڕە لەبیرکراوەکە، ڕاپۆرتێک لە کوردستانەوە" مان بڵاوکردەوە، کە لە ئامادەکردنی J. A. Nordlaner، Rastgaldi، Olof G Tnadberg بوو. (کاوە ئەمین ئەم کتێبەی وەرگێڕاوە بۆ کوردی و لە ساڵی 2004 لەلایەن دەستگای ئاراسەوە چاپکراوە).

دوای ئەوە دەستمان کرد بە کۆکردنەوەی یارمەتی لە هەموو وڵاتانی سکاندیناڤیا، هاوکارییەکەش دەرمان، بەتانی و شتی دیکە بوو، بایی یەک ملیۆن کرۆنی سوێدی بوو. لە ڕێگەی خاچی سوور و مانگی سووری نێودەوڵەتییەوە، ڕەوانەی کوردستانمان کرد. کۆمیتەکەمان ڕاستەوخۆ لە کوردستان لەلایەن دوکتۆر سەلاحەدین ڕاستگەلدییەوە نوێنەرایەتی دەکرا، لەو کاتەدا ئەو خۆی سەردانی کوردستانی کرد تا چاودێریی کۆمەکەکە بکات بۆ ئەوەی بگاتە دەستی ئەو خەڵکانەی کە موستەهەق بوون، بەبێ ئەوەی بهێڵین لە وڵاتانی دیکە گل بدرێتەوە. ئەوەش یەکەمین کۆمەکی نێونەتەوەیی بوو بگاتە کوردانی عێراق.

**ڕووداو: تۆ کە لە نزیکەوە**




**تاندبێری Olof G Tandberg**

– لە ساڵی 1932 لە دایکبووە.
– دانیشتووی ستۆکهۆڵمە.
– سەرۆکی ڕێکخراوی یونێسکۆ بووە لە سوێد.
– جێگری سەرۆکی کۆمیتەی سوێدی – کوردی بووە کە لە ساڵی 1966 لە ستۆکهۆڵم بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، دامەزرا.

**چەندین کتێبی نووسیوە لە وانە:**

Din släktingsaga (چیرۆکی خزمەکانت) کە باسی بیرەوەرییەکانی نەنکی دەکات.
چەوساوەکانی زەوی بە هاوبەشی لەگەڵ ئەندێرش کوونگ نووسیویەتی و بەشێکی تەرخان کراوە بۆ کوردستان، 1970.
ABC om Kurdistan لە ساڵی 2008 دا لە لایەن ئاپێکەوە چاپ کراوە.
سەرەرای دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، چەند وتارێکی بۆ یادی هەڵەبجە نووسیوە.

**مستەفا بارزانیت لە ئەمریکا بینی، چۆن کەسایەتیی بارزانی هەڵدەسەنگێنی؟**

**تاندبێری:** من ئەو شەرەفەم پێ بڕا کە لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا، چاوم بە ژەنەراڵ مستەفا بارزانی بکەوێت. مستەفا بارزانی بە هۆی ئەوەی تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە ببوو، بۆ چارەسەر چووبوو بۆ ئەمەریکا. لە نۆڤەمبەری ساڵی 1976 لە واشنتۆن دی سی بە هاوکاریی عومەر شێخمووس کە ئەندامی کۆمیتەکەمان بوو، توانیم چاوم بە بارزانی بکەوێت. لەگەڵ ئەوەی بارزانی تووشی نەخۆشییەکی سەخت ببوو، بەڵام خاوەن هێز و بیر و هزرێکی بەرجەستە بوو.

ئێمە لە گفتوگۆکەماندا باسی ئەو هێرشەمان کرد کە لە سویسرا کرایە سەر سەرکردەی کورد دۆکتۆر عیسمەت شەریف وانلی،کە یەکێکبوو لە دوو نوێنەرەکەی مستەفا بارزانی لە ئەوروپا. .ئەو هێرشەی سەر وانلی لەلایەن کاربەدەستێکی وەزارەتی دەرەوەی عێراقەوە پیلانرێژیی بۆ کرابوو، بۆ ئەو مەبەستەش عەرەبێکیان دیاریکردبوو کە دوو گوللەی نابوو بە دوکتۆر وانلییەوە لە ماڵەکەی خۆیدا، تا بتوانن وانلیی ئازا، بێدەنگ بکەن و ڕێگە لە کارەکانی بگرن، تا چیی دیکە نەتوانێت زانیاری لەسەر گەلی کوردی چەوساوە بڵاو بکاتەوە، بەڵام وانلی بە بریندراری ڕزگاری بوو. وانلیش وەکو جەمال عەلەمدار، بارزانی کردبوویە نوێنەری خۆی تاوەکو بۆ ئازادی و مافە مرۆڤایەتییەکانی کورد تێبکۆشێت. نرخ و بەها لە سیمای ژەنەراڵ بارزانیدا دەبینرا. سەری هێشتا سپی نەببوو و قژی ڕەش بوو، چاوەکانی لەژێر برۆ چڕوپڕەکەیدا، تژی بوون لە ژیان و، وریا و گورجوگۆڵ بوو. من باسی هاوکارییەکانی وڵاتانی سکاندەناڤیام بۆ کرد و باسی ئەوەیشم بۆ کرد کە لە پایەتەختی وڵاتی ئیسلاند Reykjavik لە فێبروەری ساڵی 1976 دا لەگەڵ دوکتۆر Erlandur Haralsson کە لە کاتی سەردانەکەی بۆ کوردستان، پارێزرابوو و ڕێزێکی زۆری لێ نرابوو، ویستمان کێشەی کورد لە ڕێگەی یاداشتێکەوە بگەیێنینە نەتەوە یەکگرتووەکان. بۆیەش ئیسلاندمان هەڵبژارد چونکە هیچ بەرژەوەندییەکی نەوتی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبدا نەبوو، بۆیە پێمان وا بوو کە ئەو یاداشتە سەرەڕای نارەزایەتیی عەرەب بتوانێت کێشەی کورد بەرزبکاتەوە تا لە لەلایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە. بارزانی کە تا ئەوکاتە بە بێدەنگی دانیشتبوو و تا ڕادەیەکیش خەفەتبارانە ماوەیەک لە منی ڕوانی. پاشان دەمووچاوی گەشایەوە و بە زەردەخەنەیەکی دۆستانەوە پێیگوتم "خەباتی کورد کۆتایی پێ نەهاتووە، وڵاتەکە و خەڵکەکەی لە شوێنی خۆیان ماون. ناتوانرێ نکۆڵی لە هەبوونی کورد بگرێت. ئێستا خەڵکێکی زۆر ئاگاداری ڕەوشی کوردانن، ئەوەی کە کورد داوای

تەواوی ئەم هەڤپەیڤینە
لە (ڕووداونێت)دا بخوێنەوە
www.rudaw.net

دەکەن ئەوەیە کە لە وڵاتی خۆیاندا بە ئاشتی بژین". بارزانی دڵتەنگی خۆی لەوە نیشاندا کە زلهێزەکان دەیانەوێ نەتەوە بچووکەکان بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و، دواییش بەڵێنەکانی خۆیان بەرامبەریان دەشکێنن. پاشان ئەوەیشی وت "من سیستەمی سۆڤیەت دەناسم و چەندین ساڵ لەوێ ژیاوم، من ئەمەریکام پێ باشترە، هیچ نەبێت لێرە هەموو کەس ئازادە".

ئەوە خەباتی نەپساوەی مستەفا بارزانی بۆ کوردستان بوو، ئەو دەرفەتەی بۆ گەلی کورد ڕەخساندووە، سەرەڕای دڕندایەتیی سەددام حوسێنیش، نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری 688ی دەرکرد تا زۆنێک بۆ کورد لە باکووری عێراق دروستبکات. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی خوێناوی و دوورودرێژی کوردداد، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دامەزرا، کە توانیویەتی لە لایەنی ئابووری و کولتوورییەوە، بە شێوەیەکی بەربڵاو گەشە بکات. دوای ئەوەی هەڵبژاردن کرا، نێچیرڤان بارزانی لە ناوچەیەک بە سەرۆکی حکوومەت هەڵبژێردرا کە مەلا مستەفا بارزانی بێ وچان، ساڵ لە دوای ساڵ خەباتی بۆ کرد تا سەربەخۆ و ئۆتۆنۆم بێت. گەورەترین دوژمنی ئەو حکوومەتە کە دەبێت هەر ئەمڕۆ لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دژایەتی بکرێت، گەندەڵییە کە وەکو میکرۆبێک هەڕەشە لەو گەشەکردنە دەکات کە هیوا و ئاواتی مەلامستەفا بارزانی بوو.

## مستەفا بارزانی پێیگوتم من سیستەمی سۆڤیەت دەناسم بۆیە ئەمریکام پێ باشترە

**ڕووداو: دوا کتێبی تۆ لەسەر کورد بەناوی ABC om Kurdistan لە ساڵی 1988 دا چاپکرا، لە کتێبەکەدا لەسەر ڕیزبەندیی ئەلفوبێی سوێدی، باسی جوگرافیا، مێژوو، سەرکردەکانی کورد، دین و ئەدەبیاتی کوردی دەکەی. مرۆڤ لە کاتی خوێندنەوەی کتێبەکەتدا بە ئاشکرا لایەنگری و پشتیوانی لە کورد دەبینێت، دەتەوێت لە ڕێگەی ئەو کتێبەوە چ بە خوێنەری سوێدی بڵێی؟**

**تاندبێری:** لە ڕێگەی ئەو کتێبەوە دەمەوێت بە شێوەیەک زانیاری بدەم بە خوێنەرانی سوێدی تا ئەو هەست و دڵسۆزییەی خۆمیان لەگەڵدا دابەشبکەم کە هەمە بۆ گەلی کورد و سروشتی وڵاتە دڵڕفێنەکەیان. بە هۆی ئەو ستەم و هەوڵانەی دراون بۆ ڕیشەکێشکردنی گەلی کورد و ڕووداوی وەکو هەڵەبجەوە، ئەرکیۆلۆگیی وڵاتەکە فەرامۆشکراوە. هەر بۆیە بۆ نموونە زۆر کەس هیچ دەربارەی ئەشکەوتی شانەدەر نازانن کە دەکەوێتە نزیک هەولێر. ئەو ئەشکەوتە کەوتووەتە سەر زنجیرە چیا سەرکەشەکانی زاگرۆس و شوێنەواری دەوڵەمەندی تێدایە کە دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمی نیاندرتاڵەکان کە نزیکەی هەشتا هەزار ساڵ پێش ئێستا ژیاون. شانەدەر، شایستەی هەموو ئاوڕلێدانەوەیەکە، چونکە ئەو ئەشکەوتە ماڵی مرۆڤایەتییە.

بە هیوای ئەوەی کە کتێبەکەم دەرگای ئارەزوو و حەزی سوێدییەکان بۆ کوردستان بکاتەوە و خۆیان سەردانی کوردستان بکەن و لەسەر خەڵک و وڵاتەکە تێگەیشتنی خۆیان بنیات بنێن.

**ڕووداو: تورکیا کە دەیەوێ ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، ئامادەنییە شەڕ بەرامبەر کورد ڕابگرێ و کێشەی کورد بە ئاشتیانە چارەسەر بکات، ئەوروپا و سوێد بەتایبەتی**

## سوێد دەیەوێ تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا تاوەکو بە شێوەیەکی یاساییانە یارمەتی کورد بدات

**بێدەنگ و تەماشاچین و نایەنەوێت گوشار بخەنە سەر تورکیا کە مافی خۆ بەڕێوەبردن بداتە کورد وەکو ئەوەی لە باکووری ئیرلەندا و وڵاتی باسک هەیە؟**

**تاندبێری:** من سوێدییەکم کە ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆرم بۆ کوردستان هەیە.

ئەتاتورک، وشەی کوردستانی لەسەر هەموو نەخشەکانی سەردەمی عوسمانی، سڕییەوە و کوردی ناونا "تورکی چیایی"، ئەمە لە کاتێکدا کە کورد زۆر پێش ئەوەی تورک بێنە ئەو وڵاتە، نیشتەجێی ئەوێ بوون. من خۆم لەو پێشانگایەی بە ناوی "گوڵە قەدەغەکراوەکان" لە ستۆکهۆڵم لە ساڵی 1998، بەشداریم کرد، کە تێیدا نموونەی ئەو ڕووەکانەی کە لە کوردستانەوە هێنرابوون لەلایەن پرۆفیسۆری خەڵکی ئۆپسالا، یوهان فرۆدین لە ساڵی 1952 کۆکرابوونەوە. بۆ نموونە ناوهێنانی گیای وەکو Hedysarum kurdicum لە تورکیا دەبێتە هۆی سزادان.

سوێد دەیەوێت تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، تا لەو ڕێگەیەوە بە شێوەیەکی یاساییانە یارمەتیی کوردانی تورکیا بدات بۆ ژیانێکی ئازاد، ژیانێک کە شایستەی مرۆڤ بێت. سوێد پێشەنگایەتیی جیهانی هەیە لە چاپکردنی کتێبی کوردی و ناردنی بۆ تورکیا.

**ڕووداو: لەو ماوە دوورودرێژەی کە خۆت بۆ کێشەی کورد تەرخانکردووە، دەکرێت بیرەوەرییەکی خۆش یانیش باڵکێشی خۆت بگێڕیتەوە؟**

**تاندبێری:** بینینی مەلا مستەفا بارزانی کە نەخۆشبوو، لە ساڵی 1976 دا، شتێک نییە لە بیرم بچێتەوە. داخوازییەکانی بارزانی کە کەس نەبوو بتوانێت ڕێگەیان لێ بگرێت و کەسایەتییە تێکنەشکاوەکەی، سەرەڕای شکست و ئاوارەبوون، خۆشەویستی بۆ وڵاتەکەی دەکرێت وەکو سیمبولێک بۆ خەڵکەکەی و خەباتی نەپساوەیان بۆ ئازادی و کوردستانێکی سەربەخۆ، تەماشا بکرێت.



تاندبێری دەڵێ بە وتارێکی جەمال عەلەمدار کوردم ناسی (فۆتۆ: Georg Kristiansen)

# کوا چارەنووسیان؟

**ڕووداو–هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو کەسوکاری بیسەروشوێنانی شەڕی برا کوژی بە هاوکاری ناوەندی چاک بۆ ماوەی 3 ڕۆژ لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان مانەوەو داوای دیاریکردنی چارەنووسی ئەو بێسەروشوێنانەیان کرد. بەهۆی ئەوەی وەڵامێکی ئەرێنیان لە پەرلەمانەوە پێنەگەیشت، مانگرتنەکەیان بۆ کاتێکی نادیار کۆتایی پێهێنا.

لەئەنجامی شەڕی ناوخۆی پارتی و یەکێتی چەندین کەس لە لایەنگرانی ئەو دوو پارتە بێسەرو شوێنکران، بەپێی ئاماری ناوەندی چاک 148 کەس لە شەڕی برا کوژی بێسەرو شوێنکراون، بەڵام محەممەد فەرەج، سەرۆکی لێژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت دۆسیەی 250 کەسی شوێنبزری شەڕی ناوخۆیان لەبەر دەستدایە.

زۆربەی ئەوانەی لە بەردەم پەرلەمان ئامادە بوون ژن و منداڵ بوون، زۆربەیان بەتایبەتی منداڵەکان وێنەی بێسەروشوێنانیان بەدەستەوە گرتبوو، تەنانەت هەندێک لە منداڵەکان بەو سەرماو سۆڵەی زستان بەشەو لەبەردەم پەرلەمان مانەوە.

سەبیحە ئیبراهیم، بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی براکەی هاتبووە بەردەم پەرلەمانی کوردستان کە 13 ساڵە هیچ هەواڵێکی دەربارەی نازانێت، سەبیحە ڕایگەیاند براکەی دوو منداڵی هەیە و گوتی "دایکم و باوکم بەحەسرەتی بینینی کوڕەکەیان گیانیان لەدەستدا، ژیان بۆ ئێمە مانای نەماوە، هەموو ڕۆژێک ئازاری شوێنبزرانمان دەکێشین". سەبیحە ئامادەیە شەو و ڕۆژ لەبەردەم پەرلەمان بکاتەوە تاوەکو چارەنووسی براکەی بۆ ئاشکرا دەکەن.

ناوەندی چاک ساڵێک لەمەوبەر بەمەبەستی ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەو کەسانەی لەشەڕی براکوژی بیسەروشوێن کران، دەستی بەکار کردبوو، هەفتەی ڕابردوو ئەو کارانەی ئەنجامیداوە وەکو دۆسیەیەک ڕادەستی پەرلەمانی کوردستان کرد.

بەپێی بەیاننامەی ناوەندی چاک زۆرترین ئەو بێسەرو شوێنانەی شەڕی ناوخۆ لەلایەن پارتییەوە گیراون، هەروەها لە ساڵی 2007دا 3 کەس لەلایەن یەکێتییەوە بیسەرو شوێن کراون، لە نێوان ساڵی 1999 تا 2004 دوو کەس لەلایەن پارتی دەستگیر کراون و کەس نازانێت لەکوێن.



بەیاننامەکەی ناوەندی چاک داوای ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەو بێسەرو شوێنکراوانە لە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان دەکات، لەبەشێکی بەیاننامەکەدا هاتووە "با چارەنووسی کەسانی شوێن بزر بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکەن. با هیچ نەبێت خێزانەکانیان جێگای ئێسقانەکانیان بزانن".

زاهیر ئیبراهیم، کە یەکێک بوو لەبەشدارانی ئەو چالاکییە مەدەنییە ڕایگەیاند کە ئەوان لەگەڵ محەممەد فەرەج سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان قسەیان کردووە "پێمان ڕاگەیاندن داواکانمان بگەیێننە سەرۆکی پەرلەمان و دۆسیەیەکمان ڕادەست کردن. ئێمە خوازیارین لە ڕێگەی پەرلەمانەوە ئەو کێشەیە بگەیێنینە بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێز تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق"، هەروەها گوتی " تا کەی کەسانی شوێنبزر بشاردرێنەوە. بۆ 16 ساڵ دەچێت ئێمەیان بێ وەڵام هێشتووەتەوە".

ئەو هیچ باکی نییە چەندین شەوی دیکەش بەو سەرمایە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان بمێنێتەوە، زاهیر گوتی "لەبەر ئەوەی پارتی و یەکێتی لەو مەسەلەیە تاوانبارن، بۆیە وەڵاممان نادەنەوە، ناخوازن چارەنووسی ئەو بێسەروشوێنکراوانە ئاشکرا بکەن، بۆ من شوێنبزرکردنی خەڵک لەسەر دەستی کورد و ئەنفالی بەعس هەمان شتە".

محەممەد بەکر، نوێنەری ناوەندی چاک لە هەرێمی کوردستان، کە بەشداری چالاکییەکەی کردبوو ڕایگەیاند لە پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە کرابوو "ئێمە خوازیاربووین لەو کۆبوونەوەیە بڕیاری ئەرێنی درابا، ئەو کێشەیە لەبەرچاو گیرابا، بەڵام بەداخەوە کۆبوونەوەکە هەڵوەشێندرایەوە، داوادەکەین هۆکاری ئەوەمان بۆ ئاشکرا بکەن".

محەممەد دووپاتیکردەوە ئەوان لەو جۆرە چالاکییانە بەردەوام دەبن تاوەکو چارەنووسی ئەو بێسەروشوێنانەیان بۆ ڕووندەکەنەوە. هەروەها ڕایگەیاند پەرلەمانتار سۆزان شەهاب، بەڵێنی پێداون ئەو مەسەلەیە بخاتە کارنامەی پەرلەمانەوە.



منداڵ و ژنانی کەسوکار بێسەروشوێن سێ شەو و ڕۆژ لە پێش پەرلەمان بوون (فۆتۆ:DIHA)





## دانیمارک بەدوای سۆران دا دەگەڕێ

رووداو- کۆپنهاگن پۆست

◆ پۆلیسی دانیمارکی بەدوای گۆرانیبێژ (سۆران سەفیر)دا دەگەڕێ، کە تۆمەتبارە بە پەلاماردان و لێدانی کچێکی دانیمارکی کە پێشتر دۆستی بووەو هەفتەی رابردوو لێک جیابوونەتەوە. بەپێی زانیارییەکانی پۆلیس، سۆران عەزیز، تەمەن 30 ساڵ، کە خەڵکی باشووری کوردستانە، پێش چوونی بۆ دانیمارک لە هۆڵەند بەناوی سۆران سەفیرو لەسویدیش بەناوی لێوار زرار ئەحمەد، داوای مافی پەنابەری کردووە. پۆلیسی دانیمارکی داوای هاوکاری دەکات بۆ دەستگیرکردنی سۆران و دەڵێ نازانین لەکوێ خۆی شاردووەتەوە، بەڵام چەند جارێک بەتەلەفۆن پەیوەندی بەکچە دۆستە بریندارەکەیەوە کردووەو هەڕەشەی لێکردووە.



### زوهێر حەسیب، هونەرمەندێکی بێ ناسنامە:

# کارەساتی ئاموودە لە تابلۆکانمدایە

## سوریا رێ لەکاری هونەرمەندانی کورد ناگرێ

**رووداو- هەولێر**

کە دەچێتە بەردەم پارچە قوماشێکی سپی لەنێو چوارچێوەیەکی ئامادەکرا و بۆ دروستکردنی تابلۆیەکی هونەری، هیچ بیرۆکەیەکی پێشوەختەی نییە و ترسێک لەدڵیدا هەیە، لەخۆی دەپرسێت ئایا دەتوانم کارێکی نایابتر لەوانەی پێشوو بکەم و داهێنان بخولقێنم، فڵچە دەخاتە سەر قوماشەکە و رەنگەکان دەوەشێنێت، تا دەگاتە فۆرم و پانتاییەک بۆ دارشتنی بیرۆکەیەک. ئەمە شێوازی ئیشکردنی شێوەکاری کورد (زوهێر حەسیب)ە.

ئەو لەبەردەم تابلۆکە دەوەستێت و کەرەستەی جۆراوجۆر بەکاردەهێنێت "سیمبوڵی ئاژەڵ و مرۆڤ و دار لەتابلۆکە دادەنێم، ئەو هەستە دواتر دەچێتە بەردەم دادگای عەقڵ، دەبینی دوو رەنگ لەگەڵ یەک تەبا نین، تەماشا دەکەم باش نییە و لەجێگەی خۆیدا نییە، رەنگی سێیەم دادەنێم کە هەردوو رەنگەکەی دیکە ئاشت دەکاتەوە و هونەرێک دەداتە تابلۆکە، خۆشم کە رەنگی سێیەم دادەنێم مورتاح دەبم".

زوهێر دەڵێ" زۆرجاران کە تابلۆ دروست دەکەم، تێکیدەدەم، دواتر دروستی دەکەمەوە، تا دەگەمە قەناعەتێک کە پێکهاتەکەی هیچ کەموکوڕییەکی نییە، چونکە من ترسم هەیە لەداهێنان".

لەیەکەمین سەردانیدا بۆ باشووری کوردستان، پێشانگەی لە سلێمانی و هەولێر کردەوە. لەکردنەوەی پێشانگای تایبەتی لەگەلەری رۆژ لە 2009/1/6 لەشاری هەولێر، شێوەکاری کوردی رۆژئاوای کوردستان، زوهێر حەسیب لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ (رووداو) چیرۆکی ئاشنابوونی خۆی لەگەڵ رەنگ ئاشکراکرد و، گوتی"هەنگاوی یەکەم کە مرۆڤ تابلۆیەک دروست دەکات دەبێ فلچەکەی لەناو خاکی خۆی بەکاربێنێت، چونکە ئەوکات ئیحساس زیاتر دروست دەبێت".

زوهێر حەسیب یەکێکە لەو سەدان هەزار کوردەی رۆژئاوای کوردستان (کوردستانی بندەستی سوریا)، کە بەو هۆیەوە رێی کاری فەرمی و موڵکدارییان لێگیراوە. زوهێر حەسیب لەساڵی 1960 لەبازێری حەسەکەی رۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە، بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای لەهونەرە جوانەکان — دیمەشق بەدەستهێناوە. بەشداریی دەیان پێشانگای تایبەتی و هاوبەشی کردووە لەوانەش، لەشاری بێرن لەسویسرا، پێشانگای نێودەوڵەتی لاوان لەسۆفیا و بەشداریشی لەزۆربەی پێشانگاکانی وەزارەتی رۆشنبیری سوریادا کردووە، هەروەها لەپێشانگایەکی هاوبەشدا لە ساڵی 2005 لە گەلەریی ئەمنە سوورەکە لەسلێمانی بەشداری کردووە.

ئێستاش تابلۆکانی لە زۆربەی گەلەرییەکانی جیهان وەکو ئەڵمانیا، سویسرا، سوید، پاریس هەن.جگە لەوەزارەتی رۆشنبیری سوریا، تابلۆکانی لە مۆزەخانەی نیشتیمانی سوریا، بەیروت، جدە، کوێت و سلێمانیش نمایشکراون.

وەک تامووبۆی تابلۆکانی چێژ دەدەنە مرۆڤ، لەکاتی قسەکردن بەردەوام جگەرەکەی داگیرساوە و دەیەوێت راستگۆیانە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، ئەو بەهۆی ئەوەی کە (عومەر حەسیب)ی برای هونەرمەندێکی نێوداری شێوەکار بووە لەشاری حەسەکە و سوریا، کە چاو دەکاتەوە دەبینێ لەناو رەنگەکاندایە و لەنیگارگەکەی (مرسم) براکەی ئاشنای دونیای رەنگ و هونەری شێوەکاری دەبێت، بەڵام بەبێ ئەوەی وێنەیەکیشی دروست کردبێت، دەڵێت "سەیری کارەکانیم دەکرد حەزمدەکرد منیش وەک ئەو بم، من لەوێ رەنگم بینی".

ئەوەش باس دەکات کە باوکی پیشەکار بووە و لەسەردەمی خۆی جەنجەر و ئامێری کێڵانی زەوی دروستدەکرد و سروشتی هەرێمی جزیرەش کاریگەری لەو کردووە، "هەمووی دەشت و دانەوێڵە و پەموو بوو، کاتێک لەگەڵ دایک و خوشکەکەم دەچوومە دروونە من دەمدیت ئەوان چۆن کار دەکەن و



منیش چۆڵەکە و قەتێم دەگرت، ئەوانە زۆر کاریگەرییان لێکردم، چونکە کاتێک مرۆڤ بەنێو تەمەندا دەچێت، ئەوانە هەموویان دەبنە تابلۆ".

بۆ ئەوەی زیاتر بچێتە ناو دونیای شێوەکاری دوای تەواوکردنی قۆناخی ئامادەیی، بەشی وێنەکێشانی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لەشام تەواو دەکات، پرۆژەی دەرچوونەکەشی بریتیبوو لە 15 تابلۆی جوتیارەکان لە کاتی دروێنە و سەپانی دا، دەڵێت "دەچوومە سەر گردێک سەیرم دەکرد ئەوان سەپانی دەکەن وەکو پارچەیەک زێڕ و گرووپێکی هەمەڕەنگ لەو دەشتە رەفتاریان دەکرد و دەجووڵانەوە".

ئەو هونەرمەندە هەرچەندە بێ ناسنامە و وەلاتینامەیە، بەڵام ئێستا حکومەتی سوریا پاسپۆرتێکی کاتی یەک ساڵی پێداوە بۆ ئەوەی هاتووچۆی پێ بکات و، ئەو دەڵێ کۆسپ بۆ کاری هونەری هونەرمەندانی کورد لە سوریا دروستناکرێ "نەخێر هیچ ئاستەنگێک نییە".

حەسیب وێڕای کاریگەرییەکانی هەریەک لەمامۆستا سەلمان و شێوەکار فاتیح مودەریس لەسەر هونەرەکەی، دوای کارکردنێکی بێوچان ستایلی ئیشکردنی خۆی دەدۆزێتەوە، بەرادەیەک تابلۆکانی بەبێ ئەوەی ناوی ئەویان لەسەر بێت دەزانرێ ئەوە تابلۆی زوهێرە، دەڵێت "تا هونەرمەند ستایلێک دەدۆزێتەوە بۆ هونەرەکەی دەبێ بەردەوام کار بکات، هەتا دەگەیتە شتێک کە خۆت لێی رازیت"، هەروەها گوتیشی "من لەزۆر ستایلی واقیعی تەعبیری دواتر لەقوتابخانەی ئینتیباعی دواتر سروشت کارم کردووە، ئێستاش گەڕامەوە تەکنیکێک کە زۆر مادە لە تابلۆکانم بەکار دەهێنم وەک مادەی Acrylics، هەر مادەیەک تابلۆکەم دەوڵەمەندتر بکات بەکاریدەهێنم، مادەکان وەک خێزانێک بەکاردەهێنم نەک یەکێک لەسەر حیسابی ئەویدیکە".

لەتابلۆکانی ئەو شێوەکارە کۆمەڵێک سیمبوڵی رۆژهەڵاتی بەدیدەکرێن، کە فەزایەکی جوان دەبەخشنە تابلۆکان، ئەو دان بەو راستییە دادەنێت کە دەوروبەر و ژینگە کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر کارەکانی هەیە، دەڵێت "جگە لەکولتووری کوردی، زۆر کولتور لەناو تابلۆکانم بەدیدەکرێن، بەتایبەتی لەنێو کاری هونەرییدا کاریگەری کولتووری عەرەبیشم لەسەرە".

یەکێک لەو کارەساتانەی کە لە بیر کوردان ناچێتەوە سووتانی سینەمای ئاموودەیە، ئەوکاتەی دەوڵەتی سوریا لەچوارچێوەی پیتاک کۆکردنەوە بۆ گەلی جەزائیر 500 منداڵی کوردی بردبوونە ئەو سینەمایە لە1960/11/13 کە تێیدا نزیکەی 300 زارۆکی کورد بەهۆی گڕگرتنی سینەماکە سووتان و بوونە قوربانی، سیاسەتمەدارانی کوردی وڵاتەکەش ئەو کارەیان بەدەستی ئەنقەست و پیلانگێڕی وڵاتی سوریا ناوزەد کرد کە دوای 49 ساڵ تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی جیدی لەسەر ئەو کارەساتە ئەنجامنەدراوە. زوهێر حەسیب کە لەهەمان ساڵدا لەبازێری حەسەکە لەدایکبووە، وەک هەموو کوردان سووتانی سینەماکە بە کارەساتێکی جەرگبڕ وەسفدەکات، بەڵام دەڵێت "نامەوێت بچمە ناو سیاسەت".

حەسیب ئاماژەی بەوەکرد لەتەواوی تابلۆکانیدا کارەساتی ئامووده رەنگیداوەتەوە " لەسەر تەواوی مەینەتییەکانی گەلەکەم کار دەکەم، "ئەو رووداوە ئێمە زۆر دێشێنی پێویستە لەتابلۆکانمان تێپەڕ بێت"، هەروەها گوتیشی"تابلۆی من ئەوە نییە کە منداڵێک بکەم سووتابێ، بەڵکو بەزمانێکی تەعبیری ئەو بیرۆکەیە دەگەیێنمە خەڵک، بۆ هەڵەبجەش زۆر ئیشم کردووە"، لەگەڵ ئەوەشدا گوتی "هیچ تابلۆیەکم تایبەت نییە بەو کارەساتە".

لەبارەی ئاگادار بوون لەرەوشی هونەری شێوەکاری لەباشووری کوردستان، حەسیب هەرچەندە ئاماژە بە شێوەکارانی وەک (نامق عەلی قادر، مدحەت کاکەیی، قەرەنی جەمیل) دەکات و کارەکانیان بە "دانسقە" ناو دەبات، بەڵام دەڵێت "لەبەر ئەوەی کاری شێوەکارانی ئێرەم کەمتر بینیوە، ناتوانم هیچ را و بۆچوونێکیان لەسەر بدەم".

ئەو شێوەکارە کوردە زیاتر لە 30 ساڵە لەگەڵ هونەرەکەی تێکەڵاوە، کە سەیری تابلۆکانی دەکات هەستێکی قووڵ لەچاوەکانی بەدیدەکرێن، ئێستاش لەدیمەشق دەژیت و ماڵ و نیگارگەکەشی لەو شارەن "بۆ ماوەی 30 ساڵ دەبێت من و تابلۆکانم بەتەنیا پێکەوە دەژین،ئەوان نەک هەر تەنها دۆستی منن، بەڵکو بەشێکن لەمن، منیش بەشێکم لەوان، تابلۆ گیانی منە، من بێ رەنگ و بێ نیگارگە و موزیک ناتوانم بژیم".

### ماتۆڕی هونەری محەممەد شێخۆ و مەحموود عەزیز کوژایەوە

# یوسف بەرازی مرد

**رووداو- قامشلۆ**

رۆژی 2009/1/15 شاعیری کلاسیکی کورد یوسف بەرازی (بێبوهار)، دوای 78 ساڵ ژیان، لە شاری سەرێ کانییێ رۆژئاوای کوردستان مرد.

هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە شیعرەکانی لە رێگەی سترانەکانی هونەرمەندانی وەک مەحموود عەزیز، محەممەد شێخۆ و سەعید گاباری گەیشتووەتە ملیۆنان کورد،بەڵام وەک شیعرەکانی ناسراو نەبوو.



یوسف بەرازی (بێبوهار)

بێبوهار، ئامێری تەمبوور و بلوێریشی دەژەنی و،ئاوازیشی بۆ چەندین هونەرمەند داناوە.

ئەو کە سەدان شیعری نووسیوە، هەندێکیان لە پێنج دیوان دا بڵاوکراونەتەوە :( زیندان-1988، بانگ-1997، راپەڕین-2002، سەرخۆبوون-2006 و پێشکەوتن-2008). بێبوهار لە ساڵی 2005دا لە قامشلۆ یەکەمین خەڵاتی جگەرخوێنی وەرگرت. ئەو 78 ساڵ ژیا.

یوسف عەلی بەرازی لە ساڵی 1931دا لە گوندی (گەرجێ) نزیک شاری حەلەب لەدایکبووە. لە ساڵی 1954دا لەگەڵ خێزانەکەی ئاوارەی سەرێ کانیێ بوون . ئەو قەت نەچووبووە قوتابخانە، بەڵام لەلای زمانزان رەشیدێ کورد فێری خوێندن ونووسینی کوردی بوو. سەبارەت بەوەی لەبەرچی نازناوی "بێبوهار"ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، جارێکیان گوتی:" چونکە کوردم و کوردیش هیچ کاتێک بەهاری نەدیوە،بەڵکو لە زستانێکی دژواردا دەژی".

بێبوهار لە ساڵی 1966دا دوو مانگ لەگەڵ ژمارەیەک وڵاتپارێزی کورددا گیرا . لەوێدا ئەو دەستی بە نووسینی شیعر کرد و هەردوو شیعرە بەنێوبانگەکەی "رابە ژ خەو چاڤێن راکەتی " و"حەبس و زیندان"ی نووسین. کە لەلایەن مەحموود عەزیز شاکر کرایە ستران. بەڵام ئەوەی دووەمیان بەدەنگی محەممەد شێخۆ دەنگیدایەوە.

یەکەمین هونەرمەند کە بێبوهار شیعر و ئاوازی خۆی پێدان، مەحموود عەزیز شاکر بوو. کە لە ساڵی 1967دا یەکتریان ناسی. مەحموود عەزیز ئەو شیعرانەی بێبوهاری کردوونەتە ستران کە ئاوازەکانیشیان هەر هی بێبوهارن :(حەبس و زیندان، پەروین، رابە ژ خەو، شین بوو رحان، ئەمان دلۆ، گولیزار، دلێ من هەر ب ئاهینە، شیرین تو جینارا منی). کە هەموویان لە ئێزگەی کوردی بەغدا تۆمارکراون .

هونەرمەندی نێودار محەممەد شێخۆش، حەزی لە شیعر و ئاوازەکانی بێبوهار دەکردن و داوای لێکرد کە رێیان پێبدات بیانڵێتەوە. بەڵام ئەو شیعرانەی زیاتر بە دەنگی شیخۆ دەنگیان دایەوە.

# لەیلا بە کوردستاندا رایکرد

## لەیلا فروهەر: عاشقی قورمەسەبزی و ئێسیم

**رووداو- ئەمریکا**

لەیلا کچێکی دەم بەپێکەنینە، ئەو خۆشەویستی باوکی بوو،بەردەوام لەگەڵ دایک و باوکی بەشداری ئەو بۆنەو ئاهەنگانەی دەکرد کە هاوڕێیانی باوکی سازیاندەکردن، ئەو ئێستا لە ئەمریکایەو عاشقی "قورمە سەبزی و گوڵی رۆژ"ە.

لەیلا فروهەر، لەساڵی 1958 لەبنەماڵەیەکی هونەری لەشاری ئەسفەهان لەدایکبووە. هەر لەتەمەنی منداڵییەوە کەسێکی زۆر سادەو میهرەبان بوو. جیهانگیر فروهەر باوکی لەیلا، کە لەبنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بوو، تەنیاو تەنیا بیری لەسینەما دەکردەوە، هەر بۆیە سەرنجام بووە ئەکتەرێکی بەنێوبانگی ئێران، ئەوەش کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر لەیلا هەبوو.

جیهانگیر باوکی لەیلا کە بە"باوکی شانۆ و سینەمای ئێران" ناسرابوو، تامردنی بەشداری زیاتر لە 80 فیلمی سینەمایی کرد. ئەو لەساڵی 1942 یەکەمین کاری شانۆیی خۆی بەرۆڵبینی لە شانۆگەری (یوسف و زولێخا) دەستپێکرد و دواتر بە بەشداریکردنی لە فیلمی (گەنجینەی حەزرەتی سلێمان) چووە نێو بواری سینەما.

لەیلا بەمردنی باوکی لە 15/ 12/ 1997 زۆر خەمبار بوو، بەتایبەتیش کە لە کاتی مردنیدا نەیتوانی ببینێ. لەیلا لە ئەمریکا پرسەی بۆ باوکی دانا، دواتر هەوڵیدا بۆ سەردانی گۆڕی باوکی بچێتەوە ئێران، بەڵام حکومەتی ئێران رێگەی پێنەدا .

لەیلا بەهاوکاری دایک وباوکی لەتەمەنی 8 ساڵیدا بەشداری چەندین شانۆگەری لەئەسفەهان کرد. ئەو لەساڵی 1965 بەشداری لەفیلمەکانی (موراد و لالە) و (کەڵەشێری شەرکەر) کردو چووە نێو بواری سینەما، هەرچەندە تەمەنی بچووک بوو، بەڵام نێوبانگێکی زۆری بەدەستهێناو نازناوی "منداڵی سینەمای ئێران"ی پێبەخشرا.

بەنێوبانگترین و پرفرۆشترین فیلم کە لەیلا بەشداری تێدا کرد، فیلمی (سوڵتانی دڵەکان) بوو، کە لەدەرهێنانی محەممەد عەلی فەردین، ئەکتەرو دەرهێنەری کۆچکردوو و بەنێوبانگی ئێران بوو. ئەو فیلمە تائێستاش هەر رەواجی هەیە و، مرۆڤ لێی تێرنابێ.

رۆڵگێڕانی کاریگەرانەی لەیلا لەتەمەنی 9 ساڵیدا لەو فیلمەدا، وای لەفەردین کرد کە ئاهەنگی لەدایکبوونی لەیلا لەسەندیکای هونەرمەندانی ئەو کاتی ئێران ساز بکات. وەکو لەیلا لەدیدارێکی رۆژنامەڤانیدا لەو بارەوە دەڵێ "ئەو رۆژە خۆشترین و گرنگترین دیاری ژیانم بوو کە تائێستاش لەیادم نەکردووە". لەیلا تا ساڵی 1979 بەشداری زیاتر لە 45 فیلمی سینەمایی ئێرانی کرد.

ئەو لەتەمەنی لاویدا بەهاوکاری مامۆستایەک بەنێوی تاجبەخش، خۆی فێری چەندین ئامێری مۆسیقا کرد بەتایبەت ئامێری (سێ تار)، بەهۆی ئەو پێشکەوتنەوە توانی لە تەمەنی 14 ساڵیدا وەکو خۆی دەڵێ گرنگترین و یەکەمین ئەلبوومی گۆرانی خۆی بەنێوی (شەمیم) بەهاوکاری ئۆرکستڕای 40 کەسی لەیانەی میامی تاران پێشکێش بکات، دەڵێ "ئەوەش بووە ئەو رێگە گرنگەی کە تائێستا کاری لەسەر دەکەم".



دوای هاتنە سەرکاری حوکمی ئیسلامی بە رێبەرایەتی خومەینی، لەیلا و دایک و باوکی چیتر نەیانتوانی درێژە بەکارە هونەرییەکانیان بدەن، چونکە حکومەتی ئێران رێگەی پێنەدەدان، بۆیە لەمانگی 11ی 1986 لەیلاو فەریبا ئێرانیان بەجێهێشت، هەندێ لەرۆژنامەکانی ئەوکاتی ئێران ئاماژەیان بەوەدابوو کە لەیلا بەرێگەی کوردستان چووەتە تورکیاوماوەی مانگێکیش لەکوردستان ماوەتەوە تاوەکو توانیویەتی دەرباز بێت. لەیلاو فەریبای خوشکی بەهاوکاری هەندێ لەکەسوکاریان کە لە ئەمریکا نیشتەجێبوون، توانیان بگەنە ئەمریکا .

جیهانگیری باوکی لەیلا لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کچەکانی بچنە دەرەوە، بۆیە خۆی لە ئێران مایەوە و دایکی لەیلاش، فەرەنگیس فەرحزادی، کە ئەکتەرێکی بەنێوبانگ بوو، دوای چوونی لەیلاو فەریبا لە ئێران، گیانی لەدەستدا.

لەیلا و فەریبا دوای دوو هەفتە لە دەرچوونیان لە ئێران گەیشتنە ویلایەتی لۆسانجلێسی ئەمریکا و لەوێ کارە هونەرییەکانی خۆیان دەستپێکردەوە. لەیلا کە تائێستا 20 ئەلبوومی گۆرانی هەیەو (ماە من) دوایین ئەلبوومیەتی، بەشداری سەدان کۆنسێرتی لە وڵاتانی جیهان کردووە.

فەریبای خوشکی لەیلا، بەڕێوەبەری کارە هونەرییەکانی لەیلایەو هەوڵدەدات خوشکی بگەیێنێتە لوتکەی سەرکەوتنی هونەری. لەدیدارێکدا لەیلا لەبارەی فەریبای خوشکی دەڵێ "فەریبا هەوڵێکی زۆری داوە من بگەمە ئەو لەیلایەی کە ئێستا هەم، من شانازی بەخوشکێکی واوە دەکەم".

بەپێی گۆڤاری (تپش) کە گۆڤارێکی بەنێوبانگی فارسییەو لەئەمریکا دەردەچێ، ئەوەی لەیلا لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندانی دیکەی فارس جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە دەتوانێ بە هەموو شێوەیەک گۆرانی بڵێت. لەگۆرانی پۆپەوە بگرە تا کلاسیک، جگە لەوەش دەتوانێ بەچەندین زمانی جۆراوجۆر گۆرانی بڵێت. بۆنموونە لەئەلبوومی (Plant Of Harmony) کە لەساڵی 1996 بڵاوکرایەوە، بەزمانەکانی کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی، تورکی، ئەفغانی، ئیتالی، ئەرمەنی، ئیسرائیلی، یۆنانی گۆرانی گوتووە. جگە لەو ئەلبوومە لەیلا لە ئەلبوومێکی دیکەی خۆیدا گۆرانی (بەرزی بەرزی) ناسر رەزازی، بە کوردی گوتووەتەوە، کە لەرۆژهەڵاتی کوردستان دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو و لەساڵانی دەرچوونی ئەو گۆرانییە لەزۆربەی تۆمارگاکان بەئاشکرا ئەو گۆرانییە لێدەدرا.

پێش ئەوەی لەیلا لەئێران بچێتە دەرەوە، چەندین خوازبێنی بۆ هاتبوون، بەڵام رەتیکردنەوە، هەندێکیان ئەکتەری بەنێوبانگی سینەمای ئێران بوون، بەڵام ئەو دەیگوت "جارێ ناتوانم شوو بکەم، من ئێستا هەموو هەوڵێکم بۆ پێشخستنی هونەرەکەم خستووەتەگەڕ".

دوای ئەو هەموو ساڵە لەیلا لە 2004/8/19 بڕیاریدا شوو بکات، چونکە وەکو خۆی دەڵێ "عاشقی ئێسی بووم"، ئەو لەگەڵ ئێسی نەبی کە بەڕێوەبەری ریستۆرانتێکی گەورەی ئێرانییە لە ئەمریکا بەنێوی (کاسپین)، دوای ئەوەی لەو ریستۆرانتە لەیلا کۆنسێرتێک ساز دەکات، لەگەڵ ئێسی ئاشنا دەبێ و دواتر بڕیاری پێکەوە ژیانی هاوسەرێتی دەدەن.

لەیلا فروهەر کە بە "شاکچی موزیکی ئێران" ناسراوە، جگە لەکارە هونەرییەکانی، بەڕێوەبەری ئارایشگای لەیلا و کۆمپانیای (ریل ستێیت)ە بۆ بیناسازی و زەوی و زار لەلۆسانجلێسی ئەمریکا.

لەیلا کە هەردەم عاشقی خواردنی قورمە سەبزی (فسنجون)ە، لەتەمەنی 18 ساڵیدا لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ گۆڤاری (ئەستێرەی سینەما) کە لەئێران دەردەچوو، دەڵێ "عاشقی خواردنی (قورمە سەبزی)م" کە خواردنێکی ئێرانییە، هەروەها زۆر سەرسامی گوڵی (رۆژ)ی سوورە.



## تاراوگه





نیشتی پالێوراوه

**رووداو- ستۆكهۆڵم**

◆ **بڕیاره رۆژی 2009/1/22 گاڵای كوردی له‌شاری ستۆكهۆڵمی پایته‌ختی سوێد سازبكرێ،هه‌ر له‌ئێستاشه‌وه پاڵێوراوانی خه‌ڵات وه‌رگرتنه‌كه ئاشكرابوون، كه‌بۆ خه‌ڵاتی رێكخراو یان كه‌سایه‌تی كوردی هونه‌رمه‌ندی كۆمیدی نیشتی ستێرک، ده‌رهێنه‌ر دانا مه‌عروف وتیپی دال كورد، رۆژنامه‌نووس دلشاد میربه‌گ پاڵێوراون، بۆ خه‌ڵاتی كه‌سایه‌تی سوێدی دۆستی كوردیش لارش ئۆلی سه‌رۆكی پارتی چه‌پ، كلاس نوردمارک دامه‌زرێنه‌ری تۆڕی سوسیالدیموكراتی كوردی، رێكخراوی قه‌ندیل و هه‌روه‌ها ئوڤێ رۆدبێری ن.**



### كوردانی وڵاتی ژاپۆن ده‌چه‌وسێندرێنه‌وه

# پرۆفیسۆرێكی ژاپۆنی له‌سه‌ر كورد ره‌خنه له تۆكیۆ ده‌گرێت

**رووداو-ژاپۆن**

تسوشی ئه‌میمیا، ته‌مه‌ن 74 ساڵ، پرۆفیسۆر له زانكۆی گاكونی ژاپۆن، به‌سه‌رهاتی ئه‌و رۆژه ده‌گێڕێته‌وه كه تێیدا ئاشنای ره‌وشی په‌نابه‌رانی كورد بوو له وڵاته‌كه‌ی و، خه‌مباری خۆی به پشتگوێخستنی ئه‌و په‌ناخوازه كوردانه نیشاندا له‌لایه‌ن حكومه‌تی تۆكیۆوه.

له رۆژێكی ساڵی 2004دا تسۆشی ئه‌میمیا به‌ره‌و چاوپێكه‌وتنێكی پزیشكی ددان ده‌ڕۆیشت، چاوی به په‌نابه‌رێكی كورد كه‌وت كه كاغه‌زی به‌سه‌ر په‌نابه‌ره‌كانی دیكه‌دا له‌به‌رده‌م كۆشكی نه‌ته‌وه‌یه‌كگرتووه‌كان له شاری تۆكیۆ، دابه‌ش ده‌كرد.

ئه‌و كوردانه گوتیان، كه به‌هۆی ئه‌وه‌ی له توركیا به‌شداریان له چالاكی سیاسی كردووه، به‌ره‌و ژاپۆن رایانكردووه بۆ وه‌رگرتنی مافی په‌نابه‌رێتی سیاسی، به‌ڵام چه‌ند جارێك داواكه‌یان ره‌تكراوه‌ته‌وه.

بۆ ئه‌وه‌ی پشتیوانی رای گشتیی به‌ده‌ستبێنن و فشارێك بۆ باشكردنی مامه‌ڵه‌ی حكومه‌ت له‌گه‌ڵ په‌نابه‌ران دروستبكه‌ن، ئه‌ردال دۆغان له‌گه‌ڵ خانه‌واده‌كه‌ی و هاوڕێیه‌كانی دیكه‌ی بۆ ماوه‌ی سێ رۆژ له‌به‌رده‌م باره‌گای نه‌ته‌وه‌یه‌كگرتووه‌كان له تۆكیۆ مانیگرت، كه ئه‌و باره‌گایه‌ش به‌رامبه‌ر ئه‌و قوتابخانه‌یه بوو كه ئه‌میمیا بۆ ماوه‌ی زیاتر له 10 ساڵ وانه‌ی ئینگلیزی تێدا ده‌گوته‌وه.

ئه‌میمیا سه‌رسام بوو به‌وه‌ی بینی، له‌به‌رئه‌وه‌ی به‌بۆچوونی خۆی، ئه‌و شاره‌زایه‌كی باشی هه‌بووه له ره‌وشی په‌نابه‌ران له وڵاته‌كه‌ی، ئه‌مه‌ش به‌هۆی ئه‌وه‌ی هه‌موو ساڵێك قوتابیه‌كانی خۆی به‌مه‌به‌ستی توێژینه‌وه له هه‌ژاری، ده‌بردنه كامپی په‌ناخوازان له وڵاته‌كه‌ی.

ئه‌میمیا له‌م باره‌وه گوتی" هه‌ستم به شه‌رمه‌زاری كرد كه تا ئه‌وكاته نه‌مزانی بوو، خه‌ڵك هه‌یه له ژاپۆن داوای مافی په‌نابه‌رێتی سیاسی ده‌كات".

سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی ژاپۆن خۆی وانیشانده‌دا كه ئاماده‌یه خه‌ڵكی ئاواره له باوه‌ش بگرێت، به‌ڵام له ماوه‌ی ساڵانی 1982-2004 مافی په‌نابه‌ری ته‌نیا داوه‌ته 330 په‌ناخواز له كۆی 3،544 ئاواره كه داوای مافی په‌نابه‌رییان كردبوو.

له ساڵی 2004دا ته‌نیا داوای 15 ئاواره، قبوڵكراوه و تا ئێستاش یه‌ك كورد مافی په‌نابه‌رێتی سیاسی له ژاپۆن وه‌رنه‌گرتووه.

پرۆفیسۆری ناوبراو ئاشكرای كرد كه ئه‌و دیارده‌یه وای لێكرد كه به ته‌واوی تێكه‌ڵی مه‌سه‌له‌ی په‌نابه‌ران ببێ و له‌مباره‌یه‌وه گوتی" پشتگوێخستن شه‌رمه‌زارییه، به‌ڵام له‌و باوه‌ڕه‌دام ئه‌گه‌ر هه‌ڵوێستت هه‌بوو، ئه‌وا بارودۆخه‌كه ده‌گۆڕێت، شه‌رمه‌زارترین كار ئه‌وه‌یه كه هه‌ڵوێستت نه‌بێت".

دوو خێزانی كورد هه‌ڵوێستیان نواندو، ماوه‌ی 72 رۆژ له‌به‌رده‌م باره‌گای نه‌ته‌وه‌یه‌كگرتووه‌كان له‌تۆكیۆ مانیان گرت و میدیاكانی ژاپۆن و ده‌ره‌وه‌یان سه‌رقاڵكرد،ئه‌وكاته‌ش مانگرتنه‌كه‌یان كۆتایی پێهێنا كه ناچاركران ئه‌و شوێنه به‌جێ بێڵن.

ئه‌میمیا ستایشی هه‌وڵه‌كانی ئه‌و دوو خێزانه‌ی كرد، به‌ڵام پێیوابوو كه نه‌ده‌بوایه ئه‌و ئه‌ركه بخرایه‌ته سه‌ر شانی كورد.

له‌م باره‌یه‌وه ئه‌میمیا گوتی" له راستیدا ئه‌وه ئه‌ركی سه‌رشانی ژاپۆنییه‌كان بوو، له‌به‌رئه‌وه‌ی ئێمه ئه‌و خه‌ڵكه‌مان خستووه‌ته ئه‌و بارودۆخه‌وه، به‌هۆی ئه‌وه‌ی ئێمه پاڵپشتی له‌و حكومه‌ته ده‌كه‌ین، له‌و بڕوایه‌دام كه ئه‌وه كێشه‌ی ئێمه‌یه".

كاتێك قسه‌ی له‌گه‌ڵ دۆغان و په‌نابه‌ره‌كانی دیكه كردبوو، ئه‌میمیا ئه‌وه‌ی بۆ ئاشكرا بوو كه كێشه‌كه ته‌نیا ئه‌وه نییه كه داوای مافی په‌نابه‌رێتیان به‌رده‌وام ره‌تده‌كرێته‌وه. ئه‌وان پێیان راگه‌یاندبوو كه ئه‌وان به‌هۆی مه‌ترسی بۆ سه‌ر ژیانیان روویان كردووه‌ته ژاپۆن، بۆئه‌وه‌ی پشتیوانیان لێبكرێ، به‌ڵام لێره وه‌كو تاوانبار هه‌ڵسوكه‌وتیان له‌گه‌ڵ ده‌كرێت.

ئه‌میمیا پێیوابوو كه ده‌توانێت پشتیوانی داواكه‌یان بكات و یارمه‌تیان بدات و، هه‌موو جارێك ئه‌و په‌نابه‌رانه‌ی بانگهێشتی قوتابخانه‌كه ده‌كردن و داوای له‌و په‌ناخوازانه ده‌كرد به‌سه‌رهاتی خۆیان له وڵاته‌كه‌ی خۆیان و ژاپۆنیش بۆ قوتابیه‌كان بگێڕنه‌وه.

پاشان ئه‌میمیا به‌سه‌رهاتی په‌ناخوازان و هه‌ڵوێستی قوتابیه‌كانی وه‌كو كتێبێك چاپكرد.

دوای ئه‌وه‌ش ئه‌میمیا له‌گه‌ڵ چه‌ند په‌ناخوازێكی دیكه قسه‌ی كرد و ئه‌و په‌نابه‌رانه‌ش پێیان راگه‌یاندبوو كه هه‌ندێ به‌رپرس بڕوا به چیرۆكه‌كانیان ناكه‌ن، نه‌ك ته‌نیا له‌به‌رئه‌وه‌ی چیرۆكه‌كانیان زۆر خوێناوی بوون، به‌ڵكو به‌هۆی ئه‌وه‌ی كه‌سیان زمانی ژاپۆنیشیان نه‌ده‌زانی.

له‌درێژه‌ی قسه‌كانیدا ئه‌میمیا گوتی" ویستم ئه‌و مه‌سه‌له‌یه بۆ كۆمه‌ڵگاكه‌مان ئاشكرا بكه‌م".

له سه‌ره‌تای ساڵی 2005،ئه‌میمیا چاوپێكه‌وتنی له‌گه‌ڵ نزیكه‌ی 15 په‌ناخوازی كورد و، چه‌ند په‌ناخوازێكی مایناmar و ئێرانیش كرد، دۆغانیش وه‌كو وه‌رگێڕێك له‌گه‌ڵ ئه‌میمیا كاری ده‌كرد.

ئه‌میمیا چاوپێكه‌وتنه‌كانی كرده كتێب و هه‌روه‌ها له‌نێو كتێبه‌كه‌ش وێنه و زانیاری دیكه‌ی له‌سه‌ر په‌نابه‌ران بڵاوكرده‌وه.

له مانگی ئاداری 2006، كتێبه‌كه‌ی ئه‌میمیا به‌ناوی " خانه‌واده‌كه‌م چی به‌سه‌ر هاتووه؟"، كه‌وته بازاڕه‌وه و مانگی ئه‌یلولی رابردووش، چاپه ئینگلیزییه‌كه‌ی بڵاوكرایه‌وه.

له‌و كتێبه‌دا، روونكراوه‌ته‌وه كه چی وای له په‌ناخوازه‌كان كردووه دژی حكوومه‌ته‌كه‌ی خۆیان هه‌ڵوێست وه‌ربگرن و پاشان روویكه‌نه ژاپۆن.

هه‌روه‌ها ئه‌و په‌ناخوازانه باس له‌و هه‌ڵسوكه‌وته خراپانه ده‌كه‌ن كه به‌رپرسانی كامپی په‌ناخوازان له‌گه‌ڵیان ده‌كه‌ن، هه‌روه‌ها چۆن ئه‌و روانگه‌یه‌یان گۆڕاوه به‌وه‌ی كه ژاپۆن په‌نابه‌ر له باوه‌ش ده‌گرێت و وڵاتێكی ئازاده.

بۆ نموونه ئه‌و په‌ناخوازانه رایانگه‌یاند كه كاتێك ده‌ستگیركراون، له‌گه‌ڵ تاوانباری دیكه‌دا له‌یه‌ك ژووردا بوون و هه‌ندێكیشیان له خێزانه‌كانیان جیاكراونه‌ته‌وه و هه‌ندێكیش ده‌ڵێن ئه‌شكه‌نجه دراون و خواردن و داوده‌رمانی خراپیان پێدراوه.

هه‌روه‌ها له‌و كتێبه‌دا په‌ناخوازان نیگه‌رانییه‌كی زۆر ئاشكرا ده‌كه‌ن به‌وه‌ی ترسی ئه‌وه‌یان هه‌یه بیانگه‌ڕێننه‌وه بۆ وڵاته‌كه‌ی خۆیان.

ئه‌و په‌نابه‌رانه، ئازادكراون هه‌تا بڕیاری كۆتایی له‌سه‌ر چاره‌نووسیان ده‌رده‌چێت، به‌ڵام به‌پێی یاسای ژاپۆن، كه‌سیان بۆیان نییه كار بكه‌ن، یاخود له‌و وڵاته ده‌ربچن.

ژماره‌ی په‌نابه‌ران رۆژ له دوای رۆژ له ژاپۆن به‌ره‌و زیادبوون ده‌ڕوات و له ساڵی 2007دا، 816 ئاواره داوای مافی په‌نابه‌رێتیان كرد، به‌ڵام ته‌نیا داوای 41یان قبوڵكرا.

ساڵی رابردووش، 1،450 ئاواره، داوای مافی په‌نابه‌رێتیان كرد، به‌ڵام هه‌تا ئێستا حكوومه‌ت راینه‌گه‌یاندووه كه چه‌ند كه‌سی قبوڵ كردووه. دۆغان و خێزانه‌كه‌ی ژاپۆنیان به‌جێهێشت دوای ئه‌وه‌ی له ساڵی 2007 له لایه‌ن كه‌نه‌داوه وه‌كو په‌نابه‌ری سیاسی قبوڵكران.

ئه‌وه‌ی ئه‌میمیای نیگه‌ران كردووه ئه‌وه‌یه كه زۆربه‌ی ئه‌وانه‌ی كتێبه‌كه‌یان خوێندووه‌ته‌وه، دووچاری شۆك بوون به‌رامبه‌ر هه‌ڵوێستی حكوومه‌ته‌كه‌یان، به‌ڵام كه‌سیان ئاماده نین هیچ بۆ ئه‌و مه‌سه‌له‌یه بكه‌ن.

له كۆتاییدا، ئه‌میمیا گوتی" حه‌زده‌كه‌م خه‌ڵك هه‌ڵوێستی هه‌بێت له‌و باره‌یه‌وه و هه‌وڵبده‌ن بارودۆخه‌كه بگۆڕن. ئه‌گه‌ر مافه‌كانی مرۆڤ و دادپه‌روه‌ری پێشێلكرا و خه‌ڵك چه‌وسێنرایه‌وه، پێویسته ئێمه به‌ره‌نگاری ببینه‌وه و هه‌ڵوێست وه‌ربگرین".

**له رۆژنامه‌ی Japan Times ه‌وه وه‌رگیراوه**



دیمه‌نێك له شاری تۆكیۆی پایته‌ختی ژاپۆن

### هه‌ڵبژاردنه‌كانی په‌رله‌مانی ئه‌وروپا له ئه‌ڵمانیا

# شه‌ش پاڵێوراوی كورد كه‌وتنه نێو پێشبڕكێی پاڵاوتنه‌وه

**رووداو- ئه‌ڵمانیا**

له حه‌وتی حوزه‌یرانی ئه‌م ساڵدا له سه‌رانسه‌ری وڵاتانی یه‌كێتیی ئه‌وروپا، هه‌ڵبژاردنه‌كانی په‌رله‌مانی ئه‌وروپا ئه‌نجامده‌درێ.

له ئه‌ڵمانیا شه‌ش هاووڵاتیی به ره‌سه‌ن كورد ده‌یانه‌وێ كورسییه‌كی په‌رله‌مانی ئه‌وروپا به‌ده‌ستبێنن. له پارتی چه‌پ (DieLinke)دا پێنج كورد كه‌وتوونه‌ته نێو پێشبڕكێی هه‌ڵبژاردنه‌وه بۆ ئه‌وه‌ی بكرێنه پاڵێوراو، كوردێكی دیكه‌ش له نێو پارتی سه‌وز (Bündnis90/Die Grünen) دا هه‌وڵی خۆی ده‌دات.

هه‌رچه‌نده ژماره‌ی كوردان له ئه‌ڵمانیا به نزیكه‌ی 700هه‌زار كه‌س مه‌زه‌نده ده‌كرێ، به‌ڵام تائێستا یه‌ك كورد توانیویه‌تی ببێته ئه‌ندامی په‌رله‌مانی ئه‌وروپا، كه ئه‌ویش فه‌له‌كناس ئوجای ته‌مه‌ن 31 ساڵه. ئوجا له ساڵی 1999ه‌وه، دووجار له‌سه‌ر یه‌ك بووه‌ته ئه‌ندامی په‌رله‌مانی ئه‌وروپا و، ده‌یه‌وێ ئه‌مساڵیش خۆی بپاڵێوێته‌وه‌و چوار ساڵی دیكه‌ش له‌سه‌ر كورسییه‌كه‌ی له په‌رله‌مانی ئه‌وروپا دابنیشێته‌وه. به‌ڵام به‌پێی هه‌ندێ زانیاری كه له نێوخۆی پارتی چه‌په‌وه ده‌رده‌چن شانسی فه‌له‌كناس بۆ هه‌ڵبژاردنه‌وه كه‌مبووه‌ته‌وه. كۆمیته‌ی به‌رێوه‌به‌ری پارتی چه‌پ لیستێكی پێشنیازكردووه كه نه ناوی فه‌له‌كناس و نه‌نێوی هیچ پاڵێوراوێكی به ره‌سه‌ن كوردی تێدا نییه.

به‌ڵام ئه‌وه له كۆنگره‌ی هه‌ڵبژاردنی پاڵێوراوانی پارته‌كه‌دا یه‌كلایی ده‌بێته‌وه، كه له‌مانگی شوبات دا له‌شاری ئه‌سه‌نی هه‌رێمی نۆرد راین ده‌به‌سترێ. ئه‌و كات لیستی پارته‌كه بۆ هه‌ڵبژاردنه‌كانی ئه‌وروپا ئاشكرا ده‌بێت و روون ده‌بێته‌وه ئه‌و پارته ئه‌و شانسه ده‌داته ئه‌و ئه‌ندامه كوردانه‌ی یان نا. له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌م هه‌ڵبژاردنه له سه‌ر بچنینه‌ی رێژه‌یی و لیست ئه‌نجامده‌درێ و، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی پارتی چه‌پ، پارتێكی بچووكه ناتوانێ زۆر كورسی به‌ده‌ستبێنێ، هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌ش فه‌له‌كناس ئوجه و ئه‌ندامه كورده‌كانی دیكه شانسی پاڵاوتنه‌وه‌یان هێنده زۆر نییه.

جگه له فه‌له‌كناس ئوجا، چوار كوردی دیكه‌ش ده‌یانه‌وێ بكه‌ونه نێو پشبڕكێی پاڵاوتنه‌وه له‌و كۆنگره‌یه‌دا كه پارته‌كه‌یان له مانگی داهاتوودا سازی ده‌كات كه ئه‌وانیش بریتین له: ریم فارها، ئه‌ڤریم بابا، سۆنگول كارابولوت و غه‌یاسه‌دین سایان. جگه له ریم فارها، كه سه‌ر به بنه‌ماڵه‌یه‌كی كوردانی شامه، چواره‌كه‌ی دیكه هه‌موویان خه‌ڵكی باكووری كوردستانن.

ئه‌ڤریم بابا و غه‌یاسه‌دین سایان ئه‌ندامی په‌رله‌مانی هه‌رێمی به‌رلینن. وه‌ك فه‌له‌كناس ئوجا، ئه‌وانیش به نزیكایه‌تی له پارتی كرێكارانی كوردستان ناسراون. به‌ڵام به‌پێی زانیارییه‌كان PKK ئه‌مساڵ پشتگیرییان ناكات. ده‌زگا نزیكه‌كانی PKK ئاشكرایان كرد، كه ئه‌وان پشتگیری له سۆنگول قه‌ره‌بولوت ده‌كه‌ن، تاوه‌كو ببێته ئه‌ندامی په‌رله‌مانی ئه‌وروپا.

قه‌ره‌بولوت له چه‌ندین ده‌زگا و رێكخراوی سه‌ر به PKK دا چالاكه، له‌وانه‌ش كۆنگره‌ی نه‌ته‌وه‌یی كوردستان KNK.

جگه له‌و پێنج كورده‌ی هه‌وڵده‌ده‌ن ببنه پاڵێوراوی پارتی چه‌پ، كوردێكی دیكه‌ش له هه‌وڵدان دایه بۆئه‌وه‌ی بكه‌وێته نێو لیستی پاڵێوراوانی پارتی سه‌وز، كه ئه‌ویش محه‌ممه‌د مه‌حه‌ممه‌ده و، خه‌ڵكی رۆژئاوای كوردستانه.

ئه‌و پێش چه‌ند ساڵێك له‌به‌ر چه‌وساندنه‌وه‌ی رژێمی سوریا رایكردو هاتووه‌ته ئه‌ڵمانیا، له‌به‌ر ئه‌وه‌ش شانسی ئه‌و بۆ بوونه پاڵێوراوی پارتی چه‌پ بۆ هه‌ڵبژاردنه‌كانی په‌رله‌مانی ئه‌وروپا زۆر كه‌مه.

كۆنگره‌ی پارتی سه‌وز بۆ هه‌ڵبژاردنی پاڵێوراوه‌كانی له 24 و 2009/1/25 دا له شاری دۆرتمۆند سازده‌كرێ.

له پارتی سۆسیال دیموكرات SPD دا، هیچ پاڵێوراوێكی به ره‌سه‌ن كورد نییه. پارتی مه‌سیحی دیموكرات و پارتی لیبرالیش، هێشتا پاڵێوراوه‌كانی خۆیان ئاشكرا نه‌كردوون. به‌ڵام ده‌رفه‌تی ئه‌وه‌ی پاڵێوراوێكی كورد كه بكه‌وێته نێو لیستی ئه‌م دوو پارته‌وه، وه‌ك بڵێی شتێكه هه‌ر رێی تێ ناچێ.



ئه‌ڤریم بابا | غه‌یاسه‌دین سایان | سۆنگول قه‌ره‌بولوت | محه‌ممه‌د مه‌حه‌ممه‌ده | فه‌له‌كناس ئوجا

# كه‌ناری كالایاس ده‌روازه‌ی په‌ناخوازانی كورد به‌ره‌و به‌هه‌شت

**كالایه‌س- فه‌ره‌نسا**

محه‌ممه‌د، ته‌مه‌ن 29 ساڵ، گه‌نجێكی ئه‌فغانستانییه، سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی خۆی پێچاوه‌ته‌وه، به‌ڵام هێشتان له سه‌رمان هه‌ڵده‌له‌رزێ .ئه‌و ده‌ڵێ ماوه‌ی دوو هه‌فته‌یه له‌و ناوچه كه‌ناراوییه‌ی فه‌ره‌نسا چاوڕێی هه‌لێك ده‌كات بۆ ئه‌وه‌ی خۆیان بگه‌یێننه یه‌كێك له‌و ترێلانه‌ی به كه‌ناڵی ئینگلیزیدا ده‌تگه‌یێننه له‌نده‌ن.

نزیكه‌ی 600 په‌ناخوازی هه‌ڵاتوو، له‌م ناوچه كه‌ناراوییه‌ی به كالایه‌س ناسراوه، له‌و په‌ناگه ده‌ستكرده‌دا كۆبوونه‌ته‌وه كه 150 میل له باكووری شاری پاریسه‌وه دووره. زۆربه‌ی ئه‌و هه‌ڵاتووانه خه‌ڵكی كوردستان و ئه‌فغانستان و ئه‌فریقیان.

زۆربه‌ی خه‌ڵكه‌كه قوربانی ده‌ستی شه‌ڕن كه به هۆی ناكۆكی خوێناوییه‌وه وڵاته‌كه‌ی خۆیان به‌جێهێشتووه‌و روویانكردووه‌ته ئه‌م رێگه‌یه، به‌ڵام هه‌موویان یه‌ك تاكه ئامانجیان هه‌یه، ئه‌ویش گه‌یشتنه شاری له‌نده‌نه.

له ساڵی 2002 كاتێك نیكۆلاس سارکۆزی سه‌رۆكی ئێستای فه‌ره‌نسا، كه ئه‌وكات وه‌زیری ناوخۆی فه‌ره‌نسا بوو، پێیوابوو هه‌ر ئه‌وكات كێشه‌ی دزه‌كردنی په‌ناخوازانی له وڵاته‌كه‌یه‌وه بۆ به‌ریتانیا چاره‌سه‌ر كردووه، كاتێك په‌ناگه‌یه‌كی خاچی سووری له‌و ناوچه‌یه داخست. ئه‌و په‌ناگه‌یه شوێن و خواردنی خۆڕایی بۆ ئه‌و په‌ناخوازه هه‌ڵاتووانه دابین ده‌كرد، كه ساركۆزی پێیوابوو ئه‌و په‌ناگه‌یه بووه‌ته مۆگناتیسی ئه‌و خه‌ڵكه‌ی به قاچاخ ده‌چێته به‌ریتانیا.

بڕیاری داخستنی ئه‌و په‌ناگه‌یه، نیگه‌رانییه‌كی زۆری له كۆمه‌ڵگه‌ی فه‌ره‌نسیدا دروستكرد و بووه هۆی كه‌مبوونه‌وه‌ی ژماره‌ی ئه‌و په‌ناخوازانه‌ی به قاچاخ ده‌چوونه به‌ریتانیا، به‌ڵام له ماوه‌ی شه‌ش ساڵی رابردوودا كه په‌ناخوازه‌كان ئه‌م كه‌ناره‌یان دۆزیوه‌ته‌وه، رۆژانه سه‌دان كه‌س له رێگه‌ی شه‌مه‌نده‌فه‌ر و ترێله بارهه‌ڵگره‌كانه‌وه دزه ده‌كه‌نه نێو خاكی به‌ریتانیا.

له‌م باره‌یه‌وه سیلڤی كۆپیۆنس، له رێكخراوی سه‌لام، كه رێكخراوێكه به خۆڕایی شوێن و خواردن بۆ ئه‌و په‌ناخوازانه دابین ده‌كات، گوتی" كاتێك ته‌ماشای بارودۆخه‌كه ده‌كه‌یت، بۆت ئاشكرا ده‌بێ كه له‌و شه‌ش ساڵه هیچ نه‌گۆڕاوه".

ئه‌و دارستانه بووه‌ته كه‌مپی كۆچبه‌ره قاچاخه‌كان، ئه‌مه‌ش به‌هۆی ئه‌وه‌ی دوورن له چاوی دانیشتوانی شارۆچكه‌ی كالایه‌س، هه‌روه‌ها نزیكیشه له‌و ریزه ترێلانه‌ی كه‌لوپه‌ل بار ده‌كه‌ن بۆ ئه‌و كه‌شتیانه‌ی به‌نێو كه‌ناڵه‌كه‌دا به‌ره‌و به‌ریتانیا ده‌چن.

به‌پێی قسه‌ی كۆپیۆنس، هه‌ریه‌ك له‌و په‌ناخوازانه بۆئه‌وه‌ی بتوانێت خۆی له‌پشتی ئه‌و لۆریانه بشارێته‌وه پێویسته بڕی 700 دۆلار تاوه‌كو 2،500 دۆلار بدات. جگه له‌وه‌ی هه‌ریه‌كه‌یان تاوه‌كو گه‌یشتوونه‌ته ئێره‌ش بڕی 15 هه‌زار دۆلاریان داوه.

ناوبراو له‌وباره‌وه گوتی" پێویستت به به‌خت و پاره‌یه‌كی زۆره بۆ ئه‌وه‌ی له هه‌وڵه‌كه‌تدا سه‌ركه‌وتوو بی".

كۆپیۆنس ئه‌وه‌ی دركاند كه هه‌ر له‌به‌ر ئه‌و هۆكاره‌شه زۆربه‌ی په‌ناخوازه‌كان سه‌ر به خانه‌واده‌ی ده‌وڵه‌مه‌ند و تێگه‌یشتوون و به‌پێی قسه‌ی دانیشتوانی كالایه‌س، بوونی ئه‌و په‌نابه‌رانه له نزیك ئه‌و ناوچه‌یه، هیچ كێشه‌یه‌كی بۆ دروست نه‌كردوون، به‌ڵام هه‌فته‌ی رابردوو قاچاچچیه‌كی ئه‌فغانی به چه‌قۆ، په‌ناخوازێكی بریندار كرد، دوای ئه‌وه‌ی له‌كاتی چوونه نێو پشتی لۆرییه‌كه‌وه به شه‌ڕ هاتن.

پۆلیسی ئه‌و شارۆچكه‌یه‌ش رایگه‌یاند كه زۆربه‌ی ئه‌و په‌نابه‌رانه‌ی ده‌ستگیر ده‌كرێن، به‌هۆی ئه‌وه‌وه‌یه كه ڤیزایان پێ نییه، نه‌ك له‌به‌ر تاوانێكی دیكه.

له‌م گه‌شته‌ی ئه‌م دوایه‌ی كالایه‌س دا له لایه‌ن رۆژنامه‌كه‌مانه‌وه، راسته‌وخۆ بۆت ئاشكرا ده‌بوو كه كێ په‌ناخوازه، له‌به‌رئه‌وه‌ی زۆربه‌یان جلوبه‌رگیان پیسه و گه‌نجن و جانتایه‌كی گه‌وره‌یان به‌شانه‌وه‌یه به‌نێو ئه‌و شه‌قامانه‌دا ده‌سوڕێنه‌وه، یاخود له وێستگه‌ی شه‌مه‌نده‌فه‌ڕ چاوڕێی شه‌مه‌نده‌فه‌ڕی داهاتوو ده‌كه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی له ده‌ست كه‌شوهه‌وا سارده‌كه رزگاریان بێت. كاتێك ئێمه چووینه نێو شه‌مه‌نده‌فه‌ڕه‌كه‌وه، چاودێری شه‌مه‌نده‌فه‌ڕه‌كه سێ په‌ناخوازی هێنایه خواره‌وه له‌به‌رئه‌وه‌ی پلیتیان نه‌بڕیبوو، چاودێره‌كه ئه‌وه‌شی ئاشكرا كرد كه ئه‌مه پیشه‌ی رۆژانه‌یه‌تی.

له هه‌مانكاتیشدا پاسه‌وانانی سه‌ر سنوور چوارده‌وری ئه‌و دارستانه‌یان گرتووه و هه‌ندێ جار په‌ناخوازه‌كان له‌و كاتانه‌دا ده‌ستگیرده‌كه‌ن كه خه‌ریكن سواری پشتی لۆرییه‌كان ده‌بن، هه‌ندێ جاریش كاتێك لۆرییه‌كان له وێستگه‌ی به‌نزین ده‌وه‌ستن په‌ناخوازه‌كان خۆیان هه‌ڵده‌ده‌نه خواره‌وه و را ده‌كه‌ن و پۆلیسیش به دوایان ده‌كه‌وێت. زیاتر له 700 پاسه‌وانی سه‌ر سنوور له‌و شارۆچكه‌یه دانراون بۆ ئه‌وه‌ی رێگه له په‌نابه‌رانی هه‌ڵاتوو بگرن كاتێكیش په‌نابه‌ره‌كان ده‌ستگیر ده‌كرێن، راسته‌وخۆ ره‌وانه‌ی بنكه‌ی پۆلیس ده‌كرێن و له‌وێ لێكۆڵینه‌وه‌یان له‌گه‌ڵ ده‌كرێت و شه‌وێك له‌وێ ده‌ست به‌سه‌ر ده‌كرێن و به به‌له‌م ره‌وانه‌ی یۆنان یاخود ئیتاڵیا ده‌كرێنه‌وه.

**له رۆژنامه‌ی The Washington post ه‌وه وه‌رگیراوه**





# کاروباری ژنان



## ئیرانێ خۆ سۆت

ڕووداو-ئامێدی

◆ شەرە دەڤەک، دناڤبەرا ئیرانا 15 سالی و برایێ وێ دا، دروست دبیتن، دبیتە ئەگەرێ هندێ، ئیران خو دسوژیت. کەسەکێ ژ نێزیک ڕوودانێ بۆ (ڕووداو) دیارکر" ل دەمژمێر45،4ی ئێڤاریا 2009/1/15 کچەکا 15 سالی بناڤێ (ئیران) ل ناحیا دێرەلوکێ سەر ب قەزا ئامێدیێ ڤە، ژ ئەگەرێ شەڕەدەڤەکێ دناڤبەرا وێ و برایێ خۆ، پشتی نیڤ دەمژمێرێ ئیران دچیتە د سەرشۆیا مال دا، ب گازێ خو دسوژیت".ڕەمزی شینۆ ژ نەخۆشخانا سۆتنێ ل باژێرێ دهۆکێ بو (ڕووداو) دیارکر" ب رێژا 25 % لاشێ وێ هاتیە سوتن، تەندروستیا وێ یا باشە"

### لەنێوان داوای مێردەکەی و مەرجی براکەی دا

# زولفا بڕیاری خۆسووتاندنی دا



سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com



زولفا خدر تەمەن 28 ساڵ

ڕووداو-هەولێر

کاتێک مێردەکەی داوای ئەو پارەیەی لێدەکات کە لەلای براکەی داناوە، برای زولفا ڕازی دەبێت پارەکەی بداتەوە، بەڵام لەبەرامبەردا دەبێ زولفا خۆی بەتەڵاقدان بدات، زولفا لەنێوان جێبەجێکردنی داواکاری مێردەکەی و مەرجی براکەی، بڕیارێکی دیکە دەدات، کە ئەویش خۆ سووتاندنە.

زولفا خدر، 28 ساڵ، دانیشتووی کۆمەڵگەی شاوێس، ماوەی ساڵێک بوو شووی کردبوو، شەوی 29 لەسەر 2008/12/30 لەنێو ماڵەکەی خۆیدا ئاگری لەجەستەی خۆی بەردا، دوای 6 ڕۆژ مانەوە لەنەخۆشخانەی ئیمێرجنسی شاری هەولێر، بەهۆی زۆری ڕێژەی سووتانەکەی لە 2009/1/5 گیانی لەدەستدا.

زولفا یەکەمین ئافرەت نییە لەکوردستان پەنا دەباتە بەر خۆ سووتان، بەڵکو ساڵانە چەندین ئافرەت لەبەر هۆکاری جیاجیا خۆیان دەسووتێنن، هەندێکجاریش بەهۆی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی چێشت لێنان دەسووتێن. بەڵام بەپێی قسەی نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەولێر "دەرکەوتووە 80%ی ئەو ئافرەتانەی بەهۆی سووتانەوە گیان لەدەستدەدەن، خۆیان سووتاندووە".

هەروەک لێکۆلینەوەکانی پۆلیس و لێکۆلینەوەیەکی یوسف عوسمانی توێژەری دەروونزانیش دەریخستووە،ئەو ئافرەتانەی خۆیان دەسووتێنن، بەهۆی فشاری خێزانی ناچار دەبن ئەو بڕیارە بدەن.

محەممەد سەعید، کە ژنێکی دیکەی هەیەو شەش منداڵیشی لێی هەیە، ساڵێک بەر لەئێستا زوڵفای هێناوە، بەڵام هیچ منداڵی لەزوڵفا نییە. مریەم ئەسعەد، کە خێزانی یەکەمی محەممەدە و تاکە شایەتحاڵی ڕووداوەکەیە، هەر ئەویش ئامادەیە چیرۆکەکە بۆ (ڕووداو) بگێڕێتەوە.

بەپێچەوانەی زۆربەی ئەو ژنانەی ڕازی نین ژنی دووەمیان بەسەر بێت، بەلای مریەمەوە زۆر ئاسایی دەبێ کاتێک مێردەکەی پێیدەڵێت بەنیازە ژنێکی دیکە بێنێت، بۆیە محەممەدیش زولفا مارە دەکات، مریەم دەڵێت "لەگەڵ زوڵفا هیچ کێشەم نەبوو، تەنانەت لەڕۆژی گواستنەوە خۆم چێشتم بۆ میوانان لێناو وێنەشم لەگەڵ گرتن".

مریەم و زولفا لەنێو خانوویەکی دوو نهۆمیدا دەژیان و ماڵیان جیا بووە، مریەم دەڵێت "ماڵمان جیا بوو، ئەوان لەنهۆمی دووەمی خانووەکەدا بوون، بەڵام قەت نەمبینیوە زولفا و مێردەکەم کێشەیان هەبووبێ".

بەپێی قسەی مریەم، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کورت بەسەر شووکردنی زولفادا، زولفا زێڕەکانی خۆی فرۆشتن، کە بایی یەک ملیۆن و 500 هەزار دینار بوو، پارەکەشی لەلای براکەی دانا، کە ماڵی لە شارۆچکەی حاجیاوایە، چونکە زێڕکەیشی هەر لەوێ فرۆشتبوون.

وەک مریەم دەگێڕێتەوە، ئەو خێزانە هیچ کێشەیان نابێت، تا ئەو کاتەی یەکێک لەکوڕەکانی مریەم بڕیار دەدات ژن بێنێت، بەڵام باری دارایی باش نەبووە، بۆیە زولفا بڕیار دەدات پارەکەی لە براکەی وەربگرێتەوە بۆ زڕ کوڕەکەی، بەڵام براکەی بە مەرجێک ئەو پارەی دەداتەوە کە بچێتەوە ماڵی باوکی دابنیشێ، مریەم گوتی "براکەی پێی گوتبوو ئەگەر پارەکەت بدەمەوە دەبێت بێیتەوە ماڵ دابنیشی و لەلای محەممەد نەمێنیتەوە، زولفا لە تەلەفۆن گوتی باشە خۆمی پێ بەتەڵاقدان دەدەم".

**زولفا بەئاگرو هاوارەوە هاتە خوارێ، منداڵەکانم کوژاندیانەوە، خۆم و کوڕەکەم بە پەلە گەیاندمانە نەخۆشخانە**

مریەم ئەسعەد، هەوێی زولفا

یەکێک لە دراوسێکانی زوڵفا ئاماژەی بەوەدا، محەممەد زۆری لێکردووە، کە ئەو پارەیە لە براکەی وەربگرێتەوەو محەممەد پێیگوتووە بۆ کوڕکەم پێویستیم پێیە، لەولاشەوە براکەی پێیگوتووە داوای پارە بکەیت بە تەڵاقدانت دەدەم، بەپێی قسەی ئەو دراوسێیەیان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە "زولفا لە نێوان کەللە ڕەقی مێردو براکەی خۆسووتاندنی هەڵبژاردووە".

بەڵام مریەم دەڵێت گوێم لێ نەبووە، محەممەد داوای پارەی لە زولفا کردبێت و، بەهیچ شێوەیەک هەڕەشەی لێ نەکردووە "بەڵام وابزانم پیاوەکەم پێی گوتبوو بۆ ژنهێنانی کوڕەکەم پێویستیم بە پارەیە، محەممەد زۆری لێ نەکردووە، چونکە ئێستاش داوای لەمن نەکردووە زێڕەکانم بفرۆشم".

زولفا لە نێوان داواکاری مێردەکەی و پارە نەدانەوەی براکەی، بڕیاری خۆسووتاندن دەدات. مریەم دەڵێت 2-3ڕۆژ بەر لە خۆسوتاندنی، زولفا گوتویەتی خۆم دەسوتێنم "زولفا دەیگوت دڵم توونده، دەڵێی خۆم بسوتێنم، بەردەوام ئەوەی دووبارە دەکردەوە (دڵم توونده)، بەڵام نەمدەزانی بۆچی وای لێهاتووە".

مریەم باسی ئەو شەوەی کرد کە زولفا خۆی سووتاندووە، مریەم دەڵێت "تا کاژێر 9ی شەو بەیەکەوە بووین، دواتر زولفا چووە نهۆمی سەرەوە، زۆری پێنەچوو بەئاگرو هاوارەوە هاتە خوارێ، منداڵەکانم کوژاندیانەوە، دواتر خۆم و کوڕەکەم بە پەلە گەیاندمانە نەخۆشخانە".

بەگوێرەی ئەو دەنگۆیەی لە نێو دراوسێیەکانی ماڵی زولفا بڵاوبووەتەوە، گوایە مێردی زولفا کە دەبینێت زولفا ئاگری لەخۆی بەرداوە، بە شەق بەسەری دەکەوێت، بەڵام مریەم ئەو قسانە بەهەموو شێوەیەک ڕەتدەکاتەوە، تەنانەت دەڵێت مێردەکەی لەو کاتەدا لەماڵ نەبووە "مێردەکەم بەسەر ڕووداوەکەدا هاتەوە، ئەو قسانە ڕاست نین".

زولفا لە نەخۆشخانە بەدەست ئازارەکانی سووتانەکەیەوە دەیناڵاندو، دوای شەش ڕۆژ گیانی لەدەستدا، دواتریش هەر یەک لەماڵی مێردەکەی لەشاوێس و ماڵی باوکی لەحاجیاوا بەجیا پرسەیان بۆ دانا.

نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند زولفا لەکاتی ئیفادەکەی لە نەخۆشخانە گوتبووی براکەی پارەی ئەوانی لەلابووە، زولفا تەلەفۆنی بۆ کردووەو داوای پارەی کردووەتەوە "براکەی قسەی پێگوتووە، گوتوویەتی ئەگەر مێردەکەت پارەی دەوێتەوە بۆ خۆی بەمن ناڵێت، زولفاش ئەو قسانەی لە دڵ گران بووە، خۆی سووتاندووە"، نەقیب ژیلەمۆ لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ (ڕووداو) گوتی "بەڵام دواتر زولفا لە ئیفادەکەی پەشیمان بووەتەوە، ئەمجارە گوتی هەر خۆم خۆم سووتاندووە، کێشەم لەگەڵ کەس نەبووە".

بەپێی قسەی نەقیب ژیلەمۆ برای زولفا بۆ ماوەی 12 ڕۆژ گیراوەو مێردەکەشی دوو ڕۆژ گیراوە، دواتریش هەردووکیان بە کەفالەت ئازاد کراون.

نەقیب ژیلەمۆ ئاماژەی بەوەدا کە زولفا سکاڵای لەسەر کەس نەبووەو بەخۆی، خۆی سووتاندووە.

# زانا لەحەوشەی ماڵی تەرزەدا خۆی کوشت

### بنەماڵەی زانا: ڕۆشنبیران و ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بێ هەڵوێست بوون

ڕووداو-ڕانیە

دوای ئەوەی ڕازی نابێت شووی پێ بکات،زانا لەنێو حەوشەی ماڵەکەیاندا خۆی دەکوژێ، بنەماڵەکەشیان لە وتاری چلەی زانا دا گلەیی لە ڕۆشنبیران و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەن " چونکە لەئاست ئەم ڕووداوە دڵتەزێن و خەمهێنەدا بێدەنگبوونیان هەڵبژارد".

ئێوارەی ڕۆژی 2008/12/3 کوڕێک بەنێوی (زانا سەلام) لە حەوشەی ماڵی ئەو کچە خۆی کوشت کە تەنیا 3 مانگ بەسەر پەیوەندی خۆشەویستیان تێپەڕیبوو. دوای ڕووداوەکەش پۆلیس براو مامێکی کچەکەی دەستگیر کرد.

تەرزە، کە خۆشەویستی زانا بوو، خەڵکی گوندێکی سەر بە قەزای ڕانیەیە، دوای تێپەڕبوونی چەند هەفتەیەک بەسەر ڕووداوی خۆکوشتنی زانادا، قسەی بۆ (ڕووداو) کردو گوتی زانای بەڕێکەوت ناسیوە "ئێوارەیەک لەگەڵ باوکم دەگەڕامەوە ماڵەوە، هەستمکرد زانا بەدوامەوەیەو دەیەوێت شتێکم پێ بڵێ، پاشان ژمارە مۆبایلەکەی خۆی لەسەر کاخەزێک نووسی و فڕێیدا، منیش هەڵمگرتەوەو دوای 4 ڕۆژ پەیوەندیم پێوەکرد".

**دایکی زانا پێیگوتم تۆ دڵی کوڕەکەمانت بردووە بۆچی شووی پێناکەی**

تەرزە

دوای ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە، پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوان زانا و تەرزە دروست دەبێ و پەیوەندییەکەش تەنیا 3 مانگ درێژە دەکێشێ و دواتر کێشەی تێدەکەوێت، تەرزە دەڵێت "خۆم کۆتاییم بە پەیوەندییەکە هێنا".

تەرزە، کە لە نێو قسەکانیدا زۆر جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە ئەو تەنیا سێ جار بەشێوەیەکی سەرپێیی زانای بینیوە، بەبێ ئەوەی پێکەوە دابنیشن، هۆکاری کۆتایی هێنانی بە پەیوەندییەکەی لەگەڵ زانا بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کردو گوتی "زانا ڕاستی پێنەگوتم، سەرەتا گوتی ئۆتۆمبێل و خانوو و هەموو شتێکی خۆمم هەیە، بەڵام پرسیارمکرد ئەو شتانە هیچی وا نەبوون، بۆیە منیش لێی پەشیمان بوومەوە، چونکە ڕاستگۆ نەبوو لەگەڵم".

هەرچەندە تەرزە زۆر لەزانا پاڕاوەتەوە کە وازی لێبهێنێت چونکە ئەوان پێکەوە ناگونجێن و ناتوانێ شووی پێ بکات، بەڵام زانا دەستبەرداری نەبووەو بەردەوام دەورو خولی ماڵی تەرزەی داوە، تا دواجار برایەکی تەرزە بە پەیوەندییەکە دەزانێت و لەگەڵ زانا بە کێشە دێت.



زانا سەلام

هەرچەندە زانا پێشتر لەلایەن تەرزەوە ئاگادار کراوەتەوە کە شووی پێناکات و کەس نەنێرێت بۆ داخوازیکردنی، بەڵام زانا لەسەر قسەی خۆی سوور دەبێ و دواجار کەسوکاری دەنێرێتە خوازبێنی، تەرزە گوتی " ماڵەوەمان، بەتایبەتی باوکم وتیان ئێمە کێشەیەکمان نییەو تۆسەربەستی،شوو بە کێ دەکەی، بەڵام من ئەقڵم زانای نەدەگرت بۆیە شووم پێنەکرد".

دوای ئەوەی زانا سوور دەبێ لەسەر داواکەی و تەرزەش داواکەی ڕەتدەکاتەوە، ئێوارەی ڕۆژی 2008/12/3 زانا لەنێو حەوشەی ماڵی تەرزە کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێ.

تەرزە لەبارەی خۆکوشتنی زاناوە گوتی "ئێمە خەریکی نان خواردن بووین، ئاگامان لەهیچ دەنگێک نەبوو،ئەو ڕۆژە بایەکی بەهێز دەهات، ئەو هاتبووە حەوشەکەو خۆی کوشتبوو، کاتێک سەیری دەرەوەمان کرد تەرمەکەی لە حەوشە کەوتبوو، باوکم گوتی کەس دەستی لێنەدات تاوەکو پۆلیس دێت".

سەلامی باوکی زانا تەنیا 3 هەفتە پێش ڕووداوەکە بە پەیوەندی نێوان کوڕەکەی و تەرزەی زانیوە، بەڵام دەڵێت بۆی ڕوون بووەتەوە کە ئەوان لە ساڵی 2007ەوە پەیوەندییان هەبووە. باوکی زانا کەس لە ڕووداوەکە بەتاوانبار نازانێت تەنیا براو مامی تەرزە نەبێ "باوک و کچەکە گوناهبار نین، تاوانەکە لە ئەستۆی براو مامی کچەکەدایە، ئەوان ڕێگر بوون لە بەیەکگەیشتنی زاناو تەرزە".

باوکی زانا دەڵێت هەر دوای ئەوەی بە پەیوەندییەکەی زانیوە خەڵکی ناردووە بۆ خوازبێنی تەرزە "بەڵام ئەوان نەهاتنە پێش، تا سەرەنجام کوڕەکەم خۆی کوشت، ئێستاش من هیچم ناوێت و کارەکەم داوەتە دەست یاسا بزانم یاسا چیم بۆ دەکات".

تەرزە دەڵێ، ئەو ڕۆژەی دایکی زانا چووبووە داخوازی ئەو بۆ زانا زۆر داوای لێکردبوو ڕازیبێت شوو بە زانا بکات، بەڵام ئەو هەر ڕازینەببوو" دایکی زانا گوتی تۆ دڵت لەکوڕەکەمان سەندووە ئێستاش بۆ شوی پێناکەی، بەڵام من پێمگوت من پێمگووتووە کەس مەنێرە خوازبێنی، من شووت پێناکەم".

باوکی زانا سکاڵای یاسایی لەسەر مام و برای تەرزە تۆمار کردووەو چاوەڕێ دەکات یاسا تۆڵەی کوڕەکەی بکاتەوە .بنەماڵەی زانا داوا لە حکومەت دەکەن بەشێوەیەکی ورد لە هۆکارەکانی ئەو ڕووداوە بکۆڵێتەوە.

بنەماڵەی زانا، چلەی ماتەمینیان بۆ خۆکوشتنی کوڕەکەیان سازکرد، لەو ڕێورەسمەدا خانەوادەو کەسوکاری ناوبراو لە وتارێکدا زۆر ڕەخنەیان لە ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوەکانی ناوچەکە گرت کە بایەخیان بەو ڕووداوە نەدا، لە وتارەکەدا گوتیان "ڕەخنەو گلەیی زۆرمان لە ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان و سەنتەرو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەڕانیەو دەوروبەری هەیە، چونکە لەئاست ئەم ڕووداوە دڵتەزێن و خەمهێنەدا بێدەنگبوونیان هەڵبژاردو هیچ لایەکیان، جگە لە سەنتەری ڕۆشنبیری ئاسۆس هەڵوێستی نەنواند، ئەمەش بۆ ئێمە جێگەی خەم و پرسیارەو مەدەنیبوونی ئەوانیشی لە پێناو کۆمەڵگەیەکی تەندروست خستووەتە ژێر پرسیارەوە".

# دوای ئەیوب سازگاریش خۆی کوشت

ڕووداو-ڕانیە

دوای ئەوەی ئەیوب، بەهۆی ئەوەی نەیتوانی سازگار بێنێ، خۆی کوشت، سازگاریش دوای ئەو بە 6 فیشەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

کچێکی خەڵکی شارۆچکەی حاجیاوای سەر بە قەزای ڕانیە بەناوی سازگار، تەمەن 19 ساڵ، لەنێو ماڵەکەی خۆیدا بە 6 فیشەک کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا، خۆ کوشتنی سازگار هەفتەیەک دوای خۆکوشتنی خزمێکیان بوو لە گوندێکی دەوروبەری هەریر کە یەکتریان خۆشدەویست.

ڕائید حەسەن خۆشناو، لێپرسراوی نووسینگەی ڕانیەی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان بە (ڕووداو) ڕاگەیاند " کچێک بەناوی (سازگار جەلال) کە لە دایکبووی 1992 ی شارەدێی حاجیاوایە، لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا دەرکەوتووە، لە ماڵەکەی خۆیاندا بە دەستی خۆی و بە چەکی کلاشینکۆف شەش فیشەکی لەخۆیداوەو خۆی کوشتووە".

ئەو بەرپرسەی پۆلیس گوتیشی ئەوان پێشتر ئاگادارکرا بوونەوە کە ئەم کچە بەهۆی ئەوەی کوڕێک ماوەیەک پێش ئێستا لەسەر ئەو خۆی کوشتووە، هەڕەشەی لەسەرە "بۆیە بەڵێنمان لە کەسوکارەکەی وەرگرتبوو کە هیچی لێنەکرێت، بەڵام دیارە باری دەروونی گەیاندوویەتییە ئەو بڕوایەی کە خۆی بکوژێت".

هەرچەندە پۆلیس بۆ لێکۆڵینەوە چووەتە ڕووداوەکە، بەڵام هەروەک ڕائید حەسەن ڕایگەیاند " لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم ڕووداوە بەردەوامە، بەڵام لەبەرئەوەی ڕووداوەکە وەک کردەیەکی خۆ کوژی دەیبینین، تا ئێستا هیچ کەس بەم هۆیەوە دەستگیر نەکراوە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، ئەو کوڕەی سازگاری خۆشویستووە خێزانداربووەو ناوی (ئەیوب ئەحمەد) بووەو، دانیشتووی گوندێکی سەر بەناحیەی هەریر بووە. هەروەها خزمایەتییەکی نزیکی لەگەڵ سازگار هەبووە، چەند جارێک داوای سازگاری کردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی خێزاندار بووە سازگاریان نەداوەتێ بۆیە خۆی کوشتووە.

هەر بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) سازگار ماوەیەک کادر وگەریلای پارتی کرێکارانی کوردستان بووەو، دواتر گەڕاوەتەوە ناو کەسوکاری خۆی، ئەو کاتەی کوڕەکەش خۆی کوشتووە، ئەو بەردەوام لەبارێکی دەروونی خراپدا بووە، سەرەنجام ئەویش خۆی کوشتووە.

### موفتی سعودیە:

# زەواجی کچان لە10ساڵیدا حەڵاڵە و خۆپیشاندان حەرامە

مەریوان نەقشبەندی

موفتی سعودیە زەواجی کچان لە تەمەنی 10ساڵیدا بە حەڵاڵ و شەرعی دەزانێت و بەتاڵکردنەوەی سیحریش بە کوفر وەسفدەکات، هەموو جۆرەکانی خۆپیشاندان و مانگرتن و هوتاف لێدانیش بەحەرام لەقەڵەم دەدا.

شێخ عەبدولعەزیز ئالشێخ موفتی عەرەبستانی سعودیە لەموحازەرەیەکدا کە بۆ مامۆستایانی زانکۆی ئیمام محەممەد بن سعودی ئیسلامی، ئەو داواکاریانەی ڕەتکردەوە کە چەند ڕێکخراوێکی تایبەت بەپاراستنی مافەکانی منداڵان و ئافرەتان سەبارەت بە زەواجی پێشوەختەی کچان، لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە خستبویانەروو داوایانکردبوو ڕێگە لە زەواجی کچانی خوار تەمەن 18 ساڵ بگیرێت و قەدەخە بکرێ، موفتی سعودیە گوتی: ئەوانەی ئەم جۆرە داواکاریانە پێشکێش دەکەن، زوڵم لەکچان دەکەن و لەشەرعی ئیسلامدا لەدوای تەمەنی 10ساڵیەوە کچان دەتوانن زەواج بکەن و بەرپرسیارێتی زەواج لەئەستۆ بگرن.

ئالشێخ لەم موحازەرەیەدا کە تەلەڤزیۆنی ڕەسمی سعودیەش ڕاستەوخۆ گواستیەوە، سەبارەت بەو کەسانەی ئیدیعای ئەوەدەکەن کە بە قورئان و سیحری ئیسلام،سیحر بەتاڵ دەکەنەوە گوتی:ئەوانەی بەناوی ئیسلامەوە ئیدیعای بەتاڵکردنەوەی سیحر دەکەن،موشریک و تاوانبارن و هەموو سزاکانی موشریکیان بەسەردا دەسەپێت.

لەبارەی خۆپیشاندان و مانگرتنی جەماوەریش موفتی سعودیە گوتی: "هەموو جۆرەکانی خۆپیشاندان و مانگرتن و هاتوهاوار و هوتاف لێدان و چەپڵەلێدان لەئیسلامدا حەرامە و تەنها هەڵچوونێکی کاتییە".



ئەم فەتوایەی موفتی سعودیە لەکاتێکدایە کە حکومەتی سعودیە لەساڵی1996ەوە پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافەکانی منداڵی ئیمزاکردووە کەتێیدا زەواجی خوار تەمەن 18ساڵ قەدەخە دەکات و بە نایاسایی دادەنێ و هەروەها پێچەوانەی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی پاراستنی مافەکانی ئافرەتە کە سعودیە لەساڵی 2000ەوە ئیمزای کردووە.

حەرامکردنی خۆپیشاندان و مانگرتنیش لەلایەن موفتی عەرەبستانی سعودیەوە لەکاتێکدایە کەوا خەڵکی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی خۆپیشاندان و مانگرتن و کۆڕوکۆبوونەوەی جەماوەری دەکەن وەک نارەزایی دەربرین دژی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززەی فەلەستین.

naqshbandy@gmail.com




## کۆمەڵایەتی

**کوڕە تاقانەیەک لەسەر سووتاندنی دایکی دەگیرێت**

ڕاوێژ هەورامی -هەورامان

◆ گەردە مستەفا حەمەکەریم، 69 ساڵ، ڕۆژی 2009/1/9 بەهۆی سووتانەوە گیانی لەدەستدا. سەرچاوەیەک لە پۆلیسی خورماڵ بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە دوای دوو ڕۆژ بەدواداچون و لێکۆڵینەوەی پۆلیسی خورماڵ و دادوەری هەڵەبجە لەگەڵ محەممەد قوربانی، هاوسەری گەردە دەرکەوت کە کوڕە تاقانەکەیان، دایکی خۆی سووتاندووە، لەبەردەم لێکۆڵینەوە محەممەد گوتوویەتی "کە هاوسەرەکەی پێش ئەوەی ڕەوانەی سلێمانی بکرێت پێیگوتم کەکوڕەکەم (ک) گری تێبەرداوە"، هەروەها لەبەردەم دادوەردا سوێندی لەسەر ئەم قسانە خوارد. لەبەر ئەوەش لەوانەیە ئەو کوڕە تاقانەیە بە ساڵ زیندان حوکمدەرێ.



عەبدوڵڵا بێکەس

# خانەی بەساڵاچووان دەبێتە دوا وێستگەی پیرە دەرکراوەکان

## "بنووسە عەبدوڵڵا بێکەس دەڵێ، 7 کوڕم هەیە و لەماڵ دەریانکردم"

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو-هەولێر**

عەبدوڵڵا موراد (عەبدوڵڵا بێکەس)، تەمەن 72 ساڵ، کاتێک خوا 7 کوڕو 2 کچی پێبەخشی، هەموو ژیانی خۆی تەرخانکرد تا پێی گەیاندن، بەڵام ئەو ڕۆژەی مام عەبدوڵڵا پێویستی بەکوڕەکانی بوو، هیچیان ئامادە نەبوون لەباوەشی بگرن، بگرە لەماڵیش دەریان کرد، بۆیە داوایکرد بە"عەبدوڵڵا بێکەس" ناوی بنووسرێ.

### زۆر پەشیمانم کەکاتی خۆی باوکی خۆم دەرکرد

**ڕێبوار، دوای مردنی باوکی پەشیمان بووەوە**

مام عەبدوڵڵا هیچ پێویستی بەکوڕەکانی نەبوو، تا ئەوکاتەی یەکێک لە کوڕەکانی پیاوێک دەکوژێ، بۆیە مام عەبدوڵڵا ناچار دەبێت خانووەکەی بۆ سولحی کوڕەکەی بفرۆشێت "خانووەکەم فرۆشت و بوومە کرێچی، بەڵام کرێی خانووم پێنەدرا، ئاژاوە لەناو ماڵمان پەیدابوو، منداڵەکان دەریانکردم".

مام عەبدوڵڵا، یەکێکە لەو 45 بەساڵاچووەی لەخانەی بەساڵاچووانی هەولێر ڕۆژانی کۆتایی تەمەنیان بەباسکردنی یادەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی خۆیان بەڕێ دەکەن. زۆربەی ئەو بەساڵاچووانە لەلایەن کەسوکاریان دەرکراون یان هێنراونەتە خانەکە.

خانەی چاودێری بەساڵاچووان 30 ساڵە لەهەولێر کراوەتەوە، ئێستا 25 پیاو و 20 ژنی بەساڵاچووی لێیە، کە لەلایەن 8 توێژەری کۆمەڵایەتییەوە سەرپەرشتی دەکرێن.

خانەی بەساڵاچووان، لەچەند ژوورێک پێکدێت کە 2-3 بەساڵاچوو لە ژوورێک دەخەون و، ڕۆژانەی هەر یەکەیان 750 دینارە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەخانەکەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، ساڵی ڕابردوو 4 بەساڵاچوو خانەکەیان جێهێشت، 12 بەساڵاچووی تازە هاتوونەتە ئەوێ، هەر لەهەمان ساڵدا 8 بەساڵاچوو لەوێ مردوون (2 ژن و 6 پیاو).

چەند مەرجێکی سەرەکی هەن بۆ وەرگرتن لەو خانەیە. ئومێد ئەنوەر بەڕێوەبەری خانەی چاودێریبەساڵاچووان، ئەو مەرجانە بۆ (ڕووداو) ڕووندەکاتەوەو دەڵێ "دەبێت بەساڵاچوو ڕەگەزنامەی عێراقی هەبێت، ئەگەر ئافرەت بێ تەمەنی لە 55 ساڵ زیاتر بێت، ئەگەر پیاویش بێت لە 60 کەمتر نە بێت، پێویستە نەخۆشی گوازراوەی نەبێت و، پێویستی بەچاودێری تەندروستی بەردەوام نەبێت".

چەندین هۆکار هەن، کە ئەو پیرانەی لەکۆشکە خۆشەکانی شارو خانووە نزمەکانی شار گەیاندووەتە ئەو خانەیە، کە هەندێکیان لەبەر هەژاری و لەبەر بێکەسی هاتوون، بەڵام زۆربەیان لەلایەن منداڵەکانیانەوە دەرکراون و ڕەوانەی ئەوێ کراون.

مام عەبدوڵڵای بێکەس وەک خۆی باسیکرد ماوەی 2 ساڵە لەو خانەیە، بەڵام هیچ کام لەمنداڵ و کەسە نزیکەکانی سەردانیان نەکردووە. ئەو دەستی دوعا لەمنداڵەکانی بەرز دەکاتەوە ودەڵێ "خودا ڕوویان ڕەش بکات، پێغەمبەر خزمەتکردنی دایک و باوکی لەجیهادیش بە فەرزتر زانیوە، بەڵام منداڵی ئەو زەمانە بێزیان نایێت سەیریشمان بکەن، نازانن ڕۆژێک دادێ خۆشیان پیر دەبن و چیان بەسەر دایکوباوکیان هێناوە وایان بەسەر دێتەوە".

ئەوکاتەی ئێمە چووینە ئەوێ، وەک زۆربەی پیرەکانی نێو خانەکە، حوسێن بەکر، 85ساڵا، لەسەر کورسییەک خۆی دابووە بەر هەتاو. مام حوسێن دوای ئەوەی مژێکی قووڵی لەجگەرەکەی دا، بەسەرهاتی خۆی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە کە چۆن لەلایەن کوڕە تاقانەکەی لەماڵ دەرکراوە، ئەو کە 6 کچیشی هەن گوتی "کوڕەکەم خۆی بەژنەکەی خۆی گوت دەریبکە، ژنەکەشی منی فڕێدایە دەرەوە".

هەندێک لەپیرەکان باس لەوە دەکەن کە لەلایەن منداڵەکانیان فێڵیان لێکراوەو ماڵ و سامانیان خوراوە. مام حوسێن یەکێکە لەنمونەی ئەو کەسانەو دەڵێت "کوڕەکەم پارەو ماڵەکەمی برد، ئینجا دەری کردم"، بۆیە داوا لە حکومەت دەکات ئەو مافەی بۆ بگەڕێنێتەوە.

ئەگەر منداڵان بەرامبەر باوک ودایکیان بێ وەفابن، ڕۆژێک دادێ پەشیمان دەبنەوە، بەڵام دوای چی؟ ڕێبوار 28 ساڵ، ئێستاش کاتێک بیر لەو ساتانە دەکاتەوە کە باوکە بەتەمەنەکەی فڕێداوە ویژدانی ئازاری دەدات. کاتێک ڕێبوار باوکی لەماڵەوە دەرکرد، باوکی لەپۆلیس سکاڵای لەسەر تۆمار کرد، بۆیە ناچار بوو باوکی بگەڕێنێتەوە ماڵەوە.



<table>
<tr><th>خانەی بەساڵاچووانی هەولێر</th></tr>
<tr><td>– لە ساڵی 1979 دامەزراوە.<br>–ئێستا 45 بەساڵاچووی تێدا دەژی (25 پیاو، 20 ژن).<br>–هەر 2 تاوەکو 3 بەساڵاچوو لە ژوورێک دا دەخەون.<br>–ڕۆژانە 750 دیناریان پێدەدرێ.</td></tr>
</table>

ئەو هەرچەندە پاساو بۆ کارەکەی دەهێنێتەوە "باوکم بەردەوام پرتە و بۆڵەی دەهات، لەسەر هەموو شتێک قسەی دەکرد، زۆر تووڕەی دەکردم"، بەڵام دوای مردنی باوکی ئینجا دەزانێ چ تاوانێکی کردووە "زۆر پەشیمانم، هەتا باوکت نەمرێ، نازانی باوک چەند پێویستە".

سروشتی زۆربەی خێزانی کورد وایە، کە حەزیان لە کوڕە، چونکە دەڵێن کچ شوودەکات و دەچێتە ماڵی خۆی، بەڵام کوڕ وەجاخت ڕۆشن دەکاتەوەو بەکەڵکت دێ و بەخێوت دەکا، بەڵام زۆرجار کوڕ نەک نابێتە فریادڕەس، بەڵکو دەبێتە ئازاردەر.

جەواهیر محەممەد، 60ساڵ، ژنێکی قەڵەوەو لەسەر قەرەوێڵەیەک دانیشتووەو دەست بەقاچەکانی خۆی دادەهێنێ. جەواهیر 4 ساڵە لەخانەی بەساڵاچووانە، ئەو دوو کچی هەیە و دەڵێت کچەکانی زۆر بچووک بوون کاتێک مێردەکەی مرد، بۆیە لەسەر کچەکانی دانیشتووە تا گەورەی کردوون و بەشووی داون. جەواهیر گوتی "کچەکانم هێنامیانە ئێرە، چونکە مێردەکانیان ڕازی نەبوون بەخێوم بکەن".

بەشێک لەو پیرانە کەسیان نییە بەخێویان بکات و هاوسەرەکانیشیان مردوون، کاتێکیش دێنە خانەکە هەر بیر لەژیانێکی تازە دەکەنەوە. هەر بەو هەستەشەوە لەم ساڵانەی دواییدا 2 پرۆسەی هاوسەرگیری لەنێوان پیرەکانی خانەکە ئەنجامدراوەو هەردووکیشیان سەرکەوتوو بوونە.

غازی مەحمود، تەمەن 65 ساڵ، 30 ساڵ لەمەوبەر کوڕو کچەکەی لەگەڵ خێزانەکەی ڕەوانەی ئەمریکا دەکات، بەڵام نازانێت خێزانەکەی چیان بەسەر هاتووەو ئەوانیش تا ئێستا هەواڵیان نەپرسیوە. ئەو دوای ئەوەی خزمەتی خۆی پێناکرێت، دەچێتە خانەی بەساڵاچووان.

غازی دوای چوونی بۆ خانەکە بیر لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری دەکاتەوە، هەر لەخانەکە لەگەڵ ژنێک بەناوی ئەفتاو کاکی بڕیاری پێکهێنانی ژیانی هاوسەری دەدەن "ژنەکە بەردەوام بەتەنیا دادەنیشت، منیش هێدی هێدی خۆم لێ نزیککردەوەو ڕێککەوتین".

دوای ئەوەی غازی و ئافتاو دەگەنە ڕێککەوتن، کارمەندانی ئەو خانەیە ئاسانکاریان بۆ دەکەن، لە 2008/1/4 دەیگوازێتەوە.

ئافتاو کە مێردێکی دیکەشی کردووە، ڕۆژێکیان هەڵدەخلیسکێت و بڕبڕەی پشتی دەشکێت، پاشان مێردەکەشی بەنەخۆشی دەمرێت، بۆیە ناچار دەبێ بێتە خانەی بەساڵاچووانی هەولێر.

ئافتاو ئێستا لەگەڵ غازی ژیان بەسەردەبات، بەڵام بە ئەستەم دەتوانێت لەشوێنی خۆی بجولێتەوە. بۆیە غازی لەڕێگەی (ڕووداو)ەوە داوا لەخێرخوازان دەکات بەهانای خێزانەکەیەوە بچن و بۆ ئەوەی نەخۆشییەکەی چارەسەر بکەن.

هەموو پیرەکانی خانەی بەساڵاچووان ئەوەیان لەبیر نەدەکرد کە بەڕێوەبەرانی ئەو خانەیە زۆر هاوکاریان دەکەن و هەموو پێداویستییەکانیان بۆ دابین دەکەن، ڕێگە بەهەمووشیان دراوە هەرکاتێک ویستیان سەردانی دەرەوە بکەن.

کامەران تۆفیق، توێژەری کۆمەڵایەتی لەو خانەیە، باسی لەوە دەکرد کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەهەموو توانایەک هەوڵدەدەن ئەوبەساڵاچووانە لە کۆمەڵگە دانەبڕێن "لەدەرەوە ڕەنگە خەڵک وا هەست بکات ئێرە وەک زیندانە، بەڵام وانییە دەتوانن بەدڵی خۆیان سەردان بکەن".

وا بڕیارە مانگی داهاتوو خانەکە بگوازرێتەوە بۆ بینایەکی تازەی 3 نهۆمی، ئەو بڕیارەش بەڕێوەبەری خانەکەی دڵگران کردووە، چونکە دەڵێت "ئەو پیرانە ناتوانن بچنە نهۆمی سەرەوە، جگە لەوەش ئەو خانەیە شوێنی 80 کەسی تێدا دەبێتەوە، بەڵام ئەوەیتر شوێنی 60 کەسی تێدا دەبێتەوە".

<table>
<tr><th>مەرجەکانی وەرگرتن لەو خانەیە</th></tr>
<tr><td>– ژنەکان تەمەنیان لە 50 ساڵ و پیاوەکانیش لە 60 ساڵ کەمتر نەبێ.<br>– ڕەگەزنامەی عێراقی هەبێت.<br>– نەخۆشی گوازراوەی نەبێت.<br>– پێویستی بەچاودێری تەندروستی بەردەوام نەبێت.</td></tr>
</table>



دوو پیر لە خانەی بەساڵاچووانی هەولێر (فۆتۆ:ڕووداو)

# کچێکی ئەمەریکی کچێنی خۆی دەخاتە مەزادەوە

## زۆرترین پارە تاوەکو ئێستا گەیشتووەتە نزیکەی 4 ملیۆن دۆلار

**ڕووداو-ئەمەریکا**

قوتابییەکی ئەمریکی کچێنی خۆی خستووەتە مەزادەوە بۆ ئەوەی پارەی خوێندنی ماستەری خۆی پێ دابین بکات.

ئەوەی بە کچێنی ئەوکچە ئەمریکییە دراوە، تاوەکو ئێستا لەو مەزادەدا گەیشتووەتە 3.8 ملیۆن دۆلار، کە لە مانگی ئەیلولی ڕابردووەوە لە 162 هەزار دۆلارەوە دەستی پێکرد.

ناتالیا دیلان کە ناوی خوازراوی کچە تەمەن 22 ساڵەکەیە، ڕایگەیاند کە دەرچووی کۆلێژە و بەنیازە دەست بە خوێندنی ماستەر بکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی توانای پارەی خوێندنەکەی نییە، (ئیڤا)ی خوشکی ڕازیکردووە کە کچێنی خۆی بخاتە مەزادەوە و بە پارەکەی ماستەرەکەی بخوێنێت، ئەمەش دوای ئەوەی ئیڤا خۆیشی، سێ مانگ کاری لەشفرۆشی کرد بۆ پەیداکردنی پارەی خوێندنەکەی.

دیلان کەخەڵکی شاری سانداگۆی ویلایەتی تاکساسی ئەمەریکییە، لەو بارەیەوە دەڵێ "هەندێ پیاو کە بەدوای هاوڕێدا دەگەڕێن، پارەیان پێشکێش کردووم، بەڵام دەمەوێت ئەوە ئاشکرا بکەم، ئەو مەزادە تەنیا بۆ یەک شەوە، دڵنیاشم لەوەی کە زۆر کەس ئیدانەی کارەکەم دەکات، لەبەرئەوەی ئەو کارەی من دەیکەم، کارێکی قەدەخە کراوە، بەڵام من هیچ کێشەم نییە و لەو بڕوایەدام ئەو کەسەی لەگەڵی دەخەوم، وەک من قازانج دەکات".

دیلان ئاشکرای کرد کە زۆر کەس پارەیان پێشکێش کردووە لە خەڵکی "شێتۆکە" کە شەیدای سێکس کردنن، بۆ خەڵکی پایەبەرز و بەڕێز و دەوڵەمەند.

دیلان کە دەرچووی زانکۆی ویلایەتی سەکرەمێنتۆیە، ڕایگەیاند کە مەزادەکە لە یانەی شەوانەی (بانی ڕەنچ) لە ولایەتی نیڤادا بەڕێوەدەچێت.

هەروەها نەتالیا دیلان ڕایگەیاند کە ئامادەیە پزیشک بیپشکنێت بۆ ئەوەی هەموو کەس بۆی ئاشکرا بێت کە هێشتا کچە و هەتا ئێستا سێکسی نەکردووە و، پەردەی کچێنییەکەشی بەدەستکاری پزیشکی دروستنەکراوەتەوە، بۆیەش ئامادەیە تەنیا بە پارەیەکی زۆر بیفرۆشێت.

ناتالیا دیلان سەبارەت بە ئاستی پارەی مەزادەکە دەڵێ " تا ئێستا گەیشتووەتە 3.7 ملیۆن دۆلار و، نزیکەی 10 هەزار پیاو بەشدارییان لەو مەزادە دا کردووەو زۆربەی ئەو پیاوانەش بە ئیمێڵ پێوەندیان پێوە کردووم و گفتوگۆم لەگەڵ کردوون".

دێنس هۆف، خاوەنی یانەی شەوانی (بانی ڕەنچ) کە ئیڤای خوشکی ناتالیا کاری لێدەکات، لەبارەی ئەو مەزادەوە گوتی" بەڕای من ئەوە بیرۆکەیەکی زۆر باشە، زۆر باشترە لەوەی کچێنییەکەت لە پشتەوەی ئۆتۆمبێلێکدا بەدەست کوڕێکەوە لە دەست بدەی، چونکە بەوشێوەیە پارەیەکی باشت دەستدەکەوێ".

لەدرێژەی قسەکانیدا ناتالیا دیلان دەڵێ" ئەو کارەم زۆر ئاساییە، چونکە ئێمە لە جیهانێکی سەرمایەداری دا دەژین و مافی خۆمە، کچێنی خۆم بۆ بەرژەوەندی خۆم بەکاربێنم".

دیلان ڕایگەیاند کە ئەو بیرۆکەیەی لەو ئافرەتە پیرۆییە وەرگرت کە بۆ دابینکردنی خەرجی داودەرمانی دایکی، کچێنی خۆی بفرۆشێت و، پیاوێکی کەنەدی بڕی 1.5 ملیۆن دۆلاری پێشکێش کرد، بەڵام ئافرەتەکە دواتر لە بەڵێنەکەی پەشیمان ببووەوە.

دایکی دیلان کە مامۆستای سەرەتاییە، لە سەرەتادا لەگەڵ بیرۆکەی کچەکەی نەبوو، بەڵام دواتر ڕای خۆی گۆڕی و پشتگیری لێکرد.

بەڵام دیلان ئەوەشی ڕاگەیاند کە مەرج نییە کچێنی خۆی بە زۆرترین پڕی پارە بفرۆشێت، بەڵکو هەندێ تایبەتمەندی ڕەچاو دەکات "بە کەسێکی نەرموونیانی دەفرۆشم، مەزادەکە بەردەوام دەبێ هەتا ئەو کەسە دەدۆزمەوە کە پێی ڕازی دەبم". هەروەها ناوبراو گوتی" مەزادکردنی کچێنیم هەموو کێشەکانم چارەسەر ناکات، بەڵام لە ڕووی داراییەوە سەقامگیرم دەکات".

**لە ماڵپەڕی TheImproper.com-ی ئەمەریکییەوە**



# ئەو پیاوەی 8 ئۆتۆمبێلی دزی بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

هەرچەندە سامی هەشت ئۆتۆمبێلی دزیوە، بەڵام دایکی ئۆقرە ناگرێت و هەر وەک منداڵەکەی جاران سەیری دەکات کە لەباوەشی خۆیدا گەورەی کردووە، لەبەر هەژاری، ئەو دایکە 5 هەزار دینار قەرز دەکات بۆ سەردانی کوڕەکەی لەزیندان. سامی هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێت و دەڵێ "مردن باشترە بۆ من، بە دایکم گوت، چیتر سەردانم مەکە، بەرگەی گریانی تۆ ناگرم".

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، ڕایگەیاند کە کەسێک بە نێوی (س.ب.ا) کە لەماوەی شەش مانگدا 6 ئۆتۆمبێلی لەهەولێر دزی بوو، ئاسایشی سلێمانی دەستگیری کردووەو ڕەوانەی لای ئەوانی کردووە "دزەکە دانی بەهەموو تاوانەکان داناوە".

سامی، 31ساڵ، خەڵکی قوشتەپەیە، باوکی 5 منداڵە، 14ساڵە ژنی هێناوە، لە 2008/12/14 گیراوە، تا ئێستا دانی بە دزینی 8 ئۆتۆمبێل داناوە. ئەو کەسەی لەدزینی 6 ئۆتۆمبێل لەگەڵی بووە ناوی (ع)ە و 15 ڕۆژە گیراوەو لەگەڵ سامی لەیەک ژووردان. (ع) لەژوورەکەیدا لەرز و تای گرتبوو نەیدەتوانی قسە بکات، بۆیە تەنیا سامی بەسەرهاتەکەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە.

سامی بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەی لەکڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل لێیدەکەوێت، هانا بۆ دزینی ئۆتۆمبێل دەبات و لەدوو هەوڵی دزین سەرکەوتوو نابێت، تا دراوسێیەکی تازەی دەبێتە هاوکاری کە ئەویش لەبەر هەژاری ماڵی هێنابووە قوشتەپە. وەک سامی دەڵێت لەبەر ئەوەی (ع) هیچی نەبووە، بەزەیی پێدا هاتووەتەوەو، هاوکاری کردووە.

سامی و ع بۆ ڕزگاربوون لە هەژاری ڕوودەکەنە ئۆتۆمبێل دزین "چونکە هیچمان نەبوو کرێچی بووین، ڕۆژ هەبوو نان نەبوو بخۆین، لەقوشتەپە زەویان بە هەموو خەڵکدا، نەیاندا من، هەرچەند بە ئەسڵیش خەڵکی قوشتەپەم".

ئەو ئۆتۆمبێلانەی ئەودوو کەسە دزیویانن، بریتیبوون لە جۆری ڤیکتراو بیئێم. سامی شێوازی دزینەکە باس دەکات و دەڵێت "تەنیا دەرنافیزێکمان پێ بوو، جامەکەمان پێ دەشکاندو شوێنی سویچی ئۆتۆمبێلەکەمان تێکدەدا، بە دەرنافیزەکە پێمان دەکرد، لەلای جامچی جامەکەشمان تێ دەخستەوە".



ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ئەو دوو کەسە دزیویانە، بەبێ ئەوەی ژمارەکەی یان ڕەنگی ئۆتۆمبێلەکە بگۆڕن، لەشەقامەکان پێی سوڕاونەتەوە، سامی دەڵێت ئۆتۆمبێل هەبووە دزیویانە دوو مانگ لەناو هەولێر پیاسەیان پێکردووە.

دوای ئەوەی لەهەولێر پێنج ئۆتۆمبێل دەدزن، ئاشکرا دەبن و فەرمانی گرتنی سامی دەردەچێت "چووینە سلێمانی، لەوێش دوو ئۆتۆمبێلمان دزی و بردمانە سۆران بۆ فرۆشتن، یەکێکیانمان بە 1800 دۆلار، ئەوەی دیکەشمان بە 2400 دۆلار فرۆشت، ئەوانیش دەیانزانی دزیارییە، ئەگینا ئۆتۆمبێلەکان سێ ئەوەندەیان دەکرد".

بەگوێرەی قسەکانی سامی، زۆربەی دزییەکانیان دوای خواردنەوەی مەشروب بەشەو ئەنجامداوە "کە سەرخۆش دەبووین دەڕۆیشتین ئۆتۆمبێلەکانی بەردەم ماڵانمان دەدزین".

ئەو گەنجە ئێستا بەزەیی بە دایک و منداڵ و خێزانەکەی دا دێتەوە، کە دەبینێ دایکی پارە قەرز دەکات، بۆ ئەوەی کرێی هاتنە لای پێ بدات. دایکی کە دێتە لای پێیدەڵێت خێزانەکەت بەردەوام دەگریێت، چونکە هەرگیز نەیانزانی بوو سامی دزی دەکات و دەخواتەوە. سامی چیتر بەرگەی ئەو قسەو گریانانەی دایکی ناگرێت، بۆیە سامی بە دایکی دەڵێت مەیەوە لام. دەڵێ "5 منداڵم بەسەر ئەو دایکە هەژارەمەوە جێهێشتووە، بمرم باشترە".

سامی ئێستا زۆر پەشیمانە و چاوەڕوانی دادگا دەکات تا بزانێت کەی دەگەڕێتەوە ماڵەوە، چونکە بڕیاریداوە ژیانێکی تازە دەست پێ بکاتەوە "سواڵ بکەم، دزی ناکەمەوە، کەس بەدزی نابێتە هیچ".

### ڕووسیا دەڵێ ئۆکرانیا غازەکەمان دەدزێ

# لەبەر بڕینی غازی ڕووسیا ئەوروپا لەسەرمان دەلەرزێ

**ڕووداو- ئەڵمانیا**

ماوەی15 ڕۆژە ملیۆنان ئەوروپایی بە ڕۆژ بە جلی ئەستوور، بە شەویش لە بن پێخەفدا خۆیان گەرم دەکەنەوە، بە هۆی وەستانی غازەکەیان کە لە ڕووسیاوە دەهات . هێڵی بۆڕی غازی ڕووسیا بە ئوکرانیادا تێدەپەڕێت و دەگاتە ئەوروپا. مۆسکۆ دەڵێ، ئوکرانیا غازی ئێمە دەدزێ. بە گوێرەی قسەی ڕووسیا بڕی ئەو غازەی کە دەچووە نێو سنووری ئوکرانیا و ئەوەی لێیەوە دەردەچوو، یەکیان نەدەگرتەوە. وڵاتانی ئەوروپا لە ڕۆژانی ڕابردوو بە دوای چارەسەری گرفتەکەوە بوون، بەڵام ڕووسیا بێ ئەوەی خۆی بە ئوکرانیاوە سەرقاڵ بکات، پەرۆشی هاواری ئەوروپاییان بوو. کاتێک غازی پێویستی ئەوروپاییان کەم بوو، لە سەرما دەستیان بە هاوار کرد. ڕووسیا ڕێی ئوکرانیایان پیشاندەدات و دەڵێ : مەهێڵن ئۆکرانیا غازی ئێمە بدزێ، ئەوکات بۆڕییەکانتان بۆ دەکەینەوە. بەم جۆرە کێشەی غاز لەم دوو هەفتەیەی دواییدا لەسەر ئاستی جیهاندا لە پاش شەڕی غەززە بووە گەورەترین کێشە و هێشتاش بەردەوامە.

بەهۆی دواکەوتنی کردنەوەی بۆڕی غاز، بارۆسۆی سەرۆکی لیژنەی یەکێتی ئەوروپا، هۆشداریی دایە ڕووسیا و ئوکرانیا و گوتی "ئەگەر ڕێی هاتنی غاز بەرنەدەن، ئەوا ئەوە ئاکامی سیاسی خراپی بۆ ڕووسیا و ئوکرانیا لێدەکەوێتەوە" . بارۆسۆ،گوتیشی ئەوان دەتوانن ڕێوشوێنی یاسایی لە دژی ڕووسیا و ئوکرانیا بگرنەبەر.

تەنگژەی غازی سروشتیی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا، ملیۆنان مرۆڤی لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بەرەو ڕووی مەترسیی سەرما کردووەتەوە. بولگارستان کە بە تەواوی پشت بە غازی ڕووسیا دەبەستێ، غازی عەمبارکراویشی نەماوە. بەرپرسانی سلۆڤینیاش دەڵێن ئەگەر بەزوویی غازیان پێنەدرێتەوە، ئەوا پاشماوەی پرۆژە ئەتۆمییەکانی سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت دەبووژێننەوە .

سەرۆک وڵاتانی ئەوروپا بۆئەوەی ڕۆژێک زووتر کۆتایی بەم تەنگژەیە بێت، لە هەوڵدانێکی بەردەوامدان. سەرۆکی لیژنەی یەکێتی ئەوروپا ژۆس مانوێل بارۆسۆ، لە کۆبوونەوەی گشتیی پەرلەمانی ئەوروپادا، مۆسکۆ و کییڤی هۆشیارکردەوە و هەڕەشەی دانە دادگای لێکردن.

بارۆسۆ گوتی، ئەگەر کۆمپانیای گازپرۆمی ڕووسی و نەوت و غازی ئۆکرانیا، ئەرکی خۆیان بەجێنەهێنن، ئەوا دەیاندەنە دادگا. بارۆسۆ گوتی" گازپرۆم و نەوتوغاز ئەرکی خۆیان بەرامبەر کڕیارانی ئەوروپا بەجێنەگەیاندووە، ئەگەر مۆسکۆ و کییڤ ڕێککەوتنەکانیان بەرامبەر ئەوروپا جێبەجێنەکەن ئەوا وڵاتانی یەکێتی بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی وزەی دیکە کۆدەبنەوە".

سەرۆکی ئێستای یەکێتیی ئەوروپا و سەرۆک وەزیرانی چیک میرک تۆپۆلانەکیش، بۆچوونی خۆی دەربڕی و گوتی" تەنگژەی وزە نەک تەنیا ئابووریی ئەوروپا، بەڵکو ئاسایشی ئەوروپاش دەخاتە بەر هەڕەشە" .



### غاز دز کێیە؟

سلۆڤاکیا و بولگارستان دوو دەوڵەتن کە لەم تەنگژەیەدا کەوتنە بەر سەختترین کاریگەری. سەرۆک وەزیرانی بولگارستان سێرگی ستانشف و هاوشانە سلۆڤینییەکەی ڕۆبەرت فیکۆ پێکەوە لە کییڤ و مۆسکۆ بە دوای چارەسەرێکەوە بوون.

سەرۆک وەزیرانی ڕووسیا ڤلادیمیر پووتین لە دیدارەکاندا ئۆکرانیای تۆمەتبار کرد و پێشنیازی کرد کە ئەوان گوشاری زیاتر بخەنە سەر کییڤ. پووتین دەڵێ، دەبێ ئەوروپا بە قسەی ڕووت وەخت نەکوژێ و بکەوێتە خۆ و بەم جۆرەش درێژەی دایێ"نامە نووسین زۆر باشە،بەڵام خەڵکی ئەوروپا نەک بە نامە، بەڵکو بە غاز گەرم دەبێتەوە" .

یەکتر تۆمەتبارکردنی ڕووسیا و ئۆکرانیا بەردەوامە. هەردوولا لەم کردارەدا کە هەڕەشە لە ئەوروپا دەکەن، نایانەوێ هەنگاو بهاوێژن. لە لایەکی دیکەوە بە گوێرەی بەرپرسانی ئوکرانیاش، بەرپرسی تەنگژەکە ڕووسیایە. کۆمپانیای غازی ڕووس، گازپرۆم، ئۆکرانیا بە دزینی غازی خۆی تۆمەتبار دەکات و دەڵێ:" ئۆکرانیا دزی لە بۆڕیی غاز دەکات". هەروەها ڕووسیا دەڵێ بە ملیۆنان دۆلار قەرزی لەسەر ئۆکرانیایە. بەرپرسانی ئۆکرانیاش ئەم دوو تۆمەتە ڕەتدەکەنەوە.

پاش گوشاری ئەوروپاییان بۆ سەر ئوکرانیا، سەرۆک وەزیرانی ئۆکرانیا یولیا تمۆشەنکۆ لە ناچاریدا گوتی، ئەوان لە سەرنجەکانی ڕووسیا دەکۆڵنەوە. لە ئەنجامی ئەم تەنگژەیە کە چەند هەفتەیەکە تەنگی بە ئەوروپا هەڵچنیوە، پووتین جارێکی دی بەزەیی پێیاندا هاتەوە و بڕیاری غاز نارنی دا. بەڵام گەیشتنی غازەکە چەند ڕۆژێکی دەوێ.

پاش ئەو هەموو گفتوگۆ و ناکۆکییە، هەرچەندە ڕووسیا قایل بووە کە بۆڕییەکانی غاز بکاتەوە، ئەم کێشەیە دەریخست، کە ڕووسیا بە هۆی غازەکەیەوە زۆر کاریگەری بەسەر ئەوروپاوە هەیە. ئێستا وڵاتانی ئەوروپا بۆ ئەوەی لەم مەترسییە ڕزگاریان بێت، بە دوای ڕێی دیکەدا دەگەڕێن. یەکێ لەو ڕێیانە یان ڕێی هەرە نزیک، پرۆژەی نەبوجۆیە، کە لەسەر بنەمای غازی ئێران و ئاسیای ناڤین دروست بووە. بەڵام ئەویش بەرەو ڕووی ئاستەنگی ئەمریکا دەبێتەوە.

# ئۆباما گرانترین ڕێورەسمدا سوێند دەخوات

**ڕووداو-هاوار عەبدولڕەزاق**

ڕۆژی 2009/1/20 باراک ئۆباما، دەبێتە 44ـەمین سەرۆکی ئەمەریکا و چاوەڕوان دەکرێت 2 ملیۆن کەس لەسەرانسەری جیهان و لەبەردەم کۆشکی سپی، بەشداریی ڕێورەسمی سوێندخواردنی یەکەمین سەرۆکی ڕەشپێستی نێو کۆشکی سپی بکەن.

دوا قۆناخی ئۆباما بۆ سەرۆکایەتی ڕۆژی شەممە دەستی پێکرد، دوای ئەوەی بە شەمەندەفەر لە شاری فیلەدۆلفیاوە گەیشتە واشنتن، نەتالی وەیت، وتەبێژی لیژنەی دەستبەکاربوونی ئۆباما، گوتی مەبەستی لەو گەشتە ئەوەبوو کە بە هەمان ڕێگەی ئەبراهام لینکۆڵن، شانزدەیەمین سەرۆکی ئەمەریکا، بەرەو واشنتن بڕوات، لەبەرئەوەی ئۆباما زۆر سەرسامە بە لینکۆڵن و شاری فیلەدۆلفیاشی هەڵبژاردووە، لەبەرئەوەی "شوێنی دروستبوونی ئەمەریکایە" .

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی ئەسۆشێتد پرێس، بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا هیچ سەرۆکێکی جیهان بانگهێشت نەکراوە بۆ ئەو ڕێورەسمە و، تەنیا نوێنەر و باڵیۆزی حکومەتەکان لە واشنتن بانگهێشت کراون.

پێش ڕۆژی سوێندخواردن ، وەک سەرۆکەکانی دیکەی ئەمریکا، ڕۆژی 2009/1/18 ئاهەنگی گۆرانی بەبۆنەی دەستبەکاربوونیەوە لەنزیک کۆشکی سپی سازدەکرێ کە پێشبینی دەکرێ یەک ملیۆن کەس تێیدا بەشداربن، وا چاوەڕوان دەکرێ ئۆباما بە وتار خوێندنەوەو سەماکردنیش تێیدا بەشدار بێ.

میدیاکانی ئەمەریکا ئەم ئاهەنگە فەرمیەیان ناو ناوە "کۆنسێرتی ئۆباما"، لەبەرئەوەی زۆر هونەرمەندو کەسایەتی بەنێوبانگی ئەمەریکی تێیدا بەشداردەبن، لەوانەش (بیۆنسا)ی کچە گۆرانیبێژی ئەمەریکی و (ستیڤی وەندەر)ی میوزیکژەنی بەنێوبانگ، ئۆبرا وینفری پێشکێشکاری بەنێوبانگی ئەمەریکی، هەروەها چاوەڕوان دەکرێ تایگەر وودز، یاریزانی پاڵەوانی یاری گۆڵفیش بە وتارێک بەشداری تێدا بکات.

لەگەڵ ئەوەش چاوەڕێ دەکرێت چەند سیاسەتمەدارێکی ئەمەریکیش ئامادەی ئاهەنگەکە ببن لەوانەش، ئارنۆڵد شوانسنگەری حاکمی ولایەتی کالیفۆرنیا.

ئەو ئاهەنگە لە هەمان پارکدا ساز دەکرێت کە لە ساڵی 1963دا، مارتن لۆسەر کینگ، سەرۆکی چالاکڤانە ڕەش پێستەکانی ئەو کات بەنێوبانگترین وتاری خۆی تێدا پێشکێش کرد بە ناوی (خەونم هەیە).

هەروەها پنتاگۆنیش خۆی ئامادە کردووە بۆ ئەو ڕۆژە مێژووییە و بەپێی قسەی وتەبێژی پنتاگۆن، نزیکەی 18 هەزار ئەفسەری پۆلیس بەنێو شاری واشنتندا دابەشدەکرێن و 14 هەزاری دیکەش لەئامادەباشیدا دەبن کە ئەمەش گەورەترین هێزی ئاسایشە بۆ ڕۆژی سوێندخواردنی سەرۆکی ئەمەریکا دابنرێت.

ڕێورەسمی هەفتەی دەستبەکاربوونی ئۆباما شەوی سێشەممە بە چەند ئاهەنگێک لە شارە جیاجیاکانی ئەمەریکا کۆتایی دێت و ڕۆژی چوارشەممەش یەکەم ڕۆژی سەرۆکایەتی ئۆباما دەبێت، کە یەکەم ئەرکی ئەوەیە هەوڵ بدات دوو شەڕ ڕابگرێت و ئەمریکا لە تەنگژەی ئابووری ڕزگار بکات.

حکومەتی ئەمەریکا، بڕی 49 ملیۆن دۆلار، وەکو بوودجەی مەراسیمی سوێندخواردنی سەرۆک، تەرخانکردووە، بەڵام ولایەتەکانی ڤێرجینیا و مێریلاند کە لەنێزیک ولایەتی واشنتنن، داوای پارەیەکی زیاتریان کردووە بۆ دابینکردنی ئاسایش لەو ڕۆژەدا.

بەپێی میدیاکانی ئەمەریکا، سوێندخواردنەکەی باراک ئۆباما گرانترین سوێندخواردنی سەرۆکە لە مێژووی ئەمەریکا،کە تاوەکو ئێستا 150 ملیۆن دۆلاری تێچووە.

بەپێی ڕاپۆرتەکان، (ستی بانک)ی ئەمەریکی تاوەکو ئێستا 113 هەزار دۆلاری بۆ ئەو مەبەستە خەرجکردووە.

ولایەتی واشنتنیش ڕایگەیاند ئەوانیش، 11 ملیۆن دۆلاریان خەرجکردووە، کە زۆربەی بۆ بواری ئاسایش و گواستنەوەبووە.

لەگەڵ ئەوەش پارەیەکی زۆر لە دورستکردنی تی شێرت و کڵاو و ئاڵا کە وێنەی ئۆبامای تێدا نەخشێندراوە، خەرج کراوە.

پارەی خەرجکراو لەو مەراسیمە زۆر زیاترە لە مەراسیمی سوێندخواردنی جۆرج بوش لە ساڵی 2005، کە بڕی 42.3 ملیۆن دۆلاری تێچوو، مەراسیمی سوێندخواردنی بیل کلینتن لە ساڵی 1993 کە بڕی 33 ملیۆن دۆلاری تێچوو.

هەروەها هونەرمەندانیش پارەیان بۆ ئەو ڕۆژە تەرخانکردووە، وەکو شارۆن ستۆن کە بڕی 48 هەزار دۆلاری پێشکێش کردووە.

جۆری ئەو ئوتومبێلەی ئۆباما بۆ ڕێورەسمەکە دەبات، لیمۆزینی 2009یە.

ئۆباما،سوێند بەهەمان ئینجیل دەخوات کە کاتی خۆی ئەبراهام لینکۆڵن، سوێندی لەسەر خوارد.



# پەخشی فارسی تەلەفزیۆنی BBC دەستی پێکرد




**ڕووداو- بەریتانیا**

تەلەفزیۆنی BBC ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو، کاژێر 15:30 پەخشی بە زمانی فارسی دەست پێکرد. کەناڵی BBC فارسی، ڕۆژانە 8 سەعات هەواڵ، دۆکومێنت و بەرنامەی هەواڵی بڵاودەکاتەوە. ئامانجی BBC ئەوەیە بگاتە بینەرانی فارسی زمان لە ئێران، ئەفغانستان و تاجیکستان.

ڕادیۆی BBC لە ساڵی 1940دا پاش ئەوەی سوپای ئینگلیز ئێرانی داگیرکرد، دەستی بە پەخشی فارسی کرد. پەخشی ئینتەرنێتی بە فارسی لە ساڵی 2001دا دەست پێکرد. ئەم دوو تۆڕەی ڕاگەیاندن ئێستا ڕۆژانە دەگەنە 10 ملیۆن کەس . ئێستاش بە کردنەوەی کەناڵی تەلەڤزیۆن، ئەو ژمارەیە زیاتر دەبێت. کەناڵی فارسی بە ئامێری سەتەلایت لە ئێران و ئەفغانستان و بە ئینتەرنێتیش لە سەرانسەری جیهاندا دەتوانرێ ببیندرێ.

بودجەی ساڵانەی بەشی فارسی 22 ملیۆن دۆلارە، کە لە لایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بەریتانیاوە دابین دەکرێت.

ئەم بەشەش لە ڕووی نووسینەوە، وەک هەموو بەشەکانی BBC سەربەخۆ دەبێت.

بەرپرسانی ئێران کەناڵی فارسیی BBC یان بە "گوماناوی" و "نایاسایی" دانا و، ڕێ نادەن BBC لە نێو ئێراندا کار بکات. بەڵام بەرپرسی تۆڕی جیهانیی BBC نیگل چاپمان گوتی " ئێمە هەستێکی دوژمنکارانەمان نییە بەرامبەر ئێران".هەروەها گوتی " هەرچەندە لە ئێراندا تەلەفزیۆنی سەتەلایت قەدەغەیە، بەڵام بە ملیۆنان کەس خاوەنی سەتەلایتن و خواست لەسەر ئەو کەناڵە نوێیەی BBC هەیە".

کورد چەند جارێک داوای لە تۆڕی BBC کردووە، بەشی کوردی لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی BBC بکاتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا ڕازینەبووە. کە دوایین هەوڵ لەلایەن د.جەواد مەلای سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆژئاوای کوردستان، لەساڵی ڕابردوو درا.

نیگل چاپمان لە ماڵپەڕی BBCدا دەڵێ، ئەوان زۆر بایەخ بە فارسی دەدەن و پەخشەکەیان جگە لە ڕێگەی تەلەفزیۆنی، بە ئینتەرنێتیش دەگەیێننە تەماشەڤانە فارسی ئاخێڤەکان .

کەناڵی فارسیی BBC، جگە لە هەواڵ، زۆر بەرنامەی BBC دەربارەی هونەر، ڕۆشنبیری، زانست و تەکنەلۆژیاش وەردەگێڕێ و بە دۆبلاژی فارسی پەخشیان دەکاتەوە.

# ئەڵمانەکانیش پشت لە کتێب دەکەن

**ڕووداو-بەرلین**

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی خوێندنەوە، کتێب خوێندەوە لە نێو ئەڵمانەکاندا ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە،بەڵام بە پێچەوانەوە 36%ی پەنابەران بە لای کەمەوە لە هەفتەیەکدا کتێبێک دەخوێننەوە.

کۆمەڵەی خوێندنەوە لە ساڵی 2008دا، سێ لێکۆڵینەوەی دەربارەی ڕەوشی کتێب خوێندنەوە ئامادەکردن . بە گوێرەی ئەنجامەکانیان ڕێژەی خوێنەرانی کتێب لە نێو ئەڵماناندا تا دێ کەمتر دەبێت. لە ساڵی 2000دا لە سێ کەسی لاو و بە تەمەن دا، ساڵانە لە نێوانی 12 تا 50 کتێبیان دەخوێندەوە. ئەو ژمارەیە لە ساڵی 2008دا بووە لە چواران یەک،هەروەها لەنێو هەر چوارکەسی ئەڵمانیادا یەکێکیان هیچ کتێب ناخوێنێتەوە.

لە لێکۆڵینەوەکانی ساڵی ڕابردووش، هەمان ئەنجام دەستکەوتن. پسپۆرە لێکۆلەرەکان دەڵێن، ئەو دایک و باوکانەی کە کتێب ناخوێننەوە،دەبنە نموونەی خراپ بۆ منداڵەکانیان. هەروەها نیوەی لاوانی تەمەن نێوان 14 تا 19 ساڵ،هیچ کتێبێکیان وەک دیاری لە قوتابخانەکانیان وەرنەگرتوون. هەر لەبەر ئەوە، یەکێک لە ئامانجە هەرە گرنگەکانی کۆمەڵەی خوێندنەوە، هاندانی خەڵکە بۆ کتێب خوێندنەوە.

دەبێ منداڵان هان بدرێن

کریستۆف سخافەر، یەکێک لە پسپۆڕانی ئەو دەزگایە و دەڵێ، ناردنی منداڵان بۆ کتێبخانە بەس نییە،بەڵکو پێویستە دەوڵەتیش پشتگیرییان بکات"بۆ خوێندنەوەی کتێب، یەکێک لە خزمەتە هەرە باشەکان کتێبخانە گشتییەکانن، بەڵام لەبەر هۆی کەم خەرجی، زۆر بە زەحمەت کاردەکەن و، مرۆڤ ناتوانێ بڵێ کتێبخانە بە ڕێکوپێکی کار دەکەن ".

### پەنابەران زیاتر دەخوێننەوە

سخافەرلە ئەنجامی لێکۆڵینەوەداسەلماندی، کە حەزێکی زیاتری کتێب خوێندنەوە لەنێو پەنابەران دا هەیە. بەوهۆیەشەوە چینێکی خوێنەر کە باش بە ئەڵمانی دەدوێن،لەنێو پەنابەران دا دەرکەوتووە.

سخافەر دەڵێ:"ئەوە بۆ ئێمە ئەنجامێکی سەرسوڕهێنەر نییە"و، درێژەی دەداتێ و دەڵێ"بەڵام ئەو ئەنجامە بە لێکۆڵینەوە سەلما. ئەو گرووپەی پەنابەران خوێندنەوەی کتێب وەک یارمەتیدەرێکی پەروەردەو خوێندنیان دە بینن. ئەوان باش دەزانن کە خوێندن و پەروەردە دەرفەتی پێشکەوتنی ژیانی تایبەتی و پیشەییان پێدەبەخشێ لە ئەڵمانیا".

ئەوپەنابەرانەی بەرلێکۆڵینەوەکەکەوتوون، 36%یان لە هەفتەیەکدا زیاتر لە ڕۆژێک و، 11%شیان ڕۆژانە کاتێک بۆ خوێندنەوە تەرخان دەکەن. کریستۆفەر سخافەر دەڵێ، لە لێکۆڵینەوەکەدا ئەوان نەیانپرسیوە کێ چ دەخوێنێتەوە"بەڵام ئەگەر ئەوەش نەزانین، ئەوا هەر خۆی لە خۆیدا کتێب خوێندنەوە بۆ تامەزرۆیبوون و ڕاهاتن لەسەر خوێندنەوە شتێکی زۆر باشە".

سخافەر دەڵێ، لە هەڵبژاردنی کتێبدا، پیشە و پەروەردە ڕۆڵی سەرەکییان هەیە"لەو پرسیارانەی کە ئێمە کردوومانن، ئێمە دەتوانین ئەم ئەنجامە بخەینە ڕوو: لە نێوانی نان و هەڵبژاردنی کتێبدا پەیوەندییەک هەیە. خوێنەرێک کاتێ بڕیاری خوێندنەوەی کتێبێک دەدات، بیر لەوە دەکاتەوە ئاخۆ کام کتێب کار دەکاتە سەر پاشەڕۆژی ئەو کارەی کە دەیکات".

### پەیوەندی لەگەڵ کتێبی ئەلیکترۆنیدا نییە

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکانی وەقفی خوێندنەوە لە شاری ماینز، زۆرینەی ئەڵمانەکان خوێندنەوەی سەر کۆمپیوتەریان بە لاوە پەسند نییە. بە تایبەتی25%ی خوێنەرانی ئەڵمان دەڵێن، هەرچەندی کتێبی ئەلیکترۆنی زیاتر ببن، ئەوان هەر دەست لە خوێندنەوەی کتێبی چاپکراوی سەر کاغەز هەڵناگرن.



### جامانە لەمل کە و کلێنس بەپەنجە ڕاوەشێنە

# گەنجانی سلێمانی بەبای مۆدێل شەنی ڕۆژگار دەکەن



**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو –سلێمانی**

ساکار دەڵێ بۆیە گەنجانی سلێمانی خۆشدەوێ، چونکە ژیانیان بەمۆدێل بەڕێ دەکەن. ئەو کە بەپێچەوانەی ناوەکەیەوە ژیانی گەنجێتی خۆی لەگەڵ مۆدێلەکان و تازەترین ماکیاژ بەسەر دەبات، پێیوایە "مۆدێل جگە لەوەی سەقافەتە،خاوێنی و جوانیشە".

ساکار ڕەزا، تەمەن 21ساڵ، نایشارێتەوە، کە هۆی هۆگری ئەو بۆ زنجیرە تورکی و عەرەبییەکان، زیاتر لەبەر مۆدێلی نوێی جلوبەرگە ودەڵێ " ئەمڕۆ سەتەلایت زۆر بەخێرایی مۆدێلەکانمان پێدەگۆڕێت".

گەنجانی سلێمانی بە ڕچەشکێنی مۆدێل گواستنەوەو شکاندنی نەریتە باوەکان ناسراون و بەو هۆیەشەوە، سلێمانی تاکە شاری هەرێمی کوردستانە، کە هەر زوو نەریت و بیرکردنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرامبەر خواست و خەونی گەنجانیدا ئاڵای سپی بەرز دەکەنەوەو، ئەو خوێندکارانەش کە زانکۆی سلێمانی وەریاندەگرێت، هەستدەکەن چانسێکی باش یاوەریانە. سۆما عەبدوڵڵا یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی گەنجانی سلێمانی بە"زەوق سەلیم" ناودەبات.

سۆما عەبدوڵڵا، 21ساڵ، خوێندکاری قۆناخی دووەمی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانییە. ئەو دەڵێت" من بۆخۆم جامانە دەکەمە ملم کە ئێستا مۆدێلە لەنێو کچانی سلێمانیداو کلێنسیش تەنها لەبەر پێویستی هەڵناگرم،بەڵکو لەبەر ئەوەشە چونکە جوانە و بووەتە مۆدێل لەناو دەستدا بێت ". سۆما دەزانێ ئەوانە لاساییکردنەوەن " بەڵام ئەو جۆرە لاسایکردنەوەیەش ئاستی ڕۆشنبیری و سەلیقەی گەنجانی سلێمانی دەردەخات".

"ئەوەی لەفلیمێکی ئەوروپیدا دەیبینیت، سبەی لەبازاڕەکانی سلێمانیدا بەرچاوت دەکەوێ ". ئارام حوسێنی تەمەن 22 ساڵ، لەگەڵ ئەو قسانەیدا وتیشی " نابێت زۆر گوێ بەقسەی خەڵک بدەی، کاتێک دەکەویتە ژێر کاریگەری گڵۆبالیزمەوە، چونکە بەجیهانیبوون ئەوەیە کە تۆش لەگەڵ جیهاندا بڕۆی". بۆیەش ڕۆیشتن لەگەڵ مۆدیل دا بە شتێکی باش دادەنێت و، ئەویش بەهەمان شێوەی ساکار، بڕوای وایە کە سەتەلایت سەرچاوەی سەرەکی مۆدێل گۆڕینەکانی گەنجانی سلێمانییە.

لەساڵی 2006 دا کاتێک ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی کەوتە بازاڕەوە، زۆربەی گەنجانی سلێمانی ئەورۆمانەیان کڕی و هەندێک لەو گەنجانەش کەئەورۆمانەیان کڕیبوو، تەنها بۆ









بەدەستەوە گرتنی لە شەقامەکان دەیانکڕی، ئێستاش زۆربەی گەنجان، کەمانچەیەکیان بەشانەوەیە بەبێ ئەوەی زۆربەیان بتوان بیژەنن، هی واش هەیە تەنیا سندوقەکەی بەشانەوە دەکات. هاوڕێ یەک لەو گەنجانەیە کەدانی پێدا دەنێت کەمانچەکەی بۆیە خۆشدەوێت، چونکە بووەتە پردی خۆشەویستی ئەو لەگەڵ کچێک "ئەو شەیدای موزیک بوو، وایزانی منیش موزیک ژەنێکی باشم و سەرەتا یەکمان ناسی، ئیتر بەهۆی ئەو کەمانچەیەوە پەیوەندیمان دروستکرد".

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی لەشاری سلێمانی پێیوایە گەنجان مەحکومن بەوەی دوای مۆدێل بکەون و دەڵێ، ئەو گەنجەی کەمانچەیەک دەکاتە شانی و هیچیش لەموزیک نازانێ، لەژێر کاریگەری ئەو هەژموونەدایە کە جیهانگەرایی سەپاندوویەتی بەسەر کۆمەڵگەکاندا .

جەزا حەمە ساڵح، توێژەری کۆمەڵایەتی وتی" جیهانگەرایی ناچارمان دەکات لاسایی مۆدیلەکان بکەینەوە". جەزا دەڵێ گەنجان بۆ دۆزینەوەی خۆشەویست ناچارن مۆدیل لە داوای مۆدیل بگۆڕن "ئێستا کوڕێک زیاتر ئەو کچە سەرنجی ڕادەکێشێت کە شێوازی جلوبەرگ و ماکیاژ و چاککردنی قژی و ئەوشتانەی مۆدێلی تازە بێت، کچێکیش بەهەمان شێوە زیاتر کوڕێک سەرنجی ڕادەکێشێت، کەفول مۆدێل بێت لە وردەکارییەکانی جلوبەرگ و خۆڕێکخستندا ".

جوان سەباح، 20ساڵ، لەبەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی، بەهەستیارییەوە قسە دەکات و پێیوایە زۆر شتی دیکە هەیە کە گەنجانی سلێمانی بتوانن خۆیانی پێوە سەرقاڵبکەن زیاتر لە کلێنس لەدەست گرتن " هەرچەندە کلێنس پێویستیشە".

مەجید قادر، کە ئێستا تەمەنی 61ساڵە، گەنجێتی خۆی لەگەڵ باوکیدا لە نێو زەحمەتییە زۆرەکانی کێڵگەکاندا بەسەربردووە، پێیوایە گەنجانی ئێستا سەرلێشێواون "کوڕی واهەیە بەزەحمەت دەزانم کە کوڕە، چونکە هەرچی دەرمانە لەخۆی دەدات". ئەو پێیوایە گەنجی ئەوکات شوکر و ئەوانەی ئێستا دەست بڵاون " ئێمە بەوهەموو دەردەسەرییەشەوە شکور بووین، کەچی گەنجی ئەمڕۆ پارەی دنیا بەشی خۆ پۆشتەکردنی ناکات". بەبڕوای مەجید قادر، مۆدێل، کەئەو بە"سەرلێشێواوی" ناوی دەبات " حەرامە، مادام زیادە مەسرەف و خۆ بەپڕوپوچەوە خەریک کردنە".

جەزا حەمەساڵح دیوێکی دیکەی مۆدێل باس دەکات کە لاسایکردنەوەیە. وتیشی " هەموو تاکێکی کۆمەڵ هەستی لاسایی کردنەوەی تێدایەو لاسایکردنەوەش بۆخۆی جۆرە ڕۆشنبیرییەکە ". جەزا حەمەساڵح دەڵێ "کەکتێبێکی سەرنج ڕاکێش دێتە بازاڕەوە، دەیان گەنج دەیکڕن تەنها لەبەر ئەوەی بەدەستیەوە بگرن نەک بیخوێننەوە، ئەمەش خۆدەرخستن و ڕاکێشانی سەرنجی بەرامبەرە".

# کچانی هەولێر بەسەر گرووپی زەکەریا و زیاد ئەسعەد دا دابەشدەبن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو–هەولێر**

کچانی هەولێر لەچەندین قوتابخانە، گرووپی جۆراو جۆریان بەنێوی هونەرمەندان دروستکردووەو، هۆکارەکەشی دەگەڕێننەوە بۆ خۆشەویستییان بەرامبەر بەو هونەرمەندانە، کە گرووپی زەکەریاو گرووپی زیاد ئەسعەد دوو گروپە هەرە دیارەکەن.

زۆر قوتابی کچ بۆ دەربڕینی ئەو هەستی خۆشەویستییەیان، بەرگی پەرتووک و پەڕاوەکانیان بەوێنەی ڕەنگاو ڕەنگی هونەرمەندان ڕازاندووەتەوەو جگە لەوە بەرهەمی ئەو هونەرمەندانەشیان لەماڵ هەیە.

ئەژین، قوتابی قۆناخی وێژەیی لە ئامادەیی میدیای کچان، هەوادارێکی سەرسەختی هونەرمەند زەکەریا عەبدوڵڵایە و دەڵێت نزیکەی 35 وێنەی زەکەریای هەیە و دیواری ژوورەکەشی هەموو کردووەتە وێنەکانی ئەو هونەرمەندە،تەنانەت سەرجەم گۆرانییەکانیشی لەنێو مۆبایلەکەیدایە و هەمووشی لەبەر کردوون.

خۆشەویستی ئەژین و هاوڕێکانی، سەرەنجام ئەوانی گەیاندە ئەوەی گرووپێک بەنێوی گرووپی زەکەریا پێکبێنن. وەک ئەژین باسیکرد کاری گرووپەکە زیاتر ئاڵوگۆڕکردنی وێنەو بەرهەمەکانی هونەرمەند زەکەریایە لەنێو خۆیاندا. ئەژین ئاواتی ئەوەیە ڕۆژێک لەنزیکەوە زەکەریا ببینێت "تەمەننا دەکەم ڕۆژێک لەنزیکەوە زەکەریا ببینم، ئەگەر بەگیانی خۆشم ئەو بینینە ساز بێت، چونکە زەکەریام لە ڕوحی خۆم خۆشتر دەوێت".

خۆشەویستی کچان بۆ هونەرمەندان زۆرجار شەڕ لەنێو کچاندا دروستدەکات، بەتایبەتیش کە یەکێکیان قسە بە هونەرمەندەکەی ئەویتر بڵێ، ئەژین دەڵێت "ڕازی نیم کەس قسە بە زەکەریان بڵێت، لەسەر زەکەریا لەنزیکترین هاوڕێی خۆم تورە بوویمە".

زۆرجاریش خۆشەویستی هونەرمەندان لەلای بەشێک لەکچان بۆ ئەو بارە سۆزدارییە دەگەڕێتەوە کە تێی کەوتوون، ئەوان ئەڤینی خۆیان لە گۆرانییەکانی ئەواندا دەبیننەوە.

مەروا، قوتابی قۆناخی 12ی زانستی، زۆر سەرسامە بە هونەرمەند ئەیوب عەلی و، وا هەستدەکات گۆرانییەکانی بۆ ئەو گوتووە "خۆم لەنێو گۆرانییەکانی ئەیوب عەلیدا دەبینمەوە، هەرکاتێک گوێ لەگۆرانییەکانی دەگرم، هەستم دەبزوێنێ و وا هەستدەکەم گۆرانی تەنیا بۆ هێورکردنەوەی ڕۆحی من دەڵێت".

مەروا، هەموو بەرهەمەکانی ئەیوبی هەیە



زەکەریا و زیاد ئەسعەد

و، هەر کاتێک هەست بە تەنیایی و دڵتەنگی بکات، پەنا بۆ گۆرانییەکانی دەبات، بەمجۆرە هەست بە ئارامی دەکات و دڵتەنگییەکەی نامێنێ.

"جارێک لەبازاڕ هەردی سەلاحم بینی، بەخۆم نەوەستام لەناو ئەم هەموو خەڵکە هاوارم کرد هەردی، ئەویش ئاوڕی دایەوە، بەڵام دایکم نەیهێشت بچمە لای". هەرچەندە شارا دوای ئەوەی پەیوەندی بە گرووپی زەکەریاوە کردووە، ئەو خۆشەویستییەی جارانی بۆ هەردی سەلاح نەماوەو تەنانەت سەرجەم وێنە و بەرهەمەکانیشی فەوتاندوون، بەڵام چەند جارێک لەسەر هەردی سەلاح لەگەڵ هاوڕێکانی بەکێشە هاتووە.

بەشێک لەکچان ناوی هونەرمەندەکان لەسەر کورسی دانیشتنیان دەنووسن، زۆرجاریش پەنا دەبەنە بەر تەختە ڕەش و دیواری پۆل، هەروەها زۆربەیان وێنەی هونەرمەندان لەجانتا و لیڤێکس و دەفتەرەکانیان دەدەن.

کچان بەتەنیا هەوادارى هونەرمەندانی کورد نین، هونەرمەندانی بیانیش بەتایبەتیش گۆرانبێژانی عەرەب لەنێو کچاندا هەوادارایان هەن.

دڵگیر، کچە قوتابیەکی دیکەی میدیای کچانە، ئەو هەرچەندە زمانی عەرەبی نازانێت، بەڵام سەرسامە بەگۆانبێژی عەرەب حوسام ڕەسام " هەرکاتێک ناوی حسام ڕەسامم بەرچاو دەکەوێت، بە خەیاڵ دەچمە نێو گۆرانییەکانی و وانەکانم بیر دەچنەوە".

بەشێک لەکچان ئەوەندە بەقوڵی هونەرمەندانیان خۆشدەوێن، هیچ کاتێک حەز ناکەن گوێبیستی هەواڵی ناخۆشی هونەرمەندانە بین.

نێرگزیش کە قوتابی پۆلی 12ی ئامادەییە، هەواداری حوسام ڕەسامە و نزیکەی 18 کاسێت و 28 وێنەی ئەو هونەرمەندەی هەیە.نێرگز دەڵێ ڕۆژێک سەرقاڵی تاقیکردنەوەکان بووە، زاواکەیان تەلەفۆنی بۆ کردووەو پێیگوتووە حوسام ڕەسام بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل گیانی لەدەستداوە، ئەویش یەکسەر کتێبەکانی وەلاناوە و هەستاوە دەستنوێژی هەڵگرتووەو چەند ئایەتێکی قورئانی خوێندووەو لە خودا پاڕاوەتەوە هەواڵەکە ڕاست نەبێ. نێرگز هەر بەوەش نەوەستاوە دوو کورتە نامەی بۆ کەناڵی (الشرقیة) و (روتانا) ناردووە، دواتر کەناڵی (الشرقیة) وەڵامیان داوەتەوە کە هەواڵەکە ڕاست نییە. نێرگز دەڵێت "لەسەر ئەو هەواڵە ناڕاستە چەند مانگێک لە زاواکەمان تورە بووم".

زۆرجار ناکۆکی دەکەوێتە ناو گرووپەکان، تەنانەت دەگاتە ڕادەی تورە بوون و قسە بە یەکتر گوتنیش. سەعدیە عەبدوڵڵا، قوتابی میدیای کچان، حەزی لەگۆرانییەکانی هونەرمەند زیاد ئەسعەدە، پێیوایە زیاد یەکێکە لەو هونەرمەندانەی شایەنی ئەوەیە نازناوی ئیمپراتۆری گۆرانی کوردی پێ ببەخشرێت، چونکە بە بڕوای ئەو، ئەو هونەرمەندە جگە لەوەی توانیویەتی داهێنانێک، لەگۆرانی کوردی بهێنێتە کایەوە، بەهەمان شێوە بووەتە یارمەتیدەری زۆربەی هونەرمەندان بەدانانی تێکست و ئاواز بۆیان.

خۆشەویستی کچان بۆ هونەرمەندان وایکردووە توشی گەلێک کێشە بن، هاوژین، قوتابی قۆناخی 12 وێژەیی، یەکێکە لە ئەندامانی گرووپی هەوادارانی زەکەریا لە ئامادەیی میدیای کچان، هاوژین بەسەرهاتێکی خۆی بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە "ئێوارەیەک لەماڵ لەیەکێک لە تەلەڤزیۆنەکان گۆرانی زەکەریای پەخشکرد منیش لەتەلەڤزیۆنەکە نزیک بوومەوە و گوتم یا خوا بەقوربانت بم، هەر ئەوەندەم زانی تاکە نەعلێک بەپشتم کەوت کە ئاورم دایەوە بینیم براکەم بوو، زۆر شەرمم لەخۆم کردەوە".

مامۆستایانیش ئاگاداری ئەو ململانێ و گرووپێنەی کچانن، بەڵام بەشتێکی ئاسایی دەبینن و نایانەوێت ڕێگری لەو حەزەی قوتابیان بکەن. مامۆستا فەوزان محەممەد، ڕابەری پەروەردەیی لە ئامادەیی میدیای کچان، لەبارەی ئەو گرووپانەوە گوتی "ئەو تەمەنەی قوتابیان شتی وای تێدا ڕەچاو دەکرێت، بەڵام ئێمە نامانەوێت دکتاتۆرانە هەڵسوکەوت بکەین، چونکە ئەوەی ئێستا دەیبینین لە سەردەمی ئێمەش لە هەشتاکان هەبوو". تەنیا داواکاری مامۆستا فەوزان لەو قوتابییانە ئەوە بوو کە هاوسەنگەی لەنێوان خوێندن و ئارەزووەکانیان دروست بکەن.



ناوی نانسی و بڵند و هونەرمەندانی دیکە دیواری قوتابخانەکانی داپۆشیوە (فۆتۆ:ڕووداو)



# گەنجە عەرەبەکان بۆ نان و تیرۆر دێنە کەرکووک

## 29 هەزار گەنج لەشارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق هاتوونەتە کەرکووک

**ئامانج کەرکووکی**
**ڕووداو– کەرکووک**

وەک بەشێکی زۆری ئەو گەنجە عەرەبانەی لەناوەڕاست و باشووری عێراق بۆ پەیداکردنی نان روویان لەکەرکووک کردووە، عەلی، لەگۆڕەپانی کرێکارانی شارەکە چاوەڕێ دەکات ئەو ڕۆژە بەهۆی دەستکەوتنی کارێکەوە بڕێک پارەی دەست بکەوێت.

ئەو گەنجە عەرەبە کە خۆی بە عەلی بەسراوی، بە (ڕووداو) ناساند، تەمەن 22 ساڵە و خەڵکی پارێزگای بەسرایە، دەڵێت مەبەستی هاتنی من بۆ کەرکووک کارکردن و پەیداکردنی بژێوی ژیانە بۆ خێزانەکەم کە بریتین لە دوو کچ و دایکیان کە تەمەنی کچە گەورەکەم 8 ساڵانە "لێرە بارودۆخی ژیانمان ئاسایی نییە، ڕۆژەکانمان لەکارکردن و شەوەکانیش لەهوتێلەکاندا بەسەر دەبەین، کە زۆر جاریش تووشی کێشەی گەورە دەبین لەرووی ئەمنییەوە".

بەسراوی ئاماژەی بەوەشکرد کە بارودۆخی شاری بەسرا نالەبارە و گرانی بازار و سەختی بژێوی ژیان ئەوانی هەراسان کردووە، جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە ئەوان بۆ کارکردن هاتوون دەڵێت "هەندێکمان لەسەر ئەم بنەمایە ماینەوە، بەڵام هەندێکیان کارەکانیان گۆڕی بۆ کاری خراپ و تێکدەرانە، ئەمەش لەکاتێکدا توانای کارکردنی قورسیان نەما". عەلی دەمێک بیردەکاتەوە و دەڵێت"ئەو ڕێگەیەی هەڵمان بژارد تاکە ڕێگای گونجاوبوو".

هاتنی گەنجە عەرەبەکانی هاوشێوەی عەلی لەسەرەتایی پرۆسەی ئازادی عێراق لەو کاتەوە دەستیپێکرد کە بارودۆخی کەرکووک بۆ ماوەیەکی کاتی لەبارو ئارام بوو، وەکو خۆیان دەڵێن "مەبەستی هاتنیان تەنها کارکردن و پەیداکردنی بژێوی ژیانە"، بەڵام واقیعەکە بەشێوەیەکی دیکە دەگۆڕێت کە هەندێک لەو گەنجانە بۆ پەیداکردنی پارە لەکارە تیرۆریستیەکان تێوەدەگلێن.

بەپێی لێدوانی مولازم بەلیغ ساڵح، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی کەرکووک، لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق 29 هەزار گەنج لەشارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بەمەبەستی کارکردن روویان لەشاری کەرکووک کردووە، ئێستا 17 هەزاریان لەناو شارەکە ماون.

بەهەمان شێوەی چیرۆکەکەی بەسراوی، عومەر ساڵح، عەرەبێکی تەمەن 55 ساڵی پارێزگای سامەرایە و ڕۆژەکانی لەکەرکووک بەکاری پینەدۆزی بەسەر دەبات، دەڵێت من شەش مانگ جارێک دەچمەوە بۆ شارەکەم و ئێستاش خەریکە شێت دەبم بۆ بینینی منداڵەکەم، "کارکردن لێرە بێسود بووە و خەڵکی بەشێوەیەکی دیکە مامەڵمان لەگەڵ دەکەن، ئەمەش بەهۆی ئەو کارە خراپانەی هەندێک لەگەنجی شارەکانی دیکە لەم شارەدا ئەنجامیانداوە".



ئەندامێکی پیاوی قاعیدە بە جلوبەرگی ژنانەوە ڕۆژی 2009/1/16 لە کەرکووک گیرا

عومەر دەڵێت "لەگەڵ ئەوەی باری گوزەرانم خراپە، بەڵام هیچ کاتێک بیرم لەوە نەکردۆتەوە روو لەکاری خراپ بکەم".

بەپێی زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی دامەزراندن لەسنوری کەرکووک نزیکەی 800 هەزار کەسی بێکار ناوی خۆیان تۆمار کردووە بۆ دامەزراندن کە زۆربەی هەرە زۆریان خاوەنی بڕوانامە و توانای کارکردنیان هەیە و زۆربەشیان لاون.

شەماڵ مەجید، بەڕێوەبەری فەرمانگەی دامەزراندن لەپارێزگای کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند نەبوونی هەلی کارکردن لەم شارە وێڕای بێزارکردنی لاوان هاندەرێکی تەواو بووە بۆ پەلکێشکردنی گەنجان بۆ ئەنجامدانی کاری خراپ "ئەگەر بڕوانیتە دەروازەکانی شاری کەرکووک دەبینین ڕێژەیەکی زۆری لاوان سەرقاڵی خۆمەست کردنن، دیاردەی بێکاری ڕەنگە هەندێ لەگەنجان هانبدات بۆ کاری خراپ، بەڵام ڕێژەیەکی زۆریشی تووشی بەدکاری کردووە".

عەقید بێستون قەفاری، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی ئازادی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند خەڵکی شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بۆ ماوەیەکی زۆر کاری تێکدەرانەیان لەگەڕەکەکان ئەنجامدا، ئەو دەڵێت "خەڵکی وامان دەستگیر کردووە، لەبەرامبەر 100 هەزار دینار سێ چوار کردەوەی تیرۆریستی ئەنجامداوە، بەڵام ئێستا ڕێگەی کاری تێکدەرانەیان لێگیراوە و سەرقاڵی دزی ماڵ و ئۆتۆمبێل و ڕفاندنی منداڵن" هەروەها گوتیشی "دواجاریش دوو لاوی عەرەبی باشووری عێراق کچێکی تەمەن 11 ساڵیان ڕفاند و توانیمان کچەکە ئازاد بکەین و ئێستاش تاوانبارەکان لەلامان زیندانی کراون".

ئاراس یاسین، لاوێکی گەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکووکە و خاوەنی بڕوانامەیە و سەرقاڵی کاری دووکانداریە، دەڵێت لاوانی عەرەب ئێستا ڕێژەیەکی زۆریان لەکەرکووکن و هەندێکیان سەرقاڵی کارکردن و هەندێکیان کاری تێکدەرانە و هەندێکشیان خۆیان کردووە بەکەمئەندام و سەرقاڵی سواڵکردنن، "من ناڵێم هەموویان ئەزموونیان لەتێکدانی بارودۆخی شاری کەرکووک هەبووە، بەڵام بارگژی و کاری تیرۆریستی ماوەکانی ڕابردوو لەکەرکووک پیشەی ئەوان بووە، بەگەڕانەوەیان بۆ شارەکانی خۆیان بەرای من کاری تێکدەرانە کەم دەبێت و کاری پیشەش باش دەبێت و ڕێژەیەکی زۆری لاوانی ڕەسەنی شارەکە دەبنە خاوەن کار.

عەقید شێرزاد مۆفەری، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عروبە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند گەڕەکانی (مندوودە، خەزرا، عروبە، نەسر، موسەڵا و غەرناتە) خراپترین گەڕەکن لەرووی ئەمنیەوە بۆ هێزەکانی پۆلیس لەبەر ئەوەی زۆرترین ڕێژەیان عەرەبی ناوەڕاستی عێراق و باشوورن.

زۆرجار ئەو کرێکارانە دەبنە ئامانجی هێزە ئەمنییەکانی کەرکووک بەتایبەتی لەکاتی ڕوودانی تەقینەوەکاندا، لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێن.

فەلاح سەلاح، هەڵگری بڕوانامەی ئامادەییە، لەپارێزگای میسانەوە رووی لەکەرکووک کردووە، ڕۆژانە لەبەرامبەر 20 هەزار دینار کرێکاری دەکات. وەک خۆی باسیکرد تا ئێستا 6 جار لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی شارەکە دەستگیر کراوە و 150 ڕۆژ زیندانیکراوە، ئەو کە تازە ئازاد کرابوو گوتی "ئێستا بیرم لەگەڕانەوە کردۆتەوە بۆ شارەکەم، بەڵام چی بکەم کە شارەکەم کار بەبڕوانامە ناکات و هەر لەبیری شەڕی تایفەگەری و مەزهەبین".

فەلاح گوتیشی " هەندێک لەو کردەوە تیرۆرستیانەی روویاندا و کەرکووکی هەژاند، خەڵکی شارەکانی دیکە ئەنجامیاندا، بەڵام لێرە تەڕو وشک پێکەوە سووتێنران".

## وەڵام و بە دواداچوونی خوێنەران

rudaw@rudaw.net

# كاكم گای بەگونی دەناسێتەوە!

لە ماوەی بووری ئێمە چەند کەسێکی خەڵکی باشـــووری کوردستان، نیشـــتەجێی تاراوگەی دەرەوە و نـــاوەوە، نامەیەکـــی کراوەمان بۆ رای گشتی بە ناونیشانی (شارستانیەتی شاری هەولێر لە تێکدان رزگار بکەن!)* بڵاوکردەوە، ژمارەیەک لە دڵســـۆزانی بەرێزی ئەم پرســـە نیشتیمانی ونەتەوەیی و مرۆڤایەتییەش لە هەســـتکردن بە بەرپرسیارێتی پشـــتگیریان کردین، تاچەند لە کارەکەمان سەرکەوتوو بووین، تا چەند توانیمان گۆمی مەنگی بێدنگی بشڵەقێنین؟ ئەمە جێگای پرسیار و بە دوا داچوونە!

بەڵام پێویســـتە ئەوە بڵێم نامـــەی ناوبراو، راو دیتـــن و تێبینی ئازادانـــەی ئێمە بوو وەک کەســـانێکی ئازادیش بەمافی خۆمانی دەبینین لەســـەر شـــوێنەواری گرانبەها و مێژوویی پیرە هەولێر، هەلبدەینێ، ئێمـــە لەخەمی کولتوور و دیرۆکـــی زیندووی قەڵا و منـــارە و تەواوی ئەو شوێنەوارە شارستانییانەدابین کە لە هەولێر هەوڵی وێرانکردنیان بدرێ. تێکدان و کاولکردنی گەرەکە کۆنەکانی ئەم شـــارە، بە لەناوبردنی بەشێک لە مێژوو و شارســـتانی بوون و ناسنامەی دیرۆکی شاری ئەربائیلۆ، ئەربیللای دەبینین.

لە ژمارە 39ی هەفتەنامەی (رووداو)ی رۆژی 2009/1/12 دا، لە لاپەڕە4 دا، ریپۆرتەرێک کە ناوی خۆی نەنووسیوە، راپۆرتێکی لینگاوقوچی بۆ چەواشەکردن و بەلاڕێ دابردنی باری سەرنج و رای گشتی کوردستان و دەرەوە بڵاوکردۆتەوە.

ئەم بەڕێزە بە مەبەست لە راپۆرتەکەی تەنێ باس لە بەرەی تورکمانی و تورکمانە بەڕێزەکانی شـــاری هەولێر دەکا، رای تورکمانە بەڕێزەکان دەکاتە دەسکەلای دەستی وەک ئەوەی دانیشتوانی شـــاری هەولێر جگە لە هاونیشتمانی تورکمانی کەسی دیکەی وەک کورد، عەرەب، جولەکە تێدا نەبووبێ، وەک ئەوەی خاوەندار و خودانی سەرەتا و دیماهی هەر ئەم بەڕێزانە بن، ریپۆرتەری بەڕێز بە دڵـــی تورکچییە کەمالیســـتەکانی تورکیای نووسیوە، ئەم بەڕێزە وەک رۆژنامەڤانێک دەبوو، دیـــدار و چاوپێکەوتن و پرســـیارەکانی لەگەڵ مێژوونووسان، شوێنەوارناسان، رۆژهەڵاتناسان، ئەکادێمی و پســـپۆرانی بواری شارستانی کۆن بکا نەک لەگەڵ دوو مامۆستای بەڕێز، کە لەم بارەیەوە تایبەتکار نین، تەنێ لەدایکبووی ئەم گەڕەکانە کۆمەکێک ناکا بەم پرســـە گرنگە، دیارە رای ئەم دوو مامۆستا هێژایەش گرنگە و دەبێ بەهەند بگیرێ، بەڵام نەدەبوو ئـــاوا خەمســـارد و کەمتەرخەم بۆ راپۆرتێکـــی ئاوا تەنیا بە راگیـــری دووکەس واز بێنێ.

نەدەبـــوا هەر لە خۆیەوەش ئەم چەند دەنگە ناڕازییەی هەندەران بە بچووک و کەم بخوێنێتەوە لە پێناو نووسینی راپۆرتێک و دەستکەوتێک لە ماستەر پلانە عەرەبییە لوبنانییەکە**، نزیک کردنەوەی ئێمە و بەرەی تورکمانی، گومانکردن لەوەی ئێمە چاومان لە مووچە و بەراتێکی بەرەی تورکمانی بێ، کارێکی نامۆرالی و پۆلیســـییە، هەمدیس ئەم چەوت خوێندنەوەیە میتۆدێکی ئەو پـــەری نادیموکراتییە و لەگـــەڵ داب و نەریت و پرنسیپەکانی رۆژنامەوان نایێتەوە.

لە کۆتاییدا ئەوە ماوە بڵێم:



توانێـــوو کاکـــم گای بەگونـــی دەناسێتەوە، ئێمە باسی چی دەکەین ئەم بەرەو کوێمان هەڵەتە و دەستخەڵەت دەدا.

**سەرکەش**
**ئوپسالە-سوید**
**2009/1/14**
a_sarkash@hotmail.com

*ئەم وەڵامـــە رای تایبەتی خۆمە دەربارەی راپۆرتی گۆرین، نازانم چەند کەس هاوڕامە، بۆیە بەناوی تایبەتی خۆم بڵاوی دەکەمەوە!

*بڕوانـــە هەفتەنامـــەی (رووداو)، لا4 ژمارە 39.

## رای شەقام

# مەهدی دەڵێ حکومەت بێ بەڵێنە بەڵام گەندەڵی کەمبووەتەوە

مەهدی نامیق، 26 ســـاڵ، مامۆستا لەقەزای بەردەرەش، باسی پرۆژە و بەڵێنەکانی حکومەت دەکات، دەڵێ بڕوای بە بەڵێنەکانی حکومەت نییە.

**رووداو-بەردەڕەش**

**رووداو: کاری حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان لەســـاڵی رابردوو چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**مەهدی:** تاڕادەیەک سەرکەتوو بووە، بەڵام هەموو خەڵک گلەیی لەکارەبا هەیە و، لەرووی پەروەردەشەوە گلەییمان لە سیستمی تازەی پەروەردە هەیە، دەبوایە باشتر دابڕێژرابووایە.

**رووداو: ئەی پێتوایە گەندەڵی هەیە؟**

**مەهدی:** گەندەڵی لەهەموو شوێن هەیە، لەکوردستانیش گەندەڵی هەبووەو هەیە، بەڵام بەرەو کەمی رۆیشتووە.

**رووداو: متمانەت بەحکومەت هەیە بۆ ساڵی 2009 لە ئاستی داواکاریەکانی خەڵک بێت؟**

**مەهدی:** دڵەراوکێیەک هەیە لە نێوان خەڵک و حکومەت، خەڵک متمانەی تەواوی بە حکومەت نییە، خۆشم متمانەی تەواوم بە حکومەت نییە، داواکاری خەڵک جێبەجێ بکات.

**رووداو: بەرپرسە باڵاکانی حکومەتت لە نزیکەوە بینیووە؟**



**مەهدی:** تائێستا کارم پێیان نەبووە، نازانم دەتوانم بچمە لایان یان نا.

**رووداو: داواکاریت لەحکومەت چییە بۆ ساڵی 2009؟**

**مەهـــدی:** داوا دەکـــەم گرنگـــی زیاتر بە گەڕەکە هەژار نشینەکان بدات، کار بۆ لاوان بکات و، دایانبمەزرێنێت، پرۆژە خزمەتگوزارییەکان زیاتر بکات، زۆر گرنگی بە گوندەکانیش بدات.

# عەلی دوعا بۆ غەززە دەکات

**رووداو-هەولێر**

عەلی لەتیف، 19ساڵ، دوکاندار لەبازاڕی ئیسکان، وەڵامی پرسیارەکانی (رووداو) دەداتەوە لەبارەی شـــەڕی ئیسرائیل و حەماس لە کەرتی غەززەی فەلەستین.

**رووداو: ئەو شەڕەی نێوان ئیسرائیل و حەماس هیچ کاریگەرییەکی لەسەر تۆ هەیە؟**

**عەلی:** بێگومان کاریگەری زۆرە، راستە ئەوان عەرەبن و ئێمەش کوردین، بەڵام هەردوولامان موسڵمانین، پێویستە هەڵوێستمان هەبێت، بەرانبەر بەو رەشەکوژییە، زۆر دڵتەنگ دەبم کە دەبینم منداڵانی غەززە شەهید دەبن.

**رووداو: پێتوایە کێ تاوانبارە لەو شەڕەدا؟**

**عەلی:** ئیسرائیل تاوانبارە، ئیسرائیل دوژمنی موسڵمانانە.

**رووداو: ئەو شەڕە بەشەڕی ئیسرائیل و فەلەستین دەزانیت یان موسڵمان و جوولەکە؟**

**عەلی:** بەشەڕی موسڵمان و جولەکەی دەزانم، چونکە فەڵەستین خاکی موسڵمانانە.

**رووداو: کاتێک کورد ئەنفال و کیمیاباران کرا هیچ فەلەستینییەک نەهاتە دەنگ، بۆچی تۆ بەو شەڕە کاریگەری؟**

**عەلی:** ئەو کارەساتانەی بەسەر غەززە هاتوون، بەسەر ئێمەش هاتوون، ئەوە هەموو دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردە عەرەبەکان، کە بەرامبەر ئازارەکانی ئێمە و گەلی فەلەســـتین بێ هەڵوێستن، زۆربەیان لەسەر نەخشەی ئەمریکاو جولەکە دەڕۆن.



**رووداو: ئامادەی چی بۆ غەززە بکەی؟**

**عەلی:** دوعایان بۆ دەکەم، خوای گەورە پشتی خەڵکی فەڵەستین بگرێت و تۆڵە لە ئیسرائیل بکاتەوە.

# غەززەی کوردستان



**بەشار عەزیز**

لـــەم چەنـــد رۆژەدا فڕۆکەکانـــی تورکیـــا دووجـــار ناچاریان کـــردم واز لە خوێندنەوە بێنم. ئێمـــە چ میللەتێکی گوناهین! بەدرێژایی مێژوو لەژێر ئەشـــکەنجەو ئازاری داگیرکەراندا ژیاوین. حکومەتەکەمـــان چەند بێ دەســـەڵاتە ناتوانێ ئەو هێرشـــانە رابگـــرێ. ئەوە دووســـاڵە تاڵی تۆپبارانکردنی ســـنوورەکانمان لەلایەن تورکیاو ئێرانەوە دەچێژین.

ئاوارەبوونـــی 140 خێزان و تێداچوونی 100 سەر ئاژەڵ و سووتانی 80%ی پاوانی گوندەکان و چۆڵکردنـــی چەند گوندێـــک و رووخانی چەند خانووێک بەهۆی ئەو تۆپبارانەوە تەنیا لەناوچەی دۆڵی باڵەییان شـــتێکی کـــەم نییە. گوندێک کە پێشـــتر150 ماڵی تێدابووبێ و ئێستا 3ماڵی تێدا مابێتەوە، جێگەی هەڵوەستەیە، ئەمەش تەنها لە گوندەکانی دەورووبەری قەندیل و جگە لە سنووری سیدەکان و ئامێدی و چەند شوێنێکی دیکە.

ســـنوورەکانمان بۆنـــی باروتـــی تۆپەکانی تۆرکیاو ئێرانی لێدێت، ژیانی ژێر خێوەتەکانیش گوندیانـــی ئـــەو ناچانەی لەژیانی ئاسایی دابڕیون، هەمیشە ترسی ئەوەشیان هەیـــە لافاوێـــک بێت و بیانبات. هەروەهـــا بەپێی زانیارییەکان بەهۆی ئەو ژیانە سەختە و نەبوونی چاودێـــری تەندروســـتی تائێســـتا چەندین ژن لە ناوچەکانی بناری قەندیل سکیان لەبەر چووە.

نازانم بۆ کەس خۆی بە خاوەنی ئەو هاوڵاتییە بەدبەختانـــە نازانێت؟ ئاخر گەر ناشتوانن ئەو تۆپبارانە رابگرن، تۆزێک لەژیانی ئەو هاوڵاتییانە بپێچنەوە کـــە بەهۆی تۆپبارانەکانەوە ئاوارە بوونەو ماڵ و ئاژەڵەکانیان لەدەســـتداون، چونکە خۆیـــان گوتەنی، ئەگەر مونافەسەی حیزبی نەبوایە ئەو یارمەتیانەشیان پێنەدەدارا کە ئێستا پێیان دەدرێ. جگە لەوەی کە راگەیاندنیش پشتگوێی خستوون.

رەنگـــە هۆکارێکی ئەو پشتگوێخســـتنەش ئەوەبـــێ، کە ئاســـایش لە بازگـــەکان رێگە بە رۆژنامەنووســـان نادات بچنە ســـنووری قەندیل و بەهانـــەی جۆراوجۆریان پێدەگرن، باشـــە کە حکومەت لێیـــان ناپێچێتەوە، بۆچـــی رێگە بە رۆژنامەنووســـان نادرێ رەوشـــی ژیانـــی ئەوان، بخەنـــە پێش چاوی جیهان. ئـــەوەی دەزگاکانی ئاسایش بەرامبەر رۆژنامەنووسان دەیکا، کارێکە حکومەت لەبەر چاوی خەڵک ناشـــرین دەکات و وا لە هاوڵاتییان دەکات (بە تایبەتی هاوڵاتییانی زیان بەر کەوتوو لەو تۆپبارانانە) ئەو حکومەتە بە هی خۆیان نەزانن.

basharkurdy@yahoo.com

# فریای سەبری بکەون



سەبری محەمەد عەلی، 30ساڵ، کە دایکی 3منداڵە، نەخۆشی وای لێدەکات چیدی نەتوانێت منداڵەکانی بەخێو بکات، بۆیە مێردەکەی ناچار دەبێت بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانی دەستبەرداری کارەکەی بێت، کە فەرمانبەری شارەوانی بوو، بەڵام نەهامەتییەکانی سەبری بەردەوام روو لە زیادی دەکەن، بە تایبەتی ئەو کاتەی پزیشکەکان بە دڵنیاییەوە پێیدەڵێن، کە چارەســـەرییەکەی لە کوردســـتان نییەو دەبێت روو لە ئێران بکات، چونکە ســـەبری تووشی نەخۆشـــییەکی ترسناک بووە، بەڵام بەهـــۆی هەژاری ئەو توانایەیان نییـــە، بیبەن لە ئێران چارەسەری بکەن.

ســـەبری، دایکی سێ منداڵ، بەتـــکاوە داوا لـــە حکومـــەت و رێکخـــراوە مرۆیـــی و خەڵکـــی خێرخواز دەکات، بەهانایەوە بچن و ژیانی لە مەترسی رزگار بکەن، تـــا وا بەزوویی ســـێ منداڵەکەی بەجێنەهێڵێ.

بـــۆ هاوکاریکردنـــی ســـەبری پەیوەندی بـــەو ژمارەیەوە بکەن 07504410546

# بەردی گورچیلە دروست دەکات

## 99%ی دانیشتوانی گەڕەکێکی هەولێر خوێی یوریک ئەسید لە لەشیان زیادە




**سۆران بەهائەددین**
**رووداو-هەولێر**

لە گەڕەکی ســـەروەرانی شـــاری هەولێر، 99%ی دانیشـــتووانەکەی رێـــژەی خوێـــی یوریک ئەســـید لە نـــاو خوێـــن و میزیاندا زیادە، پسپۆڕێکی بواری گورچیلەش ئاماژە بەوەدەکات، کە زیادەی ئەو خوێیە هۆکارێکە بۆ نەخۆشـــی جومگەکان و دروســـتبوونی بەردی گورچیلە.

ســـەروەران گەڕەکێکـــی تازەی شـــاری هەولێـــرە، دەکەوێتە رۆژهەڵاتی هەولێر و،لە 800 ماڵ پێکدێت، بەپێی ئەو پشکنینانەی لەنەخۆشخانەی ســـەروەران بۆ نەخۆشەکان کراوە، رێژەی یوریک ئەسید لە میزیان هەیە، هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دوو بیری گەڕەکەکە لـــەرووی کیمیاییەوە تەواو نیـــن و رێژەیەکی زۆری ئەو جۆرە خوێیەیان تێدایە.

بەیان بەکر، بەڕێوەبـــەری نەخۆشخانەی ســـەروەران بە (رووداو)ی راگەیاند هەرکەســـێک دانیشـــتووی ئەو گەڕەکە بێت بەهۆی ئاوی دوو بیرەکەیەوە رێژەی ئەو خوێیە لە لەشـــیدا زیادە، خەڵکیش هەستی بەو مەترسییە کردووەو نارەزایی دەردەبڕن "هەست بەوە دەکەن ئەو حاڵەتە زۆر بووە،ئەو خوێیەش تووشی ئازاریان دەکات".

ئـــەو بەڕێوەبـــەرە دەڵـــێ، فەرمانگەی تەندروســـتی هەولێریـــان لـــەوە ئـــاگادار کردووەتـــەوە، ئەوانیـــش بەدواداچونیـــان کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا تەنیا پشکنینی بایەلۆجیان بۆ ئاوی ئـــەو دوو بیرە کردووە "بەڵام ئەو بیرانە پێویســـتیان بەپشکنینی کیمیاییە،نـــەک تەنیا کلـــۆر تێکردن، بەڵام فەرمانگەی تەندروستی هەولێر ئەو ئامێرەیان نییە کە ئەو پشکنینە ئەنجامدەدات".

هەرچەندە لە کوردســـتان بەگشـــتی بە رێژەیەکی بەرچاو خەڵـــک دووچاری بەردی گورچیلە دەبن، بەڵام دکتۆر بەیان ئاماژەی بەوەدا کە "هیچ شـــوێنێک وەک ئەو گەڕەکە نییە،لـــەو گەڕەکە رێژەکە یەکجار زۆرە، ئەو نەخۆشییە مەترسی هەیە بۆ سەر خەڵک".

تریفە تەحســـین کە بەکتریۆلۆجی یە لە تاقیگەی نەخۆشخانەی ســـەروەران، باسی لەو خوێیە کرد، کە رێژەیەکی زۆر زیادی لە میزی ئەو دانیشـــتوانەی گەڕەکی سەروەران دەردەکەوێ، کە بۆ پشـــکنین ســـەردانیان دەکەن، لەبارەی ئەو خوێیەوە گوتی "یوریک ئەسید بە نەخۆشـــی دانانرێت، جۆرێکە لە خوێ لەناو میزدا هەیە، ئەوە وادەکات ژانێک دروســـت بکات لەلای نەخـــۆش و، لەوانەیە لەداهاتوودا بەردی گورچیلە دروست بکات".

بەپێی زانیارییەکانی تریفە، ئاوی بیرەکانی گەڕەکی سەروەران لە رووی میکرۆبەوە پیس نییە، ئاساییە بۆ خواردنەوە، بەڵام لە رووی کیمیاییەوە کێشـــەی هەیە "100% لە رووی میکرۆبەوە پاکە، پشـــکنینی بایەلۆجی بۆ کراوە، بەڵام پشکنینی کیمیایی بۆ نەکراوە".

هەر وەک تریفە تەحسین باسیکرد 99%ی ئەو دانیشـــتووانەی گەڕەکی ســـەرەوەران کە پشـــکنینیان بۆ کراوە، یوریک ئەســـیلد لە نـــاو میزیاندا هەبووە. تریفـــە کە لەنێو بازاڕی هەولێریش تاقیگەی هەیە دەڵێت ئەو رێژەیە لەهیچ شوێنێکی دیکەی هەولێر نییە "ئەگەر لەو شوێنانەی کار دەکەم بە هەمان شێوە بووایە، دەمگووت تەواوی هەولێر بەو شێوەیەیە، بەڵام وانییە".

رۆژانـــە 10-15 نەخۆش دەچنە تاقیگەی نەخۆشخانەی سەروەران،تریفە ئاماژەی بەوەدا کە بوونی یوریک ئەسید لە منداڵ و گەنج و پیر بەهەمان شـێوەیە، تەنانەت ئافرەتانی ســـکپڕیش ئەو خوێیە لە نێـــو میزەکەیاندا هەیە. تریفە دەڵێت ئەوە مەترســـی ئەوەی نییە وەک نەخۆشییەک خەڵک بکوژێت، بەڵام " تووشی ئازارێکی زۆریان دەکات".

هەرچەندە یوریک ئەسید لە خواردنەوەش دروست دەبێت، بەڵام تریفە دڵنیایە کێشەکە لە ئاوەکەدایە "ئەگەر میکرۆب بێت ناتوانین بڵێین ئاوە هەتا لێکۆڵینەوە نەکەین، چونکە لەچەنـــد شـــتێکەوە دروســـتدەبێت، بەڵام ئەو شـــتە میکرۆب نییەو تەنیـــا لە ئاوەوە پەیدادەبێت".

بەڵام مستەفا رەفیق، بەڕێوەبەری هۆبەی ئـــاو لەفەرمانگـــەی تەندروســـتی هەولێر، بە (رووداو) راگەیاند کە هیچ کێشـــەیەک لە ئاوی گەڕەکی ســـەروەران نییە "هەر شەش مانگ جارێک پشکنینی کیمیایی بۆ بیرەکان دەکەیـــن، هـــەردوو بیرەکەی ســـەروەران لـــە 2008/9/24 پشـــکنینی کیمیایی بۆ کـــراوە لەگەڵ 4 بیـــری دەوروبەری، هەموو پێکهاتەکانی ئاوەکە ستاندەرە".

مســـتەفا ئەوەی رەتکـــردەوە کە دەڵێن تاقیگەی کیمیاییان نییە بۆ پشکنینی ئاو. ئەو ئاماژەی بەوەدا کە باشـــترین تاقیگەی کیمیاییـــان هەیە، هەروەهـــا دەڵێت یوریک ئەسید کە خوێیەکی تواوەیە لەناومیزدا هەیە مەرج نییە هەر لە ئاو دروســـت بێت بەڵکو لـــە چەندین جۆری خـــواردن و هەنێک جار بۆماوەییشە "هیچ بیرێکمان نییە لە هەولێر لەرووی کیمیاییەوە کێشەی هەبێت".

هەرچەندە کاربەدەستانی نەخۆشخانەکە ئامـــاژە بـــەوە دەدەن کـــە 99%ی خەڵکی گەڕەکی سەروەران رێژەیەکی زۆر لەو خوێیە لە لەشیاندا هەیە، بەڵام هاووڵاتییان لەوە بێ ئاگان. سەربەست بایز، پاسەوانی بیری ژمارە یەکی گەڕەکی سەوەران، ئەوەی رەتکردەوە شتی واهەبێت یان خەڵک گلەیی لەو شێوەی لەلای ئەو کردبێـــت "دوومانگە لێرەم کەس گلەیی ئەوەی نەکـــردووە، رەنگە گلەیی بێ ئاوی پێشتر لە وەرزی گەرما کرا بێت، بەڵام ئێستا ئەوەش نییە".

دکتۆر پشتیوان هاشم بەزاز، راوێژکاری ورد لە بواری نەشتەرگەری و چاندنی گورچیلە، بۆ (رووداو)ی روونکردەوە، کە یوریک ئەسید لە خوێنی هەموو کەسێکدا هەیە، بەڵام ئەگەر لە رێژەی ئاسایی زیاتر بوو، ئەوە ئەگەری چەند نەخۆشـــییەک هەیە "لەوانەیـــە ئەو خوێیە، لە جومگەکان بنیشـــێت، تووشی نەخۆشی بکات، هەروەها ئەگەری دروستبوونی بەردی گورچیلەی لێ دەکرێت".

ئەو نەخۆشانەی سەردانی نەخۆشخانەی ســـەروەرانیان کردووە، ئاماژەیان بەوە داوە هەســـت بە ئازار دەکەن، دکتۆر پشـــتیوان هۆکاری ئەو ئازارەی بۆ هەوکردنی گورچیلەو دەمـــارەکان گەڕاندەوەو گوتـــی "ئەگەر ئەو رێژەیە زیادبێت رەمڵ و قوم دروســـتدەکات، ئەوانە تووشـــی هەوکردن دەبـــن و ئازاری دەبێت، پێویســـتە ئەوانە پشـــکنینیان بۆ بکرێت، بۆئـــەوەی بزانرێت ئایا ئەوە بەهۆی هەوکردنە یان بووەتە بەرد".

ئەو پسپۆڕەی گورچیلە بە پێویستی زانی پشکینن بۆ ئاوی ئەو ناوچەیە بکرێت "ئەگەر رێژەی خوێ و کانـــزاکان، زیادو کەمی کرد لـــە ئاودا، دەبێـــت بەدواداچوونی بۆ بکرێت و، چارەســـەر بکرێت، چونکە ئەوە مەترسی لەسەر تەندروستی خەڵک هەیە".

بەڕێوەبەرایەتـــی هۆبەی ئاو کە لە ســـێ تیـــم پێکدێـــت و 7ئۆتۆمبێـــل بەکاردێنن، بەڕێوبەرەکەیـــان هاووڵاتیان دڵنیا دەکاتەوە کە هیچ کێشەیەک لە ئاوەکەدا نییەو بۆ زیاتر دڵنیابوون لەم هەفتەیە جارێکیتر پشکنینی کیمیایی بۆ ئاوی دوو بیرەکەی ســـەروەران دەکرێـــت "ئاوی ژێر زەوی ســـەروەران هەر لەحـــەوزی گەڕەکەکانـــی ترە، کـــە هەولێر دابەشی ســـێ حەوز دەبێت، ئەوەی دەڵێت کێشـــەکە لە ئاوەکەیە با بەبەڵگەوە بۆمان بسەلمێنێت".

# هەمەجۆر



## زۆیا نەورۆز دێتەوە

**تایبەت بەرووداو**

◆خانمە هونەرمەندی ڕۆژئاوای کوردستان زۆیا، بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئێستا سەرقاڵی بەرهەمێکی نوێیە کە لە 10 گۆرانی پێکهاتووە و یەکێک لەگۆرانییەکانی بە شێوەزاری سۆرانییە و دوای نەورۆز بڵاودەبێتەوە.

بۆ کاری بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی، هونەرمەند زۆیا ڕوونیکردەوە کە کەناڵی ڤین تیڤی ئەلبوومەکەی بەرهەمدێنێ و بڵاویدەکاتەوە، گوتیشی "ئەگەر هیچ ئاستەنگێک نەیێتە بەردەم کارەکان، دوای نەورۆزی ئەمساڵ ئەم بەرهەمە بڵاودەکەمەوە".



# ئۆباما: لەبەر خەسووم نەبێ ژنەکەم دەمخوا



ڕووداو- CNN

سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمەریکا باراک ئۆباما، جۆرج بوشی بە "پیاوێکی باش" ناوبرد بەڵام گوتیشی ئەمەریکا دوای کۆتایهاتنی ماوەی سەرۆکایەتی بوش بەدەست دەرئەنجامی کارەکانییەوە دەناڵێنێ.

لە دیدارێکی درێژدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی CNN ئۆباما باسی زۆر پرسی سیاسی وکۆمەڵاتی و تەنانەت تایبەتی خێزانەکەشی کردو ئاشکرایکرد کە بڕیارە خەسووەکەشی لەگەڵ ئەو بژییێت لە کۆشکی سپی، ئۆباما ستایشی خەسووەکەی کردو گوتی " لە زۆربەی شتەکان لەگەڵ خەسووم ڕێکم وپەیوەندیمان زۆر زۆر باشە، ئەوکاتانەی میشێلی هاوسەرم توووند ودڵرەق دەبێ بەرامبەرم،خەسووەکەم زۆر بەهانامەوە دێت وداکۆکیم لێدەکات".

ئۆباما باسی ئەوەشی کرد کە ئەو زۆر سەرما بردەڵەیە وبەسەرما تێکدەچێت بۆیە دەرپێ کورتی نیمچە درێژ لەبەر دەکا، بەتایبەتی لە ئاهەنگی ڕۆژی دەستبەکاربوونی لە 2009/1/20 نەوەکو سەرمای ببێت.

# "وەزارەتی ڕۆشنبیری کاروان سەرایە"



**تایبەت بەرووداو**

گۆرانیبێژێکی هەولێری ڕایگەیاند وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستان هاوکاری هونەرمەندانی ناوخۆی کوردستان ناکات و دەڵێ "وەزارەتی ڕۆشنبیری بە کاروان سەرای هونەرمەندانی کوردستان و بە ماڵی ئەساسی هونەرمەندانی دەرەوە دەزانم".

دلێر بەرزنجی شانۆکاری دوێنێ و گۆرانیبێژی ئەمڕۆ، لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گلەیی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی کوردستان کرد و گوتی " وەزارەتی ڕۆشنبیری بەماڵ و لانەی هونەرمەندان نازانم، بەڕاستی ئەو کارو هاوکارییانەی دەکرێت بۆ هونەرمەندانی دەرەوەیە، کە 20%یشی بۆ هونەرمەندانی کوردستان ناکرێت".

ناوبراو نموونە دێنێتەوەو دەڵێ "هونەرمەندم بینیوە پێش ئەوەی لەئەوروپا بگەڕێتەوە چەند پارەی بۆ خەرجکراوە، بۆ منیش یەک فلس خەرج نەکراوە، وەزارەتی ڕۆشنبیری بەکاروان سەرای هونەرمەندانی ئێرەو بەماڵی سەرەکی هونەرمەندانی دەرەوە دەزانم".

# بۆقیش بووە ڤیاگرا

**ڕووداو- ئیران کلیک**

لە وێستگەیەکدا لە لیمای پایتەختی وڵاتی پیرۆ خواردنگەیەک حەوزێکی پڕ لەبۆقی هەیە و ڕۆژانە کڕیارێکی زۆر ڕووی تێدەکەن بۆ نۆشکردنی شەربەتی بۆق. کارمین گۆنزالیز، خاوەنی ئەو چێشتخانەیە دەڵێت "شەربەتی بۆق زۆر نەخۆشی چارەسەردەکات، بەتایبەتی تەنگەنەفەسی".

زۆربەی دانیشتووانی پیرۆ باوەڕیان بەوە هەیە کە شەربەتی بۆق چالاکی سێکسی زیاد دەکات و ئەو شەربەتە بە "ڤیاگرای پیرۆیی" ناو دەبەن. کارمین یەک پەرداخ شەربەتی بۆق بەیەک دۆلاری ئەمریکی دەفرۆشێت. ئەو شەربەتە کە هەندێک میوەو گژوگیای سروشتیشی تێکەڵ دەکرێ، وەک خۆی دەڵێ " ئەو بیانیانەی دێنە پیرۆ بۆ تاقیکردنەوەش بێت شەربەتێکی بۆق نۆش دەکەن".

بەپێی قسەکانی کارمین شەربەتەکە تەنیا بۆ بەهێزکردنی توانای سێکسی پیاو نییە، بەڵکو توانای سیکسی ژنانیش بەهێز دەکات و دەڵێ "ژنانی پیرۆش حەز لەشەربەتەکەم دەکەن".

# شووکردنی کچێکی 15 ساڵی بەریتانی بە کوردێک هەرا دەنێتەوە



**ڕووداو-بەریتانیا**

کچێکی بەریتانی بەنێوی جولیان کۆکس،کە ئێستا تەمەنی 16 ساڵە، بەهۆی خۆشویستنی کوڕە کوردێک بەناوی ئایتاج ئایلانج،وازی لە قوتابخانە و کەسوکاری هێناو و شووی کرد.

دایکی جولیان، تەنیا بە نامەیەکی مۆبایل بۆی ئاشکرا بوو کە جولیان شووی بە ئایتاج کردووە، کە کوردێکی خەڵکی باکووری کوردستانە، دوای ئەوەی لە هاوینەهەواری مەرمەرە یەکتریان بینی و بەرێگەی ئینتەرنێت پەیوەندییان دروستکرد.

جولیان دەڵێ " دەزانم ئەم کارەی من ئاسایی نییە، چونکە ئەوکاتەی من لە تورکیا مارە دەکرام، زۆربەی هاوڕێکانم سەرقاڵی دەرس و تاقیکردنەوە بوون".

(سوو)ی دایکی شانازی بەکچەکەیەوە دەکات ودەڵێ" جولیان کچێکی زیرەک بوو، تەمەنی 15 ساڵ بوو، بەڵام وەکو 25 ساڵ بیری دەکردەوە".

جولیان کە ئێستا لەگەڵ ئایتاج لە مەرمەرەیە، دەڵێ، ئەو بەئارەزووی خۆی نەک بە زۆری ئایتاج بووەتە موسڵمان و، زۆر ڕای لە ئایتاجی مێردیەتی و دەڵێ " ئایتاج لە بنەماڵەیەکی هەژاری کوردە، بەڵام خۆی و براکەی کارێکی باشیان هەیەو وەکو شازادە مامەڵەم لەگەڵ دەکات".

جولیان کاتێک دەچێتە ماڵی باوکی مێردەکەی حیجاب دەکات و جلوبەرگی تەسک لەبەر ناکات و ئێستا خەریکە فێری زمانی کوردیش دەبێت.

ئایتاج تووڕەیە لەوەی خەڵک پێیانوایە لەپێناو گەیشتنە بەریتانیا جولیانی هێناوەو دەڵێ" من لەو جۆرە کەسانە نیم، خانەوادەکەم پێویستیان بە پارە نییە، ئێمە یەکتریمان خۆشدەوێت".بەڵام لەهەمانکاتدا گوتی "لێرە کێشەیەکی گەورە لەنێوان تورک و کوردا هەیە، ئەگەر منداڵمان بوو، باشترە لە بەریتانیا بژین نەک لە تورکیا".



# شاجوانی بەغدا بە بێدەنگی تاجی نایە سەر

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

پێشبڕکێی شاجوانان لە زۆربەی وڵاتان بە گەرمییەوە لە سکرینی کەناڵەکانی تیڤییەوە تەماشا دەکرێت، بەڵام ئەو پێشبڕکێیە زۆر بە بێدەنگی لە یانەی سەید لە گەڕەکی مەنسوور لە شاری بەغدا بەڕێوەچوو.

ئەویانەیە شوێنی خەڵکانی بژاردەی بەغدایە،خانمانی بەشداربووش لەجیاتی حیجاب وسەرپۆش، تەنوورە و بووتی درێژ و هەندێکیان پانتۆڵی جینزیان لەبەردا بوو، هەر هەموویان یەک جۆرە جلیان پۆشیبوو لەپێناو بەدەستهێنانی نازناوی شاجوان، ئەمەش یەکەمین پێشبڕکێی شاجوانییە لە بەغدا لە دوای 2003 ەوە .

دوای نمایشەکە لیژنەی دادوەری کە لە سێ ژن و دوو پیاو پێکهاتبوون، شەیما عارفی تەمەن 17 ساڵانیان بە شاجوانی عێراق هەڵبژارد. پاشان شەیما لەنێو چەپڵەڕێزانی ئامادەبووان لەسەر تەختەی شانۆ هاتە خوارەوەو دایکی باوەشی پێدا کرد و پاشان تاجەکەی سەری دانا و خستییە نێو جانتاکەیەوەو سەرپۆشێکی بەسەری کچەکەیدا دا، ئەوانیش وەک ئامادەبووانی دیکەی ئاهەنگەکە بە هێوری و بێ دەنگییەوە هۆڵەکەیان چۆلکرد.



# دوای شاری خەونەکان دەڵێ بای بای

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

چارلز ترۆن کچە ئەکتەری بەنێوبانگی ئەمریکی ڕایگەیاند چیتر لەفیلمە سینەماییەکاندا ڕۆڵ نابینێ و واز لەسینەما دێنێت.

ئەو سینەماکارە بڕیاریدا دوای تەواوبوونی کارەکەی لە فیلمی سینەمایی (شاری خەونەکان) چیتر بەشداری فیلمە سینەماییەکان نەکات، بەبێ ئەوەی هۆکارەکەی ئاشکرا بکات. ترۆن گوتی "لەمەودوا کاری سینەمایی ناکەم، لەبەر چەند هۆیەک، بەڵام جارێ ناتوانم ئاشکرایان بکەم".

ماوەیەک بوو دەنگۆی وازهێنانی چارلز ترۆن لەکاری سینەمایی زۆربەی بەرهەمهێنەرانی سینەمایی ترساندبوو، چونکە بەشداری چارلز ترۆن هەمیشە مایەی خێر و زۆر بینەری بوو بۆ فیلمەکانیان، چونکە زۆربەی ئەو فیلمانەی چارلز تێیدا بەشدار دەبێت ڕۆمانسین و گرتەی وروژێنەریان تێدایە.

# ڕۆبی: بێ ماچ و مووچ هەر نابێ



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

گۆرانیبێژی میسری ڕۆبی داکۆکیی لەو ماچ و مووچ و گرتە گەرمانەی دوایین فیلمی خۆی کرد و گوتی لەجێی خۆیاندا بوون، چونکە بەبێ ئەوان گرتە تێپەڕ نەدەبوو.

فیلمەکەی ڕۆبی ناوی (الوعد-بەڵێن)ە و ئێستا لەسینەماکانی میسر نمایش دەکرێ و چەندین گرتەی پڕ لە ماچو مووچی وروژێنەری تێدایە، ڕۆبی وێڕای شانازی کردن بەمێژووی هونەری خۆی گوتی "ئەو مێژووە هونەرییە بەتێخزاندنی گرتەی سێکسی، یان هەر گرتەیەکی دی کە ئاماژەی دوور لە مەبەستی تێدا بێت، لەکەدار نابێت".

لە وەڵامی ئەو ڕەخنانەی دەڵێن ڕۆبی هەر بە دوای ئەو کاراکتەرانەوەیە کە باری مێیینەی ئەو دەخەنە ڕوو، گوتی "ئامادەم جبەو سەرپۆش لەبەر بکەم، بەڵام بە مەرجێ لەگەڵ دەرهێنەری بەتوانا بێت".

# بەختیار و حەنان زەماوەندیان گێڕا



ئێوارەی ڕۆژی 2009/1/11 نەخشەسازی (ڕووداو) و (ڕووداوی وەرزشی ) بەختیار مستەفا و، حەنان عەبدوڵڵا زەماندی دەستپێکردنی ژیانی هاوسەرییان گێڕا.

هیوای ژیانێکی پڕ لە خۆشبەختییان بۆ دەخوازین.

ڕووداو

# دوای سارا یارا

ڕۆژی 2009/1/18 بەفرین خانی هاوسەری هاوکارمان گۆران محەممەد، کچێکی بوو و ناویان لێنا (یارا) و بووە خوشکی سارا.

بەخۆشی لەباوەشی دایک و باوکیدا گەورەبێ.

ڕووداو

# بەختی ڕووداو

## کاوڕ
Mar 21–Apr 19

سووڕانەوە بەدەوری خاڵێکی ئەستەمدا کارێکی بەجێ نییە، باشتروایە بەدوای کارێک نەکەوی، کە دڵنیا نیت لەوەی سەرکەوتنی تێدایە، لەبەر ئەوەی ئەوە دەبێتە لەدەستچوونی کاتە زێرینەکانت.

## گا
Apr 20–May 20

باری خێزانیتان خۆشییەک بەخۆیەوە دەبینێ، هەروەها لە دوای ئەو سستییەی لەماوەکانی ڕابردوودا بەخۆیەوە بینی، هەندێکتان حەز دەکەن لەبەرپرسیارێتی دوور بکەونەوە . ئەو بارودۆخەی ئێستاتان کاتییە.

## جمک
May 21–Jun 21

ساڕێژبوونی ناهەمواریەکانی ڕابردوو نزیک بووەتەوە، بە هاوکاری پەروەردگار باری ئابووریتان گۆڕانکارییەکی پۆزەتیف بەخۆیەوە دەبینێت، زۆر کەس لە ئێوە دەبێ بەبۆچوونەکانی خۆیدا بچێتەوە تاکو کەمتر تووشی هەڵە بێت.

## قرژاڵ
Jun 22–Jul 22

سەرلەنوێ پێویستیتان بەهەماهەنگی کەسانێکی دڵسۆزی خۆتان دەبێت، پێویستە دوو دڵ نەبن لە داواکاری و هاوکاری ئەو جۆرە کەسانەی کە بڕواتان پێیان هەیە، ئەوان دەتوانن هۆکاری چارەسەری کێشەکانتان بن.

## شێر
Jul 23-Aug 22

زانینی هەموو ڕاستییەکان کارێکی ئاسان نییە، بەڵام دەبێت هەوڵی ئەو بدەن بەشێکی ئەو ڕاستییانە بزانن کە پەیوەندی بەکارەکانتانەوە هەیە، تاوەکو بتوانن بڕیاری گونجاو بدەن.

## گوڵەگەنم
Aug 23–Sep 22

هەواڵێکی گرنگ لەڕێگەدایە بۆ ئێوە، ئەم هەواڵە دەبێتە مایەی گۆڕانکاری لە ژیانتاندا، هەنگاوەکانی داهاتووتان پێویستی بەهۆشمەندی زیاترە، داڕشتنی نەخشە بۆ کارەکانی داهاتوو زۆر پێویستە، لەیادی مەکەن.

## تەرازوو
Sep 23–Oct 23

نواندنی سەرسەختی بەرامبەر بەکەسانێکی تایبەتی دەرەنجامێکی نێگەتیڤی بۆ ئێوە لێدەکەوێتەوە، بەهۆی هاوڕێکانتانەوە دووچاری بڕوا بەخۆبوونێکی زیاد لەپێویست دەبن. ئاگاداری بڕیارەکانتان بن.

## دووپشک
Oct 24–Nov 21

لەم ڕۆژانەدا گۆڕانکاری بەسەر لایەنی سۆزداریتاندا دێت، هەندێکتان ناچار دەبن، چاو بە هەڵوێستەکانتانی ڕابردووتان دا بکەن و سەر لەنوێ هەڵوێست وەربگرن.

## کەوان
Nov 22–Dec 21

سەفەر کردن لەو کاتەدا گونجاوە، دیدارێکی گرنگ لەم نزیکانەدا ئەنجامدەدەن، خەڵکێکی زۆر بەچاوی ڕێزەوە دەڕواننە بۆچوونەکانتان، تاوەکو پێتان دەکرێ لەکاری لاوەکی دوور بکەونەوە.

## کارژۆلە
Dec 22–Jan 19

بەشێک لەئێوە بەدەست قەیرانێکی ئابووری کاتییەوە دەناڵێنن، بەڵام ئەو بارودۆخەی ئێستاتان زۆری پێناچێت کۆتایی دێت، پێویستە خۆتان لەکەسە دڵسۆزەکانتان دوور نەخەنەوە، ئەو کارە لەبەرژەوەندیتاندا نییە.

## سەتڵ
Jan 20— Feb 18

گومانکردن لەهەموو کەسێک دەبێتە مایەی ماندووبوونی دەروونی بۆ ئێوە، بەهۆی ئەنجامدانی هەندێ لەکارەکانتانەوە هەست بەگومان دەکەن، سەفەرکردن لەو کاتەدا گونجاو نییە.

## نەهەنگ
Feb 19–Mar 20

کەسانێک لە پشت پەردەوەن کە ئێوە نایانناسن، ئێوەیان زۆر خۆشدەوێت، هەرچەندە دەرفەتی لەبار نییە کە ئەم هەستە ڕاستەقینەی خۆیان بۆ ئێوە دەرببڕن، هەندێکیان پێویستیان بەتاقیکرنەوەیە.

لە تۆرنتۆوە

# ئاستەنگەکانی دابڕان و پێکەوە ژیان لە ناو عێراقدا



رامیار مەحمود-کەنەدا
karwanmramyar55@gmail.com

ویستمان ئەو وانە سیاسییە باس بکەین کە دەشێت لە پشت جەنگی ئیسرائیل و فەلەستینەوە بە دەستی بێنین. بەڵام بۆ ئەوەی لەو وانەیە تێبگەین پێویستە ئەوە روون بکەمەوە کە کورد بەگشتی لە دڕندانەترین شێوەی جەنگدا بەرامبەر بە دانیشتوانی غەزە، هێشتا بە ئاسانی دەتوانین ئەوە ببینین کە زیاتر هاوسۆزن لە گەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل نەک فەلەستینییەکان.

ئەم چیرۆکە لە رووی مۆڕاڵییەوە بۆ ئێمە زۆر ناشرینە،بەڵام من بەشێکی زۆری ئەم چیرۆکە دەگەڕێنمەوە بۆ نەزانی و تێنەگەیشتن، کورد هەست دەکەن کۆمەڵێک شتی ڕۆحی بەیەکەوە بەستراو و هاوبەشیان هەیە لە گەڵ جولەکەدا، بەشێکی زۆری ئەم وەهمی خزمایەتییە ڕۆحییە لە ناو چیرۆکی دروستکردنی دەوڵەتدایە لەوێشەوە کەتوونەتە داوی هاوسۆزی لە گەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل. بەڵام کورد هەرگیز نازانن ئیسرائیل چۆن سەیری کورد دەکات. دیسکۆرسی ئایدیۆلۆجی و سیاسی ئەم دەوڵەتە چییە، چ پەیوەندییەکی قوڵ لە نێوان لۆجیکی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیلی و بێبەشکردنی کورد لە دەوڵەت هەیە. زۆر بە سادەیی من دەمەوێت ئەوە بدرکێنم کە ئەگەرچی ئەمە بەشێکە لە ئەلف و بێی زانیاری، ئەویش ئەوەیە کە دەوڵەتی ئیسرائیل وەک نەیتیڤ (native) سەیری کورد دەکات، لەسەر ئەو مەنتقەش ئیسرائیل دەوڵەتی لەسەر خاکی فەلەستین دروستکردووە. کورد خۆی قوربانی گوتارە ئایدیۆلۆجی و سیاسییە کە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی لەسەر دامەزراوە، کە دیسکۆرسی کۆلۆنیالیزمە.

نامەوێت بەڵێن بدەم لە هەفتەیەکی دیکەدا، لەسەر خودی دیسکۆرسی کۆلۆنیالیزم شیکردنەوە بدەم. من مەبەستمە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە جولەکە ئینگلیزەکان ئەوانەی کە زیاتر هەڵگری ئایدیای (هرتزل) بوون تا ڕادەیەک لە ژێر کاریگەری لیبرال ئیمپریالیزمدا بوون و لە فەنتازیای سیاسیاندا دەوڵەتی ئیسرائیل نیشتەجێکردنی خۆرئاوایە لە ناو خۆرهەڵاتدا و، ڕۆڵی مشنەری دەگێڕن بۆ کەلتوری خۆرئاوا . (ئایزیا بەرلین) لە کتێبی (هێزی بیرەکان) لە باسێکیدا لە ژێر ناوی (بنەچەی ئیسرائیل) دەربارەی دەوڵەتی ئیسرائیل دوو شیکردنەوەمان پێشکێش دەکات، یەکێکیان سەیرکردنی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل وەک ڕاستکردنەوەی حاڵەتێکی شاز کە جولەکە مێژوویەکی دەوڵەمەندی هەیە بێ جوگرافیا، پێچەوانەی ئەو وتەیەی کە دەڵێت "کۆیلە مێژووی نییە، بەڵام جوگرافیای هەیە ". بە دیوێکی دیکەشدا کە دەوڵەتی ئیسرائیل کۆتایی بە پرسیاری تاراوگەیی جولەکە ناهێنێت، بەڵکو دەوڵەتی ئیسرائیل تاراوگەیەکی خۆ ویستە. لەم ڕووەوە قابیلی شوبهاندن نییە بە دەوڵەتی کەنەدا و ئەمەریکا و ئوسترالیا. خاڵێک کە بەلامەوە گرنگە ئەوەیە کە نامەوێت خوێنەری کورد تێکەڵی بکات لە نێوان زاراوەی جولەکە و دەوڵەتی ئیسرائیل، سەرباری ئەوەش دەبێت خۆمان بە دوور بگرین لەوەی سەیری جولەکە بکەین بە چاوێکی هاوشێوەmonolithic، واتە دەبێت تێبگەین هەموو جولەکەیەک وەک یەک بیر ناکەنەوە، هەموو جولەکەیەکیش زایۆنیست نییە.

ئەوەندەی شوێن بوار بدات با بگەڕێینەوە سەر ئەو وانە سیاسییە کە بۆ ئێمە گرنگە و، ئەنجامگیری بکەین ئەویش مەسەلەی دروستکردنی وڵات و نەتەوەیە لە ڕێگەی سەیرکردنی عەسکەرییانەوە، چونکە هێشتا لە ناو ئێمەشدا ڕەوتێک بۆ هەر قەیرانێکی نێوان هەرێم و بەغدا بە نەفەسێکی هیوا بڕاوە سەیری پرۆسەی سیاسی و ڕێگەچارەی سیاسی دەکات و ئەگەری ڕووبەڕووبوونەی سەربازی دەخاتەڕوو بەرامبەر بە بەغدا، ئەم جۆرە سەیرکردنە شتێکی سەیر نەبوو کە دووچاری دوو ڕەخنەی ئاشکرا بووەوە لە لایەن سیاسییە کوردەکانی بەغداوە. دکتۆر بەرهەم و هۆشیار زێباری ئەو ئاراستەیەیان وا وەسفکرد کە مەیلی ئەو کەسانەیە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی تێناگەن و دەیانەوێت کورد لە چیاکاندا عاسێ بکەن. کێشەکە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت هێشتا ناوەندی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردی توانای جیاوازی کردنی نییە لە نێوان چەمکی وڵات دروستکردن و جیابوونەوەدا . هەوڵدەدەم کاتێکیتر بگەڕێمەوە سەر ئەم مەسەلەیە.

## بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانی عێراقی

# UNHCR دژی ناردنەوەی پەنابەرانی کورد نییە



کاوە ئەمین -سوێد
kawe35@hotmail.com

لە دوای هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق، نزیکەی 4،7 ملیۆن عێراقی ئاوارەبوون، 2،7 ملیۆن لە نێوخۆی عێراقدا پەنابەرن و دوو ملیۆنیش پەنایان بۆ وڵاتانی دراوسێی عێراق، سووریا و ئەردەن بردووە. ژمارەیەکی زۆریش پەنایان هێناوەتە بەروڵاتانی ئەوروپا بەگشتی و، سوێد بەتایبەتی. بەڵام ژمارەی ئەو پەنابەرانەی کە ڕوو دەکەنە سوێد تا دێت لە کەمبوونەوەدایە.

بە گوێرەی ئەو ئامارەی کە بەڕێوەبەرایەتی کۆچ لە سوێد، بڵاویکردووەتەوە لە ساڵی 2007 دا، 36207 کەس داوای مافی پەنابەرێتیان لە سوێد کردووە، بەڵام لە ساڵی 2008 دا، ژمارەی پەنابەران بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووەتەوە و تەنها 24353 کەس هاتوونەتە سوێد. بە گوێرەی هەمان ڕاپۆرت، کەمبوونەوەی پەنابەران پێوەندی بە ڕەوشی عێراقەوە هەیە و ژمارەی پەنابەرانی عێراقی تا دێت کەمتر دەبێتەوە، بەهۆی باشبوونی ڕەوشی ئەمنی ئەو وڵاتە، هەرچەندە بە تەواوەتیش باش نەبووە.

دیارە ئەوە بەو مانایە نایێت کە هەموو ئەو عێراقیانەی هاتوونەتە سوێد لە ساڵی 2008 دا، مافی مانەوەیان دەدرێتێ، بە پێچەوانەوە، ئێستا 1600 کەس کە وەڵامی نەرێنیان وەرگرتووە، دەبێت بە خۆشی خۆیان یانیش بەزۆر بگەڕێنەوە بۆ عێراق. 4900 پەنابەریش چاوەڕێی ئەوەن کە دادگای بەڕێوەبەرایەتی کۆچ لە سوێد، چاو بە کێسەکانیاندا بخشێنێتەوە، دوای ئەوەی بۆ جاری دووەم داوای مافی مانەوەیان کردووەتەوە. 3300 پەنابەریش چاوەڕێی بڕیاری دادگان کە ئاخۆ مافی پەنابەرێتیان دەدرێتێ یان نا. بەڵام پێدەچێت زۆربەی ئەوانەیش وەڵامی مەنفی وەربگرن و لە کۆتاییدا ئەوانیش ناچار دەکرێن بگەڕێنەوە بۆ عێراق یاخود دەگەڕێندرێنەوە.

ئەم سیاسەتە تازەیەی سوێد دەربارەی پەنابەران بە گشتی و عێراقییەکان بە تایبەتی پەیرەوی دەکات، ترس و دڵەڕاوکێی خستووەتە نێو پەنابەرانەوە، بە شێوەیەک کە کۆمیسیۆنی پەنابەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان UNHCRیشی نیگەران کردووە، هەربۆیە لە بانگەوازێکدا HanneMathiesen نوێنەری ئەودەستگا نێودەوڵەتییە دەڵێت" لەبەرئەوەی باری ئەمنی هەتا ئێستایش سەقامگیر نەبووە و پەنابەران لە حاڵەتێکی خراپدا دەژین، بۆیە داوا لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەکەین چاوەڕێ بکەن و عێراقییەکان نەگێڕنەوە بۆ باشوور و نێوەڕاستی عێراق". لەبەرەئەوەی ناوی هەرێمی کوردستان نەهاتووە، بۆیە پێدەچێت ناردنەوەی پەنابەرانی کورد شتێکی حەتمی بێت و تا ئێستا زۆر وڵاتی ئەوروپایی بەزۆر پەنابەرانی کوردیان گێڕاوەتەوە بۆ باشووری کوردستان و لە ساڵی 2009 یشدا، درێژەی دەبێت.

بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی سیاسی و باری ئارامی عێراق، لە نۆڤێمبەری 2008 دا، شاندێکی بەڕێوەبەرایەتی دائیرەی کۆچی سوێدی سەردانی بەغدایان کرد و لە تازەترین ڕاپۆرتدا کە لە سەرەتای 2009 دا بڵاویانکردووەتەوە دەڵێن "لە خواروی عێراق، تا ڕادەیەکی زۆر بارودۆخ بەرەوە سەقامگیری چووە، بەڵام گرفتی تایبەتی لە پارێزگاکانی بەغدا، نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین و کەرکووک، هەیە و 85-90 % لەو ڕووداوانەی کە دەبنە هۆی تێکدانی باری ئەمنی لەو پێنج پارێزگایەدا، ڕوودەدەن". بەڵام لە هەمان ڕاپۆرتدا دەڵێن کە دژایەتییەکان لەو پێنج پارێزگایە زۆر نین، خۆ ئەوە لە پارێزگاکانی دهۆک، سلێمانی و هەولێر هیچ کێشە و دژایەتییەکی نێوخۆیی نییە.

لەگەڵ ئەوەی کە ژمارەی پەنابەران کەمبووەتەوە، بەڵام ژمارەی ئەو مێردمنداڵانەی کە بە تەنها دێن بۆ سوێد، زیادی کردووە. لە ساڵی رابردوودا، 1510 منداڵ کە زۆربەیان کوڕن و تەمەنیان لە نێوان 16-17 ساڵیدایە داوای مافی پەنابەرێتیان کردووە، بەڵام لە ساڵی 2007 دا، 1264 منداڵ هاتوونەتە سوێد کە زۆربەیان خەڵکی سۆماڵیا، عێراق و ئەفغانستانن.

بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتە دوورودرێژەی کە بەڕێوەبەرایەتی کۆچی سوێد بڵاوی کردووەتەوە و قسەی بەرپرسانی دەوڵەتی سوێد، ساڵی 2009 دەبێتە ساڵێکی سەخت بۆ پەناخوازان و ژمارەیەکی زۆر پەناخواز ناچار دەکرێن بەزۆر یان بە خۆشی خۆیان بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیان، بە تایبەتیش بۆ عێراق و باشووری کوردستان. پۆلیسی سوێد پالنی ئەوەیان هەیە کە بە کۆمەڵ ئەو پەنابەرانەی کە مافی پەنابەرێتیان پێ نادرێت بە فرۆکەی تایبەت بگوازرێنەوە بۆ بەغدا و شوێنەکانی دیکە. بێدەنگی حکوومەتی عێراق و کوردستانیش، زیاتر هانی سوێد و وڵاتانی دیکە دەدات بۆ گێڕاندنەوەی پەنابەران و ڕەتکردنەوە و نەدانی مافی پەنابەرێتی پێیان لە وڵاتی سوێد.

## دێوەزمەی ڕووداوەکانی 1979 بەسەر ئێستاوە

# ئایەتوڵڵا



دەگ ساوندەرس
dsaunders@globeandmail.com

ئەمساڵ زۆر دەربارەی ساڵی1989 دەبیستین، ئەو ساڵەی کە دیواری بەرلین تێیدا ڕووخێنرا. لە بۆنەو ئاهەنگە جیاوازەکانی وارشۆو بۆدابست و پراگ و بۆخارست و بەرلیندا بە درێژایی پایز و زستان خەڵک بە عەشقەوە یادی ئەو بۆنەیە دەکەنەوە.

هەمووما‌ن هاوبۆچوونین لەوەی کە 20 ساڵ لەمەوپێش ڕووداوێکی گرنگ ڕوویدا. ئیتر ئایا بە ڕاستی "کۆتایی مێژوو" بوو یان کۆتایی سیستەمی دەوڵەتی سۆشیالیستی وەک شێوازێکی متمانەداری ڕێکخستنی ئابووری و سیاسی، ئەمە هێشتا مایەی مشتومڕە. بەڵام کۆتایی هێنانێکی بە بایەخ بوو بەو کارەساتانەی کە ملیۆنان خەڵکی هاویشتە زیندانەکانەوەو ئەوروپاشی دابەشکرد.

بەڵام، من ترسم لەوە هەیە کە ئەم هەموو بایەخدانە بە ڕووداوەکانی ساڵی 1989 سەرنجمان لە ساڵیادی ڕووداوێکی گەورەی دیکە لادەدا، کە ئێستا زۆر پەیوەندیدارە، ئەویش ساڵی 1979یە.

ئەو ساڵە زنجیرەی ڕووداوەکان لە نێوەڕاستی مانگی کانوونی دووەمدا لە تاران دەستیان پێکردو چەند ڕۆژێک پێش کۆتایی ساڵ گوایە لە کابوڵ کۆتاییان پێهێنرا، بەڵام کۆتایی نەبوو بەڵکو سەرەتای ڕووداوەکان بوو. دواجار، تاران و کابوڵ ئەمڕۆ تەوەرەی سەرەکی ڕووداوەکانن لە ژیانی ئەمڕۆماندا، بەشێوەیەکی بەرچاو لەبەر ئەو بڕیارانەی، کە زۆربەیان زۆر نەزانانەبوون، لە لایەن سەرکردەکانی ڕۆژئاواوە لە ساڵی 1979دا دەرکران.

ئەگەر 30 ساڵ لەمەوپێش ڕووداوەکان بەئاراستەیەکی دیکەدا بڕۆشتنایە، ئەگەر ڕۆژئاوا شرۆڤە و تاکتیکی یەک ڕەهەندی جەنگی ساردی بۆ ئەو کێشە ئاڵۆزو نوێیانەی کە لەو ساڵەدا سەریانهەڵدا بەکارنەهێنایە، ڕەنگە شەڕەکانی عێراق و ئەفغانستان، ڕەنگە تیرۆریزمی جیهانی و ئەو ڕووداوانەی کە بوونە مایەی ئەو نەهامەتییەی ئێستای غەززە بەشێوەیەکی دیکە بوونایە. بەڵام وادیارە کە ئێمە هەمان هەڵەکانی ساڵی 1979 دووبارە دەکەینەوە.

ڕۆژی 16ی کانوونی دووەمی ساڵی 1979 بوو کاتێک کە دیکتاتۆر ڕەزاشای پەهلەوی، کە ئەمەریکا هێنایە سەرحوکم، لە تاران هەڵات و هەرگیز نەگەڕایەوە، دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت کە دیمەنی 2 ملیۆن کەس کە ڕژانە سەر شەقامەکانی تاران و دژی ڕاپەڕین و سوپای لێهەڵگەڕایەوە کۆتایی بە حوکمی دەهێنێت.

لەو ساتەدا، هیچ هۆکارێک لە ئارادانەبوو کە پێشبینی ئەوەی لێبکرێت ئێران دەبێتە وڵاتێکی ویلایەتی فەقیهـ و دەوڵەتێکی ئاینی. ئەو خەڵکانەی لەسەر شەقامەکانی تاراندا هوتافیان دەکێشا هاواریان بۆ حوکمی قورئان نەدەکرد، بەڵکو زۆربەیان ڕەنگە تووڕەش بوونایە بە بیستنی بۆچوونێک کە لەوانەیە سەرکردەیەکی ئیسلامی حوکمی ئێران بکات.

لەڕاستیدا زۆرینەی خۆپیشاندەران هوتافیان بۆ کێشەی نیشتەجێبوون دەکێشا. ڕەزاشا، بەپشتیوانی تەواوی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیاو کەنەدا، بەرنامەی "شارستانێتی مەزن" ی لە ساڵان شەستەکاندا دەستپێکردبوو. ئەنجامەکانی ئەو بەرنامەیە لە ساڵی 1979دا، کە هەر هەمووی بە پارەی نەوت بوو، بریتیبوو لەوەی کە ڕێژەی نەخوێندەواری خەڵکانی سەروو تەمەن 18 ساڵ لە 13 ملیۆن کەسەوە بەرزبووەوە بۆ 15 ملیۆن و، ڕێژەی ئەو خێزانانەی کە هەموو ئەندامەکانیان لە تاکە ژوورێکدا دەژیان لە 36% بەرزبووەوە بۆ 43%و 700 هەزار خەڵکی تارانیش ناچاربوون بۆ پەیداکردنی بژێوی لەسەر شەقامەکان بنێشت بفرۆشن و لە گەڕەکەی بێ خزمەتگوزاری وادا ژیان بەسەربەن کە پێش دەساڵێک بوونیان نەبوو.

کۆمەڵناس میساق پارسا، لە شرۆڤەیەکی بەنێوبانگیدا نووسیویەتی، "زۆرینەی زۆری بەشدارانی ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەکە بەهیچ شێوەیەک نیشانیان نەدا کە دەیانەوێت کۆمەڵگایەک لەسەربنەمای بیروبۆچوونی توندڕەوانە دابمەزرێنن". هەروەها کۆمەڵناس، عاسیف بەیات، ئەو بەشدارانە بەوە وەسفدەکات کە "بایەخیان بە هیچ شێوازێکی ئایدیۆلۆجی و سیاسی نەدەدا".

ئەی بۆچی، پاش چەند مانگێک، ئێرانییەکان بەچاوی خۆیان و بێ هیچ کاردانەوەیەک تەماشای پارتە لیبراڵ و دیموکراتە ئۆپۆزسیۆنەکانیان دەکرد، ئەو پارتانەی کە سەرکردەی خۆپیشاندانە سەرەتاییەکانی دژ بە "شا"بوون، لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینییەوە لەناوبران؟ چونکە هەموو خەیاڵیان تەنها لای زەوی و خانوو و ئیش بوو، خومەینیش بەڵێنی دابینکردنی هەموو ئەو شتانەی پێدان. خومەینی ڕوونترین و بەهێزترین پەیامی هەبوو، ئەو تەنها سەرکردەیەک بوو کە وادیاربوو گەندەڵ نەبووبێت و بتوانێت ئەو بەڵێنانە جێبەجێبکات کە دەیدان.

ڕۆژئاوا بە چاویلکەی جەنگی ساردەوە تەماشای ئێرانی دەکرد: شا لەگەڵ "ئێمە" بوو. ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ "ئەوان" بوو. بۆیە لە جیاتی ئەوەی پشتگیری و یارمەتی دارایی بۆ ئۆپۆزسیۆنێکی نادیکتاتۆر دابین بکەین، پاش ئەوەی کە ڕوونبووەوە شا کەسێکی شکستخواردووبوو، لێگەڕاین ئێران بکەوێتە سەر لاکەی دیکەوە.

لە ئێران، وەک زۆربەی ناوچەکانی دیکەی جیهان، پارتە ئیسلامییەکان بەبەڵێنی تەقواکردن نەهاتنە سەر حوکم. بەبەڵێنی ئەوە سەرنەکەوتن کە بڵێن لەگەڵ هاتنە سەر حوکم خەڵکانی ڕۆشنبیرو کۆمەڵگەی مۆدێرنی وەک لوبنان و ئێران پەراوێز دەخەن.

کاتێک فەلەستینییەکان لە غەززە دەنگیان بۆ حەماس دا، کە ئێران پشتگیری دەکات، لە ساڵی 2006، دەنگیان دژی گەندەڵی ڕژێمەکەی پێشوودا و ئەو دەنگدانە پەیامێکی ناڕەزایی بوو. چەندین هۆکار هەن بمانگەیێننە ئەو باوەڕەی کە بەدەنگی خەڵک حەماس لە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵدا کە وادەکەی چەند مانگێکی دیکەیە، لە سەرحوکم لادەبران، ئەگەر ئەو ئەگەرە بە بۆمبەکان لەناونەبرایە.

بەهەمان شێوە، ڕژێمی ئایەتووڵڵا، کە مەفرەزەی ڕەوانە دەکرد بۆ چەقۆ لێدان و سووتاندنی ئەو ژنانەی کە جورئەتی ئەوەیان هەبوو بچنە زانکۆ، یان بێ سەرپۆش بن و ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگرانی دەهاویشتە ژوورەکانی ئەشکەنجەدان، بەدڵنیاییەوە بەهۆی لەدەستدانی جەماوەرو بێ مەهارەتی خۆیەوە چەند ساڵێک دوای 1979 لەناودەبرا.

بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکان بەهەمان ئەقڵییەتی جەنگی ساردەوە بڕیاریدا: لە پایزی ساڵی 1980دا، چەک و پارەی دایە سەدام حوسێن، ئەو پیاوەی کە کەسایەتی و ڕژێمەکەی بەتەواوەتی بەرهەمی مۆسکۆبوو. ئەمەریکا سەدامی هاندا بۆ ئەوەی پەلاماری ئێران بدات.

ئەو شەڕەشومەی کە بۆ ماوەی هەشت ساڵ بەردەوام بوو، کەلتورێکی شەهیدبوون و قوربانیدانی دروستکردو شەرعیەتێکی نەبڕاوەی دایە ڕژێمی ئیسلامی ئێران. شەڕو توندوتیژی ڕژێمی ئێرانی کردە ڕژێمی بەهێز تا ئاستێک کە دوژمنەکانی حسابی بۆبکەن. ئەقڵییەتی جەنگی سارد ئیسلامیزمی کردە شێوازێکی هەمیشەیی حکومەت، هەروەک زۆرجار ڕوودەدات.

دواتر، لە دوا ڕۆژەکانی ساڵی 1979دا، سوپای ڕووسیا وەک لافاو ڕژایە کابوڵەوە.

لەماوەی چەند مانگێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکان چارەسەری دۆزییەوە: لە لایەکەوە پارەی بە (سەدام) هاوپەیمانی کۆمۆنیستەکان دەدا پەلاماری ئێران بدات، لە لایەکی دیکە لە ئەفغانستاندا پەلاماری کۆمۆنیستەکانیدا بە حەواڵەکردنی 2 ملیار دۆلار بۆ کڕینی چەک بۆ موجاهیدەکان. لە هەمانکاتیشدا موجاهیدەکان لە لایەن ئێرانەوە پشتگیریان لێدەکراو بە ئومێدی ئەوەبوون کە شۆڕشێکی وەک ئەوەی ئایەتووڵڵا بەرپابکەن.

هەندێ لەو جەنگاوەرانە بوونە کرۆکی تالیبان و پارێزەری قاعیدە: سەدامیش چەک و پارەکەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی ببێتە گەورەترین کۆمەڵکوژی ڕەگەزی لە جیهاندا: ئێرانی بەهێزبووش حیزبوڵڵاو حەماسی دروستکرد. بڕیارەکانی ساڵی 1979 ئەو هەڕەشانەیان دروستکرد کە ئەمڕۆ لە جیهاندان.

خۆزگە بمتوانیایە بڵێم کە ئەو ئەقڵییەتە بەستوەو بیرکردنەوە دژ بە مرۆڤایەتییە لەگەڵ جەنگی ساردردا لە ساڵی 1989دا مرد. بەڵام وەک لە غەززە دەیبینین، ئەو ئەقڵییەت و بیرکردنەوەیە هێشتا لەگەڵمانن.

* دەگ ساوندەرس (1967) ڕۆژنامەنووسێکی کەنەدییەو بەرپرسی نووسینگەی ڕۆژنامەی (گلۆب ئەند مەیڵ) ە لە ئەوروپا. خاوەنی ژمارەی پێوانەییە لە بەدەستهێنانی "خەڵاتی ڕۆژنامەگەری نیشتمانی" لە کەنەداو، ساڵی 2006 خەڵاتی باشترین ستوننووسی کەنەدای بەدەستهێناوە.

**ڕۆژنامەی گلۆب ئەند مەیڵی کەنەدا**
**وەرگێڕانی: مەریوان حەمەسەعید**

گۆران محەممەد



goransalih@hotmail.com

# کریسمس و خەتەنە

وەک بڵێی زۆربەی مەلای کورد بە تەواوی هۆشیارییەوە کار بۆ ئەوە دەکەن خەڵکی کوردستان خۆشی نەبینن و بەردەوام باسی دۆزەخ و برژاندن و چاودەرهێنان دەکەن، ئەی ئەوە نییە لە ڤالانتایندا، لە هەموو دونیادا، خەڵکی گوڵی سوور دەبەشنەوە، کەچی مەلای کورد چاو سوور دکاتەوە. بۆنەی ڤالانتاین باکگراوەندەکەی هەرچییەک بێت، ڕۆژێکە بۆ خۆشەویستی، ئەرێ هیچی تێدایە کوردیش لە ڕۆژی خۆشەویستیدا دڵی خۆش بێت؟ سەیر نییە مەلا، هەموو شتێک لە یاد دەکەن و تەواوی توانای خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی گەنجی کورد لەو ڕۆژەدا دڵتەنگ بێت نەک دڵخۆش؟

کریسمس و سەری ساڵ، هەرچییەک بێت باکگراوندەکەی، بۆنەیەکە و هەموو مرۆڤایەتی شایی بۆ دەکات، مەلای کورد نەبێ یەکسەر بەهەڕەشەوە ئامادەیە. لەوە دەچێ یەزدان کلیلی دۆزەخی دابێتە دەست مەلای کورد، ئاخر ئەوان ئەوەندەی باسی دۆزەخ دەکەن، چارەکی ئەوە باسی دلۆڤانی خودا ناکەن. مەلای کورد، بە خەڵکی کوردستانی ڕەوا نابینن لە ساڵەکەدا شەوێک خۆشی بکەن.

لە کاتێکدا هەندێ مەلا بوونەتە ئەنتی خۆشیی و دژە خۆشەویستی و پۆلیسی قەدەخەکردنی شایی، کورد بە ناوی ئایینەوە لە جیهاندا حەیای چووە. سەدان کچی کورد لە کردەوەیەکی توندوتیژیدا خەتەنە دەکرێن و ئەم کارەش زۆر جار بە ناوی ئایینەوە دەکرێت، کەچی مەلای کورد نقەی لێوە نایێت. سەیرە (واشنتن پۆست) بە ڕاپۆرتێکی مەیدانی ئەم دیاردەیە بەسەر دەکاتەوە کەچی مەلای کورد لێرە ئاگای لێ نییە، خۆ ئەگەر ئاگای لێ نییە ئەمە عەیبێک و ئەگەر ئاگای لێیە و قسە ناکات ئەوە بەشداریکردنێکی بەرچاوە لەم توندوتیژیی و چەوساندنەوەیەدا.

لە لایەک پەرلەمانی کوردستان پرۆژە یاسای قەدەخەکردنی خەتەنەی مێینەی حەشار داوە و باسی ناکات، لە لایەکیش مەلای کورد بێهەڵویست تەماشا دەکەن، لەم نێوەندەشدا ڕۆژانە ئەم تاوانە بەرامبەر کچی کورد دەکرێت و ڕۆژ بە ڕۆژ نێوبانگی کورد وەک میللەتێکی دواکەوتوو و دڕندە ناوی دەڕوات.

بەڕاستی جێگەی سەرسوڕمانە، وەک بڵێی مەلای کورد بە ئەرکی خۆی دەزانێ خەڵک ناخۆش بژین و بە بەرنامە کار بۆ ئەم مەبەستە بکات، ئەگەر نا بە کام لۆژیک چاوپۆشی لەم توندوتیژییە کۆمەڵایەتییە دەکەن و خۆیان بۆ قەدەخەکردنی خۆشەویستییەوە تەرخان دەکەن؟

ئەرکی وەزارەتی ئەوقافە ڕێنوێنی سەرجەم وتار خوێنانی مزگەوتە زۆر و زەوەندەکانی کوردستان بکەن هەڵمەتێک لە دژی خەتەنەکردنی کچان بەرپا بکەن و هەر مەلایەکیش پێگیری نەکات دەسبەجێ مافی ئەوەی لێ وەرگیرێتەوە بە ڕێکەوتیش قسە بۆ خەڵک بکات. مەلای کورد لە بەردەم دووڕیانێکدایە سێیەمی نییە، یان ئەوەتا بە ئاشکرا پشتگیریی ئەو تاوانە بکەن و بەرەی دواکەوتوویی و تاوان هەڵبژێرن، یانیش بچنە بەرەی داکۆکیی لە مافی ژیان و لە مینبەرەکانیانەوە بەرەوڕووی تاوانی خەتەنەکردنی کچان ببنەوە، بێدەنگبوونیشیان هەرگیز مانای بێلایەنی ناگەیێنێت و هەڵبژاردنی بەرەی تاوانە.

## پەیامی رووداو

# عێراقی نوێ بەرهەمی زیندانیانە

ئــەوەی پێیدەگوتــرێ عێراقی نــوێ، ئەگەرچی بەرهەمــی بڕیاری بوێرانەی ئیدارەی بووش و خوێنی نزیکەی 6 هەزار سەربازی ئەمریکی و بەریتانییە، بەڵام خۆ بێ ئینسافییەکی گەورەیە لێرەدا خاڵ دابنێین و تەواو، عێراقی ئەمڕۆ بەرهەمی خوێنی ســەدان هەزار شەهیدو ترس و شــەونخونی و ریسک و دڵەڕاوکێی هەمــوو ئەوانەیە کە خەونیان بە ســەرنگوومبوونی بەعســەوە دەبینی و کاریان بۆ دەکرد، ئەو ئاگرەی لەعێراقی بەعســدا کڵپەی سەندبوو مەگەر پریشکی تەنیا بــەر ئەوانە نەکەوتبێ کە خۆیــان دۆڕاندبوو، ئەگەرنــا هەرکــەس لای خۆیــەوە بڕێــک باجی بۆ هێنانەدی ئەم رۆژە داوە، لەو رووەشــەوە هەر کورد پێشەنگ بووە.

ســاڵانی کۆتایی هەشتاکان، زیندانی ئەبوغرێب کە بەداخەوە لەعێراقی نوێشــدا هەر بە بەدناوی مایەوە، نزیکەی 6 هەزار کەســی لێبــوو جگە لە قافەکان کە مەزەندە دەکــەم ئەوان لە ئێمە زیاتر بوون. قافەکان چی بوون؟ باوەڕ بکەن منیش نازانم بۆچی بەوانەمان دەگوت قافەکان، بەڵام شتێکی بالکێشە کە لە ئەبوغرێب هەندێ چەمک و دەستەواژەی سەیر هەبوون، هەر بۆیە دیاریکردنی ئەوەی کەسێک لە ئەبوغرێب بووە یان نا بۆ ئێمەی قوتابیانی ئەوێ کارێکی زەحمەت نییە، ئەگەر گەندەڵی نەبێت ئەوە هەرگیز بەسەر دوو رێکخراوەکەی پێشووی زیندانیانی سیاسیدا تێپەڕ نەدەبوو، کە زیاتر لە 50 هەزار کــەس لەریزەکانی خۆیاندا جێبکەنەوە، کەچی کاتێک کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان کەوتە پاکســازی تەنیا 15 هەزارێکی مایەوە!. بە هەرحاڵ، قافــەکان ئەوانە بوون کە بەپێچەوانەی ئێمە، هەرگیز حەوشەو بەر رۆشناییان نەدەدیت، کێ بوون ئەوانە؟ منیش نازانم. لــەوێ بەعەرەبی شــیعەمان دەگوت (بــەردەکان)، ســیخوڕەکان (مونافیق) بوون و بەم شێوەیە، ئەم زمانە موشەفەرە بۆ ئەوەبوو کە ئازادانە قســەبکەین و کەس تێمان نەگات، ئەبوغرێب پڕ بوو لەپیــاوی خەتەر، لەوانە تاکوتەرایەکیان کورد بوون، کورد ئامادەبوو لەسێدارەی بدەن و پێینەڵێن مونافیق، ئــەوەی ئەمڕۆ هەیە خــۆ بەشــێکی بەرهەمی ئەو کەللەڕەقییەیە، ئیدی بۆچی دەبێت زیندانیانی سیاسی سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەحەسرەتی مــاف و ئیمتیازاتی زۆرو زەوەندی زیندانیانی عێراقی مالیکییەوە سەر بنێنەوە کە لەچاو ئێمە دوێنێ بوونە حکومەت، لــەوێ مالیکی دەڵێــت ئیمتیازاتی ئێوە لەسەر بودجەی 17%ی خۆتانە، حەقوایە حکومەتی کوردستان یان خۆی لەزیندانیانی بکاتە خاوەن، یان ئەو کێشەیە لەگەڵ بەغدا یەکلابکاتەوە.

**سەلام سەعدی**




### کورد یەک گەمەی ماوە بیکا: ولایەتی موسڵ بدەینە تورکیا

# ئەگەر تورکیا گرانەتا بێ عێراق مردنە



حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

من دەزانم تورکیا چییــە و چی بە کورد کردووە و ئێســتاش چــی پێــدەکا. دەزانــم کوردبوون لە تورکیا چ جۆرە ســووکایەتییەکە و تاکەکەسی کورد خواخوایەتی ئەو ســووکایەتییەی پێ نەکرێ. بەڵام بۆ دەربازبوون لــە گەلەگورگ، پەنا بۆ ماڵی دوژمن نەبەی چ دەکــەی؟! بەرانبەر بەوەی کە تورک پێی کردووین، لەملاوە لە بەردەم هەڕەشــەی نەماندایین. واتــە: ئەگەر تورکیا گرانەتا بــێ، عیراق مردنە! لە نێوان ئەو دوو چارەنووســەدا شــتێکی دیکەمان بە دەستەوە نەماوە و ئەوەش هۆی خۆی هەیە.

دکتۆر مەحموود دەڵێ: وشــیار زێباری خەریکی کۆمــەکاری عارەبییە و ئاگای لە کــورد نەماوە. ئەو قســەیە لای کاک دکتۆر تازەیە، بەڵام رۆشنبیرانی دەرەوەی حیزبــەکان کــە لە ســەرنج و بۆچووندا خاتری کەسیان نەگرتووە، زوو درکیان بەوە کردووە کە نەک بە تەنها وشــیار زێباری، بەڵکو سەرجەمی نوێنەرانــی کورد لە بەغدا، مەگەر لە پەراوێزی کاری تایبەتی خۆیاندا باســێکی کورد بکەن، ئەوەش بە دەم وەنەوزەوە. مەسەلەش ئەوەیە لێپرسینەوە نییە و تا ئێستا بە کەس نەگوتراوە بۆچی هەڵوێستت وا بوو یا وا نەبوو.

ئەو سیاســەتەی ســەرانی کورد لەگــەڵ بەغدا دەیکەن، سیاســەتی ســەر زەوی نییە، بەڵکو هی ئاســمانە دوورەدەســت و دوورەهەســتەکان و ناو مەلایەکەتانــە. مرۆڤ کە بــووە دژەبەر و بەرانبەر، ئاوهــا رەفتاری لەگەڵــدا ناکرێ کــە ئێمە لەگەڵ دەســەڵاتدارانی بەغدایدا دەیکەین. ئاشکرایە: بەغدا چەند بەهێز بێ ئێمە ئەوەندە لاواز دەبین و ئەوپەڕی بەهێزیی بەغــدا، مەرگ و نەمانــی ئێمەیە. کاتێک سەددام لەوپەڕی بەهێزیدا بوو ئێمە بستە خاکێکمان نەبوو خۆمانی تێدا وەشــێرین. کە لاواز بوو و باری کەوتــە لێژی، کورد بووە خاوەنی ســێ پارێزگا. لە نەبوونی بســتە خاکێکەوە بۆ بوونی ســێ پارێزگا رێژەیەکی بەرچاوە. ئەوەی چاو لەم راستییە بپۆشێ، تەنها خۆی دەخەڵەتێنێ.

ئەمانەی ئەمڕۆ دەسەڵاتیان لە بەغدا هەیە، کاتێک لاوازبــوون کوردیان دەکردە بۆدیــگاردی خۆیان و لای کــورد پەنایان بۆ ژن و منداڵــی خۆیان پەیدا دەکــرد. کە کەمێک هێزیان وەبــەردا هات، کەوتنە سووکایەتیکردن بە کورد و بە ئاشکرا هەموو بەڵێن و پەیمانەکانی خۆیان لە بیر چووەوە و دەمی خۆیان لســتەوە. ئێســتا بەهێزترن، باسی شەقێک دەکەن لەو دەســتوورە هەڵدرێ کە کورد لەخۆڕا دڵی پێی خۆشبوو. کاتێک ئەم قســەیەم کردووە، لە هەولێر دەیانخــوارد و دەیانخــواردەوە و پارەیان پێدەدرا و لە بەر خاتری ئەوان شــەقامی سەرەکی لە کوردی دانیشتووی هەولێر دادەخرا و داوایان لێ دەکرا: توو ســەری بابتان داوای لێبووردن لــە کورد بکەن کە ئەنفالتــان کردوون! کەچی بێزیان نەهات و گوتیان: ئێمــە نەبووین، ســەددام بوو! لەولاشــەوە داوای لێبووردنیان لە ئێران کرد کە هەشــت ساڵ شەڕیان لەگەڵدا کراوە. ئەوەیان، ئەوان خۆیان بوون، سەددام نەبــوو! ئەگەر کوردیش وەک ئێــران تووند بوایە و داشــی بە سەریاندا سوار بوایە و هەر مانگی جارێک ســەرۆکوەزیرانێکی پێ بگۆڕیبــان، نەک هەر داوای لێبووردنیان دەکرد، دەستوپێی منداڵی کوردیشیان ماچ دەکرد. ئەمانە سروشتیان ئاوهایە!

بــە دڵنیاییەوە تا بەغدا بەهێــز بێ ئێمە بارمان لــە لێژییە و هەتا دێتیش بــەرەو لێژاییتر دەچین و لە ئەنجامدا، کەســێکی وەک ســەددامان لێ پەیدا دەبێ و ئەوەمان پێ دەکا کە ســەددام فریا نەکەوت و نەیکــرد. ئەمانەی بەغدا، نــەک هەر کردەوەکانی سەددام ناســڕنەوە، بەڵکو لەو جێیەوە کە سەددام لێی راوەســتا، بــەردەوام دەبــن و ئەفەندییەکانی ئێمەش کە ئاگایان لــە بارودۆخی خۆیان و کوردی بەرانبەریــان نەبێ ئاگایان لە هیــچ نییە، خەریکی هەڵماڵینی عەیبی یەکترن!

بــۆ ئەوەی لەو مەترســییە دوور بین و نەوەکانی داهاتوومان پارێزراو بن، من وای بە باش دەزانم کورد خەتێکی سوور و گردەبڕ بۆ بەغدا دانێ و هەر کاتێک ئەو خەتەی بەزاند، ئیمە، مادام ئەمەریکا پاڵپشتمان نییــە و رێ نادا ســەربەخۆ بیــن، گەمەکەیان لێ تێکدەین و داوا بکەین ویلایەتی موســڵ بدرێتەوە بە تورکیا و لەم فێڵبازە فرسەتبازانە دەرباز بین. ئەگەر مافی ئەوەمان رەوا نەبینن دەوڵەتی ســەربەخۆمان هەبێ، هەر کاتێ داوایەکی وا بکەین، ئەوەی ئێســتا رێی قسەکردنیشمان نادا، داوای مافی قسەکردنمان دەکا و گوێگرتنــی خەڵکیش دەخاتە ناو بەندەکانی مافی مرۆڤەوە!

ئەگەر حیزبە دەسەڵاتدارەکان ئەوە ناکەن، با کورد وەک جەمــاوەر خۆی بۆ کارێکی وا رێک بخا و پردی پەڕینەوەش بۆ کاری وا، زۆر و زەبەندەیە. پێویستە چیمان هەیە لە ســەر وەرەقەیەکی وا داینێین دەنا پێموایە مەرجی بوون و بەردەوامیمان لە دەســتداوە و کۆتاییمانە!

ئەم رایەم لەو ترسەوە هاتووە کە عارەب تا ئێستا چەندیــن جار و بار ئەنفالیان کردووین و هەرگیزیش لێی پاشگەز نەبوونەتەوە و ژیوان نەبوونەتەوە، ئەم جارەش، کە بەهێز بن و چەکی دەوڵەتە رۆژاواییەکان بە دەســتیانەوە بێ، چی رێیان لێدەگرێ ئەنفالمان بکەن؟ لە خوا دەترسێن یا لە نەتەوە یەکگرتووەکان؟ کلیلی دەرگای خوا و تەفســیر لای خۆیانە و کلیلی نەتــەوە یەکگرتووەکانیــش لە لایــەن ئەمەریکاوە مسۆگەرە! ئیتر لە چی سڵ بکەنەوە و بۆ ئەنفالمان نەکەن؟ ئەو قســە بۆشــەی کە گوایە باوی شەڕ بە سەر چووە وسەردەمەکە سەردەمی خێرایی رەهایە، بۆ کورد فشەش نییە. ئەوەتا کوردستان دەسووتێ و قووت دەدرێ و شەڕ بە کورد دەفرۆشرێ و کەسیش ورتە ناکا!

من پێموایە کورد هەڕەشــەی فەوتانی لە سەرە و لە پێناوی ئاسایشی ناوچەکە و جیهاندا، نەشمێنێ بۆ کەس گرنگ نییە بۆ کورد خۆی نەبێ. ژمارەی کورد ئەوپەڕی پەنجا ملیۆنە و هەمووی بفەوتێ رێژەکەشی و ژمارەکەشــی ناگەنــە ئەوانەی لە دووەم شــەڕی جیهانیدا فەوتان و دنیایان پێ ئارام کردنەوە. کورد خۆی، دەبێ ئەو گەمەیە یا گەمەیەکی لەو بابەتە بکا. پێویستە بە روونی عارەبی بەغدا تێبگەیەنین ئەگەر رەفتاریان وا بێ، دەمانەوێ بە موسڵ و کەرکووکەوە ببینە بەشــێکی تورکیا. ســەرانی کوردیش ئەگەر بیرێکی لێ نەکەنەوە، لە ســەر ئــەو خوانە چەورە نامێنــن و کاتێ کاڵەک بە ئەژنۆ دەشــکێنن، باوی کاڵەک و کاڵەکشکاندن نامێنێ!

# بەرایی جاشان گەیشتە سوێد



شێمحەمەد باڵەک

دوو هەفتە لەمەوبەر لە ســەفەرە سێ رۆژیەکەی شــاری سلێمانیمدا زۆربەی کات لەگەڵ چەند برادەرێک پێکەوە بووین، یەکیان کتێبێکی قوتیلەی لاکێشــەیی بەدەستەوە بوو، بەزمانی ســوێدی نووســرابوو، گوتی ناوونیشانەکەی بەکوردی دەبێتە (کوردستان ئەو وڵاتەی کە نییە)یە. گوتی نووسەرەکەی ئینگمار کالسۆن ناوێکەو سوێدییەو باڵیۆزی سوێد بووە لە تورکیا.

دیاربوو بابەتی ناو پەڕتووکەکە جێگەی بایــەخ پێدانێکــی زۆری برادەرەکەم بوو، زۆریشــی خەفەت پێــوە خواردبوو، جیێ خۆشــی بوو خەفەتــی پێوە بخــوا. من نازانم چی لەناو پەرتووکەکەدا نووســراوە، سوێدیش نازانم تا بیخوێنمەوە. برادەر گوتی ئەو کالســۆنە زۆر لەسەر تورک دەکاتەوەو لە دژی کورد رادەوەســتێ و بە ئاشکرایی بە کــورد دەڵێ نەتەوەیەکــی ئاژاوەگێڕن و خەباتەکەیــان بــە جەردەیی و رێگری و پیاوکــوژی دەداتە قەڵەم و بە دواکەوتوو و نەخوێندەوار ناوی کوردان دەباو، تورکیش بە لەسەر حەق و شارستانی و مرۆڤ دۆست دادەنێ و ســووکایەتی وا بە کوردان دەکا قەت تورک و عەرەب و فارس شــتی وایان نەگوتوە. گوتــی پەڕتووکەکەش کراوە بە تورکی، کورد پێیان گوتبوو تورکیا قبوڵی ناکا ناوی کوردستان بەسەر پەرتووکەکەتەوە بێ، گوتبووی با قبووڵی دەکا. کەچی تورک ناوی کوردســتانیان لێ لادابوو، سەرەڕای ئــەوەش ئەو جاشــە، لەســەر لایەنگیری تورکان هەر بەردەوام بوو.

ئەو بەکرێگیــراوە کون بەکون بەدوای نوختــەی بێ تینــی کورداندا گــەڕاوە کە نەشیتوانیوە بیاندۆزێتەوە، وەک ئەوەی کە (کورد نەتەوە نییەو کۆمەڵە عەشیرەتێکی لێکدابــڕاون). هەی دەبەنــگ! ئەگەر کورد نەتــەوە نییەو شۆڕشــەکەی شۆڕشــێکی نەتەوایەتــی نییە چۆن ئــەو هەموو چەکە کیمیایی و کۆمەڵکوژیانەی ئەورووپایەکەی تۆ لە کۆمەڵە عەشیرەتێکی لێکدابڕاو خەرج دەکرێــن و جاری واهەیە لە بەریش دەبڕێن و بەش ناکەن؟

تا هەژدە ساڵ لەمەوبەر مارکسیەکانیش هەر ئــەو فەرموودەیەی تۆیــان دەفەرموو کە (کــورد نەتەوە نییــە چونکە ئابووری ســەربەخۆی نییە) ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی کورد لــەوە دەرچووە جەنگــی دەروونیی چاوبرســیە تێرنەخۆرەکانــی رۆژهەڵات و رۆژئاوا یەک تۆزکاڵ کاری تێبکات، هەروەها گوتووتــە (عەلەوی و ئێزیــدی و کاکەیی خۆیان بەکورد نازانــن) عەبدوڵڵا ئۆجەلان خــۆی عەلەوییە کە حیزبەکەی وای ســەر لــە تورکیا شــێواندووە، ناچارە ئێســقان فــڕێ بداتە بەردەمــی یەکێکی وەک تۆ تا نەختێک لەســەری بکاتەوەو لــە بەردەم رای گشــتی جیهانیدا رووی رەشــی سپی بکاتــەوە. عەلەوییــەکان نەتەوەیی ترین کۆمەڵە کوردێکن، مەڵبەندی دێرســیم کە خەڵکەکەی عەلەوین بووە بەداخ لەسەر دڵی دوژمــن و بە مردووییش تــورکان لە گۆڕی ســەید رەزای دێرســیم دەترسێن گوتووتە (عەبدوڵــڵا ئۆجەلان و مــام جەلال و کاک مەسعود ســەرۆک هۆزن و چەکدارەکانیان میلیشــیان). دوژمانی کــورد ئەوەندە ئەم کایە رزیوەیان کاوێژ کردۆتەوە پێویست ناکا لەســەری برۆین، ئەوەندە دەڵێم پێش ئەو سێ کەســەش شۆڕشی کورد هەر هەبووەو ئێســتاش هەیەو دوای ئەوانیش هەر دەبێ. گوتووتە (کورد موسڵمانن زیاتر لەوەی کە کوردبن) ئیســتیعماری خۆجێییش پێمان دەڵێن (کورد کافرن و کچ و کوڕیان پێکەوە لە سەنگەرێکدا شەڕ دەکەن). ئیسلام بووە بەدینــی نەتەوایەتی کوردو کورد شــانازی پێــوە دەکا، ئێمە هەرچــی بکەین ئێوەی دوژمن پێچەوانەکەتان پێ باشــە. ئێمەش چیمان پێ باش بێ وا دەکەین هەرچی ئێوە پێتان خۆش بێ واناکەین.

کاکەیی و ئێزیدی بەوە خۆیان بەسەر کوردی موســڵماندا هەڵدەکێشــن دەڵێن دینەکانی ئێمە دینی رەسەنی کوردەوارین و ئێمە چاکتر وێڵ و نەریتی کوردەواریمان پاراستووەو لە ئێوە کوردترین، هەموو روکنە دینیەکانیشــیان بە زمانی کوردین، هەموو لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانیش ئاشــکرایان کردووە کە ئەو دوو دینە رەگ و ریشــەیان دەگەڕێتەوە ســەر کۆنە دینە کــوردی و ئێرانییەکان، کــە مێژووی ئەو دوو وەڵاتــە لــە کۆندا تێکەڵ بــووەو لە چەند ماوەیەکی دوورو بەردرێژی مێژوویدا دەســتەڵاتی ئێران بەدەســت کوردانەوە بووە، کە درێژترینیان ماوەی فەرمانڕەوایی مادەکان بوو، ئەم رایەی پێشەوەی کالسۆن زۆر نەخوێندەوارانەو نائاگادارانەیە.

گوتووتە (P.K.K لە جەژنی نەورۆزدا پتر لە 160 کەســی بەدەستی سەربازانی تــورک بە کوشــتن دان). باشــە P.K.K بەدوای تورکاندا چووبوو بڵێ وەرن لە کاتی گوتنەوەی سروودی نەورۆزدا بەدەگی چەکی ئۆتۆماتیکی لە دەمی منداڵانی بێ گوناحی کورد خاڵی کەن؟ لە کوردســتان نەبێ لە کوێی ئەم جیهاندا گۆرانی و موزیک، گریان و پێکەنین، شین و شایی قەدەغەن؟

کورد خۆی بەدۆســتی خەڵکی سوێد دەزانێ. سوێدییەکان کە لە ئەوروپا پێیان دەڵێــن دزی دەریــا، ئێمەی کــورد رێگە بەخۆمان نادەین قســەی وا ناشــیرین بە دۆستەکانمان بڵێین، بەڵام نەدەبوو خەڵک و دەوڵەتی ســوێدیش رازیبان جاشــێکی بەناو ســوێدیی بەکوردی مرۆڤ دۆســت و ئاشــتیخوازو ئازادیخوازو لە دڵی خۆیدا پێشکەوتنخوازو دونیا دوژمن و رێ لێگیراوو شەوکوتکراو بڵێ جەردەو رێگر.

کالسۆن! تۆ بەو شێرەکچە ئاشتیخوازو ئازادیخوازانە دەڵێی شــەوکوت و رێگر کە لەســەر دەستدرێژیکردنە ســەر ناموسی ئەو خوشکانەیان زانکۆیان بەجێهێشتووەو داویانەتە شاخ کە دەوڵەتی تورکی خاوەنت دەســتدرێژیی کردوونەتە سەر؟ کە لەسەر پســاندنی کۆت و بەندی کۆیلایەتی پەنجا ملیۆن مرۆڤ وەدەنگ هاتوون؟ کە کەمترین مافێکــە مــرۆڤ داوای دەکات؟ ئەگــەر کوڕان و کچانــی ئێمە بەداروبــەرد لەناو شەقامی شــاراندا رێ لە تانک و زرێپۆشی جەللادەکەیان دەگرن، ئەوا ئەوروپایەکەی تۆ بەبۆمبی دووتەنی و هێشوویی و چەکی کیمیایی رێ لە پێشکەوتنی گەلان دەگرێ. ئێوە لــە دژی ســەربەخۆیی دوو وەڵاتی گچکەلــەی وەک ئۆســێتیاو و ئەفخازیــا شەڕدەکەن.

کالســۆن! ئــەو دەســتدرێژییە دوو قۆڵییە زاڵمانەیەت نایەتە بەرچاوی بەپارە کوێر بوو، کە ئێســتا ئەمەریکاو ئیسرائیل بەیارمەتی تورکیا دەیکەنە ســەر خەڵکی ئاشــتیخوازو ئازادیخــواز و بــێ گوناحی باکــووری کوردســتان؟ ئەمە ســتەمێکە دەبێ بکــرێ بەنەخشــی ســەربەردو لە تاتەکانی قەندیل و کێلەشــین و چیاکانی دیکەی کوردســتان هەڵبکەندرێ و نەخش بکــرێ و تاهەتایە وەکــو پەڵەیەکی رەش و جەهەننەمــاوی بەســەر نێوچاوانی ئەو وڵاتانەوە بمێنێتەوە.

کالسۆن! تۆ بڕیارت داوە دوژمنی کورد بیت، بۆیە چاوت ئەو هەموو مرۆڤدۆســتی و لێبوردەیــی و بێ فەرقییە نابینێ کە لە نێوان کــوردو ئەو نەتەوە دیــن و رەگەز جودایانەدا هەیە کە پەلاماری کورد نادەن و چاوی ستەم و دەستدرێژییان لێی نییە لە کوردســتاندا. لە زۆر شوێنی ئەم جیهانەدا دەبینین لەسەر جێی پەرستگایەک دەبێتە شەڕ لەنێوان پەیڕەوانی دوو دین یان پتر داو و جۆگەلەی خوێن هەڵدەستێ، فەلەستین و هیندوســتان نموونەیەکی بەرچاوی ئەم دیاردەیەن. کەچی لە کوردســتان مەزاری زۆر (چاک)ی هاوبەش هەن لە نێوان کوردی موســوڵمان و پەیــڕەوی دینەکانی دیدا چ کوردبــن چ بلێ (غەیرە) کورد، بۆ نموونە چاکی (شێخ محەمەدی موسوڵمان+ دێرێ فەلان. موســوڵمان و فەلە پێکەوە دەچنە زیارەتــی و نەک هەر هیــچ ناکۆکییەکیان نییە لەســەر ئەم ســەردانە، بەڵکو لەوێ بەدیتنــی یەکتری زۆر شــادمان و کەیف خۆش دەبن هەرکەسەی نزا بەشێوەی دینی خۆی دەکا. هەروەها لە شــەقڵاوەش دوو مەزاری هاوبەشــی لەم جۆرە هەن لەنێوان ئیسلام و فەلاندا یەکیان ئیسلام پێیدەڵێن (شەخسوڕەحمان) و فەلەپێیدەڵێن (رەبەن بوویا) ئەوی تریشــیان ئیسلام پێیدەڵێن (شــێخ محەمەدی ســەر گــردی) و فەلە پێیدەڵێن (مار ئەوراها) یاخود (ئەوڕەها). هەردووکیشیان ئیسلام و فەلە بەبێ جیاوازی دەچنــە زیارەتیان و نزای خۆیان دەکەن و مرازو مەبەستی خۆیان پێدەڵێن.

کــورد نەتەوەیەکی خــاوەن لێبوردن و بەخشــین و ئاشــتیخوازە، ئەم شەڕەی ئیستیعماری خۆجێیی بەسەریاندا سەپاندووە شــەڕێکی نەخوازراوەو بە نابەدڵی بەملی داهاتووە، یان دەبێ بیکا یان دەبێ دیل و بەندەوار بێ. دۆســت و خاوەنە رێگرەکانی کالســۆن رێی رزگاربوون لە کورد دەگرن و دەیانەوێ خەفەی کەن و بیخنکێنن، ئەویش بەناچاری بەرپەرچیان دەداتەوە.

کالســۆن سەربردەی حاجی سابلاغیی وەبیرهێنامەوە:

ساڵێکیان بەرێگەی گەرمێنێدا حاجیانی ســابلاغێ دەچنە حەجێ، لە گەڕانەوەیان خەڵکی شــار بە پیریانەوە دەچن، خەڵکە پێشــوازیکەرەکە دەگەنە ســەر باسکێکی و حاجیش لە باســکی بەرامبەریان وەدەر دەکەون، حاجییەک کە دە پێش هەمواندا دەبێ لــەو بەرێڕا بەدەنگێکــی بڵند بانگ دەکا: هۆییی.. خەڵکی سابلاغێ، مزگێنیێم بدەنێ.. بەرایە دیشــلەمەی.. گەیشــتە کەرکوکێ. بەرایێ جاشــانیش گەیشتۆتە سوێد، مزگێنی لە ئیستیعماری داگیرکەر.

1- لــە باڵەکایەتیــش (بووکێ دێرێ) هەیــە، تەنیا موســوڵمان دەچنە زیارەتی و نەخۆشــەکانیان دەبەنەســەری بەنیازی چاکبوونەوەیان.



# بۆخوێندنی ماستەر کچێنی خۆی مەزاد کرد

**روودا‌و-ئەمریکا**

ناتالیا دیلان،22 ساڵ، کەکچێکی ئەمریکییە، کچێنی خۆی خستووەتە مەزادەوە، لەپێناو بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر. ناتالیا دەڵێ ئامادەیە بۆ هەموو پشکنینێک بۆ سەلماندنی ئەوەی کەتا ئێستا پەردەی کچێنی سروشتی خۆی ماوە،مەزادەکە لە 162هەزار دۆلارەوە دەستیپێکرد و تا ئێستا گەیشتووەتە 3 ملیۆن و 800هەزار دۆلارو 10 هەزار پیاو بەشدارییان تێدا کردووە. دیلان کەخەڵکی شاری ساندیاگۆی ویلایەتی تاکساسی ئەمەریکییە، دەڵێ" ئەو کارەم زۆر ئاساییە،چونکە ئێمە لە جیهانێکی سەرمایەداری دا دەژین و مافی خۆمە، کچێنی خۆم بۆ بەرژەوەندی خۆم بەکاربێنم".

# کەڵەشێرەکانی سلێمانی موفلیسن

**روودا‌و-سلێمانی**

بەرهەم تاهیر، خاوەنی چایخانەی کەڵەشێربازانی سلێمانی رایگەیاند کەڵەشێرەکانی سلێمانی لەشەڕکردندا شان لەشانی کەڵەشێرەکانی تورکیا دەدەن و" ئێستا گرەوەکانی کەڵەشێر بەردان لەلای ئێمە بە200دۆلار و 300دۆلارە".



بەرهەم تاهیر، کە لەدوای راپەڕینەوەلەسلێمانی چایخانەیەکی بۆ شەڕە کەڵەشێر کردووەتەوە دەڵێ " ئێستا وەرزی شەڕکردنی کەڵەشێرەکانی سلێمانییەو لەم وەرزەدا، جەستەیان تەواو پەڕی دەرکردووە".

لەو چایخانەدا، جگە لەخاوەنی کەڵەشێرەکان، هۆگرانی ئەو زۆرانبازییە شەوانە بە بلیتێکی 1000دیناری دەچنە ئەو چایخانەیە .بەرهەم خەفەتی ئەوە دەخوات کە لەبەر بێ پارەیی ناتوانن بچن بەشداری لە فیستیڤاڵەکانی تاران و ئیستەنبول بکەن.

# ئەو بێ ویژدانییە بابەس بێ

**تایبەت بەرووداو**



هونەرمەند زیاد ئەسعەد لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ (رووداو) گلەیی لە زۆربەی دەزگا راگەیاندنەکان و سەنتەرو تۆمارگاکان کردو گوتی "ئەوە دووەم جارە لەکوردستان بە بێ پرسی من هەندێ شت بڵاودەکرێتەوە"، گلەیشی لەوەکرد کە ماوەیەکە لە ئینتەرنێت و تۆمارگا هونەرییەکانی کوردستان گۆرانییەک کە لەئاواز و هۆنراوەی خۆیەتی بۆ هونەرمەند (کوردە)ی ئامادە کردبوو، بڵاو دەکرێتەوە وگوتی "پێش ئەوەی گۆرانی بدەمە هەر هونەرمەندێک، لەلای خۆم بەسادەیی تۆماری دەکەم، بۆ ئەوەی ئەو هونەرمەندە بە ئارەزووی خۆی کاری لەسەر بکات، بەڵام بەداخەوە بەر لەوەی بیدەمە هونەرمەند، بەدەنگی من بڵاویانکردەوە".


Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز** : کۆمپانیای رووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر** : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین** : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

**بەڕێوەبەری هونەری**: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net

**بەڕێوەبەری گشتی رووداونێت** : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com

**نوێنەری ئەوروپا** : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**دیزاین** : عەبدوڵڵا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی | Tel: 0750 488 5696 | rudaw@rudaw.net | www.rudaw.net


# پرۆژەی چوار حیزبەکە لە لەیلەتولقەدردا دانەبەزیوە

**رووداو-سلێمانی**

سکرتێری حیزبی سۆسیالیست لەبارەی پرۆژەی چوار حیزبەکە، کە ئەوان بە "راپۆرت" ناوی دەبەن گوتی "ئێمە نەمان وتوە پرۆژەکەی ئێمە لە27ی لەیلەتولقەدری رەمەزاندا لە ئاسمانەوە دابەزیوە".



محەممەد حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، کە لەگەڵ یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی و حیزبی زەحمەتکێشان راپۆرتەکەیان بڵاوکردووەتەوە، داوای چاکسازی ئیداری و سیاسی و نەهێشتنی گەندەڵی دەکەن. بەڵام محەممەدی حاجی مەحمودلەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێ " پرۆژەکە ئەگەر ساکاریش بێت، موهیم ئەوەیە جێبەجێ بکرێت. خۆ ئێمە نەمان وتوە پرۆژەکەی ئێمە لە27ی لەیلەتولقەدری رەمەزاندا لە ئاسمانەوە دابەزیوە. خۆ ئەگەر ئەوان زیاتریان کردووە و وتوە، بۆچی ئەو راپۆرتە دەنووسرێت .دیسان، خۆ ئەوان لەدەرەوەی دەسەڵات نین تا هەموو شتێک بڵێن، رەنگە ئەوان وەک ئێمە شتەکان بەباشی نەبینن، چونکە خۆیان لەناو وەزعەکەدان".


**هەڤپەیڤینەکە لە لاپەڕە 6 دا بخوێنەوە**


# ئەگەر درۆ دەرنەچێت 97% مسۆگەرە

**بیلال سەعید**
**رووداو-خانەقین**

بەپێی راپرسییەک کە لەلایەن رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی و کۆمەڵەی کاسبکارانی خانەقین لەنێو شاری خانەقین ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە 97.5%ی بەشداربووانی راپرسییەکە دەنگ بەلیستی هاوپەیمانی کوردستان دەدەن. بەپێی راپرسییەکە کە ئەنجامەکەی بریتییە لەوەڵامی پرسیاری "دەنگ دەدەیە کام لیست؟"، دەرکەوتووە 97.5%ی بەشدارانی راپرسییەکە دەڵێن دەنگدەدەینە لیستی ژمارە 173 ی هاوپەیمانی کوردستان.

# ئەوقاف مەلایان سزا دەدا

**رووداو-هەولێر**

وەزارەتی ئەوقاف بە (رووداو)ی راگەیاند کە بەهۆی هەراسانکردنی خەڵک و، پارە کۆکردنەوە لە مزگەوت وەزارەت بڕیاری سزادانی پێنج مەلای دا.

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف بە (رووداو)ی راگەیاند کە رۆژی 2009/1/18 وەزارەتی ئەوقاف بڕیاری سزادانی پێنج مەلای هەولێری دا بە (راگرتن لە وتارخوێندنەوە، گواستنەوە و سەرنج راکێشان). نەقشبەندی رایگەیاند وەزیری ئەوقاف هەموو رۆژانی هەینی بەشێوەیەکی ئاسایی دەچێتە مزگەوتێک، ئەو هەفتەیە دەسماڵی پارەی لە مزگەوتێکی هەولێر هێنایە وەزارەت، کە لەو مزگەوتەدا پارە کۆدەکرایەوە، لەکاتێکدا پارە کۆکردنەوە لەمزگەوتدا بەبێ رەزامەندی فەرمی قەدەخەیە"لەسەر ئەوە مەلای مزگەوتەکە گوازرایەوە". هەروەها گوتیشی مەلایەکی دیکە لەبەر ئەوەی زۆر خەڵکی لەسەر شەڕی غەززە هەراسانکردبوو لەکاتی وتاری هەینیدا و، خەڵکەکە لەسەر ئەوە سکاڵای خۆیان گەیاندە وەزارەت " ئەو مەلایەش لە وتاردان راگیرا".

# خێرا لێبخوڕی قایمقام دەتگرێ

**رووداو-هەڵەبجە**

قایمقامی هەڵەبجە، هاووڵاتییەکی بۆ ماوەی 48 کاژێر بەند کردو هاووڵاتییەکەش دەڵێ "تەنها لەبەر ئەوەی بەتەنیشت قایمقامدا تێپەڕبووم بەندی کردم"، قایمقامی هەڵەبجەش دەڵێ "درۆ دەکات، لەسەر خێرا لێخوڕینی ئۆتۆمبێل گرتوومە خەریک بوو لەدوو هاووڵاتی بدات".

رۆژی 2009/1/13 هاووڵاتییەک بەناوی عەتا محەممەد کە شۆفێری تەکسییە لەلایەن قایمقامی هەڵەبجەی شەهیدەوە بۆماوەی 48کاژێر بەندکراو بە 100 هەزار دیناریش غەرامە کرا. ئەو هاووڵاتییە رەتیکردەوە سەرپێچی کردبێ و بۆ (رووداو) گوتی "تەنیا لەبەر ئەوەی بەخێرایی بەتەنیشت ئۆتۆمبیلەکەی قایمقامدا تێپەڕیوم، قایمقام بەخۆی دوای ئۆتۆمبیلەکەم کەوت و دەستگیری کردم".



بەڵام فوئاد ساڵح، قایمقامی هەڵەبجە قسەی ئەو هاووڵاتییەی رەتکردەوەو گوتی "بۆ خۆم بینیم کە بەخێرایەکی زۆر دەڕۆیشت، خەریکبوو لەئۆتۆمبێلێک و دوو هاووڵاتی بدات".

رێباز کەمال، بەڕێوەبەری هاتووچۆی هەڵەبجە، تەنها ئەوەندەی لەبارەی دەستگیرکردنی ئەو هاووڵاتییەوە گوت، کە ئەوان فەرمانی قایمقامیان جێبەجێکردووە.

# بەرواری وەڵامی پەرلەمان دەداتەوە

**رووداو-هەولێر**



دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لەمانگی رابردوو 4 پرسیاری ئاراستەی وەزارەتی وەرزش و لاوان کرد، وەزارەت بە فەرمی وەڵامی پرسیارەکانی پەرلەمانی دایەوە، بەڵام تا ئێستا ئەنجامەکەی لەلای پەرلەمان دیار نییە.

بەپێی راگەیێندراوێکی وەزارەتی وەرزش و لاوان، کە دانەیەکی دراوەتە (رووداو)، تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان وەڵامی پرسیارەکانی چوار ئەندامی پەرلەمانی داوەتەوە کە ئاراستەیان کردبوو. پرسیارەکانیش تایبەت بوون بە فەرهەنگخانەکان و نووسراوێکی وەزارەت بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، کەمپی هاوینەی قەزای ئامێدی و نەخشەرێی وەرزش، کە لەلایەن پەرلەمانتاران رۆمیۆ هەکاری، ئیحسان عەبدوڵلا، تاڤگە محەممەدو ئەرسەلان غەفوور ئاراستەکراون.


**وەڵامەکانی وەزارەت لە (رووداونێت) دا بخوێنەوە**
WWW.RUDAW.NET


# لە سەروەران ئەسید زۆرە



**رووداو-هەولێر**

لە گەڕەکی سەروەرانی شاری هەولێر، 99%ی دانیشتووانەکەی رێژەی خوێی یوریک ئەسید لە ناو خوێن و میزیاندا زیادە، پسپۆڕێکی بواری گورچیلەش ئاماژە بەوەدەدات، زیادەی ئەو خوێیە هۆکارێکە بۆ نەخۆشی جومگەکان و دروستبوونی بەردی گورچیلە.

گەڕەکی سەروەران، کە 800 ماڵ دەبێ وزۆریان کەسوکاری شەهیدانن، دەکەوێتە رۆژهەڵاتی هەولێر. بەپێی ئەو پشکنینانەی لەنەخۆشخانەی سەروەران بۆ نەخۆشەکان کراوە رێژەی یوریک ئەسید لەمیزیان هەیە، هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دوو بیری گەڕەکەکە لەرووی کیمیاییەوە تەواو نین و رێژەیەکی زۆری ئەو جۆرە خوێیەیان تێدایە.

دکتۆر بەیان بەکر، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی سەروەران بە (رووداو)ی راگەیاند ئەوەی دانیشتووی ئەو گەڕەکە بێت، ئەو خوێیە لە لەشیدا بەرێژەیەکی زیاد هەیە، خەڵکیش هەستی بەو مەترسییە کردووەو دێن لەلای ئەوان نارەزایی دەردەبڕن "هەست بەوە دەکەن ئەو حاڵەتە زۆر بووە، تووشی ئازاریان دەکات".

# بڕیاردەداو جێبەجێشی ناکا

**بیلال سەعید**
**رووداو-گەرمیان**

عوسمانی حاجی مەحمود، وەزیری ناوخۆی حکومەتی کوردستان لەسەر داوای 40 رێکخراو نووسراوێک بە ژمارە 163 لە 2009/1/14 ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان دەکات، بۆ ئەوەی لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسای پارێزگاکان، جێی ئیدارەی گەرمیان بگرێتەوەو ئەنجوومەنێکی هاوشێوەی پارێزگاکانی دیکەی بۆ دروستبکرێ. ساڵێک پێش ئێستا ئەنجوومەنی وەزیران بەنووسراوی فەرمی ژمارە 604 بڕیاری کارکردنی ئیدارەی گەرمیانیدا، بەڵام بەرپرسانی ئیدارەکە و هاووڵاتیان گلەییان هەیە کە حکومەت کار بە بڕیارەکەی خۆی ناکات.

# یاسین چاوەڕێی میهرەبانییە

**رووداو – Times Union**

ئێلی برینستن،دەرهێنەری ئەمەریکی، کەیسی کوردێکی دەستگیرکراوی بە تۆمەتی قاعیدە بەناوی (یاسین عارف) کردە فیلم.

ئێلی برینستن، ئەو فیلمە دیکۆمێنتاریەی لە نزیک ماڵی یاسین عارف لە شاری ئەڵبانی پایتەختی ویلایەتی نیویۆرک وێنەگرتووە، ناوی فیلمەکەش (چاوەڕێی میهرەبانی)یە.



ئەو فیلمە باس لە بەسەرهاتی یاسین عارف دەکات، کە کوردێکی باشووری کوردستانە و، پێشنوێژکاری مزگەوتێک بوو لە شاری ئاڵبانی، ئەوکاتەی لەلایەن FBI لەگەڵ محەممەد حوسێنی بەنگلادیشی دەستگیر کران، بەوەی ئەندامی رێکخراوێکی تیرۆریستین و پارەیان لە ئەمریکا بۆ قاعیدە کۆکردووەتەوە.

هەروەها باس لە کاریگەری حوکمدانی یاسین عارف و محەممەد حوسێن دەکات، لەسەر کەسوکاری ئەو دوو زیندانییە و کۆمەڵگەی ئیسلامی لە ئەمەریکا.

# ئیسلامی دەنگ دەکڕن

**رووداو- رادیۆی سەوا**

حەمید ئەلهایس، سەرۆکی لیستی هۆزەکانی ئەنبار، حیزبی ئیسلامیی عیراقی بە قۆرخ کردنی دەسەڵات و خەرجکردنی بودجەی ئەنجومەنی پارێزگای ئەنبار بۆ بەرژەوەندیی خۆی و بەخشینی پوول و پارە بەخەڵکی بە مەبەستی کڕینی دەنگەکانیان تۆمەتبار کرد.

ئەلهایس بەرامبەر بە نووسینگەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لەپارێزگای ئەنبار گومان و دوودڵیی دەربڕی و داوای کرد رێکخراوی نێونەتەوەیی و بێ لایەن چاودێریی هەڵبژاردن بکەن لەپارێزگاکەدا، هەروەها نیگەرانیی ئەوەشی دەربڕی کە ئەگەر هەیە پۆلیس گوشار بخاتە سەر دەنگدەران.

لەئەنباردا 30 قەوارەی سیاسی کە 470 پاڵێوراویان هەیە، لەپێشبڕکێدا دەبن بۆ بەدەست هێنانی کورسییەکانی ئەنجومەنی ئەنبار.

# ژنە پۆلیسەکانیش میز دەکەن

روودا‌و- نیوزماتیک

مەیسوون دەمەلوجی، پەرلەمانتار لەسەر لیستی عێراقیە رەخنەی لە وەزیری ناوخۆی عێراق گرت، کە تایبەتمەندیی خانمانی پۆلیس رەچاو ناکات و پێداویستی تایبەت بۆ بەجێگەیاندنی کارەکانیان، دابین ناکات.

دەمەلوجی بە (نیوزماتیک)ی راگەیاند "زۆر لەو پۆلیسانەی دیدارم لەگەڵ کردوون، سکاڵای ئەوەیان کردووە شوێنی تایبەتی خۆ گۆڕینیان و، ئاودەست و گەرماوی تایبەت بە خۆیان نییە".

دەمەلوجی گوتیشی" تا ئێستا کەشی وەزارەت دوورە لەوەی هەلومەرجی گونجاو بەکارکردنی ئافرەتان لە نێو فەرمانگەکانیدابڕەخسێنێ".

پەرلەمانتاری سەربە لیستی عێراقیە جەختی کردەوە، "کارکردنی ژنان لە دەزگا ئەمنییەکانی عیراقدا، بووەتە پێداویستێکی ئەمنی، نەمازە پاش ئەوەی گرووپەکانی چەکدار روویان کردە بەکارهێنانی رەگەزی مێیینە لە کردەی خۆکوژیدا".




چێشتخانەی رۆژ

بۆ پێشکەشکردنی بەتامترین و بەچێژترین خواردەمەنی

ماسی سوورکراو

برنج و مریشک

کەباب و قۆزی





TEL : 2555500

MOB : 4770399 - 4770388

ناونیشان :هەولێر، رێگەی مەخموور بەرامبەر کارگەی پیپسی